No. 14, Wednesday 13 /01 /2010
ژماره (١٤) چوارشەممە، ٢٠١٠/١/١٣
(٣٦) لاپەڕە ، نرخی (١٠٠٠) دینارە



بێکهام، گریانی بۆ مانچستەر دێت

# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانەکۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

بەدەرمان ئارەزووە سێکسییەکانیان کەمدەکەنەوە



34..

15..

مەلاو ئیشکالییەتی مانیفێستی گۆتاری ئایینی

26..

# پارتی پابەندنییە بەڕێکەوتننامەی ستراتیژییەوە

## هەوڵی دەستبەسەراگرتنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن پارتییەوە بەمەترسی دەزانرێت



تایبەت بەدەستوور

پارتی دیموکراتی کوردستان بەسود وەرگرتن لە ململانێکانی نێوان گۆڕانو یەکێتی پابەندنابێت بەو ڕێکەوتننامە ستراتیژییەی کە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی هەیەتیو لەهەوڵی جێگیرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە گۆڤاری لڤین، لەژمارە ١١٤دا بڵاویکردوەتەوە، مەسعود بارزانی لەپێشوازی نوێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕاندا، وتویەتی "مامەڵەی نەوشیروانم لەتاڵەبانی پێخۆشترە".

لەلایەکی ترەوە بارزانی لەوەڵامی گۆڤاری لڤیندا، دەڵێت "پابەندی خاڵ بەخاڵی ڕێکەوتنە ستراتیژیەکەی نێوانیان دەبێت". ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ هێشتنەوەی ناکۆکی نێوان ئەو دوو لایەنە دادەنرێت.

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لەراگەیەنراوێکدا، کە لە سایتی krp بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت "تەئکیدی دەکەمەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتیو یەکێتی لەوپەڕی باشیدایەو هەردوولاش پابەندی خاڵ بەخاڵی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەن، پەیوەندی شەخسی نێوان منو جەنابی مام جەلالیش، پەیوەندییەکی برایانەو بە هێزەو ئەو پەیوەندییەش لەبەرژەوندیو سودی هەرێمی کوردستاندایە".

ئەحمەد میرە سەرنوسەری گۆڤاری لڤینیش، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، تەئکید لەوەدەکاتەوە، ئەو زانیارانەی لەراپۆرتەکەی لڤیندا سەبارەت بە قسەکانی مەسعود بارزانی هاتون، هەموی ڕاستنو وتیشی "ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی لەگەڵ وەفدەکەی گۆڕاندا کۆبووەتەوە، بەڵام دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم وەڵامدەداتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەسەڵاتی حزبی لەناو سەرۆکایەتی هەرێمدایە نەک دەسەڵاتی حکومی".

یوسف محەمەدی مامۆستای زانستی سیاسی لەزانکۆی سلێمانیش، دەڵێت "دورنیە پارتی بیەوێت ئەم دۆخە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەک لەشێوەکان هەژموونی هەبێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، پێشموایە ئەمە شتێکی کورتخایەن دەبێت، ڕەنگە لەداهاتویەکی نزیکدا بەشێوەیەک لەشێوەکان هاوکێشەکی هاوسەنگتر لەکوردستاندا بێتەکایەوە".

یوسف محەمەد، بە دەستووریشی وت "ڕاموایە، لەدامەزراندنی کۆمەڵێک دەزگادا، بەتایبەت لەهێزی پێشمەرگەدا، لایەنێک لەلایەنەکان لەداهاتودا بەتەواوەتی هەژمونی بەسەر پاسەوانی هەرێمدا هەبێت، بەدڵنیاییەوە مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروستدەکات".

لەدوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفاو هاوڕێکانی لەیەکێتی، پارتی دەیەوێت هەلەکە لەبەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوەو زۆرترین پۆستی سیاسی بۆ خۆی ببات.

دەستوور، لەسەرچاوەیەکی تایبەتەوە زانیویەتی، پارتی لەبەرامبەر پێدانی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بە کۆسرەت ڕەسوڵ، داوای پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی کردووە، لەکاتێکدا ئەم دوو پۆستە بەپێی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی مافی یەکێتی بوون.

پێشتریش، کۆسرەت ڕەسوڵ ڕایگەیاندبوو، لەکاتی پێدانی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بە پارتی، دەبێت پارتی دەستبەرداری یەکێک لەو سێ وەزارەتە ببێت بۆ یەکێتی، بەڵام تا ئێستا ڕون نیە کە پارتی، ئەم داخوازییەی یەکێتی جێبەجێبکات.

د. کامەران مەنتک مامۆستای زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی سەلاحەدین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی "هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی لە٢٥/٧ەوە بایەخی نەماوە، ئەوەی هاوپەیمانێتیەکەی هێشتۆتەوە زیاتر باری ناوخۆی کوردستانو موجامەلەیەکی سیاسیە لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا".

# سەندیکای پارێزەران شەرعیەتی نەماوە

دوێن هاشم لەهەولێر

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: بەهۆی دواخستنی کۆنگرەکەیەوە، سەندیکای پارێزەران کەوتووەتە چوارچێوەیەکی نایاساییەوە.

بورهان ڕەشید ئەندامی پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، کە پێشتر بەرپرسی لقی سلێمانی سەندیکا بووە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "پێکهاتەی دەستەی بەڕێوەبردنی سەندیکای پارێزەران بەپێی ڕێکەوتنامەی ستراتیژی یەکێتیو پارتییەو ئەو ڕێکەوتننامەیە کاردانەوەی زۆری بەسەریانەوە هەیە، چونکە لەوێشدا پارتی شەش کورسیەو یەکێتی پێنج کورسی، هەریەکە لەیەکگرتوو تورکمانیش، یەکی یەک کورسیان بەرکەوتووە".

بەڵام وریا سەعدی جێگری نەقیبی سەندیکای پارێزەران، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، ئەو لێدوانەی ڕەتکردەوەو وتیشی "ناکرێت هەموو پارێزەرەکان کۆبکەینەوەو کۆنگرەیان پێببەستین، تەنها لەلقەکان بەستوومانە، جگە لەوەش یەکێتیو پارتی، یەکی چوار کورسییان هەیە".

ڕۆژنامەی دەستوور لە
www.destur.net
بخوێنەرەوە




## کورتە...

### مەترسی بەجینۆساید نەناساندنی هەڵەبجە دەکرێت

یەکتر تۆمەتبارکردنی بەرپرسانی کورد لەسەر دۆسیەی هەڵەبجە، ترسی لای هەڵەبجەییەکان دروستکردووە کە کاریگەری نەرێنیو خراپی لەسەر بەجینۆساید نەناساندنی کیمیابارانکردنی شارەکەیان هەبێتو داواشدەکرێت ئەو دۆسیەیە تێکەڵ بەتەپوتۆزی هەڵەبجە نەکرێت. .. لاپەڕە٤

### چنار سەعد: قسەکانی محەمەد ئەحمەد بانگەشەی هەڵبژاردنە

چنار سەعد وەزیری پێشوی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم، لێدوانەکانی محەمەد ئەحمەدی سەرۆکی لیژنەی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکانی پەرلەمانی عێراقی سەبارەت بەخواردنی پارەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی، بەبانگەشەی هەڵبژاردن وەسفدەکات. .. لاپەڕە٥

### "دەبێت بزووتنەوە ببێتە حیزبێکی موئەسساتی، نەک بنەماڵەیی"

محەمەد بازیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت "بزووتنەوەی ئیسلامی پێویستی بەوە هەیە بکرێتە حیزبێکی دامەزراوەیی" هاوکات ڕەتیدەکاتەوە ئینشیقاق لەحیزبەکەیاندا روویدات. .. لاپەڕە٧

### "پارێزگای سلێمانی پشکی شێری بەردەکەوێت لەکەموکورییەکان"

عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی لەچاوپێکەوتنێکدا کە دەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دەڵێت "نامەو تەکلیفی بەرپرسان هۆکارێکی سەرەکین بۆ چاوپۆشیو لێنەپێچینەوەی سەرپێچییەکان" و ئاماژە بەوەشدەکات: پارێزگاری سلێمانی پشکی شێری بەردەکەوێت لەو کەموکورییانەی کە هەن. .. لاپەڕە٨

# لەخانەقین حیزب دەستوەردەداتە کاروباری پۆلیسەوە

فەرمان خێڵانی لەخانەقین

بەرپرسێکی پۆلیسی خانەقین دەستوەردانی حیزب لەکارەکانیاندا بەهۆکاری ئەو نارئارامیە دەزانێت کەماوەیەکە رووی لەشارەکە کردووەو بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی چەند هاووڵاتیەک.

هەینی پێشوو خاوەنی نووسینگەیەکی گۆڕینەوەی دراو لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆماڵەوە کوژراو پارەکەی دزرا، هەفتەیەک بەرلەوەش لەبەردەم حسێنییەکدا ٢ بۆمبی چێنراو تەقیەوەو پۆلیسێک کوژراو ١٧ی تر برینداربوون، یەکشەممەی پێشووش لەگەڕەکی مەلا عەزیز لەخانەقین ٣ بۆمبی چێنراو پوچەڵکرایەوە.

دلێر سەید قادر بەرپرسی فەوجی پۆلیسی فریاکەوتنی خانەقین لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور راگەیاند "راستە لەچەند رۆژی رابردوودا خانەقین باری ئەمنی تەواو نییە، ئێمەش لەهەر فلکەیەکی شارەکەدا مەفرەزەمان داناوەو دەوریەی شەوانەشمان هەیە، بەڵام دەزگا ئەمنییەکانمان لەخانەقین لاوازن‌و زانیارییان کەمە، لەبەرئەوەی حیزب دەستوەردەداتە ئیش‌و کارەکانمان‌و لەدەسەڵاتمانی کەمکردووینەتەوە".

دلێر سەید قادر وتی "تەنانەت ناتوانین لێپرسینەوە لەگەڵ گومانلێکراوێکدا بکەین، سەد کەس خۆی دەکات بەکەسوکاری‌و حیزبیش پشتگیریی دەکات، بەبیانووی هەڵبژاردنەوە حیزب رێگەنادات کاری خۆمان بەباشی بەڕێوەبەرین".

ئەو بەرپرسەی فەوجی پۆلیسی فریاکەوتنی خانەقین ئەوەشی نەشاردەوە کە چەند لایەنێکی عێراقی دژ بەکورد لەپشت ئەو کارە تیرۆریستی‌و گێرەشێوێنانەوەن، وتی "چەند لایەنێکی عێراقی دژ بەکوردو ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم کە ناتوانم ناویان بێنم، لەپشت ئەمکارە تیرۆریستیانەوەن‌و دەیانەوێت وای دەربخەن کە خانەقین شارێکی نائارامە".



پۆلیسی خانەقین چەند لایەنێک بە تێوەگلان لە کردەوە تیرۆریستییەکان تۆمەتبار دەکات

# دانیشتوانی چەند گوندێك، نایەنەوێت بخرێنە سنووری دەسەڵاتی پارتییەوە

فەرمان چۆمانی

دانیشتوانی گوندەکانی بۆکریسکان‌و زارگەلی‌و کوزینەو پردەشالی، ناڕازین بەبڕیاری گواستنەوەی گوندەکانیان لەناحیەی سەنگەسەری سنوری دەسەڵاتی یەکێتییەوە بۆ سەر ناحیەی وەرتێی سەر بەقەزای رەواندزی سنوری دەسەڵاتی پارتی.

یەکێک لەهاووڵاتییەکانی ئەو گوندانە کە نەیوست ناوی بهێنرێت، دەڵێت: ئەوان ناڕازین‌و نایەنەوێت بخرێنە سەر ناحیەی وەرتێ، چونکە لەو سنورە باشتر کاروبارەکانیان بەڕێوەدەچێت.

عەبدوڵڵا ئیبراهیم بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت "ئەو گوندانە لەدوو کەرتی کشتوکاڵی پێکهاتوون بەژمارە ٧٠ی بۆکریسکان‌و ٤٩ی زارگەلی کە لەدوای دروستبوونی عێراقەوە لەسەر نەخشەی ئیداری ناحیەی سەنگەسەر بوون‌و گوندی پردەشاڵی، خاڵی جیاکەرەوەی هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی بووە، جگەلەوەی هاووڵاتیانی سنورەکە لەفەرمانگەی رەگەزنامەو باری شارستانی سەنگەسەر تۆمارکراون".

عەبدوڵڵا ئیبراهیم، ئاماژە بەوەدەدات ئەو گوندنشینانە خواستیان ئەوەبووە کە لەسەر ئیدارەی سەنگەسەر بمێننەوە، وتی "پەرلەمان لیژنەیەکی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناو لەگەڵ خەڵکی گوندەکاندا کۆبونەوە". ناوبراو، روونیکردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، لیژنەکەی پەرلەمان پێیانباشبووە بەدەنگدان ئەو کێشەیە یەکلاییبکەنەوە، بۆئەوەی بزانرێت لەگەڵ سەنگەسەردا دەمێننەوە یان لەگەڵ وەرتێ.

عەبدوڵڵا ئیبراهیم، دەڵێت داوایان لەو لیژنەیەی پەرلەمان کردووە کە پشت بەو دیکۆمێنت‌و نەخشەیە ببەسترێت کە لەسەر نەخشەی وەزارەتی کشتوکاڵ‌و پلاندانان لەسەردەمی دروستبوونی عێراقەوە بۆ هەر پارێزگایەک دانراوە.

# سوتاندنی ئۆتۆمبێل کەلارییەکان دەترسێنێـــت

دەستوور

لەماوەی دوو هەفتەی رابردودا لەشاری کەلار، ئۆتۆمبێلی سێ هاووڵاتی سوتێنراوە، ئەمەش ترس‌و دڵەراوکێی لای هاووڵاتیانی شارەکە دروستکردوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان دان بەوەدادەنێت کە کە رەوشەکەیان پێکۆنترۆڵ ناکرێت.

حەمید مەجید کە سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لەگەرمیان‌و یەکێکە لەو کەسانەی ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا سوتێنراوە، رایگەیاند: شەوی ٢٧/٢٦ی مانگی ١٢ی ٢٠٠٩ ئۆتۆمبێلەکەی کە لەجۆری هۆندابوو، لەبەردەم ماڵەکەیدا سوتێنراوە، دواتر پۆلیسم ئاگادارکردەوە لەحاڵەتەکە، بەڵام داوام لەسەر هیچ کەسێک تۆمارنەکردووە، لەبەرئەوەی کێشەم لەگەڵ کەسدا نییەو گومانم لەکەس نییە".

نیاز جەبار کە هاووڵاتیەکی دانیشتوی کەلارە، ترسی خۆی لەو رووداوانە دەربڕی‌و وتی "لەدوای ئەو سێ رووداوی سوتاندنی ئۆتۆمبێلە، تائێستا ناوێرم ئۆتۆمبێلەکەم لەماڵەوە رابگرم‌و دەیبەم بۆ گەراج، بەڕاستی ئەم رووداوانە هاووڵاتیانی شارەکەی تووشی ترس‌و دڵەڕاوکێ کردووە".

لیوا حسێن مەنسور بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: ئەو رووداوانە، خەڵکی توشی ترس‌و دڵەراوکێ کردووە، رایگەیاند: ئەو سێ هاووڵاتییە کە ئۆتۆمبێلەکانیان سوتاوە، هیچیان داوایان لەسەر هیچ گومانلێکراوێک تۆمار نەکردووە.

دەربارەی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، وتی "ئێمە ناتوانین لەبەردەرگای هەر هاووڵاتیەکیشدا پۆلیسێک دابنێین، جگەلەوەی دۆزینەوەی تاوانباری ئەم رووداوانە ئاسان نییە".

# شارەوانی دهۆك هەرەشە لەقەوارە سیاسییەکاْن دەکات

پ.دەستوور لەدهوک

راگەیاندنی شارەوانی دهۆک هۆشداری دەداتە قەوارە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ئەگەر لەماوەی زیاتر لەمانگێک پاش هەڵبژاردن، پاشماوەی ریکلامەکانیان لەدیوارەکان نەکەنەوە، غەرامەدەکرێن.

ئیسماعیل مستەفا بەرپرسی راگەیاندنی شارەوانی دهۆک، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەشکرد: بەپێی ئەو رێنماییانەی کە لەوەزارەتی شارەوانی‌و گەشتوگوزار دیاریکراوە، دەبێت قەوارە سیاسییەکان پەیوەندی بەشارەوانییەکانەوە بکەن بۆ دەستنیشانکردنی جێگای تایبەت بەهەڵواسینی تابلۆکانی ریکلامی هەڵبژاردن. ئیسماعیل مستەفا دەڵێت: بەپێی رێنماییەکان، نابێت ئامرازەکانی لکاندن‌و چەسپکردن بۆ هەڵواسینی پۆستەرەکانی پڕوپاگەندەی قەوارە سیاسییەکان بەکاربهێنرێت.

# پەرلەمانتاران چالاکی لیژنەکانیان دەکەنە هی فراکسیۆنەکانیان



پ.دەستوور

پەرلەمانتارانی کوردستان، سەردان‌و بەسەرکردنەوەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەو گرفتەکانی خەڵکو دەزگاکان، وەکو چالاکی فراکسیۆنەکان‌و بڵاوکردنەوەی لەراگەیاندنی حیزبەکانەوە بەنایاسایی‌و نەگونجاو وەسفدەکەن.

تارق جەوهەر سارمەمی، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن جگە لەئامادەبوونیان لەدانیشتنەکانی پەرلەمان‌و بەدواداچوونی کاری لیژنەکان، وەکو ئەندامی فراکسیۆنەکەی خۆیان‌و وەکو ئەندامی لیژنەکانیش سەردانی ئەو ناوچانە بکەن کە کێشەو کەموکوڕییان هەیە، وتی "بەڵام نابێ چالاکی لیژنەکان بەناوی فراکسیۆنێکی دیاریکراوەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت‌و بڵاوبکرێتەوە".

لەکاتێکدا، لەدوا ژمارەی رۆژنامەی "کۆمەڵ"ی حیزبەکەیدا، سەردانێکی فراکسیۆنەکەی بۆ سەیدسادق بەجێبەجێکردنی بەڵێن وەسفدەکرێت، ئارام قادر ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵ لەپەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت "پێویستە فراکسیۆنەکان لەچوارچێوەی ئەو لیژنانەدا چالاکییەکانیان ئەنجامبدەن‌و ئەو بەڵێنانەی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەهاووڵاتیانیان داوە جێبەجێبکەن".

ئارام قادر، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە: ئەگەر چالاکی لیژنەکان وەکو چالاکی فراکسیۆنێکی دیاریکراو بڵاوکرایەوە، یاسایی نییەو ئاماژەی بەوەشکرد "سەرۆکی لیژنەکان دەتوانن رەخنەی خۆیان لەسەر ئەو کەناڵانە بخەنەڕوو کە چالاکی لیژنەکان بەناوی پارتەکانی خۆیانەوە بڵاودەکەنەوە، چونکە مافی فراکسیۆنەکانی دیکەش دەخورێت".


# ساڵح موتڵـــەگ ٢٠٠ بەعسی دادەمەزرێنێت

پ.دەستوور

بەپێی چەند زانیارییەک کە دەست دەستوور کەوتووە، ساڵح موتڵەگی سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتیمانی بەڵێنی بەبەعسییەکان داوە، دوای وەرگرتنی پۆستی سەرەکی لەحکومەتی داهاتوودا، ٢٠٠ ئەندامی پلەداری بەعسی دابمەزرێنێت.

هەر بەپێی ئەو زانیارییانە، لەڕێی نووسراوێکی نهێنییەوە، موتڵەگ لەگەڵ هەردوو باڵەکەی بەعسدا لەسوریا کۆبووەتەوەو بەڵێنی پێداون، ١٠٠ ئەندامی بەعس لەباڵەکەی یونس ئەحمەدو ١٠٠ ئەندام لەباڵەکەی عیزەت دووری دامبەزرێنێت‌و پۆستی سەرەکیان لەناو حکومەتی عێراقدا پێببەخشێت.

هەر لەو کۆبونەوەیەدا کە لەناوچەی قودسیەی دیمەشق بەڕێوەچووە، موتڵەگو بەعسییەکان لەسەر ٥ خاڵ رێککەوتون کە گرنگترینیان دەستپێکردنەوەی توندوتیژییە بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوی قاعیدە لەکاتی هەڵبژاردندا.


ساڵح موتڵەگ

www.arsivakurdi.org

# ڕۆژنامەنووسەکەی ڕانیە، بەهۆی درکاندنی نهێنیەکانی پارتییەوە دەستگیرکراوە

**فەرمان چۆمانی لەڕانیە**

تا ئێستا ڕۆژنامەنووسەکەی ڕانیە، کە لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی پارتی دەستگیرکرابوو، ئازادنەکراوە، بەرپرسێکی ئەو حزبەش دەڵێت وەک کادرێکی حیزبی نەیتوانیوە نهێنیەکان بپارێزێت، دانبەوەدا دەنێت چەندین حاڵەتی هاوشێوەیان لەناوچەو لقەکاندا هەبووە.

نیازی حەمە عزیز بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی یانزەی پارتی، بەدەستووری وت "ئەوەندە زانراوەو بۆ ئێمە ڕونکراوەتەوە، ئەرسەلان بەهۆی هەندێ خروقاتی حیزبی دەستبەسەرکراوەو تا ئێستاش لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەردەوامەو نازانین چ بڕیارێکی بۆ دەرچووە، بەڵام هەندێ نهێنی درکاندووە، کە نازانێ لەنەزانیەوە بووە یان بەمەبەست بووە، وەک کادرێکی حیزبی نەیتوانیوە



نهێنیەکان بپارێزێت، کە نەدەبوو بەهیچ جۆرێک ئەوە بکات".

لەبارەی ئەوەی کە ئایا مەکتەبی سیاسی بەندیخانەی هەیە؟ ئەو بەرپرسە، دەڵێت "لەهەموو دنیادا، ئەگەر حیزبێک ئەندامێکی خۆی سەرپێچی بکات، بانگی دەکاتو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات، ئەگەر نا مەکتەب سیاسی بەندیخانەی نییە، ئێمە چەندین حاڵەتی ئاوامان لەناوچەو لقەکان هەبووەو دواتر گەڕاونەتەوە سەر کاری خۆیان، چونکە لەلێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە تاوانی نەبووە، بۆیە ناتوانین بڵێین گیراوە".

ڕۆژی ٦-١٢-٢٠٠٩، ئەرسەلان مەحمود سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕوماڵ نیوزو کادری لقی یانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی پارتی دەستگیر کراوە، ماوەی چەند ڕۆژێک بێسەرو شوێن بوو.

# کاکەییەکانی داقوق پشتگیریی لەگۆران ئەدهەم دەکەن

**زانیار داقوقی**

لەیاداشتێکیاندا بۆ پەرلەمانی کوردستان، کۆمەڵێک لەڕۆشنبیرو مامۆستاو خوێندکاری کاکەیی سنوری قەزای داقوق، پشتگیری خۆیان بۆ گۆران ئەدهەم پاڵێوراو بۆ قائیمقامی هەڵەبجە دەردەبڕنو هەڕەشەی خۆپیشاندانو مانگرتن دەکەن، گەر حکومەتی هەرێم قسەکانی مامۆستایانی ئاینی بەهەند وەربگرێت دژ بە گۆران ئەدهەم. هەر لەیاداشتەکەیاندا، کاکەییەکانی داقوق، جەختیان لەسەر کوردبونی خۆیان کردووەتەوەو پێیانوایە، ئەو هەڵوێستەی پیاوانی ئاینی هەڵەبجە، بەهۆکاری ئاژاوەگێڕیو دوبەرەکیی دەزانن، بەنایاسایی‌و ناڕاستیش وەسفی دەکەن.

لەیاداشتەکەدا هاتووە "ڕێگا بەوکەسانە نەدەنو ئاڵۆزیو ئاژاوەو دوبەرەکی بخەنە نێوان کوردەوە". هەروەک داوا دەکەن، بەڕێککەوتنو دیالۆگ، کێشەی نێوان کاکەییو پیاوانی ئاینی سنوری هەڵەبجە چارەسەربکرێت.

نەوزاد محەمەد کاکەیی نوسەرو ڕۆشنبیر لەقەزای داقوق، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە وەک ڕۆشنبیران هیچ هەڵوێستێکی خراپمان دژ بە کوردو ئاینی ئیسلام نیەو گەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەنگمانەوە نەیەت، وەکو کاکەییەکان لەشارۆچکەی هەڵەبجە خۆپیشاندان دەکەین".

مام نیعمەت کاکەییش، کە دانیشتوی گوندی تۆپزاوەی سنوری داقوقە، دەڵێت "ڕەتکردنەوەی ئەو کاکەییە لەلایەن پیاوانی ئاینی هەڵەبجەوە، دەیان گەنجی کاکەیی لەو هەڵوێستە توڕەدەکات، لەکاتێکدا ئێمە بەهیچ جۆرێک خۆمان لەبرا موسڵمانە کوردەکان جیانەکردووەتەوە، بەڵام گەر ئەوان لەسەر هەڵویستی خۆیان سوربن، ئەوا ئێمەش زۆر ڕێگا هەیە بیگرینە بەر".

# نەخۆشی دڵ، هەڕەشە لەکوردستان دەکات

**دونیا ماشم**

بەپێی ئاماری سەنتەری نەشتەرگەری دڵ لەهەولێر، لەساڵی ڕابردوودا، ٨٠٠٠ کەس بەهۆی نەخۆشی دڵەوە سەردانی سەنتەرەکەیان کردووەو ٥٠٠٠ کەسیش لەو نەخۆشانەیە نەشتەرگەری قەستەرەیان بۆ کراوەو ١٢٠٠ کەسی دیکە نەشتەرگەریی دڵیان بۆ کراوە.

دکتۆر کامیل نامیق بەڕێوەبەری سەنتەری نەشتەرگەری دڵ لەهەولێر، ڕەشبینی خۆیشی لەوە پیشاندا، کە لەکوردستاندا نەخۆشی دڵ لەئاستێکی بەرزدایە، وتی "ئەگەر وابڕوات ئەو نەخۆشییە هەڕەشەی توند لەهەرێمی کوردستان دەکات".

ناوبراو، ڕایگەیاند لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا، ٢٥٠٠ منداڵ نەخۆشی دڵیان هەیە.

# ڕۆژنامەنووسێك داوای یاسایی لەسەر بەڕێوەبەرێکی پۆلیس تۆماردەکات

**فەرمانو سەلام لەخانەقین**

ڕۆژنامەنووسێکی دانیشتووی خانەقین، داوایەکی یاسایی لەسەر بەڕێوەبەرێکی پۆلیسی شارەکە تۆماردەکات، بەتۆمەتی ئەوەی لەسەر ڕەخنەگرتن، بەجنێو وەڵامی داوەتەوە.

دوای ئەوەی ڕۆژنامەنووس وەلی شەریف ئەلوەندی نوسینێکی ڕەخنەئامێز لەسەر چەند پۆلیسێکی بەنزینخانە، لەگۆڤاری فەیلیی سەر بەکوردە فەیلیەکانی عێراق کە بەزمانی عەرەبی دەردەچێت، بڵاودەکاتەوە، عەمید ئازاد عیسا بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین وەڵامی دەداتەوە، ڕۆژنامەنووسەکە، لەدادگای خانەقین داوایەکی یاسایی لەسەر تۆماردەکاتو دەڵێت جنێو پێداوە.

ڕۆژنامەنووس وەلی شەریف ئەلوەندی، بەدەستووری وت "ئەو بابەتەی من بابەتێکی ڕەخنە ئامێزە لەسەر خراپی بارودۆخی بەنزینخانەو توڕەبری هەندێک پۆلیسو ئەفسەری پۆلیس، لەکاتێکدا دەبوایە بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین بابەتەکەی منی بەهەند وەربگرتایەو لێپێچینەوەی لەگەڵ ئەو کارە نایاساییانەی پۆلیسو ئەفسەرەکان بکردایە، کەچی بەجنێو وەڵامی منی داوەتەوەو منی بەئاژاوەگێڕو بێ ئەدەب وەسفکردووە، هیوادارم دادگا لێپێچنەوەی یاسایی لەبەرامبەر ئەو سوکایەتیپێکردنە بکات".

# تا ئێستا خوێندکارانی بەشێکی کۆلێژی ئاداب دەوامیان نەکردووە

**پ. دەستوور**

بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی خانەقین، کە ٧٠ خوێندکاری وەرگرتووە، تا ئێستا دەوامی تێدا نەکراوە، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژەکە ڕایدەگەیەنێت تا هەفتەیەکی تر مۆڵەت بەو خوێندکارانە دەدەن.

د.فوئاد حسێن یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی ئادابی خانەقین، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە بۆ ئەم بەشەی ئێمە دانراون، ٧٠ خوێندکارنو ٥٥ یان ئەوانەن کە لەزانکۆکانی باشورو ناوەڕاستی عێراق وەرگیراون، ١٥ خوێندکاریشیان لەبەشەکانی تریناو کۆلێژەکەی خۆمانەوە بەدابەزاندن هاتونەتە ئەو بەشەوە، بەڵام تا ئێستا تەنها ئەو ١٥ خوێندکارە ئامادەی دەوامنو خوێندکارەکانی تر مامەڵەکانیان تەواونەبووەو دەوامیان دەستپێنەکردووە".

د.فواد وتی "ئێمەش تا هەفتەی ئاینده چاوەڕێیان دەکەین، ئەگەر تا ئەوکاتە ئامادەی دەوام نەبن، ئەوا ئەمساڵی خوێندنیان بۆ دوادەخەین، بەڵام لەو حاڵەتەدا بەشی مێژوی کۆلێژەکەمان بەو ١٥ خوێندکارەوە دەست بەدەوامدەکەن".

کۆلێژی ئاداب خانەقین، کۆلێژێکی سەر بە زانکۆی سلێمانیەو ساڵی ٢٠٠٤ لەخانەقین کراوەتەوەو ئێستا بەشەکانی (ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی، دەروونناسی، جوگرافیاو مێژوو) ی تێدایە، کە نزیکەی ٢٥٠٠ خوێندکاری شارە جیاجیاکانی کوردستانی لەخۆگرتووە.

# دەرماڵەی پێنج مانگی (٦٨) مجێوری مزگەوت نادرێت

**کامەران کەریم لەشارەزوور**

دەرماڵەی هاتوچۆی پێنج مانگی ٦٨ مجێوری حەوت مزگەوت لە هەڵەبجەی تازە سەرفناکرێت، بەرپرسێکی ئەوقافیش ڕایدەگەیەنێت کە ئەو دەرماڵەیە سەرفناکرێتەوە بۆیان.

یەکێک لەو مجێورانە، کە لەترسی بڕینی موچەکەی نەیویست ناوی بهێنرێت، بەدەستووری وت"مەعقول نییە حەوت مانگە ئێمە دەوام دەکەین، کەچی دەرماڵەی دوو مانگیان بۆ سەرفکردوین، ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە، بەڵام دەستی دەستیان پێکردوینو تەنها ئەم مانگە دەرماڵەی دوو مانگیان پێداوینو پێیانڕاگەیاندوین، پێنج مانگەکەی دیکە نەبەستراوە".

حاجی عەتا بەڕێوەبەری ئەوقافی شارەزوور لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەوانە لەسەر میلاکی ئەوقافی سلێمانی بوون لەشاری هەولێر، ئێستا هاتوونەتە سەر میلاکی شارەزوور، ئەوانەی کە دێن بەپێی بڕوانامەی کۆتایی موچەیان پێدەدرێت، بەڵام کە هاتونەتە لای ئێمە، دەرماڵەی هاتوچۆ لەبڕوانامەی



کۆتایی موچەکەیاندا نەبووەو ئەوەندەیشی پێمانکرابێت ئەو دوو مانگەمان بۆ سەرفکردون، پێمانوتوون لەمساڵدا وەک هەموو ئەو کارمەندانەی تر دەرماڵەی هاتوچۆیان بۆ سەرفدەکرێت، بۆیان تازە دەکەینەوە".

سەبارەت بەدەرماڵەی پێنج مانگەکەیان کە فەوتاوە، حاجی عەتا، دەڵێت"بڕواناکەم خەرجبکرێت، چونکە فەرمانی وەزاریو ڕەزامەندی دارایی دەوێت، کە ئەمەش زەحمەتەو لەهەوڵی خۆمان بەردەوامینو گەر نەکرێت دەسەڵاتمان نییە".

# پارەی زیندانییانی سیاسی لای کێیە؟

## چنار سەعد: قسەکانی سەرۆکی لیژنەی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکان بانگەشەی هەڵبژاردنە

ئا: شاهۆ خواڕەحم

چنار سەعد وەزیری پێشوی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم، لێدوانەکانی محەمەد ئەحمەدی سەرۆکی لیژنەی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکانی پەرلەمانی عێراقی سەبارەت بەخواردنی پارەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی، بەبانگەشەی هەڵبژاردن وەسفدەکات.

چنار سەعد لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئەو لێدوانانەی محەمەد ئەحمەد بەبێ بنەما وەسفدەکات، وتی "ئەو مەسەلەیە شتێکی تازە نییەو ساڵی رابردووش لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، هەندێک لایەن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن زۆر قسەیان لەبارەوە کردو مەسەلەکەیان وروژاند، چونکە ئەو بودجەیەی کە بۆ هەر وەزارەتێک دێت، لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی گشتیدا دیاریدەکرێت، وەزارەتی شەهیدانیش بەپێی ئەو یاسایەی هەیبووە، هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی بۆی دانراوە، بودجەکەی خەرجکراوە".

بەوتەی محەمەد ئەحمەد ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتوو، ماوەی چەند ساڵێکە ئەو بودجەیەی بۆ زیندانیانی سیاسیو شەهیدانو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەبەغداوە بۆ حکومەتی هەرێم نێردراوە، بەشێکی خوراوەو بەسەر ئەو کەسانەدا دابەشنەکراوە.

سەرۆکی لیژنەی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند: لەساڵی (٢٠٠٧)و (٢٠٠٨)دا زیاتر لە (٥٠) ملیۆن دۆلارو ساڵی (٢٠٠٩) ش بڕی (١٧) ملیۆن دۆلار بۆ زیندانیانی سیاسیو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەهەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، "بەڵام حکومەتی هەرێم ئەو پارەیەی پێنەداون".

وەزیری پێشووی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوەکان، ئاماژەی بەوەدا ئەو دەنگۆیانەی باس لەوەدەکەن لەبەغداوە پارە بۆ وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان دابینکراوەو ئەوان خواردوویانە، دوورن لەراستییەوە، "چونکە هیچ نووسراوێکی فەرمی نییە کە ئاماژە بەوەبکات وەزارەتی دارایی عێراق بەو نووسراوە فەرمییە پارەی بۆ زیندانیانی سیاسی هەرێم ناردبێت".

چنار وتی "ئەو لایەنانەی دەڵێن حکومەتی هەرێم پارەی زیندانیانی سیاسیو کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی خواردووە، با بەنوسراوی فەرمی ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکات، یاخود لەمیدیاکاندا بڵاوییبکاتەوە، ئەگەر دەرکەوت کە ئەو پارەیە هاتووەتە هەرێمو لێرە خوراوە، ئەو کاتە پێویست دەکات کە لێکۆڵینەوە لەکێشەکە بکرێت".

پەروین عەبدولڕەحمان ئەندامی لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدانو قوربانیانی جینۆسایدی پەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، ئەو لێدوانانەی محەمەد ئەحمەد بەناڕاست دەزانێ، ئاماژەی بەوەدا: بودجەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی نییە کە لەبەغداوە بێت، بەڵکو لەبەشە بودجەی حکومەتی هەرێم دەدرێت، وتی "پێموانییە حکومەتی هەرێم بودجەی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی خواردبێت".

سەرۆکی لیژنەی زیندانییە سیاسییەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، باسی لەوەکرد "لەماوەی سێ ساڵی رابوردودا، زیندانە سیاسییەکان چەندین خۆپیشاندانیان ئەنجامداوەو داوای مافی خۆیان کردووە، بەڵام گوێیان لێنەگیراوەو ئەگەر حکومەتی هەرێم باس لەوەبکات کە هیچ بڕە پارەیەکیان پێنەگەیشتووە، هەموو ساڵێک لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی گشتی عێراقدا ئەوە بەئاشکرایی دیاریدەدات".

محەمەد ئەحمەد، ئاشکراشیکرد بەپێی یاسای تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەعێراق، هەر بێوەژنێک بڕی (١٠٠) هەزار دینار وەردەگرێتو هەر منداڵێکیش پانزە هەزار دیناری پێدەدرێت، بەڵام ئەوە لەهەرێمی کوردستاندا جێبەجێناکرێتو بەوشێوەیە نییە.

سەبارەت بەوەی ئایا هیچ هەوڵێکیان داوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، محەمەد ئەحمەد دەڵێت "لەماوەی رابوردودا لەگەڵ وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانو پەرلەمانو حکومەتی هەرێمدا گفتوگۆی زۆریان ئەنجامداوە، بەڵام نەتوانراوە کێشەکە چارەسەربکرێت، لەئێستاشدا یاداشتێکیان ئامادەکردووەو بەنیازن رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی بکەن".



زیندانیانی سیاسی باوەڕ بەکاملا بکەن؟

# حکومەتو پەرلەمان بودجەی حیزبەکان دیاریناکەن

## ئەو حیزبانەی کورسییان بەدەست نەهێناوە، نیوەی بودجە وەردەگرن

سازدانی: بیلال جەعفەر

ئەو حیزبانەی زیاتر لەنیو کورسی دەنگی هێنابێت، نیوەی بودجەی کورسییەکی بۆ تەرخانبکرێت.

خورشید ئەحمەد جێگری سەرۆکی لیژنەی داراییو کاروباری ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە: سەرجەم فراکسیۆنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی بودجەی حیزبەکان لەسەر بنەمای رێژەی ئەندامێتی پەرلەمان بێت، وتی "ئەو حیزبانەی کە بەشداربوون لەهەڵبژاردندا، زیاتر لەنیوەی کورسییەکیان بەدەستهێنابوو، ئەوا نیوەی بودجەی کورسییەکی بۆ خەرجدەکرێت".

خورشید ئەحمەد، دەڵێت: داوایان لەئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمو وەزارەتی دارایی کردووە کە رێژەی بودجەی هەر کورسییەک دیارییبکەنو ژمارەیەک دیارییبکەن تا لیژنەکەیان کاری بۆ بکات، "بەڵام لەئێستادا بڕیاری کۆتایی لەسەر بڕی بودجەی هەر کورسییەک نەدراوە".

دکتۆر نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت "تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەک بۆ رێژەی کورسییەکی پەرلەمان بۆ بودجەی حیزبەکان دیارینەکراوە، ئەمەش کاری حکومەت نییە، بەڵکو لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت رێژەکە دەستنیشانبکرێت".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوور کەوتووە، بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمانی کوردستان کە پێشنیارکراوە، نابێت لە٥٠ ملیۆن دینار کەمتر بێت".

عومەر سدیق ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بەپێویستی دەزانێت، دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان لەسەر بنەمای دەنگەکانی هەر کیانێکی سیاسی بێت، نەک کورسییەکانی.

عومەر سدیق وتی "گەر بودجە لەسەر بنەمای کورسی دیارییبکرێت، نادادپەروەرییەکی گەورەیە، لەبەرئەوەی کورسییە کۆتاکان کە کەمەنەتەوەکان دەگرێتەوە، رێژەیەکی زۆرکەم دەنگی ویستووە، لەکاتێکدا کورسی کیانە سیاسییەکانی هەرێم، زیاتر لە١٧ هەزار دەنگی ویستووە".

عومەر سدیق، پێی باشە بۆ ئەو حیزبانەی چەند هەزار دەنگێکیان هێناوەو نەیانتوانیوە نیوەی کورسیەک بەدەستبهێنن، بەپێی رێژەی دەنگەکانیان تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بودجەیان پێبدرێت، "دواتر ئەگەر زانرا هەمان رێژە لەدەنگی هەیە بودجەکەی لێببڕدرێت، بەڵام پێویستە بۆ ١١١ کورسییەکەی پەرلەمان کار لەسەر دەنگی فراکسیۆنەکان بکرێت، بەشێوەیەک چەند دەنگی هێنابێت ئەوەندە بودجە وەربگرێتو رێژەی بودجە بۆ هەر دەنگێک دیارییبکرێت".

سەبارەت بەفراکسیۆنی گۆڕان کە تا ئێستا وەک حیزب نەناسێنراوە، جێگری سەرۆکی لیژنەی داراییو کاروباری ئابووری پەرلەمان روونیکردەوە: هەر حیزبێک لەوەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی وەرنەگرتبێت، بەپێی یاسا نابێت بودجەی پێبدرێت.

بۆ رێکخستنو دیاریکردنی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، هەردوو فراکسیۆنی کوردستانیو گۆڕان، دوو پڕۆژە یاسایان ئاڕاستەی پەرلەمان کردووە، هەردوو پڕۆژەکە لەسەر ئەوە کۆکبوون کە بودجەی حیزبەکان بەپێی کورسیو ژمارەی ئەندامەکانی بێت لەپەرلەماندا.



www.arsivakurd.org

# مەترسی لەبەجینۆساید نەناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکرێت

## داوادەکرێت دۆسیەی هەڵەبجە تێکەڵ بەتەپوتۆزی جەنگی ئێرانو عێراق نەکرێت

پ. دەستوور

یەکتر تۆمەتبارکردنی بەرپرسانی کورد لەسەر دۆسیەی هەڵەبجە، ترسی لای هەڵەبجەییەکان دروستکردووە کە کاریگەری نەرێنیو خراپی لەسەر بەجینۆساید نەناساندنی کیمیابارانکردنی شارەکەیان هەبێت، داوادەکرێت ئەو دۆسیەیە تێکەڵ بەتەپوتۆزی هەڵەبجە نەکرێت.

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "راپۆرتەکانی ئەمدواییەی بەرپرسانی کورد بەتەواوی کەسوکاری شەهیدانی نیگەرانکردووە، چونکە ئێمە ترسی ئەوەمان لەبەردەمدایە کە دۆسیەکە بەجینۆساید نەناسرێت".

جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی، لەراپۆرتەکەیدا لەپلینۆمی یەکێتی، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانی تۆمەتبارکرد بەوەی کە سەرکێشی کردووە لەرزگارکردنی هەڵەبجەدا، بۆیە حکومەتی ئەوسای عێراق کیمیابارانی کردووە، هەرچەندە نەوشیروان مستەفا چەند دیکۆمێنتێکی خستەڕوو کە دەریدەدەخەن بڕیاری ئازادکردنی هەڵەبجە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دراوە، بەڵام ئەوە نیگەرانییەکانی کەسوکاری قوربانیانی کەمنەکردووەتەوە.

لەکاردانەوەیەکیشیدا، ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالو جینۆسایدی گەلی کورد (چاک)، رەخنەی توندی لەهەموو ئەو لایەنانە گرت کە لاپەڕەکانی رابردوو هەڵدەدەنەوەو زیان لەکەیسی هەڵەبجە دەدەن، ئەمەشی بەهەڵەیەکی سیاسیو مێژوویی بەرپرسانی باڵای بزووتنەوەی سیاسی کورد وەسفکرد.

عومەر محەمەد لێپرسراوی یەکەمی ناوندی چاک لەسلێمانی، نیگەرانی خۆی لەو بارودۆخە دەربڕیو بەدەستووری وت "هەر لەسەرەتاوە دژی ئەوە بووین کە کارەساتی ئەنفالو هەڵەبجە بخرێتە ناو تەپوتۆزی جەنگی نێوان عێراقو ئێران". حاکم شێخ لەتیف مامۆستای زانکۆو پسپۆڕی یاسایی، ئەوەی رەتکردەوە کە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو لەلایەن چەند بەرپرسێکی باڵای کوردەوە، کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیارەکانی دادگا لەسەر دۆسیەی هەڵەبجە.

هەرچەندە بەرپرسەکەی ناوەندی چاک، هاوڕابوو لەسەر ئەوەی ئەم یەکتر تۆمەتبارکردنە لەرووی یاساییەوە زیان لەکەیسەکە نادات، بەڵام پێشیوابوو لەرووی سیاسییەوە کورد زەرەری لێدەکات، بەتایبەت لەسەر ئاستی شەقامی عەرەبی. کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەجینۆساید نەناساندنی دۆسیەی هەڵەبجە بەزیانی کوردو بەقازانجی عەرەبە شۆڤێنییەکان دەزانێت، وتی "عەرەبە شۆڤێنییەکان، هەموو هەوڵێکی خۆیان لەپێناو ئەوەی ببنە لەمپەر لەبەردەم بەجینۆساید ناساندنی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، چڕکردۆتەوە".

پارێزەرانی کەیسەکەش، جەختدەکەنەوە ئەوان هەموو هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە لەپێناو ئەوەی دادگای تاوانەکان لەبڕیارەکەیاندا تاوانی هەڵەبجە بەجینۆساید بناسێنن، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین دیکۆمێنتی گرنگیان لەکاتی دادگاییکردنەکەدا بەکارهێناوە کە جینۆسایدی هەڵەبجە دەسەلمێنن.

گۆران ئەدهەم سەرۆکی تیمی پارێزەرانی هەڵەبجە، دەڵێت "چاوەڕێی دوابڕیاری دادگا دەکەینو ئەگەر لەو بڕیارەدا کارەساتی هەڵەبجە بەجینۆساید نەناسێنێت، ئەوا راستەوخۆ داوای تەمیزکردنەوەی بڕیارەکە دەکەین".

گۆران ئەدهەم، ئاماژە بەوەدەدات: گەر تاوانەکە چووە قاڵبی تاوانی قەڵاچۆکردنو قڕکردنی خەڵکی، ئەوا لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە بەقەد گەورەیی خۆی کارەساتەکە دەنگدانەوەی دەبێت.

حاکم شێخ لەتیف، ئاماژە بەوەدەدات کارەساتی هەڵەبجە هەموو جۆرەکانی جینۆساید لەخۆدەگرێت، گەر پەرلەمانی عێراق بەڕەسمی تاوانەکە بەجینۆساید نەناسێنێت، ئەوا حوکمکردن بەمادەی (١٢)، دانپیانانە بەجینۆسایدی هەڵەبجە، هەروەک بەتوندی رەخنەی لەبەرپرسانی باڵای کورد گرت کە لەماوەی رابردودا هیچ هەوڵێکیان نەخستەگەڕ لەپێناو گواستنەوەی دادگاییکردنەکە لەدادگایەکی ناوخۆوە بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی.

ناوبراو، ئەوەشی وت "گرنگی بەجینۆساید ناساندنی کارەساتەکانی کورد، بەدەر لەلایەنی مەعنەوی، لەرووی مادیشەوە گرنگی خۆی هەیە بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو کەسانەی کە زیانمەندبوون، چونکە حکومەت میراتگری حکومەتە، گەر تۆمەتبارەکانیش لەتوانای قەرەبوکردنەوەدا نەبن، ئەوا حکومەت پابەند دەبێت بەقەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوان".

لەبەرامبەر تێوەگلانیان لەکارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، دادگای باڵای تاوانەکان دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ چوار تۆمەتبار کردۆتەوەو یەکەمین دانیشتنی ئەودادگاییە لە٢١\١٢\٢٠٠٨ دەستپێکردو بڕیارە ١٧ی ئەم مانگەش دادگا دوابڕیاری خۆی لەسەر ئەو کەیسە بدات، بەتەواوی کۆتایی بەدۆسیەکە بهێنێت.



داوادەکرێت قوربانیانی نیشتیمان نەکرێنە قوربانی ململانێی سیاسیی

# "بایکۆتکردنی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، لەوانەیە پارێزگاکە دابەشبکات"

## خەسرەو گۆران سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا بۆ دەستوور

شەنگ هاشم عەزیز لەموسڵ

**لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، خەسرەو گۆران سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا، بایکۆتکردنی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لەلایەن لیستەکەیەوە، بەمەترسیدار دەزانێت، پێیوایە ئەگەری دابەشکردنی پارێزگاکەی لێدەکەوێتەوە، هەروەک پێشبینی دەکات لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کورد ٧ بۆ ٨ کورسی لەپارێزگای موسڵ بەدەستبێنێت.**

..............................

**دەستوور:** پێشتر پێداگری توندتان لەسەر هەندێ داواکاری هەبوو لەگەڵ لیستی حەدبادا، بەڵام ئێستا ئێوە دەڵێن بەبێ مەرج ئامادەی گفتوگۆین، ئەم نەرمی نواندنەتان بۆ؟

**خەسرەوگۆران:** ئێمە لەسەرەتاوە مەرجی سەرەکیمان تەنها ئەوەبوو کە لەموسڵ دەسەڵاتمان هەبێتو ناکرێت هەموو پۆستەکان بۆ یەک لیست بێت، دەبێ پۆستەکان بەسەر هەموو لیستەکاندا دابەشبکرێ، بەڵام حەدبا یەکلایەنە هەموو پۆستەکانی بۆخۆی برد، ناکرێت لەعێراقی نوێدا لەگەڵ مەسەلەکاندا بەوجۆرە مامەڵە بکرێت.

**دەستوور:** مەرجی ئێوە بۆ کۆتاییهێنان بەبایکۆتکردن چییەو مەرجی حەدبا چییە؟ ئەگەر مەرجی نەتەوەییتان نەبێت، ئەوا ئەوان زۆرینەی دەنگیان هەیە؟

**خەسرەو گۆران:** مەرجی ئێمە ئەوەیە کە حەدبا لەبڕیارەکانی پاشگەزببێتەوەو دانوستاندن بکەین، سەرلەنوێ پۆستەکانی پارێزگای موسڵ بەگوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی رابوردوو دابەشبکەین، بەناوی دیموکراسیەتیشەوە ناکرێت کورد پەراوێزبخرێت، لەبەرئەوەی مەسەلەکان بەتەوافوقی یەکلاییدەکرێنەوە.

**دەستوور:** هەر لەدوای بڕیاری بایکۆتکردنی ئەنجومەنی پارێزگاوە لەلایەن ئێوەوە، زنجیرەیەک هەوڵی ناوبژیوانی لەلایەن نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانو رەوتی سەدرو چەند لایەنێکی ترەوە دەستیپێکرد، بەڵام پێدەچێت ئەو هەوڵانە هیچ ئاکامێکیان نەبوبێت، ئێوە شکستی هەوڵەکان بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**خەسرەو گۆران:** بۆ توندڕەوی لیستی حەدبای دەگەڕێنمەوە، ئومێدەوارین لیستی حەدبا بارودۆخەکە بگۆڕێتو هەست بەمەترسی ئەو بایکۆتکردنە بکات، چونکە ئەو بایکۆتکردنە زۆر ترسناکەو ئەگەر بەردەوامبین لەوانەیە پارێزگای نەینەوا دابەشبکات.

**دەستوور:** بەهۆی بڕیاری بایکۆتکردنی ئەنجومەنی پارێزگاوە لەلایەن لیستی برایەتییەوە، ژمارەیەک قەزاو ناحیەش ناوچەکانیان لەبودجەی پەرەپێدان بێبەشو زەرەرمەندبوون، ئایا حکومەتی هەرێم لەڕێی تەرخانکردنی بودجەوە، قەرەبوی ئەو ناوچانە دەکاتەوە؟

**خەسرەو گۆران:** هیچ ناوچەیەک لەبودجەی پارێزگای نەینەوا بێبەش نابێت.

**دەستوور:** لەگەڵ درێژەکێشانی بەشداریی نەکردنتان لەکاروبارەکانی ئەنجومەنی پارێزگا کە دووەم لیستی ئەنجومەنەکەن، ئێوە چ رێگایەکیتر دەگرنەبەر؟

**خەسرەو گۆران:** ئەو بایکۆتکردنە بەردەوام دەبێت تا بگەینە رێککەوتنێک.

**دەستوور:** لەدوا لێدوانیدا، نوجەیفی دەڵێت: تەنیا ئینجێک لەخاکی موسڵ نادەین بەهەرێمی کوردستان، گەروابێت ئایندەی مادەی ١٤٠و ناوچە جێناکۆکەکانی پارێزگای موسڵ چی دەبێت؟

**خەسرەو گۆران:** هەر کەسێک ئازادە چی دەڵێت، مادەی ١٤٠ مادەیەکی دەستوورییەو دەبێت جێبەجێبکرێت.

**دەستوور:** بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی نێوان کوردو عەرەب، ئەمەریکییەکان دەیانەوێت لەموسڵەوە، دەستپێبکەن، ئاکامی هەوڵەکەیان چی بوو؟

**خەسرەو گۆران:** هەوڵی ئەمەریکییەکان تەنیا ئەوەبوو کە وەفدێکیان نارد بۆ موسڵ، وەفدەکە لەگەڵ نوێنەرانی هەردوولادا کۆبۆوە، بەڵێنیانداوە درێژە بەهەوڵەکانیان بدەنو ئەو کێشەیە چارەسەربکەن.

**دەستوور:** بڕیارە مانگی ئاداری داهاتوو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت، ئایا ئاکامی هەڵبژاردنە هیچ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێوەو حەدبا؟ پێشبینی دەکەن کورد چەند کورسی بەدەستبێنێت؟

**خەسرەو گۆران:** کاریگەریی دەبێت، رەنگە لەهەڵبژاردنەکەدا موفاجەئە دروستببێت، لەوانەیە ٧ بۆ ٨ کورسی بەدەستبێنین.

**دەستوور:** بۆ هەوڵنادەن بۆ رێکخستنەوەیماڵی کورد، زێبارییو هەرکیو سورچییەکان ئاشتبکەنەوە؟

**خەسرەو گۆران:** ماڵی کورد لەموسڵ یەکخراوەتەوەو یەکماڵە، پارتیو یەکێتیو تەواوی پارتە سیاسییەکانی کورد یەک رێبازنو هیچ کێشەیەک لەگەڵ عەشیرەتەکانی هەرکیو زێبارییو سورچی نییە،ئێمە هەموو کوردین، ئەم عەشیرەتانە رۆڵێکی مەزنیان لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا هەبووە.



خەسرەو گۆران دەڵێت ناگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا تا لەگەڵ حەدبا رێکدەکەون

# "دەبێت بزووتنەوەی ئیسلامی ببێتە حیزبێکی موئەسەساتی، نەك حیزبێکی بنەماڵەیی"

## محەمەد بازیانی وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازادنی: نەجات ئەحمەد

**محەمەد بازیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت بزووتنەوەی ئیسلامی پێویستی بەوە هەیە بکرێتە حیزبێکی دامەزراوەیی، هاوکات رەتیدەکاتەوە ئینشیقاق لەحیزبەکەیاندا روویدات.**

..............................

**دەستوور:** دوای ئەوەی ماوەیەک بوو دابڕابوویت چۆن چوویتەوە ناو بزووتنەوەی ئیسلامی؟

**محەمەد بازیانی:** لەساڵی ١٩٩٨دا توێژینەوەیەکم ئامادەکرد لەسەر بارودۆخی ناوخۆی بزووتنەوەو گرفتو چارەسەرەکان، من تێگەیشتم کە بزووتنەووەی ئیسلامی دەرەنجام تووشی پەرتەوازەیی‌و ئینشیقاقات دەبێت، بۆیە من حەزم نەدەکرد بەشداربم لەپارچەبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی‌و بەباشمزانی کە خۆم لەنێو ریزەکانی بزووتنەووەی ئیسلامی بکێشمەوە، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێک رۆشنبیر لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان سەنتەرێکمان بۆ توێژینەوە دانا بەناوی هودا.

وەکو میوان بانگهێشتی کۆبوونەوەی نۆیەمی بزووتنەوەی ئیسلامی کرامو کاتێ چوومە ناو کۆنگرەکەوە پۆل پۆل لەکادیرەکانیان دەهاتنە لامو داوایان لێدەکردم بگەڕێمەوە بۆ ناو بزووتنەوەو خۆم بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوە هەڵبژێرم، منیش داوام لێکردن کە لەو ئەرکە بمبەخشن، ئەوە بوو ٦٥٠ ئەندامی کۆنگرەکەو بەیەکدەنگ لەهۆڵی کۆنگرە وتیان با محەمەد بازیانی یەکێک بێت لەکاندیدەکانو بگەڕێتەوە ناو بزووتنەوە، بۆیە من کەوتمە نێو دوو حاڵەت، یەکێکیان گەڕانەوە بوو، ئەوی تریان نەگەڕانەوەم بوو بۆ ناو بزووتنەوەی ئیسلامی، بەڵام کاتێ هەموو ئەو دەستانەم بینی لەناو هۆڵەکەدا بەرز دەبوونەوە، من دەترسام لەوەی ئەو دەستانە ببنە شاهید بەسەر منەوە لەقیامەت بەوەی کە من توانیومە خزمەتیان بکەم بەڵام نەمکردوە، بۆیە گەڕامەوەو دەنگی یەکەمم هێنا.



محەمەد بازیانی

> بەبۆچوونی ئێمە وروژاندنی رەوتی هەستانەوە لەراگەیاندنەکانەوە پروپاگەندەی پێش هەڵبژاردنەکانە

**دەستوور:** تۆ بەمیوان بانگکرای بۆ ناوکۆنگرە، بەڵام دەنگی یەکەمت هێنا، لەهەموو کۆنگرەو کۆنفرانسێکیش کاتێک یەکێک دەنگی یەکەم بهێنێت دەبێت بەسکرتێر یا بەرپرسی ئەو لایەنە جا چۆن بوو تۆ نەبوویتە ئەمیری بزووتنەوە یان سکرتێری بزووتنەوەی ئیسلامی؟

**محەمەد بازیانی:** ئەو کاتەی داوای کادیرەکانم بۆ گەڕانەوە قبوڵکرد، بڕیارمدا تەنیا ماوەی دوو ساڵ لەنێو بزووتنەوەدا بمێنمەوە، لەبەر ئەوە داکۆکیم نەکردووە لەسەر ئەوەی کە ببمە سکرتێر یان ئەمیری ئەو دەستە جەمعیە، لە١١-٧-٢٠١٠ ئەو وادەیە تەواودەبێتو واز لەبەرپرسیارێتی دەهێنم.

**دەستوور:** ئێستا باس لەبوونی رەوتی هەستانەوە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامی دەکرێت؟ ئەو رەوتە کێن‌و بەنیازی چین؟

**محەمەد بازیانی:** لەناو بزووتنەوەی ئیسلامی جۆرە شەفافیەتێک هەیە، رەوتی هەستانەوەش وەک ئەوەی لەمیدیاکان باس دەکرێت رەوتێکی ئەوەها نیە، چونکە وتەبێژەکەیان جارجار لەمیدیاکانەوە قسەدەکات، تا ئێستا ناتوانێت ناوی خۆی ئاشکرا بکات.

بەبۆچوونی ئێمە وروژاندنی ئەو مەسەلەیە لەراگەیاندنەکانەوە پروپاگەندەی پێش هەڵبژاردنەکانە، بۆ چەواشەکردنە تا خەڵک بڵێت ئەها بزووتنەوە چەند باڵێکیان هەیەو کێشەیان هەیە، راستە حیزب نیە بێ کێشمەکێش بێت، خۆ هاتنەوەی ئێمە بۆ ناو بزووتنەوە لەبەر بوونی کێشە بوو خەڵکانێک پێیانوابوو ئێمە دەتوانین ئەو کێشانە چارەسەربکەین، بۆ نموونە بزووتنەوە لەچوارچێوەی شاری سلێمانی مابویەوە لەهەولێر نەمابوو، ئەوە بوون نییە کە دوو سێ کەس لەناو بارەگایەکدا بێت.

**دەستوور:** زۆرجار وابڵاودەکرێتەوە کە هەندێک لەلێپرسراوانی بزووتنەوە پەیوەندی شەخسییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەیە؟ ئێوە تا چەند ئاگاداری ئەو پەیوەندیانەن؟ ئایا ئێوە چ هەڵوێستێکتان دەبێت ئەگەر لەژێرەوە ئەو پەیوەندیانە هەبێت؟

**محەمەد بازیانی:** بزووتنەوەی ئیسلامی نووسینگەیەکی هەیە بەناوی مەکتەبی پەیوەندییەکانو دەبێت پەیوەندییەکان لەرێگەی ئەو نووسینگەیەوە بێت، تەنانەت دوای کۆنگرەی ٩ زۆربەی زۆری ئەو کەسانەمان گۆڕیوە کە لەمەکتەبەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی کاریانکردوە بەوانەی دەرەوەشەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئیسلامی دەیەوێت لەرێگەی کەناڵی پەیوەندی خۆیەوە کاربکاتو تێکەڵی پەیوەندییە شەخسییەکان نەبێت، تەنانەت دوای کۆنگرە ئێمە چووینە ئێرانو لەدانیشتنێکدا لەگەڵ هاشمی رەفسەنجانی سەرۆکی ئەنجومەنی بەرژەوەندییەکانی نیزامی ئێران پێمان وتوە دەمانەوێت پەیوەندییان لەگەڵ بزووتنەوە لەرێی کەناڵی رەسمییەوە بێت، نەک لەرێی شەخسییەوە ئەوانیش ئەو بۆچوونەی ئێمەیان پێباش بوو، جگە لەئێران هەموو وڵاتانیش ئەوەیان پێخۆشە.

لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیش قابیلی قبوڵ نییە کەس پەیوەندی ژێربەژێری لەگەڵ هیچ وڵاتو لایەنێکدا هەبێت، ئەگەر شتی لەوجۆرە هەبێت ئیجرائات دەکەین، بەڵام یەک شت هەیە تۆ جاری وا هەیە لەو وڵاتانەدا هاوڕێو دۆستی خۆت هەیە ئەوە بابێکی ترە.

**دەستوور:** باس لەوە دەکرێت کە تۆ پەیوەندیت لەگەڵ پارتی هەیە؟

**محەمەد بازیانی:** دەمەوێت زۆر بەراشکاوانە قسە بکەم، پەیوەندی من لەگەڵ پارتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ کە ئەوکات ئەندامێکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوومو بەرپرسی دووەمی ئەو رێکخراوە بووم لەو ئامادەییەی تیایدا دەمخوێند، بەڵام لەساڵی ١٩٧٢وە وازمهێنا ئەویش بەهۆی دزییەکەوە بوو کەدواتر لەرێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کێیەو چۆن بووەو سزاش درا، ئەمەش وایکرد کە من ساردببمەوە بۆیە دەستم لەو رێکخراوە هەڵگرت، بەڵام خاڵەکانم پەیوەندییان لەگەڵ مەسعود بارزانی زۆر باشە لەبەر ئەوەی ئامر هێز بوونو برادەری بوون، من خۆم لەبەر ئەوەی تەبەنی بیری ئیسلامیم کردووە سەرەتا لەناو جەماعەتی نوور بووم (سەعید نەورەسی) دواتر ئیخوان موسلمینو دواتر هاتینە ناو بزووتنەوەی ئیسلامی، دواتریش وەکو کەسایەتێکی سەربەخۆی ئیسلامی کارمکردوە جگە لەوەی کە پێشتر من وەزیری کشتوکاڵ بوومو وەک حیزب پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی هەبووە، جگە لەوەی کە وەک پەیوەندی حیزبی کاتی خۆی لەبزووتنەوە هەمان بووە من پەیوەندیم بەهیچ بەرپرسێکی پارتییەوە نەبووە، ئەوکاتەی کە من لەسلێمانیش بەرپرسی مەڵبەند بووم لەبەر ئەوەی کە بارودۆخەکە ناخۆش بوو، دەبوو زوو زوو سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و مام جەلال بکەین، هەمان ئەو قسانەی ئێستا دەکرا.

**دەستوور:** دوای کۆنگرەی ٩ی بزووتنەوە تابەشداریکردنتان لەو هاوپەیمانێتییەی بۆ پەرلەمانی عێراق پێکهێنراوە، باسی کێشەی ناوخۆی بزووتنەوە نەدەکرا، بەڵام ئێستا باس لەوەدەکرێت ئێوە کێشەی ناوخۆییتان هەیە؟

**محەمەد بازیانی:** ئەگەر باسی کێشە بکەین بزووتنەوەی ئیسلامی کەمتر لەحیزبەکانی تر تووشی کێشە بووە، بەڵام ناکۆکیش لەبۆچوونەکان هەبووە، ئەوەی کێشەکان یەکلادەکاتەوە شورایەو هەموو بڕیارەکانیش لەشوراوە بووە، بۆ نموونە پێشتر بڕیارماندا کە لیستێکی ئیسلامی دروستبکەین ئەوەبوو رۆژی٢٠٠٩/٣/٢٥ بەنووسراوێکی فەرمی داوامان لەیەکگرتوو، کۆمەڵ کرد، بەڵام ئەوان چووبونە نێو هاوپەیمانیەکی ترەوەو ئەو لیستە دروستنەبوو، دواتر بڕیارماندا بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداریبکەین، پاشان هاوپەیمانی کوردستان دوایان لێکردین، ئێمەش ئەو داوایەمان قبوڵکرد، بڕیاری بەشداریکردنمان بەزۆرینە بووە، کەمینەیەک هەبوون کە پێیانوابوو نەچینە ئەو هاوپەیمانێتییەوەو دواتر لێرەو لەوێ هەندێک لێدوانیان دابوو.

**دەستوور:** قسەیەک هەیە لەهەڵبژاردنی ٧\٢٥ ئەو دەنگانەی کە دراون بەبزووتنەوە هی لایەنە ئیسلامیەکانی تریش بووە بەوەی کە ئیسلامیەکان نەیان ویستووە دەنگ بەو حیزبانە بدەن کە هاوپەیمانی چەپەکان بوو، ئێستا کە لیستی تری ئیسلامی دروستبووە لەترسی بەدەستنەهێنانەوەی ئەو دەنگانە چوونەتە ناو هاوپەیمانی کوردستانییەوە؟

**محەمەد بازیانی:** ئەگەر ئەو قسانەی تۆ راست بێت، ئەمە بەڵگەیەکی زۆر باشە لەسەرئەوەی بزووتنەوە حەکیمانە کاردەکاتو دەزانێت چۆن کار بەکارتەکان بکات.

هیچ لیستێک ناتوانێت بڵێت تاکە لیستی ئیسلامییە، لەنێو هاوپەیمانی کوردستانیشدا داکۆکی لەسەر دەستکەوتەکانی کورد دەکەین‌و وەک چۆن پارتی‌و یەکێتی سورن لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان بزووتنەوەی ئیسلامیش هەروا سوورە، هیچ ناکۆکییەک لەو بارەیەوە نابینم، ئەمجارە لەوانەیە بتوانین هەستو سۆزی خەڵکانێکی تر رابکێشین. دوای یەکێتی‌و پارتی سێیەم هێزین لەو لیستەدا بۆیە چانسی بەدەستهێنانی کورسیمان زۆرە.

**دەستوور:** کەباس لەپەیوەندی نێوان بزووتنەوەو پارتی دەکرێت، دەوترێت پارە لەپارتی وەردەگرن، ئێوە روونکردنەوەتان چییە؟

**د. محەمەد بازیانی:** ئێستا تەنیا بڕی ٨٠ ملیۆن دینار لەحکومەتی هەرێم وەردەگرین، نە پارە لەیەکێتی نە لەپارتی وەرناگرین.

**دەستوور:** پێشبینی ئەوە دەکەی جارێکیتر بزووتنەوە تووشی ئینشیقاقێکی تر ببێتەوە؟

**محەمەد بازیانی:** ئێمە لەساڵی ١٩٩٨ لەترسی ئینشیقاق وازمانهێنا، وەک محەمەد بازیانیش لەهەوڵی ئەوەدام شتی لەو جۆرە رونەداتو تا من لەناو بزووتنەوە بم دژی ئەوەم کە هەر کەسێک بیەوێت بزووتنەوە پارچە پارچە بکات، ئینشیقاق لەنێو بزووتنەوە قابیلی قبوڵ نییە، چونکە بزووتنەوەی ئیسلامی باجێکی قورسی پەرتەوازەیی‌و ئینشیقاقی داوە، کێ قەناعەتی هەیە با لەناو بزووتنەوە کار بکاتو ئەوەی قەناعەتی نیە با بچێت کاری تر بکات.



> ئینشیقاق لەناو بزووتنەوەدا قابیلی قبوڵنییە

> خاڵەکانم پەیوەندیان لەگەڵ مەسعود بارزانیی زۆرباشە

> بەئێرانمان وتوە دەمانەوێت پەیوەندیتان لەگەڵ بزووتنەوە لەرێی کەناڵی رەسمییەوە بێت

### پرۆفایل

محەمەد سەید نوور ناسراوە بەبازیانی

خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی لەشاری کەرکوک تەواو کردوە.

کۆلێژی کشتوکاڵی لەشاری سلێمانی ساڵی ١٩٧٦تەواوکردوە.

دبلۆمی باڵای لەنەخشەسازی‌و بەدواداچوون لەپەیمانگەی نێودەوڵەتی.

ماستەری لەزانستی سیاسی لە لەندەن وەرگرتوە بەناونیشانی داهاتووی بزووتنەوەی ئیسلامی.

دکتۆرای لەیاسای نێو دەوڵەتی هەیە لە لەندەن بەناونیشانی چەمکی ئاشتی لەئیسلامدا.

ساڵی١٩٩٦ بووەتە وەزیری کشتوکاڵ لەحکومەتی هەرێمی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٨ لەسەنتەری هودا ماوەی ١٠ ساڵ کاریکردوە.

ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی‌و بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیە.

# "بەرەو فرەیی سیاسیی دەڕۆین، نەک یەک حیزبی"

## یوسف محەمەد سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی بۆ دەستوور

**سازدانی: گۆران وەهاب**

**یوسف محەمەد سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان لەکۆلێژی پەروەدەی چەمچەماڵی زانکۆی سلێمانی دەڵێت یەکێتی سازشی زۆری بۆ پارتی کردووە، بەهۆی ئەوەی ئەو پێگە حکومڕانییەی ئێستا هەیەتی، بەکاریگەری دەنگی جەماوەرەکەی بەدەستینەهێناوە.**
**بەبڕوای یوسف محەمەد یەکێتیو پارتی رێککەوتننامە "ستراتیژی"یەکەی نێوانیان جێبەجێنەکردووە، دەڵێت: لەچوار ساڵی رابردوودا پارسەنگەهێز لەبەرژەوەندی پارتی هاتووەتەئاراوە.**

**دەستوور:** بەبڕوای هەندێک چاودێری سیاسیی بەرقەراربوونی ئەو نیمچە دیموکراسییەی لەکوردستاندا هەیە، پەیوەندی بەو هاوسەنگی هێزەوە هەیە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا، ئایا ئێستا ململانێکانی گۆڕانو یەکێتی بەئاراستەی بچوکبوونەوەی یەکێک لەدوو هێزەکە نییە؟ ئەمەش نابێتە تێکدانی هاوسەنگی هێز لەکوردستان؟

**یوسف محەمەد:** لەدۆخی دوای شەڕی نێوان پارتیو یەکێتی، ئەو هاوسەنگییەی کە ئەوکاتە هاتبووە ئاراوە، ناتوانین بڵێین هاوسەنگییەکی کۆنکرێتیەو بەتەواوەتی هاوسەنگی هەبووە، چونکە هەر خودی شەڕی ناوخۆ بەلاسەنگ بوونی هاوکێشەکان کۆتاییهات، لەبەرژەوەندی یەکێک لەهێزەکانو لاوازبوونی هێزەکیتر، دواتریش ئەو رێککەوتننامانەی لەنێوان ئەو دوو هێزەدا ئیمزاکرا، بەتایبەتیش رێکەوتننامەی ستراتیژیو جێبەجێکردنی ئەو رێکەوتننامەیە لاسەنگییەکەی زیاتر قوڵکردەوە، واتە هاوسەنگییەکە هەر پێشتر تێکچووبوو، یەکێک لەهۆکارەکانی لاوازبوونی یەکێتیش بریتیبوو لەنەمانی ئەو هاوسەنگییە، کاریگەری نەمانی ئەم هاوسەنگییە لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆ چیدەبێت، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین لەباروودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا تەنها هۆکارێک رۆڵ ناگێرشێت لەرەوتی رووداوەکاندا، راستە دەتوانین بڵێین پارتیو یەکێتی دوو هێزی سەرەکی بوون لەرابردوداو گۆڕەپانی کوردستانیان بەڕێوەدەبرد، بەڵام بەهۆی دروستبوونی هێزی سیاسی نوێوە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەداهاتودا رۆڵو کاریگەری دەبێت، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەبڕوای من هێزەکان پەندی گەورەیان لەشەڕی ناوخۆ وەگرتووە کە تیایدا هیچ هێزێک ناتوانێت هێزەکانی دیکە پاکتاوبکات، هەرچەندە ئەو هێزە لاواز بووبێتو لەناو کوردستاندا هیچ پێگەیەکی نەمێنێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک هاوکێشەی هەرێمیو نێودەوڵەتی بوونی هەیە، ناتوانرێت هیچ هێزێک لەکوردستاندا پاکتاوبکرێت، جگە لەو هاوکێشە هەرێمیو نێودەوڵەتیانەی پەیوەندیدارە بەعێراقو کوردستانیشەوە، ئەم هۆکارانە وادەکەن دروستبوونی هێزی نوێو تێکچونی هاوسەنگی نێوان پارتیو یەکێتیو هاتنەکایەی هاوسەنگییەکی نوێ، نەبێتە هۆی هاتنەکایەی ئاژاوەو ناسەقامگیریو دروستبوونەوەی شەڕێکی ناوخۆی دیکە، چونکە هیچ زەمینەیەک لەبارنیە بۆ تەشەنەسەندنی ئەو رووداوانەی کە مانگی رابردوودا بینیمان، هەمووان دەزانین کەس ناتوانێت بەرپرسیارێتیان هەڵبگرێت، هێندە کارێکی نەشازو نەشیاو بوون، هەمووان بەخودی سکرتێری گشتی یەکێتیشەوە ئیدانەی ئەو کردەوانەیان کرد، بەشێوەیەک لەشێوەکان هەوڵیاندا ئەو روداوانە نەدرێتە پاڵ ئەوان، کەواتە زەمینەی هەرێمی کوردستان لەبارنیە بۆئەوەی هێزێکی سیاسیی لەرێگای توندو تیژیەوە بیەوێت هاوکێشەیەکی سیاسی تازە بسەپێنێتەوە، هەر هێزێکی سیاسیش پەنا بۆ ئەمە ببات، حوکمی لەناوبردنی خۆی دەدات لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، بەڕاستیش ئەزمون ئەمە دەردەخات.

**دەستوور:** پێتوایە ئەو ململانێیەی گۆڕانو یەکێتی بەدروستبونی تاک حیزبی بەهێز کۆتاییدێت، یاخود فرە حیزبی هاوسەنگ؟ چۆن ئەوە روونده‌کەیتەوە؟

> لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەکۆی دەنگی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو ئەو رێکخراوانەی چاودێری هەڵبژاردنەکانیانکرد، پارتی لەهەولێرو دهۆک تەزویری ئەنجامدا، ئیرادەی خەڵکی هەولێرو دهۆکی تەزویرکرد

**یوسف محەمەد:** لەڕاستیدا تاڕادەیەک ئێمە ئێستا هەژموونی حیزبێک دەبینین، لەماوەی چوار ساڵی رابردوشدا هەژموونی حیزبێکمان دەبینی بەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە کە ئەویش پارتی دیموکرات بوو، ئەو رێککەوتنە ستراتیژییەی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا هەبوو، رێککەوتنێکی لاسەنگ بوو، جگە لەوەی لەبواری عەمەلیشدا بەوەرنەگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت لەکابینەی پێشودا لەلایەن یەکێتییەوە لەماوەی دوو ساڵەکەی خۆیدا، لاسەنگییەکە زۆر زیاتر بوو، بەدڵنیاییەوە رەنگە هاتنەکایەی هێزی تر کە بەتەنها پێکنەهاتووە لەجیابوونەوەی یەکێک لەدوو هێزە سەرەکیەکە بەتایبەت یەکێتی، بەڵکو هێزێکی گەورەترە لەباڵێکی ناو یەکێتی، دروستبوونی ئەم هێزەش رەنگە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەداهاتودا هاوکێشە سیاسییەکان بەرەو ئاقاری پارسەنگبوونەوە بەرێت.

**دەستوور:** هەندێک رایانوایە پارتی دەیەوێت درێژە بەو ململانێیە بدات کە لەنێوان یەکێتیو گۆڕاندا هەیە، تا دۆخەکە لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێبێت، بۆ نمونە لەپێش هەڵبژاردن میدیاکانیان دژی لیستی گۆڕان قسەیان دەکرد، ئێستا جۆرێک لە نەرمی دەنوێننو دەنگۆی رێککەوتنیش هەیە لەگەڵ گۆڕاندا، ئەمەش والێکدەدرێتەوە کە دەیانەوێت هێزی یەکێتی کە نیوە زیاتری بۆ گۆڕان رۆیشتووە، هەروا بمێنێتەوە، واتە هێزە رکابەرەکەی پارتی ببێت بەدوو بەشی ناکۆکەوە، ئەوەش وابکات هیچیان بەتەنیا نەبنە هێزی یەکەمو هەرگیزیش پێکەوە هەڵنەکەن؟

**یوسف محەمەد:** دوور نییە پارتی حەزبکات کە رکابەرێکی سیاسی بەهێزی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا بۆ دروستنەبێتەوە، هەوڵی ئەوەبدات کە هێزەکانی رکابەری بچوکببنەوە، بەڵام پێموانییە ئەوەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا دەیبینین، ئەو ململانێ توندەی یەکێتی لەگەڵ گۆڕاندا دەیکات، باجنەدانی پارتی بێت، بەڵکو پێموایە ئەمە بەشێکی مانەوەی کۆمەڵێک سەرکردەی ناو یەکێتیە لەدەسەڵاتی سیاسیدا، قەرەبووکردنەوەی سەرنەکەوتنیانە لەهەڵبژاردنی پێشوودا، یەکێتی خۆی موبادر بوو بۆ ئەم شەڕی راگەیاندنە، رەنگە یەکێتیش بەبەرنامەی خۆیو ئەو ململانێ توندە لەگەڵ گۆڕان ئیدارەدەدات، دوورنیە پارتیش حەز بەو ململانێیە بکات.

ئێستا حکومەت لەنێوان یەکێتیو پارتیدایە، ئەوەشی باسی لێدەکرێت لەنزیکبوونەوەی نێوان گۆڕان لەپارتی ئەوەی دەیبینینو لەسەر ئەرزی واقع رەنگیداوەتەوە، زیاتر نییە لەچەند سەردانێکی هەندێک لەسەرکردەکانی گۆڕان بۆ لای سەرکردەکانی پارتی، بەهۆی ئەوەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمە، رەنگە ئەو سەردانانەش لەو چوارچێوەیەدا یەکبگرن کە سەردانی گۆڕان بێت بۆلای سەرۆکی هەرێم، دوریش نیە ئەسڵەن سەردان بێت بۆ لای پارتی، ئەمە شتێکی واردە، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەرزی واقع دەیبینین بریتیە لەبەردەوامبوونی هاوپەیمانێتیەکەی نێوان پارتیو یەکێتی، بەڵام لەنێوان گۆڕانو پارتیدا هیچ ئالیەتێکی کارو هیچ نزیکبوونەوەیەکو ئاسانکارییەکی پارتی بۆ گۆڕان لەسەر ئەرزی واقع نابینین، بۆیە پێموایە ئەمە زیاتر هەڵایەکی راگەیاندنە کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەبیسترێت، خاڵێکی تریش هەیە کە دەبێت بوترێت ئەویش مەسەلەی نانبڕاوەکانە، سەرۆکی هەرێم خۆی بەڵێنیداوە چارەسەری بکات، هەرچەندە تائێستا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

**دەستوور:** ئایا گوتاری میدیای پارتی بەو ئاراستەیە کارناکات، بۆ نمونە ئەوان دەڵێن مەسعود بارزانی ٧٠٪ دەنگەکانی هێناوە، ئەو بەرێککەوتنی یەکێتیو پارتی نەبووە بەسەرۆک، لەکاتێکدا لەچوارچێوەی ئەو رێککەوتنەدا یەکێتی کاندیدی نەبووە، کەچی ئەوان دان بەوەدا نانێن، کەواتە یەکێتی بەهاوسەنگو شەریکی خۆیان نازانن؟ پێتوایە ئەوە کارکردنە بەشێنەیی بۆئەوەی دۆخی یەک حیزبی دروست ببێت؟

**یوسف محەمەد:** رەنگە پارتی ئەمە بخوازێت، لەماوە رابردوشدا پارتی زۆر شتی بەسەر یەکێتیدا فەرزکردوە، یەکێتی بێتوانا بووە لەئاستی فەرزکردنی ئەو مەرجانەی پارتی بەسەرییەوە، دواترینیان بریتی بوو لەوەرگرتنەوەی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق لەیەکێتیو دانانی دکتۆر رۆژ نوری شاوەیش لەو پۆستەدا، ئەوەش راستە مەسعود بارزانی تاک لایەنانە خۆی کاندیدکردبوو، بەڵام ئەوە ئیستغلالکردنی خاڵی لاوازی یەکێتی بوو لەوکاتەدا، لەوێوە مەسعود بارزانی خۆی کاندیدکردەوە بەبێئەوەی ئاماژە بەبوونی خۆ کاندیدکردنەوە بۆ ئەو مەسەلەیە، هەروەها یەکێتیش کاندیدی نەبوو، دوورنیە پارتی بیەوێت ئەم دۆخە بقۆزێتەوە بۆئەوەی بەشێوەیەک لەشێوەکان هەژموونی هەبێت لەسەرگۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا، پێشموایە ئەمە شتێکی کورتخایەن دەبێتو رەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا بەشێوەیەک لەشێوەکان هاوکێشەیەکی هاوسەنگتر لەکوردستاندا بێتەکایەوە.

**دەستوور:** ئەگەر سەیری پەیوەندییەکانی ئەمدواییانەی نێوان یەکێتیو پارتی بکەین، دەبینین یەکێتی سازشێکی بەرفراوانی کردووە لەبەردەم پارتیدا، بۆنمونە دەستوور بەویستی پارتی نوسرایەوەو قوەتێکی قانونیدا بەدەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، راستە سەرۆکی حکومەتی هەرێم یەکێتییە، بەڵام کابینەکە لەژێر هەیمەنەی پارتیدا ماوەتەوە، تەنانەت سەرۆکی دیوان پارتییە، نەیانهێشت وتەبێژی حکومەت لەیەکێتی بێت، نمونەیەکی دیکە لەیەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەدا، پارتی نیشانەو روتبەکانی زێرەڤانی سەپاندو بڕیارە بگشتێنرێت بەسەر هەموو هێزە چەکدارەکاندا؟

**یوسف محەمەد:** ئەمانە هەمووی راستن، بەڕاستی پێموایە هەموو ئەمانە دەرەنجامی ئەوەیە کە بەفعلی ئێستا یەکێتی هێزێکی کاریگەری وەک جاران نییە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، یەکێتی نایەوێت درک بەم راستیە بکات کە پۆستی سەرۆکی حکومەتی وەرگرتووە، کاتێک هێزێکی سیاسی واقعی یان هێزێکی سیاسی کاریگەر نەبوویت لەسەر گۆڕەپانەکەو بتەوێت دەسەڵات بەڕێوەبەریت، ناچاریت بەهەموو مەرجێکی ئەو لایەنە رازیبیت کە دەسەڵاتەکەی پێسپاردویت، ئەو خاوەنی دەسەڵاتی فعلییە، بۆ دروستنەبوونی ئەو ناهاوسەنگیەش پێویست بوو یەکێتی تەنازول لەپۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بکات، یان هەڵبژاردنێکی پێشوەخت لەهەرێمی کوردستاندا بهاتایەتە پێشەوە کە ئەوکات جۆرێک لەهاوکێشەی سیاسی لەکوردستان بهاتایەتە ئاراوە، یان ئەو هێزەی ئێستا لەئۆپۆزیسیۆندا بەپێی قورسایی خۆی کورسی هێناوە لەپەرلەمانی کوردستاندا، ئەو حکومەتی لەگەڵ پارتیدا پێکبهێنایە، ئەوکاتە ئەو ناهاوسەنگییە بەوشێوەیە نەدەبوو کەئێستا هەیە، یان لەسیناریۆیەکی تردا یەکێتی دەیتوانی لاوازی خۆی لەگەڵ پارتیدا بەنەرمی نواندن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنو بەتەنسیقێک لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن قەرەبوو بکاتەوە کەبەڕاستی یەکێتی ئەم دەرگایەی لەسەر خۆی داخستووە، کەواتە لێرەدا کێشەکە زیاتر پەیوەندی بەیەکێتییەوە هەیە، بۆ مەسەلەی پێشمەرگەش راموایە لەدامەزراندنی کۆمەڵێک دەزگادا، بەتایبەتیش لەهێزی پێمشەرگەدا، لایەنێک لەلایەنەکان لەداهاتودا بەتەواوەتی هەژموون بگرێتەدەست بەسەر پاسەوانی هەرێمدا، بەدڵنیاییەوە مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروستدەکات.

**دەستوور:** ئەو نمونانەی باسمانکرد سەرەتای هاتنەدی رەوشی تاک حیزبی نین؟ چۆن؟

**یوسف محەمەد:** هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رەنگە ئەم مەسەلەیە یەکلابکاتەوە، هەروەها بڕیاری یەکێتی ئەم مەسەلەیە یەکلادەکاتەوە، بڕیاری یەکێتی ئەوەیە ئایا دەیەوێت لەگەڵ ئەوەی هێزێکی ناڕاستەقینەیەو لەئەنجامی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتیو دابەزینی بەلیستی داخراو لەئەنجومەنی نوێنەران ژمارەیەک کورسی بەدەستهێناوە کە تەمسیلی حەقیقی ناکات، لەبەرئەمە بەهێندەی ژمارەی کورسیەکانی رۆڵو کاریگەری پێنادەن، بۆیە لەبەرامبەر ئەمەدا ناچارە تەنازول بۆ پارتی بکات، بۆ ئەوەی لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەگەر یەکێتی ئەمە بڕیاری بێتو ململانێ لەگەڵ گۆڕاندا بکات، بەدڵنیایەوە رەنگە ناهاوسەنگییەک لەکوردستاندا بێتەدی، بەڵام ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ببێتەهۆی دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لەکوردستانداو بچێتە حکومەتەوە، دەورێکی کاریگەر لەسەر هەرێم بەجێدەهێڵێت.

**دەستوور:** بۆچی پارتی دەیەوێت، ببێت بەتاک حیزب یان حیزبی دایک لەکوردستان، ئایا سەرکردەکانی بڕوایان بەدیموکراسیو ژیانی هاوبەشو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نییە؟ **بۆ ل٨**


یوسف محەمەد

> لەداهاتوودا لایەنێک لەلایەنەکان بەتەواوەتی هەژموون بگرێتەدەست بەسەر پاسەوانی هەرێمدا، بەدڵنیاییەوە مەترسی بۆسەر هەرێمی کوردستان دروستدەکات

> لەماوەی چوار ساڵی رابردووشدا هەژمونی حیزبێکمان دەبینی بەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە کە ئەویش پارتی دیموکرات بوو

www.arsivakurd.org

# هێشتا یاساییەکمان نییە مافی بەکاربەر بپارێزێت

## "ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆر کاڵای خراپو خواردەمەنی بەسەرچوو لەهەرێمدا دەستی بەسەردا دەگیرێتو دەسوتێندرێت"

بیلال جەعفەر

لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا یاسایەک بەناوی یاسای مافی بەکاربەر هەیەو سەرجەم کارە بازرگانییەکان بەو یاسایە ڕێکدەخرێتو ڕۆژێکیش بەناوی پاراستنی مافی بەکاربەر لەجیهاندا دیاریکراوە.

هەرچەندە ماوەی سێ ساڵە لەلایەن وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی هەرێمەوە پرۆژە یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر لەهەرێمی کوردستاندا، ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، بەڵام نەتوانراوە یاسایەکی تایبەت بەپاراستنی مافەکانی بەکاربەر لەهەرێمی کوردستاندا گەڵاڵە بکرێتو چاودێرانی بواری ئابووریش پێیانوایە نەبوونی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر زیانێکی زۆر بەهاووڵاتیانو حکومەتی هەرێم دەگەیەنێت، چونکە بەبێ یاسایەکی لەو جۆرە ناتوانرێت جۆرو نرخی شتوومەک لەبازاڕدا ڕێکبخرێت، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ هێنانی کەلوپەلو خواردەمەنی خراپو بەسەرچوو بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە چەندین تەن خواردەمەنی بەسەرچوو دەسوتێندرێت.

فازڵ حسێن بڕیاردەری لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر لەپەرلەمانی کوردستان بەدەستووری ڕاگەیاند: "پێداچوونەوەمان بۆ ئەو یاسایەی وەزارەتی بازرگانی کردوەو لەوەشدا سودمان لەیاساکانی پاراستنی مافی بەکار لەوڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت ئەردەنو لوبنانو میسرو یاساکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەرگرتووە، هەروەها لەبەرئەوەی دەقی یاساکە زۆرە پێشنیازمان کردووە بەشێکی لێ لابرێت".

بڕیاردەری لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر ئاشکراشیکرد، لەئێستادا لەهەوڵی ئەوەدان لەسەرجەم وەزارەتو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا دەزگایەکی تایبەت بەناوی دەزگای پاراستنی مافی بەکاربەر کەسەر بەحکومەت دەبێت دابمەزرێت بۆ ئەوەی چاودێری ئەو لیژنانە بکات کە کاری جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر دەکەن.

فازڵ حسێن دەڵێت: "ڕۆژانە چەندین شتوومەکو کەلوپەلو خواردەمەنی بەسەرچوو و خراپ دەخرێتە بازاڕەکانەوەو بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، هاووڵاتیانیش گلەییو گازەندەیان لەو شتومەکانە هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی یاسایەک نییە بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر لەهەرێمی کوردستاندا، بۆیە ناتوانن داوای مافی خۆیان بکەن".



کاڵا هاوردەکان هیچ گرەنتییەکیان نییە

یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا کاروبارەکانی هاووڵاتیانو هەناردەکردنی شتومەک ڕێکدەخات، لەڕاگەیاندنی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ کۆمەڵەکانی پاراستنی بەکاربەر (٣-١٥) وەک ڕۆژی جیهانی پاراستنی مافی بەکاربەر ناسێنراوەو لە (١٩٨٥)دا بەهەمان شێوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مافەکانی بەکاربەر دیاریکراوە لەڕووی (مافی سەلامەتی تەندروستی، دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان، ژینگەیەکی تەندروست، پەروەردەو فێرکردن، ڕادەربڕینو هەڵبژاردنی جۆری شتوومەک، زانیاری وەرگرتن لەسەر جۆری شتوومەکو مافی قەرەبووکردنەوە لەحاڵەتی زیان لێکەوتووان بەهۆی بەکارهێنانی شتوومەکی خراپەوە.

بڕیاردەری لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر جەختدەکاتەوە لەسەرئەوەی پێویستە لەسەر دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵی سنوورەکان بکەنو ڕێگە لەهاوردەکردنی هەر شتوومەکێکی خراپو بەسەرچوو بۆ ناو هەرێم بگرن، دەبێت حکومەت کاربکات بۆ ئەوەی داهاتی خەڵک بەرزبکرێتەوە، چونکە بەهۆی کەمی داهات لەئێستادا هاووڵاتی کام شتوومەکە هەرزان بێت ئەوە دەکڕێت لەکاتێکدا ئاشکرایە ئەو شتومەکانەی هەرزانن خراپنو بیستومانە "هەندێک بازرگانمان هەیە خۆیان لەوڵاتانی دیکە داوای شتی خراپو هەرزان دەکەنو دەیهێننە هەرێم"، چونکە یاسایەک نییە دەسەڵاتیان دیارییکات.

لەلایەکی دیکەوە د.محەمەد ڕەئوف پسپۆڕی بواری ئابووری لەزانکۆی سلێمانی بۆ دەستوور ڕوونیکردەوە، لەهەر پرۆژەیەکدا بەرهەمت هەبوو، بەڵام وەکو پێویست سوودی نەگەیاند بە بەکاربەر بەهۆی گرانی نرخو جۆری خراپ، ئەوە دەبێتە زیان بۆ کەسی بەرهەمهێنو بەکاربەر، ئەمەش بەبوونی یاسایەک بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر ڕێکدەخرێت.

ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان، هۆکاری دواکەوتنی پەسەندکردنی یاسای مافی بەکاربەری لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە"پەرلەمانتاران نەشارەزابوون لەگرنگی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر لەهەرێمی کوردستان، بەڵام دەرکەوت کە بەهۆی نەبوونی ئەو یاسایەوە چەندین نەخۆشی بەهۆی هێنانی خواردەمەنی خراپو بەسەرچوو لەکوردستاندا سەری هەڵداوە، هەروەک دەزگاکانی تەندروستی باس لەوەدەکەن تائێستا دەیان حاڵەتی شێرپەنجە بەو هۆیەوە دروستبووە، جگە لەچەندین نەخۆشی دیکەو لەهەمان کاتدا جۆری ئەو دەرمانانەی هاووڵاتیان بەمەبەستی چارەسەرکردن لەنەخۆشخانەکان وەری دەگرن بەهۆی ئەوەی لەجۆری خراپە دەبینیین چاک نابن"، بۆیە لەخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەبێت لیژنەیەک بەناوی پاراستنی مافی بەکاربەر دروست بکرێتو یاسایەکی بۆ دەربکەن.

بەوتەی ئەو پسپۆڕەی بواری ئابووری، ڕۆژانە بەڕێژەیەکی زۆر کاڵا لەسنورەکانەوە دەهێنرێتە هەرێمو لەناو هەرێمی کوردستاندا دەستی بەسەردا دەگیرێتو دەسووتێنرێت، لەبەرئەوەی داتایەکی تەواوەتی نییە بۆ ئەو شتومەکانەی کەدەستی بەسەردا دەگیرێتو دەسوتێنرێت بۆیە ناتوانرێت بەڕێژە زیانەکانی نەبوونی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر لەهەرێمی کوردستاندا دیاریبکرێت، هەروەها بەهۆی ئەوەی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم کراوەیە بەرووی بازرگاناندا بۆ هێنانی کاڵای باشو خراپو بەسەرچوو لەهەمان کاتدا کەسیش بەشێوەی پێویست لێپرسینەوە ناکات، وەک دەبینرێت لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کە چەندین تەن خواردەمەنی بەسەرچوو دەستی بەسەردا دەگیرێتو دەسوتێنرێت کە ئەمەش ڕاستە زیان بەبازرگانەکە دەگات، بەڵام ئەوە وەک وایە سەروەتو سامانی میللەتی سوتاندبێت، بۆیە ئەگەر یاساکە لەپەرلەمان دەرچوو، پێویستە حکومەت کاربکات بۆ جێبەجێکردنی چونکە "لەوڵاتی ئێمەدا بەپێی پێویست سەرجەم بڕگەکانی یاساکان جێبەجێناکرێت".

بڕیاردەری لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر لەپەرلەمانی کوردستان ئەوەشی ڕوونکردەوە، ئەگەر یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر لەپەرلەمان دەربچێت، دەبێت حکومەت یاساکە جێبەجێبکاتو هاووڵاتیان یاساکە بناسن بۆئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن، چونکە "چەندین یاسای دیکە کە بۆ ژیانو گوزەرانی هاووڵاتیان گرنگن، لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێنەکراوەو ئەو کەسانەی لەدەسەڵاتەکانی تەنفیزیو جێبەجێکردنن یاساکە لەبەرژەوەندی خۆیدا نابینێت، یاخود بەهۆی نەشارەزاییو کەمتوانایی لەبوارەکەدا بووەتە هۆی ئەوەی ئەو یاسایانەی کە دەردەچن جێبەجێنەکرێن، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون لەهەموو ئەو یاسایانە دەکاتو لایەنی پەیوەندیدار بانگهێشت دەکەینو لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکەین.

لەمادەی سێیەمی یاساکەی وەزارەتی بازرگانی کە هەشتاوهەشت مادەیە هاتووە: "ئامانج لەو یاسایە: دیاریکردنی ڕێساکانی گشتی بۆ پاراستنی بەکاربەرو پاراستنی مافەکانی لە میانەی:

ا- مسۆگەرکردنی تەندروست ساغی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانو باشییانو پیادەکردنی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی داواکراون.

ب- دابینکردنی شەفافیەت لەمامەڵەکاندا کە بەکاربەر یەکێکە لە لایەنەکانی.

ت- مسۆگەرکردنی ژینگەیەکی تەندروست ساغ بۆ ژیانی بەکاربەر، جگە لەپاراستنی بەکاربەر لەفروفێڵو ڕاگەیاندنی هەڵخەڵەتێنەرو ڕێگەگرتن لەچەوساندنەوەیان لەگەڵ ڕۆشنبیرکردنو وشیارکردنەوە بەمافەکانی بەکاربەرو هەڵسوکەوتکردن بەو مافانە لەهەڵبژاردنێکی دروستی کاڵاو خزمەتگوزاریەکانی لەبازاڕی هەرێمدا دەستدەکەون.

# وەزیری گەیاندن، لەئاستی خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیاکانی مۆبایل ڕازی نییە

دەستوور:

فاروق عەبدولقادر وەزیری گەیاندنی عێراق ڕایگەیاند: ڕازی نیم لەئاستی خزمەتگوزاری هەرسێ کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن کە لەعێراقدا کاردەکەنو دەیان ملیۆن هاوبەشیان هەیە.

ئاشکراشیکرد بۆ گەشەپێدانو هێشتنەوەی بازاڕی کێبڕکێ، چەند داخوازیەک پێشکەش بەپەرلەمانی عێراق کراوە بۆ هەمواركردنی یاسای پەیوەندیەکان تا کۆمپانیای تریش بتوانن کار لەو کەرتەدا بکەن کە بەگرنگ لەقەڵەمیدا.

لەلایەکی ترەوە، کۆمپانیای گڵەف بریج ئینتەر ناشناڵ کە کۆمپانیایەکی تایبەتی بواری پەیوەندیکردنە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەبڕی ٤٤٥ ملیۆن دۆلار گرێبەستێکی کێبڵی دەریایی نێودەوڵەتی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئیمزاکرد بۆ بەستنەوەی عێراق بەجیهانی دەرەوە لەڕێگەی کێبڵەوە.

سایتی دەلیلی عێراق لەزاری فاروق عەبدولقادر وەزیری گەیاندنی عێراقەوە بڵاویکردووەتەوە: "پرۆژەکە لەساڵی ٢٠١١دا تەوا دەبێتو بۆ عێراق بایەخو گرنگیەکی تایبەتی هەیە، هەرچەندە هەموو داخوازیەکانی عێراق نایەنەدی لەبەرئەوەی عێراق پێویستی بە٥ کێبڵی پەیوەندی لەوجۆرە هەیە تا لەداهاتودا بتوانێ کاروچالاکیەکانی بواری پەیوەندی خۆی لەجیهانو ناوچەکەدا گرنگی پێبدات.

ئەوا

فەیسەڵ عەلی

# بەرەو پەیکەربەندکردنەوەی بانکەکان

تا ئێستا چەندینجار لەلایەن بەرپرسانی حکومییەوە، کۆبوونەوەو لێدوانی ڕۆژنامەوانی دراوە بۆ بەرەوپێشبردنی بانکەکان، پەرەپێدانیان بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی دنیای ئەمڕۆماندا بێتەوەو، ڕۆڵی دیاری خۆی لەپرۆسەی پێشخستنی ئابوری کوردستاندا بگێڕێ، ئەو ڕۆڵەش تا دێ بەهۆی گەورەبوونی ڕۆڵی کەرتی تایبەتی ناوخۆییو هاتنی سەرمایەگوزاری بیانی بۆ ناو هەرێم وەک زەرورەت دەبێ گەشەی پێبدرێو لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەواندا وێک بێتەوە.

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئابوری عیراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە ڕوبەڕوی چەندین کێشەی دەرەکییو ناوخۆیی بووەتەوە، ئەو کێشانە کاریگەری سلبی لەسەر هەموو کەرتە ئابورییەکان جێهێشتوە، بەتایبەتیش کەرتی بانکسازی. شەڕی هەشت ساڵەو دواتر داگیرکردنی کوێتو سەپاندنی گەمارۆی ئابوری بەسەر عیراقو زۆربونی قەرزەکانی سەر عیراقو کەڵەکەبونی، بانکەکانی عیراق بەشی هەرەزۆری ئەو قورساییەی کەوتە ئەستۆ، بانکەکانی عیراق بەهەرێمیشەوە لەپەرەسەندنە بەردەوامەکانی پرۆسەی بانکسازی لەدنیا دورخستوەو لە ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییو پەرەسەندنانە دوای خست. هەموو ئەو هۆکارانەو چەندینی تر بونەهۆی لاوازکردنی ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بانکەکان پێشکەشی دەکەن، ئەمە جگە لەلاوازییو بەسەرچونی ئەو تەکنیکەی بەکاری دەهێنن، هەروەها نەبونی سیستمی زانیاری نوێ لەپاراستنی کارەکانیان و... هتد.

لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقو بەئێستاشەوە، بانکەکان بەدەست ئەو گرفتانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا دەناڵێننو نەتوانراوە پەرە بەئاستی کاروباری لەو بانکانە بدرێ و وەسیلەی نوێی پەیوەندییو تەحویلکردنی بۆ فەراهەم بکرێت، ئەمە جگە لەهۆکارە ناوخۆییەکان، کە بانکەکان بونەتە جێگەی دابەشکردنی موچە کە ئەرکی سەرشانی بانکەکانی هێندەی تر قورس کردوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی کادری بانکەکان وەک پێویست شارەزایی بانکییان نییەو کەسانی پسپۆری ئەو بوارەی تێدا بەدەگمەن دەبینرێت، ئەگەر ئەوانەی لێ دەرکەی کە وەک مومارەسە ماوەیەکی زۆرە لەو بوارەدا کار دەکەن، بەڵام ئەوانیش پێویستیان بەدەیان خولی ڕاهێنانو مەشقپێکردن هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لە کارەکانیان بەردەوام بنو ئاستی پێشکەشکردنیخزمەتگوزارییەکانیان باشتر بکەن.، لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە پێویستە چاکسازی لەبانکەکاندا بکرێو ئەو بانکانە پەیکەربەند بکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پێویستن:

١- هاوتاکردنی هەردوو لای دائنو مەدینی حساباتی بانکەکانو بەبونەوەرو خواستەکان (موجوداتو مگلوبات) دوای پاککردنەوەی لە هەموو پاشماوەی قەرزە ناوخۆییو دەرەکییو بەوردی هەردولای بودجەی بانکەکان هەڵبسەنگێندرێن.

٢- ڕزگارکردنی بانکەکان لەڕۆتین ئەو کارانەی کە بەسەریاندا سەپێندراوە، وەک پێدانی موچەو هەرجۆرە ئەرکێکی دی کە هیچ دەستکەوتێک بۆ بانک دروست ناکات.

٣- پێویستە حکومەت کار بۆ ئەوە بکات کە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی وردبینی جیهانییدا بکات بۆ ئەوەی وردبینی کاروباری بانکەکانی هەرێم بکەنو لەوەوە شەرعیەتی جیهانی وەربگرێت، بتوانێ پەیوەندیی دارایی لەگەڵ بانکی دەوڵەتانی تری دنیا ببەستێت.

٤- کردنەوەی خولی ڕاهێنان لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم بۆ بۆ وەرگرتنی تازەترین زانیاریی لەسەر ئەو پێشکەوتنانەی لەبانک وپیشەسازی بانکی بەخۆوە بینیویەتی.

٥- پێویستە عورفەو یاسا نێودەوڵەتییەکان لەبانکەکانی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکرێن، وەک پێورەکانی بازل بۆ چاودێری بانکیی، ئەو پێوەرانە زەمانو سەلامەتی کاروباری بانکی دەرەخسێنێت.

٦- پێویستە بانکەکانمان سستمی نوێ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی قەرزەکان بەپێی جۆرو ئاستی مەترسییان و بڕی تەرخانکراو بۆ هەر یەک لەو قەرزانە پۆلێن بکەن.

٧- پێویستە بانکەکان بەحساباتی دارایی خۆیانو شێوازی ئەدائی کارکردنو سەرمایەو جۆری ئەو خزمەتگوزارییەکانیانەی پێشکەشی دەکەن بچنەوە، بەتایبەتی کە یاسای هاندانی وەبەرهێنان ڕێگە بەهاتنی کۆمپانیاو وەبەرهێنی بیانی دەدات بێنە ناو هەرێم، ڕەنگە بەهۆی ئەو یاسایەوە چەندین لقو بانکی بیانی لە هەرێمی کوردستان بکرێنەوە، ئەوانەش بە شێوازو ئەدائی باشتر لەڕووی زانیاریو تەکنەلۆجیاو تەکنیکی پێشکەوتوی کار دەتوانن پێش بانکەکانی خۆمان بکەونو بازاڕەکانی هەرێم وەک چۆن کاڵاو خزمەتگوزارییە دەرەکییەکان بازارەکانی هەرێمیان بۆ خۆیان داگیرکردووە، کۆنترۆڵ بکەن.

لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقو بەئێستاشەوە، بانکەکان بەدەست گرفتەوە دەناڵێننو نەتوانراوە پەرە بەئاستی کاروباری ئەو بانکانە بدرێ

# "پارێزگای سلێمانی پشکی شێری بەردەکەوێت لەکەموکورییەکان"

## عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بۆ دەستوور

فەرهاد و بیلال لەسلێمانی

**عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی لەچاوپێکەوتێنکدا کە دەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دەڵێت نامەو تەکلیفی بەرپرسان هۆکارێکی سەرەکین بۆ چاوپۆشی‌و لێنەپێچینەوەی سەرپێچییەکان.**



عومەر مەحوی

**دەستوور:** هاووڵاتیان گلەیی ئەوە دەکەن پرۆژەکان بەکەموکورییەوە ئەنجام دەدرێت‌و زۆر جاریش پرۆژەکان دوای تەواوبوونی جارێکیتر گرفتی بۆ دروستدەبێت‌و هەڵدەوەشێنرێتەوە، هۆکاری ئەمانە چین؟

**عومەر مەحوی:** کاتێک پرۆژە زۆربوو کێشەش زۆر دەبێت، بەتەنها شارەوانیش نییە پرۆژە ئەنجام دەدات، بەڕێوەبەرایەتی ئاوو کۆمپانیای کورتێل‌و کۆمپانیا گەورەکانی تێلیکۆمنیکەیشن‌و چەند شوێنی تر ئەمانە هەموو کاردەکەن لەناو شاردا، زۆرجار لایەنێک پرۆژەیەک تەواو دەکات، بەڵام لایەنێکی تر بەرنامەیەکی تری هەیەو دەستدەکات بەکارەکانی‌و پرۆژەی لایەنەکەی تر دەبێتە قوربانی‌و تێکدەچێت، ئەمەش هەمووی بەهۆی نەبوونی هەماهەنگییەوەیە کە دەبێت دروستکردنی ئەو هەماهەنگییە لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە بێت، لیژنەیەکی پارێزگا سەرپەرشتی هەموو پرۆژەکان بکات‌و ئاگاداری پرۆژەی لایەنەکان بێت، زۆرجاریش بەهۆی بێئاگایی پارێزگای سلێمانییەوە لەپرۆژەکان، ئەوان بەتەلەفۆن پەیوەندی بەشارەوانییەوە دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر پرۆژەکان، زۆریش لەو بەڕێوەبەرایەتییانە خۆیان بەسەربەخۆ دەزانن، بەڵام بەگشتی پارێزگای سلێمانی پشکی شێری بەردەکەوێت لەو کەموکورییانە.

> خراپترین جۆری قیر دەهات بۆ سنوری سلێمانی کە لەهیچ شارێکی تری عێراقدا بەکارنەدەهێنراو ڕەفز دەکرا، مەجبوربووین کە ئەو قیرە بەکاربهێنین

**دەستوور:** دواکەوتنی پرۆژەکان‌و تەواونەبوونی لەکاتی یاسای خۆیدا هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**عومەر مەحوی:** بەو پێیەی کە من پێشتر وەک ئەندازیارێک پرۆژەم هەبووەو سەرپەرشتی پرۆژەمکردووە بۆ حکومەت‌و کۆمپانیای ئەهلی، گرفت دێتە پێش‌و دواکەوتنی پرۆژەش کفر نییەو زۆر پرۆژەش پێش دەکەوێت، بەڵام بەگشتی هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکان لەشاری سلێمانیدا بەهۆی دواکەوتنی پارەی پرۆژەکانەوەیە لەلایەن حکومەتەوە، چونکە زۆرجار لەنیوەی پرۆژەکاندا پێدانی پارە رادەگیرێت، بەڵێندەریش پرۆژەکان رادەوەستێنێ‌و چاوەڕوانی پێدانی سلفەی دووەم دەکات، چونکە زۆر کۆمپانیا بەو هۆیەوە داغان بوون.

**دەستوور:** هۆکار چییە حکومەت پێدانی پارە بەخاوەن کۆمپانیاکان دوادەخات؟

**عومەر مەحوی:** پێدەچێت سیستمی دارایی وابێت، زۆرجار بەهۆی هێنانی پارە لەحکومەتی عێراق‌و زۆرجاریش بودجە هۆکارەو زۆرجاریش وەزارەتی دارایی، دەکرێت لایەنە بەرپرسیارەکان زیاتر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، بەڵام بەگشتی هۆکارێکی سەرەکی دواکەوتنی پرۆژەکان پێنەدانی سلفەیە بەکۆمپانیاکان لەکاتی یاسایی خۆیدا، هۆکارێکی تریش بەڵێندەرەکانن کە ناتوانن ئەندازیاری پسپۆر بۆ پرۆژەکان دابنێن‌و ئامێری باش بەکارناهێنن‌و دەیانەوێت بەکەمترین پارە کارەکانیان بەڕێوەبەرن.

**دەستوور:** دامەزراندنی کۆمپانیا دەبێت بەپێی پۆلێنکردن بێت، بەڵام دەوترێت زۆرێک لەو کۆمپانیایانەی لەهەرێمی کوردستاندا مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە، مەرجی یاساییان نییەو گونجاونین بۆ کارکردن‌و پرۆژە وەرگرتن، بۆچی شارەوانی پرۆژە دەداتە ئەو کۆمپانیایانەی پسپۆرییان نییە؟

**عومەر مەحوی:** بەمەبەستی پێداچوونەوە بەهەڵسەنگاندنی کۆمپانیاکان‌و پێدانی پلەبەندی بڕیاردراوە پێداچوونەوە بکرێت، فایلی بەڵێندەرەکان راکێشراوەو پێداچوونەوەی پێدا دەکرێت‌و دواتر راپۆرتێک لەسەر کاری ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایانە دەدرێتە سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و کار بۆ دیاریکردنی ئاستی کارکردنی کۆمپانیاکان دەکرێت.

**دەستوور:** شارەوانی خاوەنی گەورەترین کارگەی قیرەو بەوتەی خۆتان باشترین جۆری قیر بەرهەم دەهێنن، بەڵام ئەو هەموو گرفتی چاڵوچۆڵییەی لەشەقامەکاندا دەبینرێت بۆ جۆری قیرەکە دەگەڕێتەوە؟

**عومەر مەحوی:** بەر لەدوو ساڵ خراپترین جۆری قیر دەهات بۆ سنوری سلێمانی کە لەهیچ شارێکی تری عێراقدا بەکارنەدەهێنراو ڕەفز دەکرا، مەجبوربووین کە ئەو قیرە بەکاربهێنین، چونکە هیچ قیرێکی ترمان بۆ نەدەهات، بەڵام ئێستا ئەو قیرانەی وەریدەگرین‌و بەکاریدەهێنین، باشترین جۆرەکانی قیرەو ئەو خراپی شەقامانە هۆکارەکەی ئەو قیرە خراپانەبوو.

**دەستوور:** ساڵی پار بەهۆی خراپی قیرەوە چەندین پرۆژە گرفتی بۆ هاتەپێش دوای تەواوبوونییان بەتایبەت پرۆژەی قیرتاوکردنی ڕێگای سەرەکی دەربەندیخان، ئایا قیری باش نەبوو بۆ ئەو پرۆژەیە؟

**عومەر مەحوی:** ئەو پرۆژەیە پەیوەندی بەئێمەوە نەبووە، ئێمە ئەو قیرە باشە بۆ ناوشاری سلێمانی بەکاردەهێنین‌و دەبێت ئەو قیرانەش کە وەردەگیرێن دەبێت شیکاری بۆ بکرێت‌و تاقیبکرێتەوە.

> ناچارین ملبدەین بەدانانی موەلیدە لەسەر شۆستەکان

**دەستوور:** زۆرێک لەپرۆژەکانتان بۆ گەڕەکە کۆنەکانەو گلەیی ئەوە دەکرێت گەڕەکە تازەکان فەرامۆشکراوە، هۆکاری ئەمە چییە؟

**عومەر مەحوی:** لەپرۆژەکانی ئەمساڵدا بەشێکی زۆر لەپرۆژەکانمان بۆ گەڕەکە تازەکان دەبێت‌و واز لەناوشار دەهێنین، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەو گەڕەکە تازانە، بەڵام ناکرێت بەهۆی دروستکردنی چەندماڵێکی کەمەوە لەگەڕەکێکدا هەموو پرۆژەیەک ببرێتە ئەو گەڕەکەو دەبێت فراونبکرێت زیاتر، دواجار پرۆژەکانی بۆ ببرێت.

**دەستوور:** دانانی موەلیدەو وەستانی ئۆتۆمبێل لەبەردەم باڵەخانە بازرگانی‌و ئوتێلەکاندا گەورەترین گرفتی دروستکردوە، بەجۆرێک چەندین کارەساتی ئاگرکەوتنەوەو گیانلەدەستانی لێکەوتەوە، لەلێدوانێکتدا بۆ دەستوور لە (٢٠٠٩/١٠/٧)دا ئاماژەت بەوەدا لەئایندەیەکی نزیکدا ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەن، بەڵام تا ئێستاش هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە نەنراوە بۆچی؟

**عومەر مەحوی:** ئێمەش دەزانین دانانی ئەو موەلیدانە سیمای شاری ناشیرین کردوەو مەترسیشی هەیە بۆ سەرگیانی هاووڵاتیان، بەڵام ئەو خاوەن باڵەخانەو موەلیدانەش نەهاتوون بۆ کارێکی تر مولیدە دابنێن، بەڵکو نەبوونی کارەبا هۆکارە بۆ دانانی ئەو موەلیدانەو هەموو شارەکان بەموەلیدە پڕبووەتەوە، لەبەر ئەوە مەجبورین مل بدەین بۆ هەندێک لەو حاڵەتانەو ناشکرێت ئوتێل یان باڵەخانەیەک بێ کارەبا بێت، ناشکرێت بوونی موەلیدە بەهیچ شێوەیەک قەدەغە بکەین تا پێدانی کارەبا بەتەواوی چارەسەر دەکرێت، چونکە ناتوانرێت لێپێچینەوە لەسەرپێچییەک بکەێت کە هۆکارو خەتاکەی خودی دەوڵەت بێت.

**دەستوور:** تا چەند تەکلیف‌و داوای بەرپرسان، کاریگەری لەسەر لێنەپێچینەوەکانتان هەیە؟

**عومەر مەحوی:** لەکاتی لێپێچینەوە لەزیادەڕۆییەکان‌و سەرپێچییەکاندا، بەردەوام لەلایەن بەرپرسەکانەوە تەلەفۆن‌و پەیوەندیمان پێوەدەکرێت کە هاوکاری ئەو کەسانە بکەین‌و زۆرجار بۆ ماوەیەک چاوپۆشی لەو سەرپێچییانە دەکەین تا چارەسەردەکرێت.

**دەستوور:** لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن بەرپرسانی حزبییەوە بەڵێندرا بەشێکی زۆر لەوخانووانەی تاپۆیان نییەو زیادەڕەون تاپۆبکرێن، ئایا ئەمە سەرپێچی یاسا نییەو پێتوانییە دەستتێوەردانە لەکاروباری شارەوانی؟

**عومەر مەحوی:** ئەوە هەڵەترین شتەو نابێت شارەوانی ماڵو موڵکی خۆی بەهەدەر بدات لەبەرخاتری هەڵبژاردن.



> تاپۆکردنی خانوە تەجاوزەکان لەبەرخاتری هەڵبژاردن هەڵەیەکی گەورەیە

---

درێژەی ... ل٦

**یوسف محەمەد:** کێشەکە لەوەدایە ژیانی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا رەنگرێژ نەکراوەو گروپێکی گونجاومان نییە کە هاوکێشە سیاسییەکان رێکبخات، ئەگەر هەرکەسێک بواری بۆ برەخسێت، بەدڵنیاییەوە کار بۆ ئەوەدەکات کە دەسەڵاتی خۆی بەهێزبکات‌و دەسەڵاتی بەرامبەری لاوازبکات ئەگەر رێگریەک نەبێت لەبەردەمماندا، بەتایبەت ئەگەر رێگریەکی پێنەبێت، پارتی وەک هێزی یەکەم‌و حیزبێکی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا دروستبووە، ئەم هێزە ئێستا دەیەوێت تاکە هێزبێت کە ئەو رۆڵو کاریگەری بنوێنێت، ئەمەش بەشێوەیەک لەشێوەکان بمانەوێت‌و نەمانەوێت بیروبۆچونێکی نادیموکراسییە، پێویستە پارتی ملبدات بۆ نۆرمەکان‌و قەواعیدی یارییەکان لەهەرێمی کوردستاندا، من ئەوە لەسەر پارتی حساب دەکەم کە لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەکۆی دەنگی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و ئەو رێکخراوانەی چاودێری هەڵبژاردنەکانیانکرد، پارتی لەهەولێرو دهۆک تەزویری ئەنجامدا، ئیرادەی خەڵکی هەولێرو دهۆکی تەزویرکرد، ئەگەر نا رەنگە قورسایی گۆڕان‌و هێزەکانی تر لەهەولێرو دهۆک باشتربوایە، هەرچەندە ئەمە لەلایەن پارتییەوە والێکدرایەوە کە بەشێک بووە لەسلوکی هەندێک کادیری پارتی، ئەمە پاساو بۆ ئەوە ناهێنێتەوە کە هێزێکی سیاسی لەهەرێمدا پەنا بۆ تەزویر بەرێت بۆ یەکلاکردنەوەی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هێزێکی وەک پارتی ئامادەنەبێت لەرێگای دیموکراسییەوە هاوکێشە سیاسییەکان یەکلابکاتەوەو ئامادەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بێت.

**دەستوور:** ئەو رێوشوێن‌و میکانیزمانە چین کە لەرێییەوە دەتوانرێت بەر بەهاتنەکایەو باڵادەستی تاک حیزبی پێبگیرێت؟

**یوسف محەمەد:** پێشتر باسم لەوەکرد ئەمە بەپلەی یەک پەیوەندی بەبڕیاری سیاسی یەکێتییەوە هەیە، یەکێتی دەیەوێت لەهاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا چیبکات؟ ئایا یەکێتی دەیەوێت بەو پاشکۆیەتییە لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوەو دژایەتی ئۆپۆزیسیۆن بکات، یان یەکێتی شێوازی کارکردنی خۆی دەگۆڕێ، یان لەدەسەڵات دێتەدەرەوەو زەمینە بۆئەوە خۆشدەکات هێزی سیاسی دیکە کە بەڕاستی بەسەنگو قورسایی خۆیانەوە چونەتە پەرلەمان، حکومەت پێکبهێنن، یان هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت‌و هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، یان یەکێتی ئەو لاوازییەی خۆی بەشێوەیەک لەرێککەوتن لەسەر پرۆژە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی قەرەبوو دەکاتەوە کەئەمەش پێویستی بەبیناکردنەوەی هەموو ئەو رووخانە هەیە کە لەڕابردودا لەدیواری متمانە لەنێوان یەکێتی‌و ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتیش لیستی گۆڕان، پێویستی بەبیناکردنەوە هەیەو ئەوەش پێویستی بەکاتە.

**دەستوور:** ئایا ئەو پاساوانە راستن کە دەڵێن لەپێناو رێگرتن لەباڵادەستبوونی تاک حیزبێک، ململانێ‌و جیاوازییەکان خەفە بکرێن؟ لەم نێوەندەدا چارەسەر چییە؟

**یوسف محەمەد:** دۆخی هەرێمی کوردستان بەوشێوەیە نەماوە کە بتوانرێت ئازادییەکان خەفەبکرێن، پێموایە لەهەرێمی کوردستان لەداهاتوودا بەرەو فرەلایەنییەتێکی سیاسی دەڕۆین، ئەو سیستمی دوو حیزبیە پێموایە مۆدێلێکی کاریگەر نابێت لەهەرێمدا، بەڵکو رەنگە بەرەو فرەلایەنییەتی حیزبی بڕۆین‌و هیچ هێزێکیش نەتوانێت بەتەواوەتی باڵادەستبێت بەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانداو چەند هێزێک رۆڵ‌و کاریگەرییان هەبێت، تا ئەو هێزانەش رۆڵو کاریگەرییان زیاتربێت، فشار بەرەو دیموکراسی زیاتردەبێت، ئەوکاتە دابەشبوونی قورسایی هێزەکان دەبێتە ئەوەی کە هەمووان لەوە تێبگەن کە تەنها یەک رێگا هەیە کە دەتوانن لەرێیەوە پەیوەندییەکانی نێوانیان رێکبخەن، ئەویش رێگای دیموکراسی‌و یاریی سیاسییە.

# جارێکی دیکە کرانەوە دەبرێتەوە پەرلەمانو هەوڵەکان بۆ گۆڕینی دەستوور دەستپێدەکاتەوە

## ئۆجەلان هۆشداریی دا لەهەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ



کرانەوە لە تورکیادا، کەس گوێبیستی نییە!

ئا: محەمەد عەلی خەفاف

دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار لەساڵرۆژی مردنی ئەتاتورکدا پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی برایە پەرلەمانی تورکیاو گفتوگۆی لەسەر کرا کە هەم رۆژی دانیشتنەکەو هەم خودی دانیشتنەکەش هەڵلایەکی گەورەی لەنێو پەرلەمانو بگرە لەنێو تورکیاشدا نایەوە، وابڕیارە ١٤ی ئەم مانگە چەند یاسایەکی تایبەت بەکرانەوە کە ماوەی حەوت مانگە چاوەڕواندەکرێت پەرلەمان تاوتوێیان بکرێتو لەدانیشتنێک یان زیاتردا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، لەوبارەیەشەوە بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاند "لەماوەی ئەم هەفتەیەدا یاساکانی تایبەت بەکرانەوە کە بریتین لەیاساکانی بواری دامەزراندنی سیستمو راوێژکاریی ئاسایشی گشتیو دەدرێنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەروەک لەگەڵ ئەو یاسایەدا لیژنەی یاسایی پەرلەمان هەوڵدەدات یاسایەک بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەتورکیادا بخاتە بەرباس کە دامەزراوەکە ئەرکی بەرهەمهێنانی سیاسەتەکانی تایبەت بەچۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری دەکەوێتە ئەستۆو لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئەنجامدەداتو لەوەزارەتی ناوخۆوە سەرۆکایەتی دەکرێت، هەر لەوبارەوە مستەفا ئەلیتاش پەرلەمانتاری ئاکەپەو سەرۆکی گروپێکی نێو فراکسیۆنی پارتەکەی رایگەیاند: بڕیارە پرۆژە یاساکە لەدانیشتنی رۆژی پێنجشەممەی داهاتوودا لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت کە بەشێکە لەپرۆسەی کرانەوە".

### حکومەت لەهەوڵی گۆڕینی دەستووردایە

پەرلەمانتارانی ئاکەپە لەهەوڵی گۆڕینی دەستووردانو وەک یەکەم هەنگاویش پرۆژە یاسایەکیان بۆ کەمکردنەوەی ئەو ماوەیە پێشکەش کردووە کە وادەی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر هەر گۆڕانکارییەکی نێو دەستوور، لەدوای ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکەو تا دەنگدان لەسەری لەلایەن خەڵکەوە لە١٢٠ رۆژەوە کەمبکرێتەوە بۆ ٤٥ رۆژ، بەپێی ئەو پرۆژەیاسایەش کە سەرۆکی فراکسیۆنی ئاکەپە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە بەبەدەستهێنانی ٣٣٠ بۆ ٣٧٠ دەنگ، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەدەستووری وڵاتدا ئەجامدەدرێن، پێویستە لەلایەن خەڵکەوە دەنگیان لەسەر بدرێت ماوەکەی کورت دەکرێتەوە، ئەم هەواڵەش نیشانەی ئەوەیە کە ئاکەپە نیازی وایە گۆڕانکاری لەدەستووری هەمیشەیی وڵاتدا ئەنجام بدات، لەنێو لۆبییەکانی تورکیاشدا باسی ئەوە دەکرێت کە لەڕێی ئەم گۆڕانکارییەوە ئاکەپە گۆڕانکاریی گرنگ بەرەو بەدیموکراسیکردنی وڵات ئەنجام دەدات، ئاکەپە لەڕێی ٣٣٧ پەرلەمانتارەکەیەوە دەتوانێ یاساکە تێپەڕێنێ، هەروەک باس لەوە دەکرێ یەکەم ریفراندۆم کە لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدرێت پێوانەی قایلی پشتیوانی رای گشتی تورکیایە لەدەسەڵاتی وڵاتەکەی، هەروەک ئەگەر ئەو پرۆژەیە بکرێتە یاسا ماوەی ریفراندۆم بۆ جالیەی تورک لەدەرەوەی تورکیا لە٤٠ رۆژەوە بۆ ١٥ رۆژ کەم دەکرێتەوە، وا بڕیارە رۆژی سێ شەممەی ١٩ی ئەم مانگە پرۆژە یاساکە پێشکەشی کۆمسیۆنی یاسایی پەرلەمان بکرێت.

### لە زەمانی تورگوت ئۆزاڵیشدا ئەم هەوڵە لەئارادابوو

هەمان ئەو گۆڕانکارییەی ئێستا ئاکەپە دەیەوێت ئەنجامی بدات پارتی نیشتمانی دایک (ئاناپ) لەساڵی ١٩٨٨دا ویستی ئەنجامی بدات بەهەندێ جیاوازی بچوکەوە، ئەو دەمەش تورگوت ئۆزاڵ سەرۆک وەزیری تورکیا بوو بەڵام لەیەکەم ریفراندۆمدا کە تایبەت بوو بەئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە ماوەی چل رۆژیان بۆ دانابوو،شکستی هێناو زیاتر لە سەدا ٦٥ی دەنگەکان لەریفراندۆمەکەدا دەنگی نەخێر بوون، بەو جۆرەش ئەنجامدانی گۆڕانکاری بۆ پێشخستنی هەڵبژاردنی پارێزگاکان شکستی هێناو هەڵبژاردن لەوادەی دیاریکراوی پێشتریدا ئەنجام درا.

### ئەندامێکی گروپی ئاشتی دەستگیر کرا

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ گۆڕینی دەستوورو پەسەندکردنی یاسای تایبەت بەکرانەوە، هەڵمەتی دەستگیرکردنی هاووڵاتیانی کورد لەو وڵاتە بەردەوامەو لەو چوارچێوەیەشدا ئەندامێکی گروپی ئاشتی کە پێشتر لەسەر خواستی ئۆجەلانو وەک دەست پێشخەری ئاشتی گەڕابۆوە تورکیا، لەفڕۆکەخانەی دیاربەکرو لەکاتی پشکنینی ناسنامەکەیدا دەستگیرکرا، دواتریش گوازرایەوە بۆ ئاسایشی شارەکەو بەهۆی چەند وتەیەکییەوە لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دەستپێکراپاشانیش بۆ وەرگرتنی ئیفادەلێی رەوانەی دادگای دیاربەکر کرا، رۆژنامەکان بڵاویشیانکردەوە کە پێشتر ئەو ئەندامەی گروپی ئاشتی بەهۆی وتەکانییەوە پێشتر فرمانی دەستگیرکردنی دەرچووبوو بەڵام خۆی ئاگای لێ نەبووە.

### لە شاری وان ٣٨ خوێندکار دەستگیرکران

لەچوارچێوەی دەستگیرکردنی ئەندامانی پەکەکەو کەجەکە لەنێو شارەکانی تورکیا هێزە ئەمنییەکانی شاری وان ٣٨ خوێندکاری زانکۆی یوزونجو یڵی شارەکەیان بەتۆمەتی ئەندامێتی کۆماجچاکێن کوردستان (کەجەکە) دەستگیرکرد، سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە هێزە ئەمنییەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر بەشە ناوخۆییەکی تایبەت بەخوێندکارە کچەکانو هەروەها هەڵیانکوتاوەتە سەر نزیکەی ١٠ خانووش.

### ئاگادارکردنەوەی ئۆجەلان بۆ حکومەتو کەجەکە

عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە لەئاگادارکردنەوەیەکدا بۆ حکومەتی تورکیاو کۆماجڤاکێن کوردستانێ هۆشیاریدا کە ئەگەر چارەسەری دیموکراتی بەرەو پێش نەچێت ئەوا جەنگی نێوخۆیی لەنێوان کوردو تورکدا لەتورکیا لەسەر دەستی (ئەرگەنەکۆن) نەتەوەپەرستەکان هەڵدەگیرسێت، هەروەک ئۆجەلان جەهەپەو مەهەپەی بە درێژکراوەی رێکخراوی تێرۆریستی ئەرگەنەکۆن لەقەڵەم داوە، لەپەیامێکیشدا بۆ عەبدوڵلا گیول سەرۆک کۆماری تورکیا ئۆجەلان دەڵێ: ئەوەی ئێمە دەمانەوێ چارەسەرێکی ئاشتییانەی دیموکراتییانەیە، بەڵام هەندێک کەس هەوڵ بۆ رێگەلێگرتنی دەدەنو مانگی شوباتیش کە نزیک دەبێتەوە بۆ ئەوە هەڵدەبژێرن، هەرچەندیش پەکەکە بیەوێت رێگە لەکاردانەوەکانی خەڵک بگرێت، بەڵام ناتوانێت، بۆیە ئەگەر بەجدی دەتانەوێ کێشەکە چارەسەر بکەن پێویستە ئەم ماوەیە بەباشی هەڵبسەنگێنن، هەروەک کەجەکەو حکومەت پێکەوە لەوە ئاگاداردەکاتەوە لەپێکهەڵپژانی هاووڵاتیان بەیەکتریدا، عەبدوڵلا ئۆجەلان جەخت لەوەش دەکاتەوە کە دیالۆگ هەزار رێگەی هەیەو مەرج نییە تەنها ئەو بەلایەن وەربگیرێت، بەڵکو ئەوەی مەرجە دڵسۆزییە.

# ماڵی تۆ، ماڵی من

ن: یڵدرای ئۆغور و: محەمەد عەلی خەفاف

هەفتەی رابردوو چەندین کەسایەتی کە ژمارەیەکیان ناودارو بەناوبانگ بوون کەمپەینێکیان بۆ پشتیوانیکردن لەئەحمەد تورکی سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی داخراو رێکخست کە خانووی لەشاری ئەنقەرە بەهۆی بڕیاری دادگاوە دەستناکەوێت، کەمپەینەکەش لەژێرناوی "ماڵەکەی من ماڵی تۆیە"دا بوو، کەمپەینەکە یەکێکبوو لەپڕماناترین چالاکییەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەچەند ساڵی رابردوودا، یەکێک لەو کەسانەی کە بەشدار بوو لەو کەمپەینەو ئەحمەد تورکی بۆ ماڵەکەی خۆی بانگێشت دەکرد، ئاماژەیەک بوو بۆئەوەی کە لەتورکیا هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەو هەموو شتێکیش دەستی بەگۆڕان کردووە، ئەو کەسەش پرۆفیسۆر ئەمینە گورسۆی ناسکالی نەوەی جەلال بایار بوو.

ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە باشترین تێگەیشتنی بۆ دۆخی ئێستای ئەحمەد تورک هەبوو، چونکە ئەوەی ئێستا بەسەر ئەحمەد تورک هاتووە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر ئەو دەمەی ناسکالی منداڵ بووە، هەمانشت بەسەرخۆیو خێزانەکەیدا هاتووە.

کودەتاچییەکان سەرەڕای ئەوەی جەلال بایار تا دواسات بەرگری کردووە، بەڵام لەکۆشک دەریان هێناوەو بەوجۆرەش تەنها خێزانەکەی لەناو کۆشکدا ماونەتەوە، دواتریش داوایان لێکراوە کە کۆشک چۆڵبکەن، بەڵام لەهەموو ئەو خانووانەی دەیاندۆزییەوە یاخود رێکەوتنیان لەگەڵ دەکردن، هەمان وەڵامیان وەردەگرتەوە "خانووتان نادەینێ".

دایکی ئەمینە لەکتێبێکدا ئەو رۆژانە بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە "لەلایەکەوە کەلو پەلەکانی ناو خانووەکە جەرد دەکران، لەلایەکی دیکەوە بۆ گرتنی ساتێک زووتری خانوویەک بەکرێو دەربازبوون لەکۆشک هەواڵمان بۆ هەموو ناسیاوەکان ناردبوو، لەیەک دوو خانووەوە وەڵامی ئەرێنیمان دەستکەوت، بەڵام دواتر پەشیمانبوونەوەن پاش چەندین مانگ زانیمان کە هۆکارەکەی ئەوە بووە دوای ئێمە چوونو فشاریان لەو خاوەن ماڵانە کردووە تاوەکو خانووەکانیانمان نەدەنێ تا ئەو رادەیەی یەکێک لەبەرپرسە سەربازییە باڵاکان بەیەکێک لەناسیاوەکانمانی وتبوو، بەخۆڕایی خۆیان خستۆتە جەفاوە، ئەوانە ناتوانن لەئەنقەرە دانیشن، لەئەستەنبوڵیش ئیدارەی عورفی هەیە کەواتە ئەوێش نابێت، لەوانەیە بتوانن لەچەشمە دابنیشن."

خێزانەکەی بایار نەیاندەتوانی لەو ماڵەشیان دابنیشن کە لەئەستەنبوڵ هەیانبوون چونکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، لەبەرئەوە چوونەناو ئەو خانووەی کە هاوینانو لەپشووەکاندا بەسەریان دەکردەوەو لەچەشمە بوو، ئەحمەد تورکیش خانوویەکی هەیە لەوێ کە تایبەتە بەپشووەکانی هاوینی.

تەماشای ئەو خراپەکارییە بکەن

لەتورکیادا بەرەنگارییەکان هەرگیز سیاسیو ئایدۆلۆژی نەبوون، بەڵکو لەبنەمادا چاکەو خراپە لەجەنگدابوون، کەسە چاکو خراپەکان دەگۆڕێن، بەڵام جەنگە بناغەییەکەی نێوان چاکەو خراپە ناگۆڕێت، هەڵبەتە هەمیشە ناگونجێ خراپە بەچاوی سەر ببینین، بەهۆی ئەوەی کە رووپۆش دەکرێت، لەنمونەی ٢٧ی مایسی ساڵی ١٩٦٠ کە خێزانی بایار ئەو کارەیان بەسەرهات، لەکاتێکدا کە خراپە بەبێ هیچ رووپۆشێک لەو نێوەندەدا دەهاتوو دەچوو، هەموو کودەتاکان خراپن، بەڵام ئەو کودەتایەی رۆحێکی خراپەکاری کردەبەری هەموو ئەو لایەنانەی کە دەکرا دەنگیان ببیسترێت، وەک ئەکادیمییەکانو میدیاو دەوڵەمەندەکانو هتد... کودەتای ٢٧ی مایسە.

لەکودەتاکانی دوای ئەوەشدا بینینی کارەساتەکان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان زۆر ئەستەمە، دوو وێنەی جیاواز لەئەرشیفی کودەتا قێزەونەکەی ٢٧ مایس ماونەتەوە کە ئەوانیش یەکەمیان کوشتنی منداڵێکی یانزە ساڵانە کە پێشێلی قەدەغەکردنی هاتوچۆی کردووە لەبەرەبەیانی ئەو رۆژەدا، دووەمیشیان قۆڵبەستکردنی پارێزگاری ئوشاکەو بەستنی بەردێکە بەدەستەکانییەوەو هێنانیەتی بۆ ئەنقەرە، لەبەرئەوەی شەمەندەفەری یەکێک لەبەرپرسەکان لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا بەردبارن کراوە، ئەوە دوو ساتن کە خراپە تێیدا کەڵبەکانیمان پێنیشان دەدات.

رۆژنامەی تەرەف، ٢٠١٠/١/١٠

www.arsivakurd.org

# کوردەکانی ئێران خۆیان سازدەدەن

ئا: دەستوور

کێشمەکێشو ململانێی ناو ریزەکانی سیستمی سیاسی ئێران، دەستلەکارکێشانەوەی باڵیۆزەکانی ئێران لەدەرەوەی وڵات، گرتنو هەڕەشەکردنو بەگشتی قەیرانەکان روو لەزیادبوونەو لەبەرامبەریشدا سەرجەمی چاودێرانی سیاسی، بارودۆخی ئێران بەپرۆسەی رووخاندنو لەناوچوونی سیستم ناوزەددەکەن، لایەنە سیاسییەکانی ئێرانیش خەریکی خۆڕێکخستنی ریزەکانیانو ئەگەری لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسیش هەموو لایەکی تووشی نیگەرانی کردووە.

### تەقە لە کەڕوبی کرا

بەدرێژایی ئەم حەوت مانگەی نائارامییەکانی ئێران، زۆربەی کەسایەتییە ناسراوەکانی سەر بەباڵی ریفۆرمیست دەستگیرو دادگایی کراون، هەڕەشەکردن لەرێبەرانی ئەم باڵەش بەشێکی بەرچاو لەپڕوپاگەندەی دەزگا ئەمنییەکانی سیستمی سیاسیی ئێران بووەو تەنانەت زۆرجار هەڕەشەی کوشتنیشیان لێکراوە.

مەهدی کەڕوبی یەکێک لەرێبەرانی باڵی ریفۆرمیست، لەکاتی سەردانی بۆ ماڵی یەکێک لەهاوڕێکانی لەشاری قەزوین، کەوتە بەرتەقەی چەکدارەکانی سەر بەدەوڵەتو لەئاکامدا جامی سەیارەکەی ناوبراو تێکشکا، کەچی کەڕوبی لەم هەوڵە "تیرۆریستییە" رزگاری بوو، هەرچەندە هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەروونکردنەوەیەکدا ئەم هەواڵەی بەدرۆخستەوە، بەڵام کەڕوبی بەبڵاوکردنەوەی راگەیاندراوێک چەندین وێنەی هێرشەکەی ٧ی کانونی دووەمی بڵاوکردەوە، روونکردنەوەکەی هێزە ئەمنییەکانی بەدرۆ خستەوە، بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی جەرەس کە سەر بەباڵی ریفۆرمیستەکانە، کەڕوبی دووشەو دواتر لەسەردانێکی بۆ ماڵی عیمادەدینی باقی، ئەم رەفتارەی بەرەفتارێکی جاهیلانە وەسفکردوە، رایگەیاند کە تا دوایین دڵۆپەکانی خوێنی لەم رێگەو "لەم ئامانجە پیرۆزە" پاشگەزنابێتەوە.

### حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بریاری لێبوردن بۆ جاشەکان دەردەکات

ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی کەوتونەتە خۆیانو تەواوی چالاکیو هەڵسوڕانەکانیان بەمەبەستی کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە خستۆتەگەڕ، روانگەو هەڵوێستی سەرجەمی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵات لەیەک نزیکبووەتەوە، لەهەوڵداندان تا بتوانن بەتێکەڵبوون لەگەڵ رەوتی رووداوەکان، بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کوردستان لەم بارودۆخە نوێیە هەڵەنجێنن.

عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵە، شەوی یەکشەممەی هەفتەی رابردوو لەدیمانەیەک لەگەڵ بەشی فارسی تەلەفزیۆنی ئەمریکا voa، بزووتنەوەی سەوز بەبزووتنەوەی کوردەکانی ئێرانیش دەزانێت، لەهەمانکاتدا پێداگری لەسەر ئەوەکرد کە دەبێ بزووتنەوەکە هێڵە سوورەکان ببەزێنێتو باس لەخواستو داواکاری نەتەوەکانی ئێران بکات.

لەسیمینارێکدا لەوڵاتی سوید، عەبدوڵڵاموهتەدی باس لەوەدەکات کە لەئەگەری زاڵبوونی حکومەتی ئێران بەسەر قەیرانەکان، یەکەم قوربانیی کوردەو هەربۆیە دەبێ کورد بەدواکاری تایبەتی خۆیەوە بەشداری لەم بزووتنەوەیەدا بکات، لەلایەکیترەوە لەپەیامێکی تەلەفزیۆنیدا لەتیشک تیڤی، مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بارودۆخی ئێران بەپرۆسەی دارمانی کۆماری ئیسلامی ناوزەددەکات، لێبوردنی گشتی بۆ جاشەکانی کوردستانی ئێران رادەگەیەنێ، سکرتێری حدکا لەم پەیامەدا باسیشی لەپرۆژەی "ئاشتەوایی نەتەوەیی" کرد کە لەلایەن حیزبەکەیەوە دارێژراوە، رایگەیاند کە ئەوان ئامادەن بۆ نووسینەوەی مێژوویێکی نوێو رێکخستنەوەی کۆمەڵگا.



لێدانو هەڕەشە، کەس ناتۆقێنێت

# "نارەزایەتییەکانی ئێستای ئێران درێژەپێدەری شۆڕشی ساڵی حەفتاونۆیە"

## محەمەد نەزیفی قادری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دەستوور

سازدانی: هیوای سەلیمی



محەمەد نەزیفی قادری

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێیوایە نارەزایەتیەکانی ئێران خەریکە لەداواکردنی ریفۆرمەوە بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی سەردەکێشێت، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پشتگیری خەباتی جەماوەری بۆ روخانی رژێمی ئیسلامی دەکەن، بەڵام پشتگیری هەوڵی ریفۆرمکردنی دەسەڵاتی ئێستای ئێران ناکەن.

**دەستوور:** بەشێوەیەکی گشتی ئێوە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بارودۆخی سیاسی ئێران چۆن دەبینن، ئایا لەوبڕوایەدان کە گۆڕانێکی جیدی لەکۆمەڵگا رووبدات؟

**محەمەد نەزیف قادری:** پەیوەند بەپرسی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێرانو ئەو نارەزاییانەی کە ئێستا لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیو گشتییەتی رژیم هاتۆتە ئاراوە، ئێمە سیاسەتی فەرمیو هەڵوێستی سیاسیمان لەچەندین راگەیەندراوی دەفتەری سیاسییدا بەئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو چالاکوانانی سیاسیو مەدەنی راگەیاندووە، ئێمە پێمانوایە ئەو بزووتنەوەیەی کە ئێستا لەئێراندا لەئارادیە، هەر درێژەی ئەو بزووتنەوە سیاسیو مەدەنییەیە کە لەسەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی شکۆداری گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ بۆ ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەریو بۆ هێنانە سەرکاری رژێمێکی دڵخوازی خەڵک لەچوارچێوەی پەرەنسیبە دیموکراتیکەکانو دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران، خەباتیان بۆ کراوە، ئەو شۆڕشەی کە بەداخەوە لەلایەن کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسکەوە رێبازەکەی بەلارێدا برا، لەدوای سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامی، سەرکوتو گوشار دەستپێکرد. سیاسەتی سەرکوتو زەبروزەنگ لەراستیدا لەئاراستەی بەکەمگرتنی ویستو داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پراکتیزەکراو ئەم بابەتە بوو بەهۆی ئەوەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگی نارەزاییان بەرزکردەوە، لەبەرامبەر رژێمدا هەڵوێستیان گرتو سیاسەتە کۆنەپەرەستانەکانی ئەو رژێمەیان لەقاودا. ئەگەر چاوێک لەرابردووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بکەین، چەندین قۆناغ لەخۆدەگرێ کە لەهەر قۆناغێکدا خەڵک بەشێوەیەک هەلیان بۆ رەخسابێت، توانیویانە لەبەرامبەر ئەو رژێمە هەڵوێست بگرنو سیاسەتی نەفی ئەو رژێمەیان لەپێش گرتووە، دیارە ئەو جەرەیانەی کە ئێستا لەئێراندا هەیەو شارەگەورەکانی وەک تارانو ئەسفەهانو شیرازو لەم دواییانەشدا چەندین شاری دیکەی گرتووەتەوە، درێژەی نارەزاییەکانی پێشووە. ئەو ئیرادەی کە ئێستا لەئێراندا هەیە، هەڵبەت دەبینین کە دروشمەکانی رۆژ لەدوای رۆژ رادیکاڵتر دەبێو بەرەو ئەوە دەچێت کە شکڵی جوڵانەوەیەکی گشتی بەخۆیەوە بگرێ، ئامانجەکانی ئازادی، دیموکراسیو لەواقیعدا پێکهێنانی سیستەمێکی سیکولارو دیموکراتە، کە لەئاراستەی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە، ئەو ویستو داخوازییانەی کە دوای شۆڕشی ٧٩ بەداخەوە لەلایەن رێبەرانی ئاینییەوە بەتاڵان برا، ئێستا درێژەی هەیەو ئەم خەباتە بەبڕوای من رۆژ لەدوای رۆژ پڕرەنگتر دەبێ، ئامانجدارتر دەبێو رێگەی سروشتی خۆی دەپێوێ.

پشتیوانیکردن لەریفۆرمێک کە لەچوارچێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بێ، ئەوپەڕی ریسواییو شەرمەزاریە

**دەستوور:** بزووتنەوەی کوردستان لەکوێی ئەم هاوکێشە سیاسیانەدایە، ئایا ئەم بزووتنەوە قازانجی کوردی تێدایە؟

**محەمەد نەزیف قادری:** بەبڕوای ئێمە خەڵکی کوردستان لەپەیوەند بەخەبات لەدژی دیکتاتۆریو کۆنەپەرستی، هەڵوێستێکی واقعبینانەو وشیارانەیان لەپێش گرتووە. خەڵکی کوردستان ماوەی ٣٠ ساڵی تەواوە لەدژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکاو قوربانی دەدا، بۆ گەیشتن بەسیستمو ژیانێکی دڵخوازی خۆی، ئێستاش بەتێڕوانینێک لە رەوتی رووداوەکانو هەڵسەنگاندنێکی واقعبینانە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، نیشتمانپەروەرانی کوردو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەبەر رووناکی ئەو لێکدانەوە واقعبینانە، چاودێری رووداوەکان دەکەنو لەو رەهەندەوە بەشداریو پشتیوانی لەو بزووتنەوە دەکەن کە لەکۆتاییدا داخوازییە سیاسییو نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لەخۆی بگرێ.

**دەستوور:** بەشێک لەچالاکوانی سیاسیو مەدەنی لەو بڕوایەدان کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەوجۆرەی کە پێویستە کاری بۆ بەشداریکردنی کورد لەم پرۆسە سیاسییە تازەیەدا نەکردووە، تەنانەت باس لەوەدەکەن کە بەشێوەیەک لەشێوەکانیش هەستی تەوەهوم بەرامبەر بەم بزووتنەوە بڵاودەکاتەوە، رای ئێوە لەمبارەوە چییە؟

**محەمەد نەزیف قادری:** ئێمە پێویست ناکات لەسەر هەوڵو بۆچوونی ئەو کەسانەی کە ئێستاش لەچوارچێوەی نزامدا دەخولێنەوەو کیسەیان بۆ ئاڵوگۆڕی دەوڵەتی هەڵدراوە، قسەبکەین، ئەڵبەت دەبینین کە ئەم سیاسەتەشیان وەک سیاسەتەکانی دیکە شکستی خواردووەو مەسەلەکە بەشێوەیەکی دیکە باس دەکەن، حیزبی ئێمە نایەوێ جارێکیتر خەڵکی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی کوردستانو بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی کورد، بەشوێن سیاسەتگەلێک جۆشبدات کە هیچ ئامانجێکی روونی نەبێ. هەمووان باس لەوەدەکەن کە لە٥٧دا یەکێک لەو هۆیانەی کە ئاخوندەکان شۆڕشیان بەلارێدابرد، نەبوونی بەرنامەیەکی واقعبینانەو دیموکراتیک بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بتوانن فەزای سیاسی ئێران بقۆزنەوەو نیهایەتەن نیزامێکی دیموکرات بێننە سەرکار، بۆیە ئێمە نامانەوێ جارێکیتر ئەزموونێک کە ئەزموونێکی شکستخواردووە دووبارە بکەینەوە، یان بەزمانێکیتر نامانەوێ خەڵکی کوردستان ببنە سوتەمەنی کەسانێک کە هێشتا دەنگیان بۆ ویلایەتی فەقیەو یاسای بنەڕەتیو نیزامێک کە هەموو جینایەتو هەموو ریسواییو هەموو زەبروزەنگێکی بەنیسبەت خەڵکی کوردو هەموو گەلانی ئێران نواندوە. حیزبی ئێمە حیزبێکی سیاسییە، حزبێکی واقعبینە، حیزبێکە کە لەرووی لێکدانەوەی سیاسییەوە هەڵوێست دەگرێو لەهەڵوێستە سیاسییەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێرانیو کوردا سیاسەتو هەڵوێستێکی لەپێش گرتووە، کە جێگەی رەزامەندی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردو ئێرانیو سەرجەمی ئازادیخوازانی ئێرانە، حزبی ئێمە هەمیشە لەهەڵوێستەکانیدا جەختی لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازیو بزووتنەوەی گەلانی ئێرانو دیموکراسیخوازی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کردووە. ئێستاش ئێمە لەم سیاسەتەماندا پشتیوانی لەو رەوتەدەکەین کە لەکۆتاییدا رەوتێک بێ کە ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەریو دابینکردنی مافە سیاسیو نەتەوەییەکانی گەلانی ئێرانی بەدواوە بێ، نەک پشتیوانیکردن لەریفۆرمێک کە لەچوارچێوەی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بێو ئێستاش ئەم چەشنە لەهەڵوێست چ لەئاستی نێوخۆییو چ لەئاستی نێونەتەوەیی، لەوپەڕی ریسواییو شەرمەزاریدایە.

**دەستوور:** زۆر کەس باس لەپرۆسەی رووخانو دارمانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکا، لەئەگەری خێراتربوونی رەوتی دارمانی دەسەڵاتی سیاسی لەئێران، ئایا ئێوە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران توانای بەرەورووبوونەوە لەگەڵ وەها بارودۆخێکتان هەیە؟

**محەمەد نەزیف قادری:** ئوسوولەن ئەگەر لەسەر پرسی رووخان یا هەر ئاڵوگۆڕو هەر بەدیلێک قسە بکەین، ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕمان بەخەباتی جەماوەری هەیە، باوەڕمان بەهاوکاری لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییە کوردو ئێرانیانەوە هەیە، کە باوەڕیان بە ئازادیو دیموکراسیو دادپەروەری هەیە، لەو ئاراستەدا ئێمە لەچەندین ئیئتلافی سیاسی جیاجیا لەگەڵ هێزە سیاسییەکان، هاوکاریو هاوپەیمانیمان هەیە، لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کورد لەسەر مەسایلی ئەساسی خاڵی سیاسی هاوبەشمان هەیە. سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕە سیاسییە ریشەیانەش حیزبی ئێمە لایەنگری چالاکانەی بەشدارییکردنە لەئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی جیدی لەئاستی کوردستانو ئێران، بەخۆشبینییەوە چاو لەرەوتی رووداوەکان دەکەین، لەمەسایلی پەیوەندیدار بەپرسی کوردەوە، پێمانوایە دەبێ بەهەڵوێستو لێکدانەوەی سیاسیانە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانیتری کوردستانو ئێران بەخوێندنەوە، بەلێکدانەوەو بە بەرنامەیەکی هاوبەشەوە بچینە نێو پرۆسە سیاسییەکان.

# حەماس.. ڕێکخراوێکی سەرکێش

## حەماس لەئایدیادا درێژکراوەی ئیخوان موسلمینە

دەستوور

حەماس کورتکراوەی (بزوتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامیە) و لە ڕۆژی ٦ی مانگی دیسەمبەری ١٩٨٧ دا لەلایەن ئەحمەد یاسین وچەند کادیرێکی (ئیخوان موسلمین)وە دامەزرێنرا.

بزوتنەوەی حەماس کە لەلایەن ئەمەریکاوە بەگروپێکی تیرۆرستی ناسراوەو لەلایەن بەشێکی زۆری دەوڵەتانی عەرەبیشەوە وەک بزوتنەوەیەکی توندڕەو بەربەستێکی راستەقینە لەبەردەم پرۆسەی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیل تەماشادەکرێت، هاوکات لەلایەن هێزە ناسیونالیستیە عەرەبی و ئیسلامیی و ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت.

بزوتنەوەی حەماس لەسەروبەندی بەرپابوونی راپەرینی فەلەستیندا، یەکەمین بەیاننامەی خۆی بڵاوکردەوە،

لەئایدۆلۆژیای حەماسدا یەهود هیچ مافێکی بونی نیە لە فەلەستین، و ئامادەش نیە دانبنێت بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا.

ململانێکانیشی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا ململانێکە لەسەر بوون، نەک ململانێی لەسەر سنور، تێڕوانینیشی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیلی وەک بەشێک لەپرۆژەیەکی داگیرکاری تەماشای ئەکات، کە ئامانج لێی پارچەکردنی جیهانی ئیسلامیە و بڕواشی وایە کە جیهاد کردن بەهەموو شێوازەکانی تاکە رێگایە بۆ ئازادکردنی خاکی فەلەستین و هەموو دانوستانێکیش لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا ڕەت دەکاتەوە.

### حەماس و کاری سەربازی

لەڕوانگەی بزوتنەوەی حەماسەوە کاری سەربازی پرۆژەیەکی ستراتیجیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پرۆژەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە سایەی نەبوونی پرۆژەیەکی رزگاری ئیسلامی و عەرەبی گشتگیردا، بڕواشی وایە کە ئەم کارە میکانیزمێکە بۆ بەرگرتن لەفراوانبونی دەوڵەتی ئیسرائیلی.

بزوتنەوەی حەماس لەڕێی باڵە سەربازییەکەوە کە ناسراوە بە کەتائیبی (عیزەدین قەسام)، لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا دەیان و بگرە سەدان کردەوەی سەربازیو خۆکوژی دژی ئیسرائیل ئەنجامداوە ئەمەش یەکێک بووە لەهۆکارە هەمیشەییەکانی پشێویو سەرهەڵدانی چەندین جەنگ کە بەردەوام گەلی فەلەستین بۆتە سوتەمەنی و باجەکەی داوە.

سەرکێشیەکانی حەماسو دەستپێشخەرییەکانی لەم بوارەدا پاساوێکی بەردەوامبووە بۆ ئیسرائیلیەکان کە لەهەندێ قۆناغدا وەڵامەکانی هێندە نابەرانبەرو نالۆژیکی بووە کەبەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان و تەنانەت جیهانی ئیسلامیش بەچاوێکی گوماناوییەوە تەماشای جموجۆڵەکانی ئەو بزوتنەوە بکەنو بەشێوەیەکی واقیعییانە لە جەدوای ئەوکردە سنوردارانە بڕوانن کە دژ بەئیسرائیل ئەنجامی دەدات لەبەرانبەر ئەو وەڵامە توندەی کە ئیسرائیل دژ بەفەلەستینیەکان ئەنجامی دەدات، هەر لەئەنجامدانی لەپرۆسەی سەربازییەوە تادەگاتە هەڵمەتی دەستگیرکردن و گەمارۆی ئابووری و دابڕینی فەلەستینییەکان لەسەرجەم کایەکاندا.

بزوتنەوەی حەماس لەسەرەتای دروستبونیەوە خۆی بەئەلتەرناتیڤێک زانیووە بۆ ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین، بەڕای ئەوان ڕێکخراوەکە چیتر لەتوانایدا نەماوە کە مافی فەلەستینیەکان بگێڕێتەوە، ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە لەزۆربەی قۆناغە جیاجیاکاندا کەلێنێکی گەورەی خستۆتە نێوان فەلەستینیەکانەوە کە دەرەنجامەکەی بەداگیرکردنی کەرتی غەززەو دەرپەڕاندنی ڕێکخراویی فەتح لەو ناوچەیەو پارچەبونی خاکو بیری فەلەستینەکان کۆتایی هات. لەساڵی ٢٠٠١ یشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڕەسمی بزوتنەوەی حەماسی خستە لیستی گروپە تیرۆرستیەکانەوە.

### حەماس و ئەزموونی حوکمڕانی

جموجۆڵەکانی بزوتنەوەی حەماس لەماوەی رابوردوودا و ئەو نەهامەتیانەی کە ڕووبەڕووی فەلەستینیەکان بووە دەرەنجامی سەرکێشیەکانی، هەروەک ئەو گەندەڵیی و بێتمانییەی کەلای هاوڵاتیانی فەلەستین دروستبوو لەبەرامبەر دەسەڵاتدارێتی فەلەستین کە لەلایەن بزوتنەوەی فەتحەوە بەڕێوەدەبرا، حەماسی خستە بەردەم دوو ریانێک کە ئەویش یان ئەوەتا وەک هێزێکی بەرەنگاری کار (موقاوەمە) بمێنێتەوە، یان ئەوەتا وەک هێزێکی سیاسی جێگرەوەی بزوتنەوەی فەتح خۆی نمایش بکات لەو ڕێیەشەوە بتوانێت خۆی لەوگۆشە گیرییە نێودەوڵەتی ئیقلیمیە قوتار بکات کە دووچاری هاتبۆوە.

لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ڕۆژی ٢٥ کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ ، ٧٦ کورسی لەکۆی ١٣٢ کورسی پەرلەمانی فەڵەستین بەدەستهێنا.

بێمتمانەیی لەناوخۆیی فەلەستین و ناکۆکی مێژوویی نێوان فەتح و حەماس کەشێکی ئاڵۆزی خوڵقاند بۆ حکومەتەکەی حەماس، جگە لەوەش باڵی سەربازی حەماس بەردەوامبوو لەهێرشەکانی بۆسەر ئیسرائیل و لەڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦ دا کەتائیبی عیزەدینی قەسام هێرشێکیان کردە سەر بنکەیەکی سەربازی ئیسرائیل و تیایدا دوو سەربازیان کوشت و سەربازێکی تریشیان بەناوی (گێلعاد شالیت) بەدیل گرت،لەکاتێکدا حکومەتی فەلەستین بێئاگایی خۆی لەوکردەوەیە نیشاندا.

> بێمتمانەیی لەناوخۆیی فەلەستین و ناکۆکی مێژوویی نێوان فەتح و حەماس کەشێکی ئاڵۆزی خوڵقاند بۆ حکومەتەکەی حەماس

ئاڵۆزییەکان تادەهات فراوانتر بوو تاکار گەیشتە ئەوەی حەماس فەتحی بەسیخوڕیکردن و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی حکومەتەکەی وەسفکرد، بەتایبەت لەکەرتی غەززە کە بنکەی سەرەکی بزوتنەوەی حەماس و بارەگای حکومەتەکەی بوو، لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ یشدا و لەیەکێک لەسەر کێشیەکانی تریدا، دوای چەند ڕۆژێک لەپێکدادان، بزوتنەوەی حەماس بەتەوای دەستی گرت بەسەر کەرتی غەززەدا و لێرە بەدواوە دۆخێکی نوێ لەفەلەستین و ناوچەکە بەگشتی هاتە ئاراوە.

لەدیارترین ڕواڵەتەکانی ئەم قۆناغە نوێیە پچڕانی پەیوەندییەکانی حکومەت و بزوتنەوەکەوە بوو بەدنیای دەرەوە. لەلایەکەوە ئیسرائیل گەمارۆیەکی توندی خستە سەرکەرتی غەززە و لەلایەکی دیکەشەوە مەترسیەکانی حکومەتی میسر لەباڵابوونی هەژموونی گروپە ئیسلامییەکان لەوناوچەیە وای کرد میسر ڕێوشوێنەکانی هاتوچۆ و پەیوەندی لەگەڵ کەرتی غەززەدا زۆر سنوردار بکات لەڕێی خاڵی پەڕینەوەی ڕەفحەوە کە تەنیا دەروازەی پەیوەندی حەماس و خەڵکی غەزەیە بەدونیای دەرەوە، جگە لەوەش دوای ئەوەی بزوتنەوەی حەماس دەستی گرت بەسەرکەرتی غەززەدا چەندین بزوتنەوەی توندڕەوە سەریان هەڵداو بەشێکی زۆریان لەلایەن ئەو کەسانەوە پێکهێنران کە لەبزوتنەوەکە جیاببوونەوە، تاکارگەیشتە ئەوەی بەشێک لەو بزوتنەوە توندڕەوانە تەکفیری حەماسیشیان کرد و بەمەش چەند جارێک شەڕو ئاڵۆزی و کوشت و کوشتار لەکەرتی غەززە لەنێوان ئەو بزوتنەوە توندڕەوانەدا پەرپابوو.

پەراوێزکەوتنی بزوتنەوەی حەماس و بێدەسەڵاتی حکومەتە لەکارخراوەکەی لەئاست داواکارییەکانی هاوڵاتیان و پێدوایستی ژیانی ڕۆژانەیان، کە بەدەست چەندین گەمارۆ و نەبونی موچە و کێشەی ترەوە ئەینالاند، بۆ دەربازبوون لەو دۆخەو راکێشانی سەرنجی جیهانیش بەلای نەهامەتییەکانی کەرتی غەززەدا حەماس بەرەو سەرکێشیەکی تر هەنگاوی نا، ئەویش بەرپاککردنی جەنگێکی تربوو لەگەڵ ئیسرائیل.

حەماس لەمەیاندا ئامانجی خۆی پێکاو جەنگەکە بەرپابوو، بەڵام ئەوەی لەحساباتی ئەو بزوتنەوەیەدا نەبوو قورسی وەڵامەکەی ئیسرائیل و مانەوەی دۆخی دوای جەنگ بوو وەک دۆخی پێشووتری. ئەو جەنگە ٢٢ ڕۆژییە کە بەسەدان کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە لە فەلەستینیەکان لەبەرانبەر چەند کوژراوێک لە ئیسرائیلییەکان، نەک هەر کەرتی غەززەی رزگار نەکرد لەکۆت و پێوەندەکان بگرە سەد ساڵیش بردییە دواوە.

ئەوەی مایەی هەڵوەستە کردنە لای بەشێک لەچاودێران و تەنانەت هەندێ لەوانەشی کە لەسەر بزوتنەوەی حەماس ئەژمار دەکرێن، سەرکۆنەی بزوتنەوەی حەماس دەکەن بەوەی بەرپرسیارێتی برسیکردن و رشتنی خوێنی هاووڵاتیانی دەخەنە ئەستۆ بەهۆی بەشداریکردنی لەحکومەتدا، هاوکات هەندێکی تریش گومان لە راستگۆیی حەماس دەکەن لەڕووی لادانی لە پەیڕەو ستراتیج و تۆمەتی ئەوەشی دەدەنە پاڵ کە دانوستانی نهێنی کردووە لەگەڵ ئیسرائیلدا لەهەندێک لەپایتەختەکانی وڵاتان.

ئەوەی گومانی تیانیە بزوتنەوەی حەماس لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ دا هودنەیەکی لەگەڵ ئیسرائیلییەکان بەست. بەو پێیەش موشەک بارانی ئۆردوگا جولەکەنشینەکانی ڕاگرت، لەبەرامبەر لابردنی گەمارۆی ئابوری سەرکەرتی غەززە.

لەکاتێکدا پێشتر دەسەڵاتدارێتی فەلەستین ئەم داوایەی خستبووە سەرانی بەردەم بزوتنەوەی حەماس، بەڵام ئەوان هەر هەنگاوێکی لەو شێوەیەیان بەسازش و لەقەڵەم دەدا.

### حەماس و پەیوەندییە ئیقلیمیەکان

پەیوەندییە دەرەکییەکانی بزوتنەوەی حەماس بەتایبەت لەگەڵ ئێران بەردەوام جێگەی پرسیارو هەڵوەستە لەسەرکردن بووە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆی فەلەستین هەم لەسەر ئاستی درەوەشدا، بەڕای بەشێک لەچاودێرانی سیاسی بزوتنەوەی حەماس وەک کارتێکی فشار وایە لەدەست حکومەتی تاراندا کەی و لەچ کاتێکدا بیەوێت لەبەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنێت، هاوکات نەیارانی حەماس ئەو بزوتنەوەیە بەداردەستی ئێران و جێبەجێکردنی پلانەکانی لەناوچەکە تۆمەتبار دەکەن.

سەرکردەکانی حەماسیش لەوبارەیەوە دەڵێن: "پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران لەچوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندییە بالاکانی گەلی فەلەستین دایە و بڕیاری بزوتنەوەکەشیان بڕیارێکی سەربەخۆیە و ڕێنمایی و فەرمانیش لەهیچ لایەنێکەوە وەرناگرن".

پەیوەندییەکانی نێوان حەماس و ئێران و مەترسی لەفراوانبونی ڕۆڵی ئەو وڵاتە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی فەلەستین و بەکارهێنانی ئەو کێشە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبی نیگەران کردووە، بەمەش کەلێنێکی گەورە کەوتۆتە نێوان حەماس و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت میسر و سعودیەو ئوردن جگە لەوەش ئایدیای حەماس وەک بزوتنەوەیەکی ئیسلامی توندڕەو و بەهێزبوونی ڕۆڵی لەسەر گۆڕەپانی فەلەستین یەکێکی ترە لەمەترسیە ڕاستەقینەکانی وڵاتانی عەرەب لەئەگەری بەهێزبوونی بزوتنەوە توندڕەوەکان لەناوچەکەدا.

> لەئایدۆلۆژیای حەماسدا یەهود هیچ مافێکی بوونی نیە لە فەلەستین، و ئامادەش نیە دانبنێت بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا

> پەیوەندییە دەرەکییەکانی بزوتنەوەی حەماس بەتایبەت لەگەڵ ئێران بەردەوام جێگەی پرسیارو هەڵوەستە لەسەرکردن بووە

**شێخ ئەحمەد یاسین**

-ساڵی ١٩٣٦ لەگوندی جورەی قەزای مەجدەل عەسقەلان لەدایکبووە.

-لەساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ ژمارەیەک لەهەڵسوڕاوانی کاری ئیسلامی ڕێکخراوی بزووتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامی (حەماس)ی دامەزراندووەو بووەتە رابەری ڕێکخراوەکە.

-ڕۆژی ٢٢ی مارسی ٢٠٠٤، لەلایەن ئیسرائیلەوە کوژرا.

**عەبدولعەزیز ڕەنتیسی**

-ڕۆژی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ لەگوندی یبنای نێوان عەسقەلانو یافا لەدایکبووە.


-دوای کوشتنی ئەحمەد یاسین بووەتە رابەری حەماسو ئێوارەی ١٧ی نیسانی ٢٠٠٤، فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی تەقەی لەئۆتۆمبێلەکەی کردو لەئاکامدا ڕەنتیسیو محەمەدی کوڕیو یەک لەپاسەوانەکانی کوژران.


**خالید مەشعەل**

-ناوی تەواوی خالید عەبدولڕەحیم ئیسماعیل عەبدولقادر مەشعەلەو ڕۆژی ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٥٦ لەگوندی سەلوادی قەزای رامەڵڵا لەدایکبووە.

-ساڵی ١٩٩٦ بەسەرۆکی مەکتەبی سیاسی حەماس هەڵبژێردراوە.







**ئیسماعیل هەنیە**

-ناوی تەواوی ئیسماعیل عەبدولسەلام ئەحمەد هەنیە ئەبولعەبدەو ساڵی ١٩٦٢ لەکامپی شاتئیی پەنابەران لەغەززە لەدایکبووە.

-ڕۆژی ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٦ بووەتە سەرۆکی حکومەتی فەڵەستین، دوای دەستبەسەرداگرتنی غەززە لەلایەن حەماسەوە، ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، مەحمود عەباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەڵەستین، هەنیەی لەپۆستی سەرۆکی حکومەت لادا.

# "حەماس بووەتە خاوەنی ئەزموونێکی شکستخواردوو لەحکومڕانی"

## نیاز سەعید، شارەزا لەبواری ئیسلامی سیاسیی

دیمانە: شاهۆ خواڕەحم

بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی کە لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا دامەزراوە، نەک هەر نەیتوانی ببێتە بەدیلێک بۆ ئەو رێکخراوە، بەڵکو بەبڕوای پسپۆڕانی بواری ئیسلامی سیاسیی ئەو بزووتنەوەیە هەندێک لەو دەستکەوتانەشی کە لەڕابوردوودا بەدەستهاتبوون، خستیەوە بەر هەڕەشەی لەناوچوون.

نیاز سەعید لەمیانەی دیمانەیەکیدا لەگەڵ دەستوور دەڵێت "حەماس لەبری ئەوەی خۆی ببێتە یاریکەرێکی سەرەکی لەسەر گۆڕەپانەکە، بووەتە داشێک لەیاری شەترەنجەکەدا، لەکاتێکدا دەبوو خۆی یاری شەترەنجەکە لەبەرامبەر ئیسرائیلدا بەڕێوەببات".

**دەستوور:** بەڕای ئێوە تێڕوانینی بزووتنەوەی حەماس کە خۆی وەک تاکە ئەلتەرناتیڤێک بۆ رزگارکردنی گەلی فەڵەستین نمایشدەکات، بۆچوونێکی رووتی ئەو بزوتنەوەیەیە، یان ئەمە بۆچوونی سەرجەم بزوتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکانە؟

**نیاز سەعید:** هەموو هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا وادەڕواننە بزووتنەوەی حەماس کە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی فەڵەستینییەو بزووتنەوەیەکە دەبێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو بزووتنەوە عەلمانییە رزگاریخوازییەی کە رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستینی لەقۆناغەکانی رابردوودا رابەرایەتی کردوون، هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بەگشتی پێیانوایە کە رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستینی لەبەرامبەر دەوڵەتی ئیسرائیلو نەیتوانیوە ئامانجی رزگاری دەوڵەتی فەڵەستینی بەدیبهێنێت، هۆکارە سەرەکییەکەشیان گەڕاندووەتەوە بۆئەوەی کە رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستینی ناوەڕۆکو ئاڕاستەیەکی عەلمانی هەیە، ئەگەربێتو گەلی فەڵەستین پشت بەبیروباوەڕی ئاینی ببەستێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بزوتنەوەیە، ئەوا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، لەسەر ئەو بنەمایە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا پشتگیرییان کردووە، بەتایبەتی رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمین پشتگیری لەدامەزراندنی بزوتنەوەی حەماس کردووە، چونکە لەبنەڕەتدا حەماس بۆخۆی بزوتنەوەیەکی ئیخوان موسلمینە، ئەو مێژووەش ناگەڕێتەوە بۆ ئەم قۆناغە تازەیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای دابەشکردنی فەڵەستین لەدوای ساڵی (١٩٤٨)ەوە کە کێشەی فەڵەستین لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریهەڵداوە، یەکێک لەو کێشانەی کە رێکخراوی ئیخوان موسلمین چ لەمیسرو چ لەوڵاتەکانی دیکە کاری لەسەر کردووە، هەمیشە کێشەی فەڵەستین بووە، بەردەوام هەوڵی ئەوەیانداوە کە لەجیهانی ئیسلامیدا خۆسازدانێک دژی دەوڵەتی ئیسرائیلی تازە راگەیەندراو دروست بکەن. لەوچوارچێوەیەشدا ئیخوان موسلمینەکان لەچەندین وڵاتدا رێکخراوی تایبەتیان دامەزراندووە لەوانە رێکخراوی رزگاری فەڵەستین لەعێراقو چەندین وڵاتی دیکەدا، لەقۆناغی هەشتاکانیشدا کە بزووتنەوەی حەماس سەریهەڵدا جارێکی دیکە رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان موسلمینو رێکخراوەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا لەڕووی ماددیو مەعنەوییەوە پشگیری تەواوی ئەم رێکخراوەیان کرد، بۆئەوەی ببێتە ئەلتەرناتیڤێک لەبەرامبەر سەرجەم هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەفەڵەستینو رزگارکردنی گەلی فەڵەستینو لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵام لەواقعدا ئەنجامێکی دیکە بەدەستهاتووەو حەماس نەیتوانیوە گەلی فەڵەستین رزگاربکاتو نەشیتوانیوە ببێتە ئەلتەرناتیڤێک بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەڵەستینی، لەهەمانکاتیشیدا حەماس کەوتە بەردەم ئەزموونی پراکتیکی حکومڕانییەوە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، بەڵام بەڕای زۆربەی چاودێرانو شیکارە سیاسییەکان حەماس بووە خاوەنی ئەزموونێکی شکستخواردوولەماوەی حکومڕانێتی خۆیدا لەفەڵەستین.

**دەستوور:** یەکێک لەو رەخنانەی رووبەڕووی حەماس دەکرێتەوە مامەڵەنەکردنە لەگەڵ دیفاکتۆدا، ئایا ئەمە کورتبینی ئەو بزووتنەوەیەو بیرکردنەوە بەعەقڵییەتی شۆڕشگێڕانە ناگەیەنێت؟

**نیاز سەعید:** لەناو بزووتنەوەی حەماسدا ئاڕاستەی جیاجیای بیرکردنەوە هەیە، لەناو بزووتنەوەی حەماسدا ئاڕاستەی پڕاگماتیکی هەیە کە باوەڕی بەدیفاکتۆ هەیەو مامەڵەی پێدەکات.

لەهەمانکاتیشدا ئاڕاستەیەک هەیە کە مامەڵە بەدەقەکانەوە دەکات، بەتایبەتی ئەو دەقە ئاینیانەی کە بزوتنەوەی حەماس باوەڕی پێیەتیو ئیشی لەسەر دەکات، بەڵام ئاڕاستەی پڕاگماتیکی لەناو بزووتنەوەی حەماسدا ئاڕاستەیەکی لاوازەو ئاڕاستەی بەهێزو زاڵ ئەوەیە کە هیچ کات ئامادە نییە دانوستان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجامبدات، ئەمەش بەهۆی بەهێزی ناوەندی بڕیارەوەیە لەناو بزووتنەوەی حەماسدا کە ئامادەیی تیادا نییە بۆ سازشو رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، بەپێچەوانەوە رۆژبەڕۆژ ناکۆکیو ململانێکان لەنێوان ئەو بەشەی فەڵەستین کە لەژێر دەسەڵاتی حەماسدایەو پێیدەوترێت کەرتی غەززە ئاڵۆزتر دەبێتەوەو ئابڵوقەی ئەو ناوچانە توندتر دەبێتو بێزاری هاووڵاتیانی کەرتی غەززە زیاتر دەبێتو بووەتەهۆی دروستبوونی هەندێک کێشەوگیروگرفتیش لەنێوان میسرو حکومەتەکەی حەماس، تەنانەت لەناو بزوتنەوەکەشدا ناکۆکی دروستبووە بۆ نموونە ساڵی رابردوو باڵێکی توندڕەو کە بەسەلەفی جیهادی ناسرابوون جیابوونەوەو لەمزگەوتێکدا ئەمارەتێکی ئیسلامیان لەناوچەیەکی سەر بەکەرتی غەززە راگەیاند، پاشان غەززە پەلاماریدانو مزگەوتەکەیان بەسەریاندا رووخاند.

**دەستوور:** تێوەگلانی حەماس بەهەندێک ململانێی ئیقلیمییەوە تا چەند خزمەت بەبەرژەوندییەکانی گەلی فەڵەستین دەکات؟

**نیاز سەعید:** بزووتنەوەی حەماس لەژێر کاریگەریی هەندێک وڵاتی ئیقلیمیدایەو ئەو وڵاتانە نەخشەو کاریگەرییانە هەیە لەسەر داڕشتنی سیاسەتو بڕیارەکانی حەماس، ئەمەش تارادەیەک پەیوەندی بەململانێ ئیقلیمییەکانو هاوسەنگی هێزەوە هەیە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، حەماس تێوەگلاوە بەهەندێک ململانێی ئیقلیمییەوەو بەکاردەهێنرێت لەو ململانێیانەدا، ئەویش لەڕێگەی دوو بنەماوە کە خاڵی ئاسانن بۆ نزیکبوونەوەو بەکارهێنانی حەماس، هەندێک لایەن لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا توانیویانە حەماس لەخۆیان نزیک بخەنەوە، هەندێک لایەنی دیکەش لەسەر بنەمای کۆمەکی دارایيو هاوکاری جۆراو جۆری دیکە توانیویانە بەجۆرێک لەجۆرەکان حەماس بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆیان بەکاربهێنن، بەتایبەت لەوکاتەدا کە حەماس حوکمڕانی گرتەدەست زۆر پێویستی بەو جۆرە پشتگیرییانە هەبوو، چونکە حکومەتو بزوتنەوەکەیان تووشی کورتهێنانی بودجە بووەوەو رووبەڕووی ئابڵوقەی ئابوری بووەوە، ئەمانە زەمینەی خۆشکرد کە حەماس تاڕادەیەک سەربەخۆیی خۆی لەدەستبدات لەبڕیارو هەڵویستەکانیو دەسەڵاتەکانی بکەوێتە دەست هێزو وڵاتی دیکەی ئیقلیمیو هەندێک لایەنی دیکەی دەرەوەی فەڵەستین.

**دەستوور:** سەرکەوتنی حەماس لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٦)دا بووە مایەی خۆشحاڵی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەجیهانی ئیسلامی، کوردستانیشی لەگەڵدا بێت، بەڕێزتان وەک پسپۆڕێکی ئیسلامی سیاسی ئەزموونی حەماس چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**نیاز سەعید:** ئەزموونی پرۆسەی فەرمانڕەوایی حەماس لەکەرتی غەززە لەسێ ساڵی رابردوودا، ئەزمونێکی شکستخواردووە، ئەزموونێکە پڕە لەکێشەو گیروگرفت، پڕە لەناخۆشیو نائارامی کە بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانی ئاسایش سەقامگیر بکەن، نەیانتوانی دامودەزگاکانی حکومەت بەگەڕبخەن، حکومەتەکەی حەماس لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا تووشی بێکاری، دیاردەی گرانی، کێشەی سوتەمەنی، نەبوونی کارەباو نەبوونی مووچە بوو، هەروەها نەیتوانی نموونەیەکی جوانتر لەدەسەڵاتی رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستینی پێشکەش بکات، لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا حەماس نەیتوانی هیچ دەستکەوتێکی گەورە لەڕووی سەقامگیرکردنی ئاسایشو خزمەتگوزاری لەلایەکو لەڕووی نەتەوەییو سەرکەوتنی سیاسی بەسەر دەوڵەتی ئیسرائیلدا



نیاز سەعید

> هەموو سەرکەوتنو تێکشکانێکی هەر هێزێکی ئیسلامی، کاریگەری مەعنەوی لەسەر هێزەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی دروستدەکات

لەلایەکی دیکەوە بەدەستبهێنێتو لەهەموو ئەم بوارانەدا حەماس لەناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیدا شکستیهێناوە.

**دەستوور:** شکستهێنانی حەماس لەئەزموونی حکومڕانیدا چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت لەسەر هەر حیزبێکی هاوشێوەی حەماس لەکاتی دووبارەکردنەوەی ئەزمونێکی لەوشێوەیەدا؟

**نیاز سەعید:** هەموو سەرکەوتنو تێکشکانێکی هەر هێزێکی ئیسلامی سیاسی لەجیهانی ئیسلامیدا ئەگەر سەربکەوێت یاخود شکستبهێنێت لەهەڵبژاردنەکان یان لەبەڕێوەبردنی پرۆسەیەکی فەرمانڕەواییدا، کاریگەری مەعنەوی لەسەر هێزەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی دروست دەکات، چونکە هەمیشە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی ئیش لەسەر ئەوە دەکەن کە لەحەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردوو سەردەم سەردەمی بوژاندنەوەی ئیسلامیو راچڵەکینی ئیسلامی بووەو بانگەوازی ئەوەیانکردووە کە ئیسلام لەپاش شکستی خەلافەت سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی حکومڕانێتی، بۆئەمەش سوودیان لەشۆڕشی ئیسلامی ئێرانی ساڵی (١٩٧٨ – ١٩٧٩) وەرگرتبوو، کە تیایدا بۆ یەکەمجار دەوڵەتێکی علمانی بەهێز رووخێنراو لەجێگەی دەوڵەتێکی ئیسلامی دروستکرا، هەروەها پشتیان بەئەزموونی شەڕی ئەفغانستان بەستبوو کە بەناوی جیهادی ئیسلامییەوە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لەبری ئەمریکا شەڕیان لەبەرامبەر سوپای سۆڤییەتو حکومەتی ئەفغانستان دەکرد، لەململانێکانی جەنگی ساردا، بۆئەوەی نەهێڵن سۆڤییەت نزیک ببێتەوە لەئاوە گەرمەکان، چونکە لەوکاتەدا سۆڤیەت ئابڵوقەیەکی توندی لەسەر بوو، ئەم دوو سەرکەوتنە لەلایەن هێزەکانی ئیسلامی سیاسییەوە خوێندنەوەی هەڵەی بۆکرا، پێیانوابوو ئیتر سەدەمەکە سەردەمی ئیسلامی سیاسییە، لەبەرئەوە لەکۆتایی هەشتاکانو سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا شەپۆلێکی تەشەنەسەندنی ئیسلامی سیاسی چەند وڵاتو ناوچەیەکی جیهانی ئیسلامی گرتەوە، لەوانە جەزائیر، کوردستان، کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست کە لەپاشت هەڵوەشاندنەوەی سەربەخۆبوون، بەنگلادیشو ئەندۆنیزیاو هەندێک لەوڵاتو ناوچەکانی ئەفریقاو چەند وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی، بەڵام لەنەوەدەکانەوە وردە وردە لەگەڵ چوونە ناو ساڵی (٢٠٠٠) ەوە ئەزموونێکی دیکە هاتە ئاراوە، کە لەچەند وڵاتێکدا هەندێکی هێزی ئیسلامی سیاسی دەچوونە پرۆسەکانی هەڵبژاردنەوەو دەنگیان بەدەستدەهێنا، لەوانە پارتی دادو گەشەپێدان لەتورکیا کە لەبنەڕەتدا ئەم پارتە مۆدیلی پارتێکی ئیسلامی سیاسی نییە، هەرچەندە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی دەیانەوێت بیکەنە مۆدێلێک بۆخۆیان، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پارتە سەرکردەکانیان پێشینەیەکی ئیسلامی سیاسییان هەیە، خەڵک واتێدەگەن کە ئەمانەش پارتێکی ئیسلامی سیاسین، کە لەراستیدا وانییە، ئەمەش یەکێکی دیکە لەخوێندنەوە هەڵەکانی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی کە پێیانوایە هێزەکانیان لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا پێگەی جەماوەرییان بەهێزتر دەبێت، هەمان ئەزموونیش کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانو ناوچەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامیو فەڵەستینیش هەبوو، لەبەرئەوە چۆن سەرکەوتنو بردنەوەی هەڵبژاردنەکان کاریگەری هەبووە لەڕووی مەعنەویو بەهێزبوونی پێگەی جەماوەری پارتەکانی ئیسلامی سیاسی لەکاتی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا، بەهەمانشێوە لاوازبوونو شکستهێنانیشیان کاریگەری هەیە لەسەر لاوازبوونو شکستهێنانی هێزەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا، کە عیراقیش یەکێکە لەو نموونانەو ئێستا زۆرینەی دەسەڵات لەدەستی هێزی ئیسلامی شیعەدایە کە نەیتوانیوە تەنانەت ئاسایش بەرقەرار بکات.

**دەستوور:** جۆرێک لەدوو فاقی بەدیدەکرێت لەنێوان حەماس وەک حکومەت، حەماس وەک گروپێکی چەکدار، لەکاتی حکومڕانیاندا جۆرێک لەشمولییەتیان لەکەرتی غەززە فەرز کرد، لەکاتێکدا کە بزوتنەوەیەکی چەکداربوون هەمیشە نیگەرانیان دەردەبڕی لەکۆتو پێوەندەکانی دەوڵەت؟

**نیاز سەعید:** لەناو ریزەکانی حەماسدا ناکۆکییەکی زۆر هەبووە، بۆ نموونە گروپی (بزوتنەوەی ئەنساروڵڵا) کە لەساڵی (٢٠٠٩)دا لەحەماس جیابوونەوەو لەناوچەی رەفەح ئەمارەتێکی ئیسلامیان راگەیاند، ئەم گروپە لەبنەڕەتدا نەک هەر دژی ئەوەبوون کە حەماس لەگەڵ ئیسرائیلدا دانوستان ئەنجامبدات، دژی ئەوەش بوون کە حەماس بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکات، چونکە باڵێک لەناو حەماسو سەرجەم هێزەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسیدا کۆک نین لەسەر ئەوەی ئایا خۆیان بخەنە بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن یاخود بەشدارینەکەن، چونکە ئەوانە پێیانوایە لەبەرئەوەی بەرنامەی خوا جێبەجێدەکەن شەرعیەتیشیان لەخواوەیە نەک لەجەماوەرەوە، هەر ئەم ناکۆییەش بوو کە لەناو حەماسدا تەشەنەیکردو بووەهۆی ئەوەی کە ئەو گروپەی لێ جیاببێتەوە، ئەو گروپەش دەریخست کە حەماس ناتوانێت لەناوخۆی خۆیدا جیاوازی بیروڕا پەسەند بکات، هەروەها ناتوانێت تەبایی ریزەکانی بپارێزێتو ئۆپۆزیسیۆن قبوڵبکات، بەپێچەوانەوە حەماس زۆر بەتوندی وەڵامی ئەو گروپەی دایەوەو مزگەوتێکی بەسەردا رووخاندن.

**دەستوور:** بەڕای بەڕێزتان هۆکاری گۆشەگیربوونی حەماس لەڕووی عەرەبیو نێودەوڵەتییەوە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**نیاز سەعید:** بەبۆچوونی من خوێندنەوەی بزووتنەوەی حەماس بۆ ململانێ ناوخۆییەکانو بۆ ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلو بۆ تێگەیشتن لەململانێکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، خوێندنەوەیەکی تەسک بینانەیە، حەماس لەبری ئەوەی خۆی ببێتە یاریکەرێکی سەرەکی لەسەر گۆڕەپانەکە، بووەتە داشێک لەیاری شەترەنجەکەدا، لەکاتێکدا دەبوو خۆی یاری شەترەنجەکە لەبەرامبەر ئیسرائیلدا بەڕێوەببات، حەماس تێوەگلاوە بەچەندین ململانێکانی نێوان (سوریاو لوبنان) لەلایەکو (سوریاو ئیسرائیل) لەلایەکی دیکەوە، هەروەها هەندێک لەوڵاتە عەرەبییەکانی دیکەی وەک سعودیەو میسر نیگەرانن لەئەدای سیاسی حەماس، لەبەرئەوە ئەو وڵاتانە ئیشیان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەو گۆشەگیرییەی حەماس زیاتر بێتو هەوڵی لاوازکردنی دەدەن، چونکە ئەوان پێیانوایە حەماس پەیوەندی بەئەجێندایەکی دەرەکییەوە هەیە لەدەرەوەی کێشەی فەڵەستینو لەبری ئەوەی دەستکەوتی زیاتر بۆ گەلی فەڵەستین بەدەستبهێنێت، بەپێچەوانەوە ئەوەشی کە لەرابردوودا بەدەستهاوە خستوویانەتە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوونەوە.

# مه‌لاو ئیشکالیه‌تی مانیفێستی گوتاری ئایینی

نه‌جمه‌دین حه‌مه‌عه‌لی

دامه‌زراوه‌ی ئایینی وه‌ک یه‌کێک له‌لایه‌نه‌کانی نێو پرۆسه‌ی ژیانی رۆحی‌و مادی مرۆڤ، به‌رده‌وام به‌ده‌رکه‌وته‌و پێدراوه روحی‌و مادیه‌کانی به‌شداری کردوه له‌ژیانی گشتی‌و تایبه‌تی مرۆڤه‌کاندا، ئه‌م به‌شداری کردنه‌ش له‌هه‌ندێ حاڵه‌تدا ئاراسته‌یه‌کی پۆزه‌تیڤیان وه‌رگرتووه‌و له‌هه‌ندێ حاڵه‌تی تریشدا به‌پێچه‌وانه‌وه هاوبه‌شی کردن‌و کاریگه‌ریه‌کانی ئایین بووه‌ته هۆکارێکی کاریگه‌ر له‌پرۆسه‌ی سه‌ره‌ولێژبوونه‌وه‌ی تاکو کۆمه‌ڵدا، ده‌کرێ لێره‌وه ئه‌و پرسیاره بخرێته روو، کامه ئایین پۆزه‌تیڤه‌و کامه ئایین نیگه‌تیڤه له‌په‌یوه‌ندیدا به‌چاک بوون یان خراپ بوونی بوون‌و ژیانی مرۆڤه‌وه؟ وه‌ک ئه‌وه‌ی که ئایین په‌یوه‌ندیه‌کی خۆبه‌خۆی به‌ژیانی سرووشتی مرۆڤه‌کانه‌وه هه‌یه‌و سه‌ره‌تاو کۆتا ئامانجیشی بریتیی بووه له‌ئاراسته‌کردنه‌وه‌ی ژیانی مرۆڤ بۆ ئه‌وه‌ی له‌سروشتی بوونی خۆی لانه‌داتو له‌مانای مرۆڤ بوونی خۆی نه‌که‌وێت، به‌ڵام دواجار به‌هۆی گۆرینی کاتو سه‌رده‌م‌و خودی که‌سه‌کانیش، تێروانین بۆ ئایین فۆرمه سه‌ره‌تاییه‌که‌ی خۆی تێنه‌په‌ڕاندوه‌و به‌هۆی بیرکردنه‌وه‌و تێروانینی جیاوازی په‌یڕه‌و که‌رانیه‌وه دامه‌زراوه‌ی ئایینی‌و بیرکردنه‌وه‌ی ئایینی فۆرمی جیاواز جیاوازتری به‌خۆیه‌وه بینیه‌وه له‌کۆتایشدا ئه‌م تێروانینه جیاوازانه خۆیان له‌چوارچێوه‌یه‌کدا رێکخستووه مه‌زهه‌ب شوێنی خودی گوتاری ئایینی گرتوه‌ته‌وه‌و بوو به‌مه‌رجه‌عی یه‌که‌مین بۆ پیاوانی ئایینی‌و تاکی باوه‌ردار، دواتر له‌ده‌ره‌نجامی ئه‌م مه‌زهه‌بانه‌وه زیاتر بیرکردنه‌وه‌ی ئایینی په‌رته‌وازه‌یی به‌خۆیه‌وه بینی‌و ئه‌م گۆڕانه بوو به‌سه‌ره‌تایه‌ک بۆ لێکترازانی زیاتری گوتاری ئایینی له‌سه‌ر ده‌ستی شوێن که‌وتوانی خودی ئه‌م مه‌زهه‌بانه.

له پاشانیش به‌هۆی جیاوازی بیرکردنه‌وه‌ی ئه‌م مه‌زهه‌بانه‌وه چه‌نده‌ها گروپو تاقمی ئایینی جیاواز جیاواز درووست بوون‌و لێره‌وه زیاتر گوتاری ئایینی دوچاری شێواندن‌و ساده‌کردنه‌وه بوویه‌وه، پاش ئه‌و مێژووه دوورو درێژه‌ی که‌هه‌ریه‌که له‌م مه‌زهه‌بانه تێیان په‌ڕاند، له‌چوارچێوه‌ی ئه‌قڵیه‌تو بیرکردنه‌وه‌ی خۆیاندا بوون به‌هه‌ڵگری پانتایی گوتاری ئایینی ته‌قلیدی، ئه‌م گوتاره شوێنێک نه‌ما که ده‌ستی بۆ نه‌باتو قسه‌ی تێدا نه‌کات له‌وردو درشتی ژیان‌و بوونی مرۆڤ، ئه‌م سه‌ره‌و لێژبوونه‌وه‌یه له‌گوتاری ئایینی مه‌زهه‌بیدا به‌رده‌وام بوو تا له‌کۆتایدا له‌سه‌ره‌تاکانی سه‌ده‌ی رابردوه‌وه ئه‌م بیرکردنه‌وه‌یه له‌پێناو خۆرزگارکردنی خۆیدا

> ئه‌گه‌ر که‌سێک که‌مێک خوێنده‌واری هه‌بێت ئه‌وا له‌توانایدا ده‌بێت له‌بری مه‌لایه‌کی ئایینی له‌مزگه‌وته‌کانه‌وه وتار پێشکه‌ش بکات

دووباره له‌سه‌رده‌ستی کۆمه‌ڵێک فه‌قیهی تاراده‌یه‌ک مۆدێرن له‌نێو مۆدێلێکی نوێدا خۆی رێکخسته‌وه که ئه‌م مۆدێله‌ش بریتی بوو له‌مۆدێلی درووستکردنی حیزب‌و گروپ‌و رێکخرازی سیاسی ئایینی، ئه‌م گروپانه بوون به به‌شێک له‌هه‌ڵگری گوتاری ئایینی، بۆیه له‌و کاته‌وه تاکو ئێستا ده‌یه‌هاو سه‌ده‌ها گروپ‌و حیزب‌و رێکخستنی تری سیاسی ئایینی هاتنه ئاراوه‌و له‌ئێستادا گوتاری ئاینی له‌سه‌ر ده‌ستی چه‌ند لایه‌نێک خۆی مانیفێست ده‌کاتو ئه‌م لایه‌نانه بوون به‌میراتگری خودی ئایین‌و گوتاری ئایینی، ئه‌مانه له‌شێوه‌ی موفتی‌و قوتابخانه‌کانی فه‌تواو حیزب‌و رێکخراوه سیاسیه‌کان‌و مه‌لاکان‌و پیاوانی ئایینی له‌ناو دامه‌زراوه‌ی ئایینیدا خه‌ریکی کارکردن له‌سه‌ر ئه‌و به‌رنامه‌یه‌ی که له‌فه‌قیهه‌کانه‌وه بۆیان ماوه‌ته‌وه.

له‌ناو ئه‌و چه‌ند لایه‌نه‌ی سه‌ره‌وه‌دا ئه‌وه‌ی ده‌مانه‌وێ به‌کورتی سه‌رنجێکی له‌سه‌ر بده‌ین بریتیه له‌گوتاری مه‌لاو پیاوانی ئایینی، پیاوانی ئایینی بریتین له‌نوێنه‌ری گوتاری ته‌قلیدی ئایینی، گه‌ر له‌رابردوودا مه‌لاو مامۆستایانی ئایینی توانیبێتیان رۆڵێکی به‌رچاو و فراوان بگێڕن له‌هه‌ڵگرتن‌و ئاراسته‌کردنی گوتاری ته‌قلیدی ئایینی‌و عه‌وامی کۆمه‌ڵگادا، تا ئه‌و راده‌یه‌ی که مه‌لای ئایینی له‌ساڵانی رابردوودا به‌هۆی نه‌خوێنده‌واربوونی تاکی کورده‌وه، یاخود به‌هۆی ئاماده‌نه‌بوون‌و چالاکنه‌بوونی پرۆسه‌ی په‌روه‌رده‌و فێرکردنه‌وه، ئه‌مه بووه‌ته هۆکارێک بۆئه‌وه‌ی که مه‌لاو مامۆستایانی ئایینی سنووری گوتارو پێگه‌ی ته‌قلیدی ئایینی خۆیان تێپه‌رێنن‌و رۆڵی مامۆستاو پیاوی کۆمه‌ڵایه‌تی‌و له‌هه‌ندێ حاڵه‌تیشدا سیاسی ببینن، که له‌راستیدا هه‌ندێک له‌م مه‌لایانه توانیان له‌و ده‌مانه‌دا رۆڵی کاریگه‌ربگێڕن‌و له‌ئێستاشدا ناوی هه‌ندێک له‌وانه مێژوو پاراستونی‌و به‌رده‌وام له‌کۆڕو کۆبوونه‌وه‌و سیمیناره‌کاندا ناویان ده‌برێتو هه‌وڵو کارو ماندوبوونیان به‌رز راده‌گیرێت که ئه‌مه‌ش ئینکاری ناکرێت، گه‌ربمانه‌وێ ده‌توانین ناوی چه‌ندین مه‌لاو مامۆستای ئایینی بخه‌ینه‌روو.

ده‌توانین بڵێین مه‌لای ئایینی له‌و سه‌رده‌مانه‌دا بوونی بۆ کۆمه‌ڵگه له‌راده‌به‌ده‌ر گرنگ بوو، پاشتر به‌هۆی به‌سیستم بوونی پرۆسه‌ی خوێندنه‌وه رۆڵو ئه‌رکو پێگه‌ی مامۆستاو مه‌لای ئایینی به‌ره‌و پوکانه‌وه‌و په‌راوێزکه‌وتن بوویه‌وه ، یاخود ده‌توانین بڵێین رۆڵی مه‌لای ئایینی له‌دۆخێکی ئه‌کتیڤه‌وه به‌ره‌و دۆخێکی پاسیڤ ئاراسته‌بوو.

پیاوی ئایینی به‌هیچ شێوه‌یه‌ک نه‌یتوانیوه له‌چوارچێوه‌ی ئه‌و گوتاره ده‌ربچێت که له‌رابردوودا فۆرمی پێوه گرتوه، چونکه ئاماده‌یی پیاوی ئایینی له‌ئێستادا ته‌نها ئاماده‌بوونێکی رواڵه‌تییه‌و

> پیاوی ئایینی به‌هیچ شێوه‌یه‌ک نه‌یتوانیوه له‌چوارچێوه‌ی ئه‌و گوتاره ده‌ربچێت که له‌رابردوودا فۆرمی پێوه گرتوه، چونکه ئاماده‌یی پیاوی ئایینی له‌ئێستادا ته‌نها ئاماده‌بوونێکی رواڵه‌تییه‌و خودی پیاوی ئایینی‌و گوتاره‌که‌ی له‌رابردوودایه

خودی پیاوی ئایینی‌و گوتاره‌که‌ی له‌رابردوودایه‌و ده‌شیه‌وێت به‌هه‌مان ئه‌و پێگه‌و رۆڵه‌ی که له‌کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی نه‌خوێنده‌واردا هه‌یبووه هه‌ر به‌و شێوه‌یه بمێنێته‌وه، که ئه‌مه‌ش ئه‌گه‌رێکی ناواقعیه‌و به‌هیچ جۆرێک ناکرێت جیاوازی له‌نێوان ئه‌م دوو سه‌رده‌م‌و بارودۆخه‌دا نه‌که‌ین له‌هه‌موو روانگه‌کانی ژیانی مرۆڤه‌وه.

له‌لایه‌کی که‌شه‌وه گه‌ر له‌رابردوودا گوتاری ئایینی کاریگه‌ر بووبێتو شوێنی خۆی کردبێته‌وه‌و توانیبێتی خه‌ڵک ئاراسته بکات، به‌ڵام ئه‌وه زیندویه‌تی‌و زیره‌کی پیاوی ئایینی نه‌بووه که ئه‌م کاریگه‌ریه‌ی خولقاندوه به‌ڵکو کۆمه‌ڵێک هۆکار له‌پشت ئه‌م حاڵه‌ته‌وه‌ن وه‌ک (عه‌وامی تاکو کۆمه‌ڵگا، چ له‌رووی نه‌خوێنده‌واریه‌وه یان له‌روانگه‌ی گوتاری ئایینیه‌وه بێت، پیرۆزیه‌تی چه‌مکی ئایین لای کۆمه‌ڵگه، به‌شداریکردنی پیاوی ئایینی له‌کایه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کاندا، ته‌قدیس بوونی مه‌لاو پیاوی ئایینی لای تاک، ئه‌مانه‌و چه‌ندین هۆکاری تر ).

به‌م نه‌فه‌سه‌وه پیاوی ئایینی ده‌یه‌وێت له‌م سه‌رده‌مه‌دا ئاماده‌یی هه‌بێتو بوونی خۆی له‌ده‌ست نه‌دات به‌بێ ئه‌وه‌ی که‌مترین گۆرانکاری له‌گوتاری خۆیدا بکات.

ئه‌وه‌ی‌که‌پیاوانی‌ئایینی‌به‌رده‌وام سه‌رقاڵین بریتیه له‌جه‌ختکردنه‌وه له‌سه‌ر کۆمه‌ڵێک لایه‌نی گوتاری ئایینی، ئه‌م جه‌ختکردنه‌وانه‌ش فۆرمێکیان وه‌رگرتوه به‌شێوه‌یه‌ک که ئه‌گه‌ر که‌سێک که‌مێک خوێنده‌واری هه‌بێت ئه‌وا له‌توانایدا ده‌بێت له‌بری مه‌لایه‌کی ئایینی له‌مزگه‌وته‌کانه‌وه وتار پێشکه‌ش بکات، چونکه شته‌کان هه‌موویان دووباره ده‌کرێنه‌وه‌و ئیتر شێوه‌ی کۆمه‌ڵه حه‌کایه‌تێکیان وه‌رگرتوه که هه‌موو ساڵێک خولێک ته‌واو ده‌که‌ن‌و دواتر دووباره ده‌بنه‌وه‌و به‌و شێوه‌یه به‌رده‌وام ده‌بن، ته‌نانه‌ت زووربه‌ی ئه‌م وتارانه‌ش نووسراونه‌ته‌وه‌و حازر له‌به‌ر ده‌ستتدان، به‌شێوه‌یه‌ک که‌مه‌لایه‌کی ئایینی به‌پێی ئه‌و خشته‌یه‌ی که‌هه‌یه‌تی ده‌زانێ دوای چه‌ند مانگێکی ترو له‌هه‌فته‌یه‌کی دیاری کراودا چ وتارێک پێشکه‌ش به باوه‌رداران ده‌کات! ته‌نانه‌ت هه‌ندێک له‌و ئیماندارانه‌ی که‌به‌رده‌وام هاتوچۆی ئه‌و مزگه‌وتانه ده‌که‌ن که ئه‌م مه‌لایانه وتاربێژیانن، وایان لێ هاتوه پێش ئه‌وه‌ی مه‌لای‌ئایینی ده‌م بکاته‌وه ئه‌مان ده‌زانن ئه‌وچی ده‌ڵێ‌و باسی چیش ده‌کات.

به‌هۆی چه‌ق به‌ستوویی ئه‌م گوتاره‌وه که‌به‌راستی پروکێنه‌ره بۆ تاکی باوه‌ردار زۆرێک له‌و که‌سانه‌ی که‌رۆژێک له‌رۆژان هاتوچۆی مزگه‌وتیان کردوه له‌ئێستادا به‌هۆی گوتاری مه‌لاکانه‌وه وازیان له‌به‌شداریکردن له‌نوێژی هه‌ینی هێناوه‌و زۆرێک له‌وانه‌ش که ئاماده‌ی نوێژی هه‌ینی ده‌بن ته‌نها له‌به‌ر واجب بوونه‌که‌یه‌تی‌و له گوتاری دووباره بوه‌وه‌ی مه‌لاکان بێزارن به‌شێوه‌یه‌ک زووربه‌یان پێیان خۆشه که مه‌لا ده‌م نه‌کاته‌وه‌و نوێژه‌که‌یان بۆ بکاتو مزگه‌وت به‌جێ بهێڵن.

گه‌ر گوتاری پیاوان‌و مه‌لایانی ئایینی گه‌شتبێته ئاستێک ته‌نانه‌ت نه‌شتوانن قه‌ناعه‌ت به‌عه‌وامی کۆمه‌ڵگه بکه‌ن، ده‌بێ ئه‌م گوتاره به چ پێوانه‌یه‌کی ئه‌قڵی ده‌کرێت هه‌ڵی بسه‌نگێنین؟ ته‌نانه‌ت خودی پیاوانی ئایینیش خۆیان بوونه‌ته فاکته‌رێکی کاریگه‌ر له‌ناشیرین کردن‌و له‌به‌رچاو خستنی خودی ئایین، له‌م رۆژگاره‌دا مه‌لاو پیاوانی ئایینی ترۆپکی گوتاری ته‌قلیدی ئایینیان گرتوه‌و نه‌وه‌ی رواڵه‌ت گه‌رایی‌و فۆرم‌و سکێچی ئایینین‌و کاریان به‌ئه‌قڵو بیرکردنه‌وه‌ی ئه‌قڵانیه‌وه نیه‌و به‌هیچ شێوه‌یه‌ک ناتوانن له‌مانا ئه‌قڵانی‌و قوڵه‌کانی خودی قورئان بگه‌ن، بگره له‌هه‌ندێ حاڵه‌تیشدا دژایه‌تی بیرکردنه‌وه‌ی ئه‌قڵانی ده‌که‌ن، ئه‌مانه ئه‌وه‌نده‌ی ئیش له‌سه‌ر خه‌ڵکی عه‌وام ده‌که‌ن به‌هیچ شێوه‌یه‌ک ناتوانن کاریگه‌ری له‌سه‌ر چینی خوێنده‌واری ئایینی‌و گشت تاکی کۆمه‌ڵگه به‌شێوه‌یه‌کی گشتی دابنێن.

به‌تێگه‌شتنی کۆمه‌ڵگه‌و هۆشیاربوونه‌وه‌ی به‌رامبه‌ر به‌گوتاری ئه‌قڵانی ئایینی رۆڵو پێگه‌ی مه‌لاو پیاوانی ئایینی ده‌که‌وێته مه‌ترسیه‌وه، چیتر ئه‌و پێگه‌یه‌یان نابێت که پێشتر هه‌یانبووه‌و چێژیان لێ وه‌رگرتوه، کاری پیاوانی ئاینی بووه به‌خۆخه‌ریککردن به‌کاریگه‌ری دانان له‌سه‌ر لایه‌نه‌کانی ترو ژیانی رۆژانه‌ی مرۆڤه‌کان، ئه‌وه‌نده له‌و بواره‌دا ساده‌بوونه‌ته‌وه جاری واهه‌یه بیسه‌ر گومان ده‌بات له‌وه‌ی که ئایا ئه‌و له‌مزگه‌وته یان له‌باره‌گای حیزبێکی سیاسی یان له وۆرک شۆپێکی جه‌ماوه‌ی‌و کۆمه‌ڵایه‌تی دایه..؟

مه‌لاکان شوێنی به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان که‌وتوون‌و دابه‌ش بوون به‌سه‌ر حیزبه‌کاندا به‌شێوه‌یه‌ک هه‌رحیزبه‌و هه‌ندێک مه‌لای له‌خۆی کۆکردوه‌ته‌وه‌و یه‌کیه‌تیه‌کی زانایانی بۆ دروست کردوون، تاکو بتوانن له‌سه‌نگه‌ری به‌رگریکردن له‌حیزبدا بێ گوێدانه هیچ پرنسیپێک رۆڵی به‌رژه‌وه‌ند خوازانه‌ی خۆیان بگێڕن تاکو سه‌رکرده‌و به‌رپرسی حیزبه‌کان لێیان رازی بن‌و موچه‌کانیان نه‌بڕن و نانبڕاو نه‌بن؟ ئه‌مانه نه‌ک به‌پێی گوتاری ئایینی به‌ڵکو به‌پێی ئه‌و ئاوازه ده‌دوێن که حیزب له‌مێشکی ئه‌واندا تۆماری کردوه، واتا لێره‌دا ئایین له‌رێگه‌ی پیاوانی ئایینیه‌وه بووه به‌پاشکۆی حیزب‌و فۆرمی یه‌کێک له‌ئۆرگانه‌کانی حیزبی وه‌رگرتوه‌و دواجا حیزب شوێنی ئایینی گرتوه‌ته‌وه‌و ئاینیش پاشه‌کشه‌ی کردوه له‌سه‌ر ده‌ستی مه‌لاو پیاوانی ئاینی؟

له‌مرۆدا وه‌زیفه‌ی پیاوانی ئایینی له‌پاشه‌کشه‌دایه‌و خه‌ریکه به‌ته‌واوی به‌ره‌و له‌ناوچوون ده‌چێت یاخود ده‌توانین بڵێین له‌ناویش چووه، به‌ڵام ئه‌م وه‌زیفه‌یه‌ی پیاوانی ئایینی له‌لایه‌ن حیزبه‌کانه‌وه گۆڕانکاری به‌سه‌ردا هاتوه‌و له‌ئێستادا حیزب بووه به‌فاکته‌رێکی کاریگه‌ر بۆ ئه‌وه‌ی مه‌لای ئایینی له‌په‌راوێزدا نه‌بێت، حیزب هاتوه وه‌زیفه‌یه‌کی تری به‌مه‌لای ئایینی به‌خشیوه که‌ئه‌ویش بریتیه له‌مه‌لای حیزبی، به‌ڵێ مه‌لای حیزبی نه‌ک مه‌لای ئایینی، ئه‌مه‌ش فۆرمێکی نوێی مه‌لایه که حیزب له‌رێگه‌ی ئه‌م مه‌لایانه‌وه شه‌ری به‌رامبه‌ره‌که‌ی‌و شه‌ڕی ئایین له ئه‌ستۆ ده‌گرێت.

له‌لایه‌کی که‌شه‌وه به‌هۆی ئه‌م بارودۆخه‌ی مه‌لاو پیاوانی ئایینیه‌وه له‌ئێستادا مه‌لای ئایینی ئه‌رکو پێگه‌ی فۆرمی فه‌رمانبه‌ری وه‌رگرتوه‌و ئه‌وه‌نده وه‌ک پیشه‌یه‌ک هه‌ڵسوکه‌وت له‌گه‌ڵ ئایینیدا ده‌کات هیچ ئه‌وه‌نده وه‌ک ئه‌رکێکی ئایینی لێی ناڕوانێت، واتا به‌ته‌واوی ماناو بوونی موقه‌ده‌س له‌مه‌لای ئایینی وه‌رگیراوه‌ته‌وه‌و گۆڕاوه به‌بوونێکی دنیایی‌و ناموقه‌ده‌س‌و مادی‌و پیشه‌گه‌ر له‌پێناو گوزه‌راندنی ژیانی رۆژانه‌دا، تاوای لێهاتوه مه‌لای ئایینیش چ له‌ناوه‌رۆک و چ له‌رواڵه‌تدا هیچ جیاوازیه‌کی نه‌بێت له‌گه‌ڵ فه‌رمانبه‌رێکی تری حکومه‌تدا، که له‌راستیدا ئه‌مه ترۆپکی لێدانه له‌ئایین‌و تاراده‌ی به‌بازاڕی کردنی.

بۆیه له‌پێناو سه‌یف کردنی گوتاری ئایینی له‌و مه‌رگه‌ساتو گه‌مه‌یه‌ی که‌تێی که‌وتوه پێویسته مه‌لای ئایینی به‌خۆی‌و گوتاره‌که‌یه‌وه تێپه‌رێنرێتو گوتاری ئه‌قڵانی ره‌سه‌ن‌و بیرکردنه‌وه‌ی ئایینی شوێنی ئه‌م گوتاره ساده‌و سواوه‌ی هێڵی گشتی ته‌قلیدی ئایینی بگرێته‌وه، تائاین وه‌ک جه‌وهه‌رو گوتاری ئه‌قڵانی بناسرێتو بتوانێت خۆی مانیفێست بکات.

> ئایین له‌رێگه‌ی پیاوانی ئایینیه‌وه بووه به‌پاشکۆی حیزب‌و فۆرمی یه‌کێک له‌ئۆرگانه‌کانی حیزبی وه‌رگرتوه



رواڵه‌تگه‌رایی و په‌راوێزبوونی جه‌وهه‌ری گوتار

حەسەن یاسین

## قاعیدەو نۆژەنبوونەوەی مەترسیی تیرۆر

ڕێکخراوی قاعیدە، کە ڕێکخراوێکی ئیسلامیی سیاسیی ڕادیکاڵو سوننەگەرایە، بڕوای بەجیهادی نێو دەوڵەتیو دامەزراندنی خەلاَتێکی نوێی ئیسلامی لەسەرتاسەری جیهان هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ڕێگاکانی بەکارهێنانی توندوتیژی، لەبەردەم خۆیدا بەکراوە دەبینێتو بەکردەوەش هەروای کردووە.

ڕێکخراوی قاعیدە، کە سەرتۆپی ڕێکخراوە تیرۆریستیو بەکارهێنەرەکانی توندوتیژییە بۆ چارەسەری ناکۆکییە سیاسیەکان لەجیهاندا، ئەگەرچی لەماوەی سێ ـ چوار ساڵی ڕابردوودا بەهۆی ئەو گورزە جەرگبڕەی لەدوای پەلامارەکەی (١١)ی ئەیلولی ٢٠٠١ کە لەلایەن ئەمریکاوە بەری کەوت، لەزۆربەی ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا شکستی پێوە دیاربوو، ئەمەش کاریکردبووە سەر ئاستی هەڵسوڕانی ڕێکخراوەکەو کەمبوونەوەی چالاکییەکانی، بەڵام لەباری ئێستادا ئەوە زیاتر لەچەند مانگێکە، بەهۆی ئەو چالاکییە تیرۆریستیانەی ئەنجامیداون، سەلماندویەتی کە هێشتا دەتوانێ ببزوێو کەسانێکی زۆرتر لەڕیزەکانی خۆیدا، بەمەبەستی نیشاندانی سووربوون لەسەر بەرنامەو هەوڵدان بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی بهێنێتەدی.

ئێستا ڕێکخراوی قاعیدە، لەسەرتاسەری جیهانداو بەتایبەتی لەچەند وڵاتێکدا، بەگەرمی لەهەوڵی هاتنەوە مەیداندایە. لەعیراقدا لەکاتێکدا قاعیدە لەدوو ـ سێ ساڵی ڕابردوودا تێکشکابوو، بارودۆخی سیاسیو ئەمنی بەرەو هێمنیو سەقامگیری چووبوو، ئێستا تیرۆریستانی سەر بەقاعیدە، جارێکی دیکەش کەوتنەوە ئەنجامدانی کاری توندوتیژیو گرتنەبەری شێوازەکانی تەقاندنەوەو وێرانکردن، کە خوێنی سەدان کەسی بێ تاوانی تێدا دەڕژێ، ئەوەبوو لە (٨)ی مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوودا لەبەردەم چەند تەلارێکی حکومەتیو هەمانکات لەناوچەیەکی بارزگانیدا تەقینەوەیان ئەنجامدا کە (١٣٠) کەسی تێدا کوژراو زیاتر لە (٤٠٠) کەسیشی تێدا برینداربوون.

لەوڵاتی پاکستانیشدا، ڕێکخراوی قاعیدە، بەتەقینەوەیەک لەنێو یاریگایەکی تۆپی دەستدا، کە نزیکەی (٩٠) کەسی تێدا کوژرا، پێشوازیی لەساڵی ٢٠١٠ دا کرد. لەڕۆژانی ئاهەنگو جەژنی سەری ساڵی تازەشداو بەدیاریکراوی لە (٢٥) ی مانگی کانونی یەکەمی ڕابردوودا، فڕۆکەیەکی ئەمریکیی سەر بەکۆمپانیای (نۆرس وێست ئێرلاینز) لەکاتی نیشتنەوەی لەفڕۆکەخانەی شاری دیترۆیتدا، کە لەئەمستردامی پایتەختی هۆڵەنداوە هاتبوو، بەرەو ڕووی هەوڵێکی سەرنەگرتووی تەقاندنەوە بوەوە، کە لەلایەن لاوێکی نایجیرییەوە، بەناوی عومەر فاروق عەبدولموتەلیبدا دراوە. لاوەکە لەلایەن ڕێکخراوی (قاعیدە لەنیمچە دورگەی عەرەبدا، کە ناوەندی هەڵسوڕانیان لەیەمەنە، بۆ ئەنجامدانی ئەو تەقینەوەیە ئامادەکرابوو.

هەڵسوڕانی ئێستای ڕێکخراوی قاعیدە، لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا، بۆتە مایەی هەڵوێستە لەسەرکردن. لەم پێناوەدا، سەرۆکی ئەمریکا ئۆباما، کە لەکاتی بەسەربردنی پشوودابوو لە (هاوای)، مۆڵەتەکەی خۆی بڕیو دڵنیایی دایە ڕای گشتی ئەمریکی کە ئەمریکا بەرانبەر بەو هەوڵە سەرنەگرتووەی ڕێکخراوی قاعیدە بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە لەفڕۆکەخانەی دیترۆیتدا، بێ دەنگ نابێتو بەدوای هەموو ئەوانەدا دەچێت کە یارمەتیدەری جێبەجێکەری هەوڵە سەرنەگرتووەکە بوون. هەر لەم بارەیەوە جۆن برینان، کە ڕاوێژکاری ئۆبامایە بۆ نەهێشتنی تیرۆر، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی سوورە لەسەر ئەوەی کە ڕێکخراوی قاعیدە لەڕەگەوە هەڵکێشێو هەوڵەکانیان لەم پێناوەدا، کە لەئەفغانستانو عیراقو پاکستانو یەمەنو .. داویانە دەیسەلمێنێ ئەگەر کەسانی سەر بەقاعیدە بیانەوێ لەدەست ئەمریکا ڕابکەن، ئەوا ناتوانن تاسەر خۆیان حەشاربدەن، چونکە ئەمریکا سوورە لەسەر تێکشکاندنی قاعیدە لەیەمەنو پاکستانو ئەفغانستان.... هتد.

ئەوەی ئێستا ڕێکخراوی قاعیدە هەوڵی بۆ دەدا، بۆ نۆژەنکردنەوەی خۆیو هەڵسوڕانی لە ئێستای جیهاندا، لە ماوەی داهاتوودا، دەوڵەتانی بەرەی دژ بەتیرۆر ناچار دەکات بەرەی شەڕەکەیان دژ بەقاعیدەو تیرۆر بەرفراوانتر بکەنو وردتر لەئێستاو ڕابردوویان مشوری بەرەنگاربوونەوەی قاعیدە بخۆن!

> ئێستا ڕێکخراوی قاعیدە، لەسەرتاسەری جیهانداو بەتایبەتی لەچەند وڵاتێکدا، بەگەرمی لەهەوڵی هاتنەوە مەیداندایە

# قوربانیی دەستی فەقیهەکانی نائەقڵانیەتی ئایینی

## شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی

د. ئەحمەد خەلیل
بەشی یەکەم


مەزاری سوهرەوەردی

### سوهرەوەرد

سوهرەوەرد یان سورەبەرد ناوی یەکێکە لەشارۆچکە کوردییەکانی نزیکی زەنجان لەباکوری ڕۆژئاوای ئێران، کە بەناوچەی میدیای کۆن دەناسرێت، (الاصگخری (٣٤٦) ک، ابن حوقل (٣٦٧)ک، یاقوت الحمودی (٦٣٦)ک و ابو الفداء (٧٣٢)ک، وەکو ناوچەیەکی شاخاوی باسیان لێوە کردووە، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدەهێنێتو لەباشوریشەوە نزیکەی سێ لەسەر چواری ناوچەی شاخاوییە، هەروەها سوهرەوەرد دەکەوێتە باکوری ئەم ناوچەیەوەو باکوری شارەزوور لەبەرزاییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران.

ابن حوقل لەکتێبەکەیدا بەناوی (صورە ألارض، ل٣١٤) باسی ئەوەی کردووە، کە "سوهرەوەرد لەڕووی خۆشگوزەرانیو ژیانو پاکی ئاوهەواو جوانی شوێنو فراوانی ناوچەو دیمەنە جوانەکانی لەشارەزوور دەچێت، کاتێک کوردەکان دەستیان بەسەریدا گرت".

### گەشەو ڕۆشنبیری

سەبارەت بەناوی ئەم کەسە مەزنە، هەروەک ئیبن خەلەکان باسی لێوە کردووە ناوی (یەحیا کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرەک)ە و ناوی هەڵبژێردراوی (ابوالفتوح)ە و نازناوی (شەهابەدین)ە، هەروەها بەکوژراو یان شەهیدیش ناو دەبرێت، ئیبن خەلەکان بەجوانی ناوە کوردییەکانی تۆمار کردووەو ناسیونی، لەبەرئەوەی کوردبووەو نیشتیمانەکەی نزیکە لەنیشتیمانی سوهرەوەردییەوە، هەربۆیە وشەی (ئەمیرەک)ی تۆمار کردووە بەبەڵگەی ئەوەی بچوککراوەی ناوی (ئەمیر)ە لەبەرئەوەی (ک) لەزمانی کوردی کۆنو تازەدا ئەلکێت بەکۆتایی ئەو ناوانەی، کە بچوک دەکرێنەوە وەکو : خەلیل= خەلک/ شێخ= شێخک و.. هتد.

سوهرەوەردی لەماوەی نیوەی سەدەی شەشەمی کۆچیدا لە دایکبووەو مێژووی لەدایکبوونی دەکەوێتە نێوان ساڵانی (٥٤٥ک_١١٥٠ز)و (٥٥٠ک_ ١١٥٥ز)یەوەو لەساڵی (٥٨٦) کۆچیدا کۆچی دوایی کردوە، ساڵانی سەرەتای ژیانی لە سوهرەوەردا بەسەر بردووەو هەر لەوێش ڕۆشنبیری یەکەمی بەدەستهێناوە ئەگەر ئاینی بێت یان فەلسەفی یان سۆفیگەری، بەڵام هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر قۆناغی زانستی یەکەمی لەبەردەستدا نییە.

سوهرەوەردی بەو زانستەوە نەوەستاوە، کە لەشارەکەیدا بەدەستیهێنابوو، وەکو زۆرێک لە قوتابیانی زانستی هاوسەردەمەکەی سەفەرگەلێکی زۆری ئەنجامداو بۆ زاناو داناکان دەگەڕاو زانستی لێ وەردەگرتنو پاشتر بوو بەسۆفیو ئەوەی ئەوان ئەنجامیان دەداو ئەمیش دەیکرد وەکو کۆششو هەوڵدانو بەتواناکردنو پاککردنەوەی ڕۆحی، هەروەک خۆی لە دواین کتێبی بەناوی (المطارحات)دا دەڵێت:

"ئەوە تەمەنم گەشتە نزیکەی سی ساڵو زۆربەی ژیانم لەسەفەرو گەڕانو پشکنیندا بەسەر بردو بۆ کەسێک دەگەڕام زانستم پێ بێ، نەگەشتم بەوەی، کە کەسێک هەواڵی لەسەر زانستی پیرۆز هەبێ یان باوەڕی پێی بێتو شەیدای بێ."

سوهرەوەردی سەفەری ڕۆژهەڵاتی کرد بۆ مەراغەو ئەسفەهانو ڕۆشت بۆ ڕۆژئاوا بۆ وڵاتی شامو ئاسیای بچوک (تورکیای ئێستا) مامۆستا یەکەمینەکانی لە مەراغە (مەجدەدین ئەلجیلیو مامۆستا فەخرەدین ئەلڕازی) بوون، هەروەها لە ئەسفەهانیش چاوی بە قوتابی فەیلەسوفی بەناوبانگ ئیبن سینا کەوتو بوو بە هاوڕێی.

سوهرەوەردی پەیوەندی بە شێخ فەخرەدین ئەلماردینیەوە کرد، کە هاوڕێیەتی لەنێوانیاندا هەبوو، وادەردەکەوت ئەو لەژێر کاریگەی مەزهەبو ڕێگای (مەشائی) دا بوو، لەپاشان سەفەری کرد بۆ دیاربەکرو لەوێدا مایەوەو پەیوەندی بە ئەمیر (خەربوت عیمادەدین قەرە ئەرسەلان)ەوە کردوو کتێبی (الالواح العمادیە)ی بەدیاری پێ بەخشی.

لەگەڵ ئەمانەشدا ڕۆژهەڵاتناس (ماسینیون) پێیوایە، کە سوهرەوەردی مەزهەبی (الاشراقی) لەوڵاتی ئەم ئەمیرەدا دامەزراند، پاش ئەوەش چوو بۆ حەلەبو لەوێ نیشتەجێ بوو، لێرەشەوە ڕووبەڕووی کۆتاییە مەرگەساتبارەکەی بوویەوە.

(فەیلەسوفەکانی ئیسلامی دەکرێن بە دوو بەشەوە: فەیلەسوفەکانی ئیشراقو فەیلەسوفەکانی مەشائی، سەرۆکو ڕێبەری فەیلەسوفانی ئیشراقی ئیسلامی شیخ شەهابەدین سوهرەوەردییە، کە لەزانایانی سەدەی شەشەمەو پەیڕەوانی کەمترن وەکو: قطب الدین شیرازی، شهرزوری، لەم ڕێبازەدا پشت بەدوو شت دەبەسترا: بەڵگەو سەلماندنی ئەقڵیو کۆششو پاککردنەوەی ڕوح.

سەرۆکو ڕێبەری فەلسەفەی مەشائی ئیسلامی، شیخ ئەلڕەئیس ئەبو عەلی سینایەو پەیڕەوانیشی زۆرن وەکو: .الکندی، فارابی، ابوعلی سینا، خواجە نصیرالدین طوسی، میرداماد، ابن رشد اندلسی، ابن باجە اندلسی، ابن الطائغ اندلسی، لەم ڕێبازەدا تەنها پشت بەبەڵگەو سەلماندنی ئەقڵی دەبەسترێت)

### بیری فەلسەفەی ئیشراقی

یۆنانیەکان باوکی ڕاستەقینەی فەلسەفەن، ئەمەش بەو مانایەی ئەو ڕاستیە هیچ گومانێکی تێدا نیە، هەروەک فەلسەفەی سوکرات (٤٦٩ـ٣٩٩)پ. ز لەنێوان میسالیو ماددی (ماتریال)یدا کۆبووەتەوە، هەرلەوکاتەشدا فەلسەفەی میسالی سەرکێشی بەسەر فەلسەفەی خوێندکارەکەی ئەفلاتوون (٤٢٧ـ٣٤٧)پ. ز. وە کردوو فەلسەفەی ماتریالی (المشائیة) ش بەسەر ئەرستۆی (٣٨٤ـ٣٢١) پ.ز خوێندکاری ئەفلاتوون سەرکێشی کرد.

فەلسەفی ئیشراق بۆ فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەم فەیلەسوفە لە ئیشراقیەکەیدا لەژێر کاریگەری زەردەشتیدا بوو لەسەردەمانی دوایدا. ئیشراقیەت لای ئەفلاتوون بەواتای شێوازی بڵاوبوونەوەی جیهانە بەسەر ئەقڵی یەکەمدا (ئەقڵی کارا) بەڵام لەشێوازی ئیسلامیدا بەواتای گەشتنە بەمەعریفەی ڕاستەقینە، ئەوەش لەڕێگەی زەوق و دۆزینەوەیە (الذوق والکشف) نەک لەڕێگەی لێکۆڵینەوەو سەلماندنی ئەقڵی.

قوتبەدین شیرازی لەپێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (حکمە الاشراق للسهروردی)دا دەڵێت:" دانایی (حیکمەت)ی دامەزراو لە ئیشارقدا لەسەر بنەمای دۆزینەوەیە (الکشف)، وەهەروەها دانایی ئیشراقی لای فارسەکان ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری یەکەم، لەبەر ئەوەی حیکمەتیان بەرمەبنای (الذوق والکشف)، لێرەدا مەبەست لە ئیشراق واتا دەرکەوتنی ڕووناکیەکانی ئەقڵو درەوشانەوەو دارژانیانە (فەیز) کردنیانە بەسەر دەروونەکاندا لەکاتی موجەرەد بوونیاندا، هەروەک فارسەکانیش بەرمەبنای زەوقو ئاشکراکردن چاویان لەدەست خستنی حیکمەت دەبڕی، هەروەها پێشڕەوو ڕابەرەکانی یۆنانیش، بێجگە لە ئەرستۆو پەیڕەوانی، متمانەو باوەڕییان تەنها لەسەر لێکۆڵینەوەو بەڵگە هەبووە."

سوهرەوەردی یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی فەلسەفەی ئیشراقی ، لای ئەم واتای (الاشراق) بەتەنها (زەوق و کەشف) نیە، چونکە سوهرەوەردی بۆ شێوازێکی تایبەتی بەکاری هێناوە بەو مانایەی کە (خودا، ڕووناکی ڕووناکیەکانە) لەڕووناکی ئەوەوە ڕووناکیەکانی تر دەردەچێت، کە کۆڵەکەی هەردوو جیهانی ماددیو ڕۆحییە. لەگەڵ ئەوەشدا سوهرەوەردی ئەوەی زیادکردووە، کە یەکەم ڕووناکی دەرکەوتوو لەیەکەمەوە فەیزی وەرگرتوە کە ئەویش بریتیە لە (اللە) کە ڕووناکی ڕووناکیەکانە، هەروەها سوهرەوەردی جیهانێکی ناوەندیتر دادەهێنێت لەنێوان هەردوو جیهانە ئەقڵی (ڕووناکی ڕووناکیەکان)و جیهانی ماددی کە ناوی دەهێنێت بەجیهانی بەرزەخو جیهانی میسالی، ئەمەش جیهانی میسالیمان لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا بیردێنێتەوە.

و/ عومەر عەبدولکەریم قادر
omerteno@yahoo.com

> ئیشراق واتا دەرکەوتنی ڕووناکیەکانی ئەقڵو درەوشانەوەو دارژانیانە(فەیز) کردنیانە بەسەر دەروونەکاندا لەکاتی موجەرەد بوونیاندا

> شێخی ئیشراق وادادەنێت، کە بیرو فیکری مرۆڤ بەتەنها ناتوانێ زانینو مەعریفەی تەواو بەدەستبهێنێت.

# لەمپەرەکانی بەردەم کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا

ئاراس رەفیق

سیستەمی دیموکراسی یەکێکە لەدەرهاویشتەکانی مۆدێرنەو لەرۆژئاواوە سەریهەڵدا هەروەک عەلمانیەتو ناسیۆنالیزمو چەند چەمکێکیتر نەشونمایان کرد وەکو ئەلتەرناتیڤێک پیادەکران لەرۆژئاوادا بەشێوەیەکی تارادەیەک زۆر سەرکەوتوانە توانیان ئامانجی خۆیان بپێکنو لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا بێنەوە. ئەمەش وای لەوانە کرد کە بارگاوی بوون بەبیری نوێی رۆژئاوا شەیدایانە تێکۆشان بۆ گواستنەوەی ئەو چەمکانە بۆ وڵاتەکانی خۆیان لەرۆژهەڵاتدا بەبێ گوێدانە هیچ زەمینەسازییەکو ئامادەکاریەکی هاووڵاتیان بۆ هەرسکردنی ئەم بیرەنوێیە، دەبوو بەچەند قۆناغێک کار بۆ پراکتیزەکردنی بکەنو وەکو ئامانجێکی ستراتیژی لەئەجێندای سیاسیاندا بیچەسپێنن. دیارترینی ئەو چەمکانەش کە لەناوچەکانی رۆژهەڵاتدا بوون بەمۆدێلو لە بەرێوەبردنی وڵاتدا بانگەشەیان بۆ کرا هەرزوو رێرەوی راستەقینەی خۆیان ونکردو خاڵیبوونەوە لەناوەرۆکی راستەقینەی خۆیانو تەنها لەشێوەو فۆرمێکی رواڵەتی مانەوە. دەوڵەتی تورکیاش دەیویست بەهەمان رێگادا گوزەر بکات بە پشتبەستن بەوەی کە دەوڵەتێکی ئایینی تۆتالیتار بوو تابتوانێت گۆرانی ریشەیی لەسیستەمی سیاسیدا بکاتو مۆرکی ئایینی فرێبدتو بە فۆرمێکی نوێی عەلمانی خۆی نمایش بکات، بەڵام ئەم عەلمانیەتە نەیتوانی وەکو ئەو مۆدێلەی کە لەرۆژئاوادا هەبوو جێی

> لەسەرەتای دەسەڵاتی ئەتاتورکەوە تائێستا دادگای دەستووری تورکیا زیاد لە سی رێکخراوو پارتی سیاسی هەڵوەشاندوەتەوەو قەدەغەی کاری سیاسی لەئەندامەکانیان کردووە

خۆی بکاتەوە، بەهۆی بوونی ئەو مەیلە رەگەزپەرستانەیەی کە لەبیرکردنەوەی سەرکردە ناسیۆنالیستەکانی ئەو سەردەمەی تورکیادا هەبوو، عەلمانیەت لەم وڵاتەدا بەرگێکی رەگەز پەرستانەی کرا بەبەرداو، بوو بە پاشکۆی ئایدیاکانی ئەتاتورکو بۆ مەرامە تایبەتیەکانی میتۆدی کەمالیزم بەکارهێنرا.

لەدایکبوونی فەزای دیموکراتی لەتورکیادا پاش ئەو گۆرانە ریشەییەی کە لەجیهاندا روویدا توانی رەورەوەی مێژوو بەئاراستەیەکی تردا بگۆرێت، زاڵبوونی هەژموونی ئەمریکا وەکو هێزێکی زەبەلاح لەدونیادا بوو بەئەمری واقیع لەبەرامبەر بلۆکی سۆسیالیستیدا راوەستا، ئیدی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو هەوڵی ئەوەیان دەدا بەهاوکاری دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی جەنگ خۆیان لەهەموو ئەو قەیرانانە رزگاربکەن کە لەئەنجامی ئەو شەرە نەگریسەدا رووبەرووبیان بووەوە، دەوڵەتی تورکیاش وەکو هێزێکی دیارو نوێ لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا لەسەرپێی خۆی وەستابوو،

لەو قۆناغەدا بەهۆی گوشارە ناوخۆییو دەرەکیەکانەوە زیاتر مەیلی بەلای کرانەوەو فەزای دیموکراتیدا ئاراستە بوو بۆیە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی تورکیا بەرێبەرایەتی پارتی گەلی کۆماری بەناچاری ئەو بارودۆخەیان قەبووڵکردو ملکەچی بوون. ئیدی تورکیا لەسیستەمی تاک حیزبیەوە گۆرا بۆ فرە حیزبیو چەندین پارتی سیاسی دەرکەوتنو پانتاییەکی فراوانیان لەناو جەماوەردا داگیرکردو تارادەیەک سانسۆر لەسەر رۆژنامەگەری نەماو رۆڵی جەماوەر لەمەیدانی سیاسیدا پەرەی سەند.

وەک ئاشکرایە پارتی دیموکراتی تورکیا کە لەلایەن چەند کەسێکی وەکو (عەندنان مەندەریسو جەلال بایارو فوئاد کوپەرلو و رەفیق کورڵتان)ەوە دامەزرا ئەمانە چاویان لەهەڵبژاردنێک بوو کە دەبوو لەساڵی ١٩٥٠دا ئەنجامبدرێت کە بەیەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد هەژمار دەکرێت لەتورکیادا توانییان زۆرترین کورسیەکانی پەرلەمان دەستەبەر بکەن، دەستاودەستکردنی دەستەڵات لێرەوە هاتە گۆرێو بۆ یەکەمین جار پارتی گەلی کۆماری کە کەمال ئەتاتورک دامەزرێنەری بوو لەدەسەڵات دوورخرایەوە. هەروەها ئەم گۆرانە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو بۆ تورکیاو چەند دەستکەوتێکی مەزنی بۆ دەوڵەتی تورکیا دەستەبەرکردو چەند پرۆتۆکۆڵو رێککەوتننامەی ستراتیژیان لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکاندا مۆرکرد، هاوکات لە ١٨ ی شوباتی ١٩٥٢دا تورکیا بوو بەئەندام لەهاوپەیمانیەتی باکوری ئەتڵەسیدا (ناتۆ).

لەگەڵ ئەو کرانەوەیەی وڵاتانی رۆژئاوا بەرووی تورکیادا بەهۆی پێگە گرنگەکەیەوە لەرۆژهەڵاتی ناویندا، خەڵکی زیاتر هوشیاربونەوەو ئاشنابوون بەپرنسیپەکانی دیموکراتیو هەوڵدان بۆ هێنانەدی چەند مەسەلەیەکی گرنگ کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ خەفەکرابوونو وازیان لێهێنرابوو پێویست بوو بە ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێتو یەکلایی بکرێنەوە بەرێگەی دیموکراسی، وەک مەسەلەی مافی کەمە نەتەوەییەکانو هەروەها رۆڵیان لەناو کۆمەڵگاداو بزواندنی هەستی ئایینی لەلایەن تەیارە سیاسیە ئیسلامیە میانرەوەکانەوە، وەک ئاشکرایە ئەم دوو لایەنە هەمیشە کەمالیەکان بە مەترسییان زانیون بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو بەچەندین بیانوو لەروویاندا وەستاونەتەوەو دەسەڵاتیان سنوردار کردوون، وەک دەزانین بەشکستهێنانی پارتی گەلی کۆماری لەهەڵبژاردنەکاندا واتای کۆتاییهاتنی کەمالیەکان نەبوو لەناوەندەکانی برپاردا، چونکە رێبازی کەمالیزم بەتەواوی لەهەموو کونو قوژبنێکی تورکیادا جێگەی خۆی کردبوویەوە، هەروەها دەسەڵاتی جەنراڵەکانی سوپا هەمووکات خۆیان بەپارێزەری میتۆدی کەمالیزم زانیوەو دەسەڵاتێکی رەهایان هەبووەو هەیە لە برپاردانداکە زۆرجار بوونەتە لەمپەر لەبەرامبەر ئەو هێزە دیموکراتخوازانەدا کە هەوڵی ریفۆرمیان داوە لەتورکیادا، بۆ سەلماندنی ئەم راستیەش چەندین جار کودەتای سەربازی لەلایەن سەرکردەکانی سوپاوە ئەنجامدراوە وەک کودەتای ٢٧ی مایسی ١٩٦١ کە لەلایەن جەمال گورسیلەوە ئەنجامدرا بەسەر عەدنان مەندەریسدا، هەروەها کودەتای ١٢ی ئاداری١٩٧١ لەلایەن سەرۆکی سوپا مەمدوح تاغماچ لەدژی سلیمان دیمیرێل ئەنجامدرا، هەروەها کودەتای ١٢ی ئەیلولی١٩٨٠ لەلایەن سەرۆکی سوپا کەنعان ئیڤرین لەدژی سلێمان دیمیرێل.

یەکێکی دیکە لەو لەمپەرانەی دیموکراتیەتی خستووەتە گێژاوەوە لەو وڵاتەدا دەستووری هەمیشەیی تورکیایە کە لەساڵی ١٩٢٤ لەلایەن مستەفا کەمالەوە دانراوەو چەندین بەندی تێدایە لەگەڵ پرینسیپەکانی دیموکراتیەتو مافی مرۆڤدا نایەنەوە، لێرەدا ئاماژە بەچەند بەندێک دەکەین لەوانە بەندی ٦٨ کە دەڵێت : (هەموو تورکێک بەئازادی لەدایک دەبێت). لەبەندی ٦٩شدا هاتوە (هەموو تورکەکان بەرامبەر بەیاسا یەکسانن).

ئەمانەو چەندین بەندی تری تێدایە کەنکوڵی لەبوونی نەتەوەیەکی دیکە دەکات لەتورکیادا بێجگە لە تورک.

هاوکات دەسەڵاتی دادگای بنەرەتی تورکیا بەپشت بەستن بەبەندەکانی دەستوور چەندین بریاریداوە کە دژی مافی مرۆڤو دژی بنەماکانی دیموکراتیەت بووە. لەسەرەتای دەسەڵاتی ئەتاتورکەوە تائێستا زیاد لە سی رێکخراوو پارتی سیاسی هەڵوەشاندوەتەوەو قەدەغەی کاری سیاسی لەئەندامەکانیان کردووە، لەناو ئەم پارتانەشدا کۆمەڵێک پارتی سیاسی کوردی تێدا بووە. دواکاری ئەم دادگایەش داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (D.T.P) بوو. وەک دەزانین پارتی ناوبراو پارتێکی کوردی دیموکراتخواز بوو هەوڵی هێنانەدی مافە نەتەوەیەکانی کوردی دەدا بەرێگەی ئاشتیانە لەباکوری کوردستاندا. لەم ساڵانەی دوایدا قەبارەو سەنگی لەناو پرۆسەی سیاسی تورکیادا بەتەواوی گەشەی کردو پانتاییەکی فراوانی لەناو جەماوەری کوردی تورکیادا داگیرکردبوو تەرزی خۆشی شۆرکردەوەو کۆنتاکتی لەگەڵ خەڵکیدا بەهێز بوو، ئەو گەشەکردنەش لەماوەی دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێداندا (A.K.P)زیاتر فۆرمی خۆی وەرگرت، دواجار لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەواندا و بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بە ٢١ ئەندام پەرلەمان پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات زیاتر سەنگو قورسایی خۆی لەناو دەوڵەتی تورکیادا دەرخست. بەداخستنی ئەم پارتە جارێکی دیکە دیموکراتی لەو وڵاتەدا لەکەدار کرا.

پارتی دادو گەشەپێدان بەشێوەیەکی زۆر خێرا لەم دواییانەدا گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیو لەدوو خولی هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەدەستهێناو هەوڵیدا ریفۆرم لەسیستەمی سیاسی ئەو وڵاتەدا بکاتو سەرنجی یەکێتی ئەوروپا بەلای خۆیدا رابکێشێت بەمەبەستی نزیکبوونەوەی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپاو هێنانەدی ئەو ئامانجە ستراتیژیەی تورکیا کە لەئەجێندای پارتە سیاسیە تورکیەکاندا خەونێکی لەمێژینە بوو، بۆیە دیارترین کاری پارتی دادو گەشەپێدان لەم ریفۆرمەدا بریتیبوو لەپرۆژەی کرانەوە بەرووی کورددا، دیارە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو مشتومرێکی زۆری لەسەرکرا لەمیدیا ناوخۆییو جیهانیەکاندا، هەندێک پێیان وابوو پارتی دادوگەشەپێدان پەلەی کرد لەم هەنگاوەیدا چونکە چەندین ساڵە بیرکردنەوەی کلاسیکی لەناو تورکیادا جێگەی خۆی چەسپاندوەو رای گشتی تورکیای لەسەر ئەوە راهێناوە کە بەرگری لەبنەماکانی کەمالیزم بکەنو هەر لادانێک لەو پرنسیپانە بەمەترسی بزانرێت بۆ سەر ئایندەی تورکیا، بەم شێوەیە رای گشتیان چەواشە کردووە. لەکاتێکدا تەنها مەترسی لەسەر لاوازکردنی رۆڵی میتۆدی کەمالیزم هەیە لە کایەی سیاسی تورکیادا، بۆ ئەم مەبەستە پارتە ناسیۆنالیستە رەگەزپەرستەکان کە خۆیان بەپارێزەری دەوڵەتی تورکیای کەمالی دەزانن، دەیانەوێت ئەو بارودۆخە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە دەستیانکرد بەدانانی پلانی زۆر وورد بۆ رووبەرووبوونەوەی هەوڵەکانی A.K.P سەرەتا ویستیان لەرێی دادگای دەستووریەوە بەچەند بیانویەک ئەم پارتە هەڵبوەشێننەوە بەڵام شکستخواردو بوون. ناچار رێگایەکی تریان بەکارهێنا بۆ لێدانی پرۆژەکانی A.K.P ئەویش هەڵوەشاندنەوەی D.T.P بوو لەلایەن دادگایی بنەرەتیەوە بەتۆمەتی هاوکاریکردنو هاوسۆزی بۆ P.K.K و ناو نەهێنانیان وەکو رێکخراوێکی تیرۆریستی بۆ جارێکی تر رووی راستەقینەی خۆیان پیشانداو دیموکراتیان لەو وڵاتەدا بەرەو چارەنووسێکی نادیار برد.




تورکیا گۆرستانی پارتە سیاسییەکان



## ئاگاداریەک لە بەشی بیرورای رۆژنامەی دەستوورەوە

داواکارین لەو نوسەرە بەرێزانەی کە ئەرک دەکێشنو بابەت بۆ رۆژنامەکەمان دەنێرن، گەر رەچاوی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەن سوپاسیان دەکەین:

١) پێویستە بابەتەکانی بیررا نوسین بن، نەک ئامادەکردنو وەرگێران.

٢) پێویستە نوسینەکان لە یەک بەش زیاتر نەبن

٣) نابێت بابەتەکان لە ٦٠٠ وشە تێپەرن.

٤) پێویستە وێنەی نوسەرەکە لەگەڵ بابەتەکەدا هاوپێچ بکرێت.

٥) لە بەرواری ناردنی بابەتەکەوە بۆماوەی ١٥ رۆژ گەر بڵاونەکرایەوە چانسی بڵاوکردنەوەی نامێنێت.

بۆ پەیوەندیو ناردنی بابەت دەتوانن سود لەم ئیمەیڵ ئەدرەسە وەربگرن:
info@destur.net


www.arsivakurdi.org

# مۆدێلی حیزبایەتی لە کوردستان

## ئاستەنگ، گرفتەکان و ئەڵتەرناتیڤەکانی

ئەنوەر حسێن (ا.بازگر)
بەشی دووەم و کۆتایی

لەسەرەتای سەدەی بیستدا ئەتاتورک دەستیکرد بەکۆپیکردنی مۆدێلی حیزبایەتی خۆرئاوایی لەتورکیاو تارادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوو، هەربۆیە لەپراکتیزەکردنی دیموکراسی لەکۆمەڵگای تورکیادا زۆربەی وڵاتەکانی دراوسێی جێهێشتو گەشەیەکی بەرچاوی کرد، بۆیە زۆرجار کە باس لەوڵاتانی دیموکراسی دەکرێ لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا لەپاڵ ئیسرائیل ناوی تورکیا وەکو دووەم دەوڵەتی دیموکراسی خۆرهەڵاتی ناوەراست ناو دەبرێ، کوردیش دەتوانی لەئێستادا هەمان شت بکا کە ئەتاتورک کردی.

ئێمە چەندین جار ئەوەمان لەئەمەریکیو ئەوروپییەکان بیستوە کە ئەوان بەردەوام پشتیوانی لەهەرێمی کوردستان دەکەن، بەمەرجێ کورد پرەنسیپەکانی دیموکراسی، یاسا، عەدالەتی کۆمەڵایەتیو ئازادی تاکەکەسیو راگەیاندنو مافی ژنان پیادەبکەن.

ئەو حیزبەی دەیەوێت لەمبارەیەوە پێشەنگو دەستپێشخەربێ دەبێ بەهیچ شێوەیەک مساوەمە لەسەر سیستمی سیاسی سێکۆیلار نەکاتو دڵنیاشبێ بێ ئاستەنگ ئەمە بەدەست نایەت.

چونکە لەکێڵگەیەکی سیاسی وەکو کوردستان گەر بتەوێت کۆپی مۆدێلی حیزبی خۆرئاوایی بکەی، ناکرێت قسە لەسەر مۆدێلێک لەحیزبایەتی تەقلیدیو سوننەتیو کۆنخوازو کۆنەپەرست نەکەی، یان ناکرێ رێگا بدەی بزووتنەوەکانی فەندەمێنتالیزم گەشە بکەنو کۆمەڵگا بخەنە بەردەم پاشەکشەی مەترسیدارو ترسناک.

بێگومان گەر هەر هێزێکی کۆنزەرڤاتیڤ فەندەمێنتالیزم.. روو لەگەشەبێو دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، نەک پرۆسیسی دیموکراسی ئیفلیج دەکات، بەڵکو رێک دێت مۆدێلی حیزبایەتی سودان، سۆماڵو ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبانو مەلا عومەرمان بۆ کۆپی دەکاتو دەیکاتە مەرجەعی سەرەکی خۆیو جێبەجێکردنی بەسەر کۆمەڵگادا.

خۆ نابێ چاوەڕێ بکەین لەکاتی رێگا دانو گەشەی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی لەفەندەمێنتالیزم، مۆدێلی ئەسکەندەناڤی، فەرەنسیو کەندی بێنێنە کوردستان.

بۆیە حیزبە عیلمانیو سۆسیال دیموکراتو تارادەیەک ناسیۆنالیستە راستەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەئێستادا ئەرکێکی گەورەیان لەسەرشانە بۆ بونیادنانی حیزبی مۆدێرنو دەربازبوون لەو دۆگماییو چەقبەستوییو ریفۆرمو شێوازی حزبایەتیەی کە ئێستا هەیە.

دەبێ حزبی کوردی بگاتە قەناعەتێکی سەد لەسەد، کەهیچ رێگا چارەیەکی تر نیە بۆ سەرکەوتنو پێشخستنی مۆدێلێکی حیزبایەتیو دەربازبونی حزبو کۆمەڵگا لەو قەیرانو گرفتانەی هەیەتی یان لەداهاتودا دەیبێت، ئەویش سەرخستنی ئەزمونەکەیە بەرەو پیادەکردنی لیبرالیزمو بنەماکانی دونیای لیبرالیزم.

بەم حاڵەوە ئۆتۆماتیکی سیستمی دیموکراسی گەشە دەکاتو بازاڕی ئازاد دەخوڵقێو فۆرمی خۆی وەردەگرێو سیستمی هەڵبژاردنو پەرلەمانی، شوێن بە پۆپۆلیزمو تاکڕەوییو میلتاریزم لێژ دەکاتو فەسادی ئیدارییو گەندەڵی تێکدەشکێتو بەمشێوەیەش هەرێمی کوردستانو رێگاکانی بەردەم بە دەوڵەتبوونی لەبەردەمدا ئاسان دەبێو ئەو چەمکو پرنسیپانە یارمەتیدەرێکی گەورەن بۆ رزگاربونی حیزبو کۆمەڵگا لەقەیرانەکان.

فرانسیس فۆکۆیاما رایگەیاند" دواین فرسەت لەبەردەم دونیادا، پیادەکردنی لیبرالیزمە بۆ حەسانەوەی گشت مرۆڤایەتی، بەڵام ئەو پێیوابوو ئەم مۆدێلە دەبێ لەژێر سایەو رێبەرایەتی ئەمریکادا پیادە بکرێ."

ئێستا ئیتر دەبێ بزانین حبزبایەتی لەکوردستاندا، نەیتوانیوە بەشێکی زۆر لەو پرەنسیپە نوێیانە لەناوخۆیدا پراکتیزە بکات، یان دەبێت مل بدات بۆ دەرکەوتنی ئەلتەرناتیڤی تازەو چاوەروان نەکراو کەرەنگە بەشێک لەو هێزە دەرکەوتانە مەترسیبن لەسەر ئەو کەمە دیموکراسیو ئازادیەی کەهەیەو لەناوی بەرنو کۆمەڵگا بگێڕنەوە بۆ سەرکوتو ستەمو داپڵۆسینو قەدەغەکردنی ئازادیەکانو مافو پرۆسسیی دیموکراسی....

ئەلتەرناتیڤی حیزب کێیە؟

هەر گروپو شتێکی تر بەناوی حیزب لەکوردستان کاربکاتو بەهەمان مۆدێلی حیزبی ئێستای کوردی بێو بەبێ لەبەرچاوگرتنی فۆرمی تازەی حیزبو پرەنسیپی تازە ناتوانێ بۆ نموونە لەیەکێتیو پارتی باشتربێ.

بێگومان یەکێتیو پارتی وەکو دوو حیزبی گەورەی کوردستان رۆڵیان هەبووە لەبەدەستهێنانی بەشێک لەو دەستکەوتو ئەزمونو ئازادیەدا، بەڵام بەهەمان شێوە دەبێ ئەوەش قبوڵ بکەن، کە یەکێتیو پارتی فاکتەری بەشێک لەو شکستەن کەحیزبو مۆدێلی حیزبایەتی لەکوردستان بەخۆیەوە بینیوە، چ وەکو ئایدۆلۆژیا چ وەکو رێکخستنو مانیفێستی کارکردن.

ئەم دوو حیزبە بەدرێژایی هەژدە ساڵی رابردوو دەیانتوانی ئەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتیو گەندەڵیو فەسادەی هەیە چاکی بکەنو لەناوی بەرن.

دەیانتوانی سیستمی سیاسی سیکۆیلار، بکەنە مۆدێلێکی سیستمی حوکمکردن، نەک لەناو پەرلەماندا مجامەلەی گروپە ئیسلامیەکان بکەن، بۆ نموونە لەیاسای خەتەنەکردنی مێینەو فرەژنیو یاسای رۆژنامەگەری ... ئەرکی عەلمانیەکان دەبوو کار بۆ سەپاندنی سیستمی سیکۆیلار بکەن، نەک موجامەلەی ئیسلامیەکان.

دەیانتوانی دەست لەو فۆرمە حیزبایەتیە هەڵگرن کە هەر کوچەو کۆڵانێک دونیایەک بارەگای لێبکەنەوەو خەرجیەکی زۆر بکەنو لەشوێنی ئەوان رێکخراوی (NGO) بکەنەوە بۆ مۆدیرنیزەکردنی کۆمەڵگا، کە هێشتا لانیکەم لەکوردستاندا لەهەر دەکەسێک چوار کەس نەخوێندەوارن.

بۆیە چاوکردنی هەر رێکخراوێکی تازە لەم جۆرە لەمۆدێلی حزبی لەکۆمەڵگای

> یەکیەتی و پارتی فاکتەری بەشێک لەو شکستەن کەحیزب و مۆدێلی حیزبایەتی لەکوردستان بەخۆیەوە بینیوە، چ وەکو ئایدۆلۆژیا چ وەکو رێکخستن و مانیفێستی کارکردن

کوردستاندا، جگە لەناکامی ئاکامێکی تری نابێتو ناتوانێ لەو مۆدێلەی حیزبی کوردی باشتربێ خۆدیارە حیزبەکانی تری دەرەوەی یەکێتیو پارتیش نەک هەر باشتر نەبوون، بگرە کۆپیەکی بچوکی ئەوان بوون.

کەواتە دروستکردنی هەر رێکخراوێکی سیاسی بەم مۆدێلە جگە لەچەواشەکاریو راکێشانی سۆزی هاووڵاتیان، بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات شتێکی تر نیەو ئەنجام ناتوانێ ببێتە رەوتێکی جەماوەریو مۆدێرن تەنها مەگەر دووبارەکردنەوەی ئەو سیناریۆیە بێ کە هیتلەر کردیو ئاکامەکەی قەتڵو عامو دیکتاتۆریەکی رەهاو بێ بەزەیی لێ کەوتەوەو جیهانی توشی کارەساتو ئەڵمانیاشی توشی دۆڕانو کاولبوون کرد.

بێگومان پێچەوانەکەشی راستە گەر حیزبی کوردیو رێکخراوی نوێ بتوانن سودی لێ وەرگرن، ئەویش ئەو مۆدێلەیە کەوڵاتانی چیکۆسلۆڤاکیو یۆگسلافیاو رۆمانیاو بولگاریاو وڵاتانی بەڵتیکو کافکاسو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو پراکتیزەیان کرد.

ئەویش دروستکردنی حیزبی نوێ بوو، کەپشتی بەمۆدێلی نوێی حیزبی خۆرئاوایی بەستو ئایدۆلۆژیاو فۆرمی حیزبی رێکخستو پەیوەندی کۆمەڵایەتیو سیستمی ئابووریو دەسەڵاتیان لەسیستمێکی سۆسیالیستەوە گۆڕی بۆ سیستمی سیاسی دیموکراسیو لیبرال، لەبواری ئابوریدا، بازاڕی ئازاد شوێنی بازاڕی دەوڵەتی گرتەوە، لەبواری ئازادی سیاسیو راگەیاندن چاویان لەمۆدێلی حیزبی خۆرئاوایی کرد.

هەربۆیە دروستکردنی حیزبو رێکخراوی نوێ لەو وڵاتانە بەدەیان دەستکەوتی گەورەی لێ کەوتەوەو بووە هۆی دروستبوونی زیاتر لەپانزە دەوڵەتی نوێ لەیەکێتی سۆڤیەتو دوو وڵاتی تازەی چیکو سلۆڤاکیا، شەش دەوڵەتی نوێ لە یۆگسلاڤیا.

دەبێ حیزبی نوێی کوردیش لەسەر ئەو بنەمایە دروست بێ کە خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک دابین بکات، بزانێ مۆدێلی نوێی حیزبی لەدونیادا چیکرد، هیچ نا سوود لەئەزموونی بوونو کارکردنی ئەو حیزبو وڵاتانە وەرگرێ تابتوانی گۆرانکاریەکی پۆزەتیڤ لەسەر هەموو ئاستەکان بێنێتە کایەوە.

گرفتەکانی حیزبی کوردی چین؟

سامۆئیل هانتگنتۆن خاوەنی تێزی "پێکدادانی شارستانێتەکان" لەبارەی حیزبەوە پێیوایە "حیزبە سیاسیەکانو سیستمی حیزبایەتی هۆکاری دامەزراوەیی سەرەکین بۆ رێکخستنو بەشداری سیاسی بەرفراوانی هاووڵاتیان".

لینین پێیوایە "حیزب دەتوانێ رۆڵی گەورە بگێڕێ لەکۆمەڵگادا".

مادام بەپێی ئەم پێوەرانەبێ کەواتە حیزب رۆڵی گرنگ دەگێرێ لەسیستمی سیاسی کۆمەڵگادا.

سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی رۆڵی حیزبی کوردی دەکرێت بڵێم حیزبی کوردی سەرەرای فۆرمی بەرگریکارانەی شاخو رۆڵو دەوری مێژوویی و شۆڕشگێڕانەی ئەو، لەئێستادا نەیتوانیوە خۆی لەفۆرمی سوننەتی حیزبی خۆرهەڵاتی دەربازبکات، چ لەئایدۆلۆژیا چ لەرێکخستنو شێوازی دەسەڵاتو سیستمی سیاسیو بازاڕی ئازادو پرۆسیسی دیموکراسیو ئازادیەکاندا.

لەئێستادا حیزبەکان دوچاری کۆمەڵێک گرفتی جۆراوجۆر بوونەتەوە، لەبابەتی کەمبوونەوەی ئەندامو لایەنگرانو رێکخستنەکانی حیزبە، دوبارەبوونەوەی بەرنامەو پەیڕەو و پرۆگرامو لێکچونی هەموو حیزبە کوردیەکانە، بۆنموونە گەر پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی کوردی ناو و بەرگی حیزبەکەی لێ بکەیتەوە، هەست ناکەیت کامیان هی کام حیزبە.

چونکە هەموویان لەیەک دەچنو کۆپی ئەوی ترن، نەگۆڕینو نوێ نەکردنەوەی سکرتێرو مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی ئەم حیزبانە بۆ چەند دەیەیەک، ئەمەش واتا کار ناکرێ بەسیستمی هەڵبژاردنو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو مەترسی دروستبوونی جۆرێک لەدیکتاتۆریەتی گچکەی لێ دەکەوێتەوە.

گەر لەسەر خاڵێک بوەستینو سەیربکەین لەهەڵبژاردنی تەموزی ٢٠٠٩دا هەردوو حیزبە گەورەکە یەکێتیو پارتی توشی پاشەکشە بوون، بۆچی؟ بێگومان هۆکارەکەی بوونی گرفتی زۆرو زەوەندە لەکاری حیزبیو رێکخراوەیدا کەتوشی قەیران هاتوونو نەیانتوانیوە بگەڕێن بەدوای نوێکردنەوەی فیکری نوێدا، فکرێک کەواقیعی بێ لەگەڵ ئەندامو لایەنگرانو کۆمەڵگادا.

فیکرێک لەزەمینی واقیعدا بگونجێ، ئەمەش وادەکات حیزب پاشەکشە بکاتو جێگەی متمانەی هاووڵاتی نەمێنێت.

کەواتە دەبێ حیزبی کوردی ئایدیاو پەیڕەو و پرۆگرامو بەرنامەو تەنانەت سکرتێرو م.س کادرەکانیش نوێ بکاتەوە، نابێ حیزبی کوردی رێگا بدات حیزب مۆنۆپۆڵی بازاڕ بکات لەژێر ناوی بازاڕی ئازادو ببێتە حوتو لەژێر ناوی حیزبی سۆسیالیست، سۆسیال دیموکراتو ناسیۆنالیست، بێگومان ئەمانە حیزب دەکاتە کارگە نەک رێکخراوی سیاسی.

دەبێ حیزبی کوردی دەست لەکارێکی مەترسیدار هەڵگرێ کەسیستمە سیاسیە شمولیەکان پیادەی دەکەن، ئەوەش وابەستەبوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە بەحیزبەوە ئەمە زەرەری گەورە لەهەیبەتو رەهەندەکانی دیموکراسیو ئازادیەکان دەدات، دەبێ ئەم رێکخراوانە خۆیان ئازادبنو قسە لەسەر کۆی سیستمی سیاسی هەرێم بکەن.

دەبێ حیزبەکان یەکتری بەرەسمی بناسنو هەردوولا دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن یەکتری قبوڵبکەنو نابێ پەنابەرن بۆ شەڕی راگەیاندنو ئابوریو شەڕی چەکداری، دەبێ حیزبی کوردی خۆی ساغ بکاتەوە، چ سیستمێکی سیاسی دەوێو رایبگەیەنێ، ئیسلامی، عیلمانی، نەتەوەیی، مارکیسی، نەک بەپێی رۆژ بانگەشەی ئەم ئایدیانە بکات.

دەبێ لیبرالیزم بکاتە ئامانجی گەشەکردنی حیزبو کۆمەڵگاو تاکەکانی لەسەر گرنگی ئەم چەمکە هۆشیار بکاتەوە.

دەبێ دژایەتی گەندەڵیو فەساد بکات نەک بەرپرسو کادرەکانی ببنە بەشێک لەگەندەڵیو ناشیرینکردنی حیزبو دەسەڵات.

دەبێ حیزب پێشەنگی چەسپاندنی عەدالەتبێو بەدوربێ لەدەست تێوەردانی لەکاروباری دادگاکانو یاسا سەروەر بێو بۆ هەمووان بێ نەک تەنها بۆ خەڵکی هەژارو بۆ ئەوانیش حیزب ببێتە حاکمو دادوەری لایەنگرو بەرپرسەکانی.

دەبێ حیزبی کوردی باوەڕ بێنێ بەسیستمی پەرلەمانو هەڵبژاردنی شەفافو پاکو دوور لەساختەییو بڕوا بەسیستمی زۆرینەو کەمینە بهێنێت.

دەبێ بۆ گەشەکردنی دیموکراسیو مۆدێلی نوێی حیزبی، حیزبی کوردی واز لەهاوپەیمانیو ئیئتلاف بێنێت لەژێرناوی جۆراوجۆردا، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەیکات خودی حیزب دەیکات، واتا دەبێ سنورەکانی پانتایی ئازادی سیاسیو هەڵبژاردنی تاک حیزبی پەرەی پێ بدرێت.

دەبێ حیزب دەست هەڵگرێ لەنەسیحەتکردنی حکومەتو دەستوەردان لەکاروباری وەزارەتەکان.

بەڵام گرنگترین شت دەبێ پیادەی دیموکراسی بکات گەر مەترسی لەسەر حیزبیش هەبێ، ئایدۆلۆژیای نوێ بهێنێتە کایەوە، حیزب ببێ بەداینەمۆی پێکهاتی ئاڵوگۆڕ لەکۆمەڵگەدا، نەک خەڵک حیزب بەشتێکی قێزەون سەیربکەن.

حیزبی کوردی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە، کەدەبێ یان خۆی بگۆڕێ یان بگۆڕدرێ...؟

a_bazgr@yahoo.com

# ئەنجلینا جولی شکستیهێنا



کۆمپانیای (ئێس تی جۆن)ی بەناوبانگی ئەمریکی تایبەت بەجلوبەرگ، ئەو هۆکارەی روونکردەوە کە لە پشت هەڵوەشاندنەوەی بۆندی کۆمپانیاکە بوو لەگەڵ ئەنجلینا جولی ئەکتەری شۆخوشەنگی هۆڵیوود.

بە پێی ڕاگەیاندنی کۆمپانیاکە جولی بووەتە هۆی ئەوەی فرۆشی کۆمپانیاکەیان لەساڵی ٢٠٠٨دا بێتە خوارەوەو لەبەر ئەو هۆیەش ئێمە بۆ رووخسارێکی نوێ بۆ کۆمپانیاکە دەگەڕاین کە دوور بێت لە جیهانی نواندن، بۆ ئەو مەبەستەش کارن ئێلسنی نمایشکاری تەمەن ٣٠ ساڵی بەریتانیمان هەڵبژارد.

## بۆ ناویان نا میکائیل؟

**پ. دەستوور:**

هونەرمەندی گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان میکائیل لەبارەی ژیانی تایبەتیو هونەری خۆی لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستوور، وتی "باوکم لەباخی (میکائیل) باخەوانبووەو کاری کردووە، کاتێک کە لەساڵی ١٩٦٥ لەدایکبووم هەر بەناوی ئەوباخەوە ناوی ناوم". ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: دوو خوشکو چوار برای هەیەو منداڵێکی هێمنو لەسەرخۆبووە، لەتەمەنی ١٤ ساڵییەوە بووە بەپێشمەرگەو دوای ماوەیەک لەشەڕداو لەساڵی ١٩٨٣ بریندارکراوەو بۆ چارەسەری رەوانەی دەرەوە کراوە، هەر بەو هۆیەشەوە چێژی لەخۆشەویستی دایکو باوکی نەبینیوە.



میکائیل هەمیشە بەئومێدەوە لەژیان دەڕوانێتو خۆشترین چرکە ساتەکانی سەردەمە بەسەربردوە، هەر لەخوێندن دابڕاوەو تاکو خوێندووە، یەکەم کردوە ناوی تاکو ئێستا دووجار پێکهێنا و ە و

ژیانیشی هەر لەشاخو ئەو بەهۆی پێشمەرگایەتیەوە پۆلی دووی ناوەندی گۆرانی کەتۆماری "نەجیبە"ە بووە، ژیانی هاوسەری لەساڵی ١٩٨٥ەوە لەوڵاتی سوید دەژی.

لەبارەی دواوێستگەی هونەریشەوە میکائیل وتی "ئامادەکاری تەواوم کردوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبومێک کەسەرجەم تێکستەکانی مامۆستا هێمنی شاعیرەو ئاوازەکانی خۆمەو هەر لەوڵاتی سوید کاری تۆمارکردنی بۆ ئەنجامدەدەم.

## کەڵەشێربازەکان داوای ڕێکخراوێك دەکەن

**دەستوور:**

بەهۆی گەشەسەندنی دیاردەی شەڕە کەڵەشێر لەهەندێ ناوچەی عێراقدا، ئارەزوومەندانی ئەو یارییە، داوای پێکهێنانی رێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان دەکەن.

شەڕە کەڵەشێر یەکێکە لەو ئارەزووانەی لەهەندێ گەڕەکی شاری بەغداو زۆربەی شارەکانی تری عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە ئەنجامدەدرێت، بەتایبەت لەڕۆژانی هەینیدا کەچەند رووبەڕووبوونەوە لەشێوەی پاڵەوانێتی بۆ کەڵەشێرەکان رێکدەخرێت، بەتایبەت بۆ کەڵەشێری شامی، زۆرجاریش گرەو لەسەر بردنەوە یان دۆڕاندنی رووبەڕووبوونەوەکان دەکرێت.

یەکێک لەئارەزوومەندانی یاری شەڕە کەڵەشێر بەڕادیۆی سەوای وت "هەموو جەولەیەکی یارییەکە ١٢ دەقیقە دەخایەنێتو ٣ خولەک پشوویان پێدەدرێتو یارییەکە لە٨ جەولە پێکدێتو نزیکەی سەعاتو نیوێک دەخایەنێت کە هەردوولا لەسەری رێکدەکەون".

یەکێک لەو ئارەزوومەندانەی کە ناوی حاجی ستارە دەڵێت "هێنانی کەڵەشێری باش لەدەرەوە زەحمەت بووە، چونکە دەسەڵاتدارانی گومرک لەبازگە سنوورییەکان دادەنێن یان دەستی بەسەردا دەگرن، یاخود بەنەقدی گومرکی کەڵەشێرەکان وەردەگرن کە بەزۆری لەوڵاتەکانی تورکیاو تایلەندو ئەفغانستانەوە دەهێنرێنو نرخی هەر یەکەیان لەنێوان (٦٠٠-٩٠٠) دۆلاردایە".

حاجی ستار داوا لەدەسەڵاتدارانی عێراق دەکات، بەمەبەستی بەشداریکردن لەپاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا، وتی "پێویستە رێکخراوێکیان بۆ پێکبهێنرێت کە وەک ئەو دەڵێت زۆرجار کەڵەشێرەکان بەئارەزوومەنە ئوردنییەکان دەفرۆشینو خەڵاتەکانیان بۆ وڵاتەکەیان پێبردووەتەوە، لەکاتێکدا کەڵەشێرەکە هی کەسێکی عێراقی بووە".

شەڕە کەڵەشێر لەعێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ١٩٤٤ کە بۆ یەکەمجار ئەو کەڵەشێرەی کە لەپاڵەوانێتی شەڕە کەڵەشێردا لەعێراق بەکارهاتووە لەڕێگەی تورکیاوە گەیشتۆتە شاری بەغداو دواتر بەسەرجەم شارەکانی تری عێراقدا بڵاوبۆتەوە.



## لە سێ لاوە سەیری تەلەفزیۆن بکە

**دەستوور:**

بەمەبەستی رزگارکردنی بازاڕی تەکنەلۆژیای سێ رەهەند3d، لەو بێبازاڕییەی کە دووچاری بووە، کۆمپانیاکانی دروستکردنی تەلەفزیۆن لەئێستادا سەرگەرمی داهێنانو دروستکردنی تەلەفزیۆنێکی نوێن کە وێنەکان لەسێ رەهەندەوە نیشاندەدات.

پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای وێنە پێیانوایە ئەو تەکنیکە نوێیە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێدەچێ لەمساڵدا تەنها لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکەی سێ ملیۆنو چوارسەد هەزار لەو ئامێرە بفرۆشرێت.

سەرۆکی یەکێتی بەکاربەرانی بەرهەمە ئەلکترۆنییەکان لەئەمریکا دەڵێت "لەساڵی ٢٠١٠، (٣٪)ی رێژەی فرۆشی بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایانە بەرزدەبێتەوەو چاوەڕواندەکرێت بڕی قازانجیان بگاتە زیاتر لە (١٦٥) ملیار دۆلار".

لەلایەکی ترەوە جفری کاترنبریگ سەرۆکی بەشی جوڵە لەکۆمپانیای (دریم وۆرک) دەڵێت "هەرچەندە سەرکەوتنی بەرهەمهێنانی فیلمی سێ رەهەندی چەند ساڵێکی خایاند، بەڵام پێموایە لەساڵی ٢٠١٠دا دەتوانین سەرجەم بەرهەمەکانمان بەتەکنەلۆژیای سێ رەهەندی بەرهەمبهێنین".

سەرچاوە: BBC



# چنار حەز دەکات ببێت بە پۆلیس



**ئا: ئاکۆ محەمەد**

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور کچە هونەرمەندی لاو، چنار دەڵێت: ئەگەر گۆرانی بێژنەبووایە، حەزی دەکرد ببێت بەپۆلیس.

چنار یەکێکە لەو گۆرانی بێژە هەست ناسکانەی کە دەیەوێت لەڕێگەی گۆرانییەکانییەوە بەشێک لەخەمەکانی خۆی بخاتەڕوو، لەهەمانکاتیشدا وەک خۆی دەڵێت، دەیەوێت ئارامی دەروونیی دەستبکەوێت، ئەم تایبەتمەندییەش وایکردوە زیاتر ئەوانەی گوێ لەدەنگی دەگرن دەچنە ناخی گۆرانییەکانییەوە.

هونەرمەند چنار لەکاتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەدیدارێکی کورتی ڕۆژنامەی دەستووردا باسی لەکارە هونەرییەکانی خۆی کرد، وتی "ئەو گۆرانیانەی وتومە زۆربەیان دەربڕی ناخی خۆمنو زۆربەشیان لەموعاناتی خەڵکو گەنجی ئەم زەمانەوە نزیکن".

لەبارەی کلیپەکانیشەوە چنار دەڵێت "هەندێجار لەکلیپەکانمدا سەربەستی برام دەردەکەوێت، چونکە من ڕازینابم هەموو کەسێک بێتە ناو کلیپەکانمەوە".

سەبارەت بەوەی چنار جگە لەکاری هونەری حەز لەچی دەکات، وتی "من لەژیانمدا زۆر حەزم لەپۆلیسیەو ئەگەر خوێندنی زانکۆی سوید بۆ کۆلیژی پۆلیس ئەوەندە قورس نەبوایە، ئەوا دەمخوێندو دەبوومە پۆلیس، وتی "زۆرم حەز دەکرد لەڕێی خوێندنەوە وەزیفەیەکم پەیدا بکردایە کە پێی بژیم".

لەبارەی خۆشەویستی سەروەتو سامانیشەوە چنار دەڵێ "ئەگەر پارەیەکی زۆرم دەستبکەوێت دوای دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆم بەشی هەژارانی لێدەدەم".

لەبارەی خۆشەویستی کوڕانیشەوە چنار دەڵێ "ئەگەر کوڕم خۆشبوێت هەرگیز پێینالێم، بەڵکو دەبێت هەر کوڕ بەکچ بڵێو ئەمەش تەنها هەر کاریگەری کۆمەڵگای کوردی نییە لەسەر ئەم مەسەلەیە".

چنار دەڵێت "چەند جارێکیش لێرەو لەسویدیش چوومەتە لای قاوەگرەوەو شتی خۆشیان پێوتوم، زۆر خۆشیشە پێشبینییەکانی خۆت بزانی".



# شەیما جاف هێواش هێواش هەنگاودەنێ

**ئا: دەشتی ئەنوەر**

شەیما جاف لەساڵی ٢٠٠٦ هاتووەتە ناو کاری هونەرییەوە، بەقسەی خۆی کارکردنی لەناو دنیای هونەریدا خولیایەکی منداڵی بووە، بۆیە یەکەم کاری هونەریی بەشداریکردنی بووە لەدرامای "بێ سەرپەرشتان".

شەیما دەڵێت "ئەگەر چی تەمەنم منداڵبوو یەکەم جاریشم بوو، بەڵام لەو درامایەدا ڕۆڵی سەرەکیم هەبوو".


شەیما کە ئێستا خوێندکاری بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدینە، وتی "بەشدارینەکردنم لەهەموو کارێکدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەمەوێت بناغەیەکی باش بۆ کارە هونەرییەکانم پەیدا بکەم".

شەیما وتی "دەمەوێت هێواش هێواش بچمە ناو دونیای هونەرەوەو لەهەموو درامایەکدا ڕۆڵ نابینم، چونکە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو هونەرمەندان کاری ئەمڕۆیان بووەتە پارە پەیداکردنو خزم خزمێنە".

شەیما لە دوو دراماو چوار کورتە فیلم بەشداری کردووە، ئەمە جگە لەوەی بەشداری فیلمێکی سینەمایی کردووە کە لەئیتاڵیا مۆنتاژ دەکرێت.

لەبارەی دواکاری هونەرییەوە شەیما ئاشکرایکرد: بەشداریی لەسینەمای "گوڵەکانی کەرکوک"دا کردووە کە لەدەرهێنانی فریبۆرز کامکاریانە.

# ماهیر حەسەن: کۆمەڵگاکەمان چەندین ئەشرەفی تێدایە



**ئا: موحسین یاسین**

ئەکتەری ناسراوو کۆمیدی، ماهیر حەسەن کەدواکاری زنجیرە درامای "نامەکانی ئەشرەف"ەو تیایدا ڕۆڵی "ئەشرەف" دەبینێت کەڕۆڵێکی سەرەکییە، ئەم درامایە ٢٤ ئەڵقە یە و لە نو و سینی عەزیز نەسینو لەبیرۆکەی (ئیبراهیم زەبۆک)ەوە وەرگیراوە، دەرهێنانی "لوقمان غەریب"ەو ژمارەیەک ئەکتەری شارەکانی سلێمانیو هەولێر ڕۆڵی تێدا دەبینن.

لەبارەی ڕۆڵی ئەشرەف، هونەرمەند ماهیر حەسەن بەدەستووری وت "کەسایەتی "ئەشرەف" کە من ڕۆڵەکەی دەبینم لەزنجیرە درامای "نامەکانی ئەشرەف"دا کەسایەتییەکی نامۆ نییە بەکۆمەڵگاکەمانو دەتوانین بڵێین لەکۆمەڵگای کوردیدا چەندەها ئەشرەفی تێدایە، ئەم کەسایەتیە تەنها بیر لەبەرژەوەندیو دەستکەوتی مادی خۆی دەکاتەوە، لەپێناو بەدەستهێنانی کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کەوتۆتە ناوچەیەکەوەو ئیستیغلالی ساویلکەییو دڵسافی ئەو کۆمەڵە دەکات کەهەمیشە باوەڕ بەقسەکانی دەکەن، هەموو جارێکیش کۆمەڵێک کەسی بێدەرەتانو دڵساف دەبن بەو تەڵەیەی ئەشرەفەوە کە بۆیان دادەنێتو پارەیەکی باشیان لێوەردەگرێت تاکو کارەکانیان بۆجێبەجێ بکات".

لەبارەی بورجەکەشییەوە "ماهیر" بەپێکەنینەوە وتی ١/١٠ چ بورجێکە؟ ئەوڕۆژە لەدایکبووم.

ماهیر حەسەن وتی "هەرلەتەمەنی منداڵیەوە کەسێکی ڕووخۆشو سادەبوومو هاوڕێکانم بەقسەخۆشی گەڕەک یاخود بەرەئیس ناویان دەبردم".



# گۆران کامیل تەنها کابانی ماڵەوەیە

**پ. دەستوور**

هونەرمەندی مۆزیسیان گۆران کامیل کە ئێستا لەدەرەوەی وڵات دەژیو بەهۆی ئەوەی کە تاکو ئێستا ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە، بەتەنها دەژیو هەموو کارەکانی ناوماڵیش هەرخۆی دەیکات.

لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی دەستووردا لەبارەی ئەوەی کە ئایا دەزانێت خواردن دروستبکاتو حەزی لەچ خواردنێکە، گۆران وتی "لەمۆزیکەکانم زیاتر کە خەڵک حەزی لێیەتی خواردنەکانمە".

گۆران وتی "جیاواز لەکاری مۆزیک، زۆر حەزم لەچێشتلێنانو ڕازاندنەوەی مێزو خواردنە، پێشم خۆشە لەوبوارەشدا خۆمببینمەوە".

# ڕۆژی هەینی لە کوردستان خۆردەگیرێت

**دەستوور:**

سەنتەری فەلەکناسی لەوەزارەتی زانستو تەکنەلۆژیای عێراق ڕایگەیاند: ڕۆژی هەینی خۆرگیرانی ناتەواو لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق ڕوودەدات.

خۆرگیرانەکە لەسەعات ٨:٢٥ دەقیقە بۆ سەعات ١٠:٣٦ دەقیقەی بەیانی بەکاتی بەغدا دەبێتو جگە لەعێراقو هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک وڵاتی تری وەک هیندستانو سریلانکا دەگرێتەوەو نزیکەی (٢٠٪)ی تیرەی خۆر لەئاسمان دادەپۆشێت".

# نازدارو دیار دەرسیم دەبنە پاڵەوان

**پ. دەستوور**

بڕیارە هەردوو گۆرانیبێژ نازدارو دیار دەرسیم بەشداریی لەفیلمێکی سینەماییدا بکەن کە باس لەژیانو کلتوری کوردەواری دەکات.

ژنە دەرهێنەر ڤیان مایی لەشاری دهۆکەوەو لەلێدوانێکی تایبەتدا بەرۆژنامەی دەستووری ڕاگەیاند: پڕۆژەی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی پێشکەش بەوەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان کردووە کە باس لەژیانو کلتوری کوردەواری دەکات، واش بڕیارە گۆرانیبێژان نازدارو دیار دەرسیم وەکو پاڵەوانانی فیلمەکە بەشدارییبکەنو ڕەزامەندیشیان پیشانداوە".


ڤیان مایی دەڵێت دوای دانانی چەند لیژنەیەک بۆ پیاچوونەوە بەو پڕۆژەیەدا ماوەیەکی زۆرە پڕۆژەکەی لەوەزارەت ڕاگیراوەو تاکو ئێستا چاوەڕێی وەڵامە، بەهۆی ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان ناتوانن لەئێستادا پارە بۆ هیچ پڕۆژەیەکی هونەری خەرجبکەن.

ئاشکرایکرد: ناوەڕۆکی فیلمەکەی لەگۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراوە.



# چەند شیعرێکی عەدنان سائیغ

و: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی



* عەدنان سائیغ ساڵی ١٩٥٥ لە کوفە لەدایکبووە.
* زیاتر لەپانزە دیوانی هەیە.
* هەڵبژاردەی شیعرەکانی کراوە بە:سویدی، ئینگلیزی ، فە رە نسی ، هۆڵەندی، ئەڵمانی، نەرویجی، دانیمارکی.
* ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی جیهانیی (هیلمان هامیت)ی بەدەستهێناوە.
* ساڵی ١٩٩٧ خەڵاتی (فیستیڤاڵی جیهانیی شیعری بەدەستهێناوە.
* ئێستا لە لەندەن دەژی.

**دەربارەی عەدنان سائیغ وتویانە:**

١- عەدنان سائیغ شاعیرێکە خەواڵووانە گوێی لێدەگری‌و لەنێوان سەدەها دەنگی زۆربڵێدا جیایدەکەیتەوە، شیعر ئەمڕۆ زۆرە، بەڵام ئەوەی شایانی ئەوەیە بیبیستی زۆرکەمە، شیعری عەدنان لەو کەمانەیە.
(جەبرا ئیبراهیم جەبرا)

٢- شاعیرێکی سەرسوڕهێنەرە، ساکارو شیرین‌و قووڵە، جیایە لەو زۆرەی کە کۆپی یەکدی دەکەنەوە.
(لارا العمری)

## شەونخونی

وەختێک چەکمەجەکانی شەوی پشکنی‌و
هیچی نەدۆزییەوە
تەڵە شقارتەیەکی داگیرساند
بەهێواشی خۆی، بەتامەوە دەکێشا
وردە وردە
لەهەوری دوکەڵدا ونئەبوو.

## سەربەستی

پێش ئەوەی وێنەی قەفەزەکە تەواوکات
چۆلەکە
لەتابلۆکە فڕی.

## گەڕان

هەموو دنیا گەڕا
بەڵام نەگەیشت
بەخۆی.

## بێداری

بێداری
کلیلی ژورەکەی لەسەر مێزەکەم
بیرچوو
ئاخۆ
ئەم شەو لەکوێ بنوێ؟!

## خەنجەر

ئەو خەنجەرانەی
لەدواوە لێمدران
بەرەو پێشەوەیان بردم.

## کون

گوللەیەکی وێڵ
خەوەکەی کونکرد
بەسەر جێگەکەیدا
خوێنی خەونە دڕاوەکانی
بەربووەوە.

## مەستی

رووناکیی مەیخانەکە
خامۆشبووەوە
هەروەها دنیایش
بەڵام پیاوە مەستەکە
بەدوای تەنها هۆکارێکدا دەگەڕا
بیگەیەنێتە...بەماڵ.

## شیعری دەریایی

چیمە بەدوای دەریادا دەگەڕێم
کەچی لەنێوان پەنجەکانمدایە
مەبەستم: قژەکەتە.
کەدەریا ئەمڕۆ نەیبینیم
ناونیشانەکەی خۆی بۆ دانابووم
و رۆیشت
(شینایی چاوەکانت)
ئەم هەموو شۆڕشانەی
کە دەریا بەرپایان دەکات
و کەسیش نایگرێت!



# باوکە پێی وتم:...

پەری کەریمی نیا



باوکە دەڵێ خۆشتم دەوێی و من قاقا پێ دەکەنم و دەڵێم باوک کچی خۆی خۆش نەوێ ئەی کێی خۆش بوێ؟ وتی ئەگەر لە سەفەر بێمەوە کچی باوکی خۆی چیت بۆ بێنم وتم چیت پێ جوان بوو من پیم جوانە. وام هەست کرد چاوی بڕییە شوێنێک و وتی: من بەس تۆم پێ جوانە .دەنگم بەرز کردەوە و وتم:باوکە ئەوە خۆ نابێتە هەدیە من هەدیەم دەوێت من هەدیەم دەوێت. لە سەرەخۆ وتی: باشە باشە توورە مەبە دەچمە بازار چیم پێ جوان بوو بۆتی دێنم. وتی راستی ئەی ئەوەی خۆشتم دەوێ شەراب دەخۆی بۆت بێنم شەرابی فەرەنسە شرابە لە کیست دەچێت؟ لچم هەڵقوورتاند و چاوم توونر توونر گووشی وتی: باشە باشە حەتم دەڵێت لای خۆمان هەیە. هەر ئێستا کە قسە کردنەکەمان تەواو بوو دەچمە سوپێرمارکێتەکە و قسەم پێ بڕی باوکە باوکە کۆترێک هاتە سەر گوێسەبانەکە باوکە باوکە کۆترە باریکەیە ئاخێکی هەڵکێشا: بریا ئەو کۆترە من دەبوم لە سەر گویسەبانی ژوورەکەت دا دەنیشتمەوە وتم: باوکە هێواش هێواش هەر کەس بیبیسێت لێرە دەنیشیتەوە گوێم هەڵدەقەنێت. وتی:من ناوم هەیە خۆزگە تۆ جارێک بە ناوی خۆت بانگت دەکردم تاکەی ئەم رۆڵە دەگێری . هیچم نەوت. ویستم بڵێم:... هەر چییەکم کرد ناوی نەهاتە سەر زمانم دەتکوت ناویم لە بیر چووەتەوە و یا هەر لە بنەڕەتدا ناوی نەبوو راستی باوکە بە چی بانگیان دەکرد نانا ئەو هەر ناوی باوکە بوو پێم وت:باوکە دەزانی من دەزگیرانێکم بوو هەر بە کۆتر بانگی دەکردم. دەنگی هەڵبڕی هات بڵێ: نەم هێشت هیچ بڵێ وتم: باوکە تۆ لەم من دڵ پیسی ئەم جار مات نەبوو

وتی: دەنکە هەنار ئەو شەو لە خەوم دا گونات نووساندبوو بە گۆنامەوە هەڵمدایە: نەکا باوکە ماچیشت کردبێتم وتی: ئۆف بریا ماچم نەدەکردی بە قاقاوە وتم:نەکا باوکە بڵێی ماچ لێکمان دوور دەخاتەوە .چاوی چاو تروکاندێک وتی: وێڵکە راستی لەو دوا وێنەوە کە دیومە هیچ گۆڕاویت چاوت هەر وا کە لە وێنەکە دا دیارە ماڵ و مینەکەم تەڕە وتم باوکە بەخوا نەگریاوم وتی: دنیاکەم وتم رەنگە بۆ من دڵت تەنگ بووبێت و گریا بیت وتم: من و دڵتەنگی؟ هەموو شەوێک قسەت لە گەڵ دەکەم دەنگت دەبیسم هەناسەکانت دی بە روومدا بەس چاوت نابینم کە ئەویش کە هاتیتەوە چاوت لە گەڵ خۆت بێنەوە نەیهێشت قسەکەم بکەم: خۆشەویستم لێرە کە دەچمە دەروە هەموو رۆژێک دەتبینم چاوە قاوەوییە تەڕەکەت ها لە ناو چاوی ئەو کچەی وا دەچم شەرابی لێ

دەکڕم بڕوا بکە دەنکە هەنار دەمە نوقڵییەکەیشت رۆژێک لە ناو دەمی کوڕێکی رەشدا بینم خۆم هەڵگووشی و بە خێرایی بەلایان دا تێپەڕیم و هەر سەیرم نەکردنەوە:وتم: باوکە ئەها دڵت پیسە. دەنگی زۆر هەڵبڕی قەت وا نەبوو: من دڵم پیس نییە نامهەوێ خوو بگرم بە نەدیتن و بە نەبیستن من خۆم لانادەم لە خۆشەویستیت . لە هەموو دونیات دەستێنمەوە.

پێم بڕی: دە باوکە تۆش جارێک بڵێ:کچم وتی: ئاخ: زوو وتم چی بوو: وتی لێو خۆم زۆر بە توندی گەست خۆشەویستم. وتم: منیش لە داخا ئیتر پێت ناڵێم باوکە تۆ باوکێکی خراپی خراپی خراپی باوکە. دەنگی پێکەنینی وای کرد گوێم هەندێک بکشێنمەوە: خۆ وتت ناڵێم باوکە ئەی بۆ وتت. دەمووچاوم سوور هەڵگرا گەرمییەک هاتە لێومەوە تەقەتەقێک چاومی برد بۆ لای

پەنجەرەکە:باوکە باوکە باران خۆی دەساوێت لە پەنجەرەکەم باوکە باوکە باران بانگم دەگات خۆمی بەر دەم. بە ئەسپایی دەنگی دەرهات: بۆنی بارانی پەنجەرەکەت بکە رەهایی خۆم و خۆت وتم: باوکە رەها ناوی کێیە وا لە دەمت ترازا: وتی دەنکە هەنار کەم خۆت گێل بکە دەزانم چاک دەزانی چی دەڵێم چاک دەزانی لێرەوە لەم قووڵاییی دنیاوە لەم شارەی کە بەفر بەردەوام تیددەهاڵێت باسی چی دەکەم تۆنی دەنگم هەندێ گۆڕاند: با باسی ئەوە نەکەین ناتوانم بەو شیوەی کە دەڵێی بتشوبهێنم. پەنجەرەکە لە پڕ کرایەوە باران هاتە سەر شانم چووم بە پەلە پەنجەرەکەم پێوەدا دا سەیری کریانی ئاسمانم کرد: فیلەکانیش هەندێک جار دەگرین بیرم کەوتە کە ئەو جارە وای وت وتم من پێم خوش نییە فیل بم من بەچکە فیلم وتی: ئەوە گریانی منە شانتی خووساند. سەر شانم نەسڕی با ئەو گریانە بە رەهایی بە سەر شان و ملم دا داخورێت: گوێم لە ناوی خۆم بوو: وتم بەڵێ وتی: بە تەمام ئەوەی هەر خۆتی لێ گێل دەکەی بەم تاریکی لای منەو و رۆژەی لای تۆوە بیلێم. دەنگی قرتە قرتی کیبۆردەکەی دەگەیشتە لام بە حوجەتەوە پەنجەی بە دوگمەکاندا دەنا بە هەر پەنجەیەک کە بە دوگمەکانی دا دەنا شوێن پەنجەیەک لە لەشم دا دروست دەبوو شوێن پەنجەکانم بۆ نەدەهۆنرایەوە لێزمەی باران زۆری بۆ سەربان هێنابوو قرتە قرتی دوگمەکان بە حوجەتتر بوو گوێچکەم گرت قرتە قرتەکە دەنگێک لە سەر ئەندامم چێ نەکات باران جێ نەمابوو لە سەر لەشم داینەپوشێت قرتەکە بڕا سێندی کرد: دەنکە هەنار زیاتر لە خۆشەویستی عاشقتم. عاشقتم . عاشق.

سوەیل تەواوی شتەکە ئەوە بوو کە بۆم گێڕایەوە. تۆ بیت چی دەکەی؟


# چیرۆکی کۆن

جەیمز کێلمەن

ئەم کچە بۆ ماوەیەکی زۆر خەمۆک بوو، کە وایە دەبا بمانزانیبا چ بووە، بەڵام نەمانزانی، مرۆڤ خۆ هەموو کات هەموو شت بە چاو نابینێ، ئەم هەمووە لە ماڵەوە دادەنیشێ، سەرەنجام گێژو وێژ دەبی‌و کاسەی چی بکەم دەگرێتە دەست، تێ ناگەی، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ منداڵێکدا رووبەڕوو بیت، بەتایبەت منداڵ، سەرەنجام دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەو منداڵ نییە، ژنێکی گەورەیەو خاتوونێکە بۆ خۆی، حەز ناکەم ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە.

تۆ نابێ وا قسە بکەی، چیرۆک بۆ ئەوەیە بگێڕدرێتەوە.
چاک دەزانم، دەزانم چی ئەڵێی.
زۆر باشە.
بەڵام چیرۆکەکەی تۆ ئەرێ
دەربارەی کچە خزمەتکارێکە، مەگەر وانییە؟ بە بۆنەی کوڕەکەی دەزگیرانییەوە تووشی خەمۆکی بووە، وایە؟
نامەوێ بیگێڕمەوە.
دەبێ بیگێڕیتەوە، دەبێ، مەگەر ئەوەی هیچ چیرۆکێ لە ئارادا نەبێت.
خوا نەکات. چیرۆک هەیە، ئەویش چ چیرۆکێک.

و: مستەفا زاهیدی



جەیمز کێلمەن نووسەری سکۆتلەندی ساڵی ١٩٤٦ لە دایکبووەو تائێستا چەندین رۆمان‌و کۆمەڵە چیرۆکی چاپ‌و بڵاوکردووەتەوە. جارێک پاڵێوراوی خەڵاتی بۆکێر بووە.

www.archiveKurd.org

# "بـــوون"ی رەســـەن

## لـەنێوان خـوێنەری "نموونـەیی/ عــەدەمی"

## "خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی بوون لە شیعری مەحوی"دا

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا
بەشی دووەم کۆتایی

**دەرنەکەوتنی خوێنەری "عەدەمی"**

ئەگەرچی قسەکردن لە (عەدەم- نەهلیستی) بەرەو کۆمەڵێک ئیشکالیەتی فیکری و فەلسەفیمان دەکاتەوە، بەڵام بەگشتی هەوڵدەدەین لێرەدا بکەوینە سەر ریتمێکی (نیچە) بیانە، نەک بەمانای نەبوون بەرانبەر بوون.. چونکە (نیچە) دەڵێت: ئەوە ناکاملی مرۆڤەکانە کە بیانەوێت بوونی خۆیان بکەنە مانا و پێوەری هەموو شتێک، بڕواکردن بە گوتەزای عەقڵیش هۆی سەرەکی نەهلیزمە. بەو مانایەش نەهلیزم کار لەسەر تێپەڕاندنی بەهاکان دەکات و هەموو حەقیقەتێکی جێگیر رەتدەکاتەوە.

هەڵبەتە عەدەمیەت بەر لە (سوقرات)ەوە بۆ (گۆرگیاس)و (بووزیەت) دەگەڕێتەوە، هەروەها وشەی نەهلیستییەت (تۆرگینێف)ی رووسی دایهێناوە، گوزارشت لە حاڵەتی گومانی رەها دەکاتو وەک بەرزترین ئامانج پشت بەوێرانکردنی بەرفراوانو تەواو دەبەستێ، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ئاینزایی کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی رووسیایی بووە بە دژی (قەیسەر)و هەوڵیانداوە تەواوی دامودەزگاکان لەرێگەی هەوڵی تیرۆرستانەوە وێران بکەن.

لێرەدا لە پرسیاری ئایا نەفیکردن و (نا) ئەو دیاریکردنە باڵایەن کە (عەدەم) وەک جۆرێکی تایبەتی دەخەنە روو، یان بە پێچەوانەوە نەفیکردن و نا لەسەر عەدەم وەستاون؟ بەلای (هایدگەر) عەدەم زۆر لە نەفیکردن و نا رەسەنترە. کەواتە توانای نەفیکردن بەو پێیەی بەرهەمی تێگەیشتنە و خودی تواناکانی تێگەیشتن، بەجۆرێک لەجۆرەکان لەسەر عەدەم رادەوەستن. بەڵام ئایا پرسیارکردن لە عەدەم لەکۆی ئەو ئاوێتەبوون و نێودژییە و بەبێ پێشبینیکردن و وێناکردنێکی پێشوەختانە چۆن دەنووسینەوە؟ هەڵبەتە لەباشترین باردا بۆ دەرککردن بە عەدەم دەتوانین وەک بیرۆکەیەک وێنای هەمەکییەتی مەوجود بکەین و پاشان هەر لە بیرکردنەوەماندا ئەوەی کە وەک هەمەکییەتی مەوجود وێنامان کردووە نەفی بکەین و وەک نەفیکراوێک بیخەینە روو، لێرەدا دەگەینە چەمکێکی شکلی (عەدەم)ی وێناکراو، نەک خودی عەدەم، چونکە هەرگیز ناگەینە خودی عەدەم.. ئێمە لە دەرەوەی خۆماندا بۆ عەدەم دەگەڕێین و دەمانەوێت لە دەرەوە دەرکی پێبکەین و بزانین چییە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێیدەگەین عەدەمێکە لەنێو خۆماندایە. بە مانایەکی دیکە دەشێ وەک حاڵەتێک تەماشای ئەو دەرککردنە بکەین و لە بارگەیەکی هەستی هەڵیگرینەوە، ئەو بارگە هەستییە لەبنەڕەتدا بە (قەلەق)ەوە بەندە، بەڵام بێگومان لێرەدا قەلەق ئەو شڵەژانە ئاساییە نییە کە لەرێگەی ترسەوە باڵ بەسەرماندا دەکێشێت، بەڵکو زۆر بە قوڵی لە ترس جیاوازە، چونکە ترس هۆی دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام ئەستەمە سەرچاوەی قەلەق دیاری بکەین. لە قەلەقدا مرۆڤ لەبارێکدایە هەست بە تەنگ پێهەڵچنین دەکات، وەک ئەوەی لە بۆشاییدا بین و لە هیچ لایەک شتێک نەما بێت دەستی پێبگرین.

بەمجۆرە ئەگەرچی قەلەق پرۆسەی وێناکردنی عەدەم نییە، بەڵام قەلەق وا لە هەمەکییەتی مەوجود دەکات بکشێتەوەو لە دەستمان دەرچێت. واتە دەمانخاتە بەرانبەر دازاینی رەسەنی خۆمانەوەو (دازاین)مان بۆ ئاشکرا دەکات. بەمجۆرە قەلەق عەدەم ئاشکرا دەکات، ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە بۆ گوتەزاکەی (بارت) بگەڕێینەوە بەوەی کە بوونی دەق بایی مەرگی دانەرە. ئەوە دەشێ بڵێین دەق ئەو قەلەقەیە کە نەبوونی دانەر ئاشکرا دەکات، کاتێکیش دەق بە قەلەق یەکسان دەکەین بەو مانایە دێ کە لە حاڵەتی نووسینی دەق جۆرە ئارامییەکی تایبەت داماندەگرێت، لەلایەکی دیکە هەر لەسەر ئەو بنەمایە وەک چۆن سەرچاوەی قەلەق دیار نییە، دەقی ئیبداعیش ئەو دەقەیە کە ئەستەمە بتوانین بە تەواوی سەرچاوەکانی دیاری بکەین، نەک بەو مانایەی کە دەقی ئیبداعی پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەکان دەپچڕێنێ، بەڵکو بەو مانایەی کە پەیوەندییەکی نوێ دادەمەزرێنێ و لەو شتانە دەکشێتەوە کە توانای پەیڕەوکردنی ئەو پەیوەندییەیان نییە.

ئەگەر دەقی ئیبداعی هەستی تەنگ پێهەڵچنین ئاشکرا بکات و ئەو هەستەش بەمانا (بارت)ییەکەی نەبوونی دانەر بگەیەنێت. کەواتە دەقی ئیبداعی عەدەم ئاشکرا دەکات، بەو مانایەش بوونێکە لە میانی مەوجودی بەرچاو دەردەکەوێت، لەکۆی ئەو قسەکردنەش دەشێ بڵێین بەبێ ئیبداع ناشێ قسە لەو بوونە بکەین، واتە ئەگەر مێژووی بوونی مرۆیی وەک "هایدگەر" دەڵێ لەو کاتەوە دەستپێبکات کە قەلەق دەبێت و قەلەقیش عەدەم ئاشکرا بکات، ئەوە عەدەمییەت ئەو داهێنانەیە کە تەعبیر لە وزەو چالاکییە خودییەکانی تاکی ویستگەرا دەکات، واتە کۆمەڵێک رووتکردنەوەو رەتکردنەوەی نێگەتیفە و داوای ئامادەگییەکی نێگەتیفانە لەبەرانبەر ئەو مەوجودە بەرچاوە دەکات.

دکتۆر محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا لەبارەی سەیرکردنی "مەحوی" بۆ دنیا دەڵێت: مەحوی پێیوایە ئەگەر مرۆڤ لەبوونی رەسەن و مرۆڤانەی خۆی دابڕێ، ئەوە روو لە دنیا و بەدەستهێنانی شتی دنیایی دەکات، لای مەحوی دنیا هیچە، لەو هیچتریش ئێمەین کە لەسەر هیچ شەڕ دەکەین.. بەڵام وەک گوتمان



عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

> خوێندنەوە جێبەجێکردنی کردەیەکی دیکەی ئیبداعییانەیەو بەپێی توانای خوێنەری جیاواز و زەمەنی جیاواز گۆڕانی بەسەردا دێت

ئەرکی مرۆڤی داهێنەر ئەوەیە لە پێناو پارچە پارچەکردن و راماڵینی تەواوی دامودەزگا تەقلیدی و بەها لەکارکەوتوو و بێزارکەرو بۆگەنەکان رابێتەوە، بەو مانایەش ئیبداع لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە هەنگاو دەنێ و هەر لەوێشەوە زنجیرەی وشەکان لەیەک دەترازێن و بەخاوەنبوون بوونی نامێنێ، تەنها ئیبداع دەمێنێتەوە.. هەمیشە ئەوە ئیبداعە تەواوی جیاوازییەکان لەخۆ دەگرێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پەیوەندی دەقی ئیبداعی بە خوێنەرانەوە لەسەر قبوڵکردنی خوێندنەوەی جیاواز خۆی نمایان دەکات.

کەواتە خوێندنەوە جێبەجێکردنی کردەیەکی دیکەی ئیبداعییانەیەو بەپێی توانای خوێنەری جیاواز و زەمەنی جیاواز گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر لەبەر هەندێش (ئیکۆ) پێویستی بە خوێنەرێکە کە بە هەمان ئەزموونی نووسەردا بڕوات، لەسەر ئەو بنەمایە ئەگەر دەرکەوتنی عەدەمی وێناکراو لای مەحوی ئیبداع بنوێنێ ئەوە پڕکردنەوەی ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان دەق و خوێنەر پێویستی بەو پردە نییە کە بە رابردوومان دەبەستێتەوە، بەڵکو ئەوە تەنگ پێهەڵچنینی دەقە کە ئاراستەکانی خوێندنەوە دیاری دەکات، ئەو تەنگ پێهەڵچنینە کە خەیاڵی خوێنەری لەسەر دادەمەزرێ و لەوێوە پەنجەرەیەکی دیکە بەرووی دەقدا دەکاتەوە، بەو مانایەش خوێندنەوە پێویستی بە قەلەقی خوێنەرەوە هەیە. ئەوەش لەسەرتێکەڵبوونی ساتەوەختی خوێندنەوە دێتە ئاراوە، یان لەسەر توانای تێگەیشتن کەوا دەکات نەفیکردن و "نا" هەبن، (ئەو نەفیکردنەی لەساتەوەختی خوێندنەوەدا دێتە دی، تێگەیشتنە). بە مانایەکی دیکە خوێنەری داهێنەر ئەو خوێنەرەیە کە لەساتەوەختی خوێندنەوەدا وامان لێدەکات مۆڵەق بین، یان تەنگمان پێهەڵدەچنێ.. هەڵبەتە ئەوە رەتکردنەوەی هەمەکییەتی مەوجود نییە، بەڵکو کردارێکی ئیبداعییە. کەواتە ئەگەر خوێنەر لە بەرانبەر دەقی ئیبداعی دووچاری قەلەق نەبێ ناتوانێت بەشداری لە کردەی ئیبداعی دەقدا بکات. بە مانایەکی دیکە ناتوانێ لە بواری بە پاشکۆبوونی دەق بەرەو بواری کەشفکردن و داهێنان هەنگاو بنێت. دەمەوێت بڵێم ئەوەی (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا) لەو خوێندنەوەیەدا بە ئەنجامی گەیاندووە جگە لەوەی بەپێی جیاوازی قۆناغەکانی پێشوو هەوڵی بە جولەخستنی مانای لە دەرەوەی شاعیر داوەو توانیوویەتی بوارێکی دیکە بۆ تێگەیشتن بکاتەوە، یان جولەیەک لەنێوان تەفسیر و تێگەیشتن بە ئەنجام بگەیەنێت، هەر لەوێوەش تەعبیر لە مێژووی ئەدەب بکات. واتە توانیوویەتی پرۆسەیەکی دیالۆگئامێزانە لەنێوان دەق و وەرگر درووست بکات و جۆرێک بێ لە پڕکردنەوەی مەسافەی نێوان مەعریفەی ئیستێتیکی و مەعریفەی مێژوویی.. لەوێشەوە راستەوخۆ پەیوەندی بە باکگراوەندی رۆشنبیریی خوێنەرەوە بکات و ئاسۆی تێگەیشتنی پێشووی دابڕێتەوە و لەسەر چاوەڕوانییەکانی خوێنەر راست بێتەوە.

بەڵام دەمەوێ لەلایەکی دیکە بڵێم نەیتوانییوە سپێتی دەق و وسبەلێکراوەکانی بە شێوەیەک پڕ بکاتەوە، شێوەیەک کە لەساتەوەختی بەریەککەوتندا دێتە ئاراوە، بە مانایەکی دیکە لە پرۆسەی خوێندنەوەی "مەحوی"دا دەق دووچاری قەلەقی نەکردووە، بەڵکو ئەو خوێندنەوەیە تەنها هۆیەکە بۆ بەبیرهێنانەوە.. ئەگەر بەشێکی ئەو پەیوەندیگرتنەی دکتۆر بۆ کۆی ئەو پێناسانەی پێشوو بگەڕێتەوە کە دەوروبەری "مەحوی" داوە، ئەوە بەشێکی راستەوخۆ تەعبیر لە باکگراوەندی رۆشنبیریی خوێنەر دەکات، لەنێوان باکگراوەندی رۆشنبیریی ئەو خوێندنەوەیەو پێناسە داڕێژراوەکانی پێشوو دەقی "مەحوی" وەک لایەنە ئیستێتیکی و هونەرییەکەی ونبووە، بەو مانایەش ئەو خوێندنەوەیەی دکتۆر ئەوەندەی لەسەر بەرهەمهێنانی ماناو مەدلوول کار دەکات، ئەوەندە لە هونەری جوانگوتن و چێژ و بەرزڕاگرتنی ئاستی زمان و خزینی ماناو وسبەلێکراوەکان دوور دەکەوێتەوە. دەمەوێت بڵێم ئەوەندەی پێناسەکانی پێشوو.. تەرەسوباتەکانی دەوروبەری دەقی مەحوی، مەعریفەی مێژوویی.. ئاراستەی خوێندنەوەکەی دکتۆر دیاری دەکات، ئەوەندە دکتۆر لەساتەوەختی خوێندنەوەو تەنگ پێهەڵچنینی دەق دوور دەکەوێتەوە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

- شایگان، داریوش، ئاسیا لە بەرانبەر خۆرئاوادا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شۆڕش جوانرۆیی و مامەند رۆژە، چ١، وەزارەتی رۆشنبیریی بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٣١.
- ە.س.پ. ل٣٢
- لێرەدا عەدەم بریتییە لە نەفیکردنێکی تەواوی هەمەکییەتی مەوجود.. هەڵبەتە دەبێ هەمەکییەتی مەوجود پێدراوێک بێت تا بتوانین رووبەرووی نەفیکردن بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەم نەفیکردنەدا خودی خۆی دەربخات واتە بەپێی ئەو پێناسە گشتییەی عەدەم مرۆڤ هەموو شتەکانی دەرەوەی خۆی بە مرۆڤەکانی تر و گیاندارو بەردو زەوی و ئاسمان تەنانەت هەموو گەردوونیش نەفیدەکات و بەمە دەگاتە عەدەم. بێگومان ئەستەمە بتوانرێت ئەو نەفیکردنەی هەمەکییەتی مەوجود ئەنجام بدرێت چونکە ئێمەی مرۆڤ بەو پێیەی کائنێکی کۆتاییدارین، چۆن دەتوانین بە هەمەکییەتی مەوجود بگەین و پاشان نەفیی بکەین؟ .. گومان لەوەدا نییە کە ئێمە هەرگیز ناتوانین بەشێوەیەکی رەها دەرک بە هەمەکییەتی مەوجود بکەین لەخۆیدا، هەروەها لەوەش دڵنیاین بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناو جەرگەی (هەمەکییەتی مەوجود)داین. لێرەدا جیاوازییەکی ریشەیی هەیە لەنێوان ئەوەی دەرک بە (هەمەکییەتی مەوجود) بکەین لە خۆیدا، لەگەڵ ئەوەی دەرک بە خۆمان بکەین لە ناو (هەمەکییەتی مەوجود)دا. حاڵەتی یەکەم بەشێوەیەکی سەرەتایی ئەستەمە، بەڵام حاڵەتی دووەم رووداوێکی بەردەوامی رۆژانەیی (دازاین)مانە. واتە ئێمەی مرۆڤ لە چاو زەمین و ئاسمان و گەردووندا پنتێکی زۆر بچوک و سنووردارین، بۆیە بەم بچوکی و سنووردارییەی خۆمانەوە کە لە بەشێکی ئەم گەردوونەداین و بەو بەشەوە حەریکبووین و تێیدا رۆچووین، هەرگیز ناتوانین پەی بە هەمەکییەتی مەوجود، واتە پەی بە دنیاو گەردوون ببەین، چ جای ئەوەی بێین نەفی بکەین، بۆ ئەوەی بە (عەدەم) بگەین، واتە لە واقیعدا و لەرووی پراکتیکییەوە نەفیکردنی (هەمەکییەتی مەوجود) کارێکی ئەستەمەو مرۆڤ ناتوانێت ئەنجامی بدات. بڕوانە : د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، بوون لە شیعری "مەحوی"دا، چاپخانەی تیشک- سلێمانی، چ١، ل١٣٠.
- دازاین واتە (بوون-لێرە) یان بوون لە عالەمدا، ئەو زاراوەیە لای "هایدگەر" واتایەکی دوو لایەنە دەگەیەنێت: لە لایەک بەمانای مەوجودی مرۆیی بەرچاو دێت، لەلایەکی دیکەوە بە مانای ئەو بوونەی مرۆڤ دێت کە لە میانەی ئەو مەوجودە بەرچاو دەکەوێتو دەبینرێت. بڕوانە: د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا، بوون لە شیعری... ل١٦،١٥.

تێبینی: ئەووتارە لە ٢٠٠٩/١٠/١٠ پێداچوونەوەی بۆ کراوە.

# ساڵڕۆژی مەرگی ئالبێر کامۆ

ئا: هیوا سدیق

ئالبێر کامۆ نووسەری فەرەنسایی، رۆژی چواری جونیوێری ١٩٦٠ لەرووداوێکی هاتوچۆ لەباشوری فەرەنسا ماڵئاوایی لەژیان کرد، مردنی هیچ ماناو لۆژیکێکی نەبوو و تەواو "بێ مانا" بوو، کامۆ هێشتا گەنج بوو و پڕ لەوزەی ژیانو حەزی لەسواربوونی سەیارە نەبوو، تەنانەت رۆژی پێشتریش بلیتی شەمەندەفەری بۆ پاریس کڕیبوو، داواکاری هاوڕێکەی وای لێکرد بەئۆتۆمبێل بڕوات بۆ پاریس. لەو دوانیوەڕۆ بارانییەدا ئۆتۆمبێلەکە لەسەر جادەکە خلیسکاو وەرگەڕا، لەو چوار کەسەی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بوون کامۆ دەستبەجێ مرد.

کامۆ لە دواییینو رەنگە بکرێ بڵێین باشترین بەرهەمیدا بە ناو "یەکەمین مرۆڤ" کە ٣٥ ساڵ دوای مەرگی بڵاو بۆوە، ژیانی کەسێک دەگێڕێتەوە، کە بڕیاری داوە بەئازادی بژی. هەموو ژیانی کامۆ بەجۆرێ ململانێیە لەگەڵ "جەبری چارەنووس"، بۆ بەدیهاتنی ئازادی، کامۆ لەکتێبی "ئەفسانەی سێزیف"دا دەنووسێت :" هیچ چارەنووسێک نییە کە نەکرێ بە سەریدا زاڵ بیت."

**کوڕی باشور:** ئالبێر کامۆ رۆژی ٧ی نۆڤامبەری ١٩١٣ لەبنەماڵەیەکی هەژار لمۆندووی (ئەلجەزایر) لەدایکبوو، یازدە مانگان بوو کە باوکی لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤) کوژرا، دایکی ژنێکی نەخوێندەوارو بەئەسڵ ئیسپانیایی بوو، منداڵەکانی بە دژواری بەخێودەکرد. کامۆ دەستیکرد بەخوێندنی فەلسەفە، بەڵام بەهۆی نەخۆشی (سیل)ەوە نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدات.

لەماوەی جەنگی جیهانی دووهەمدا (سەرەتای دەیەی ١٩٤٠) بۆ دابینکردنی ژیان روویکردە وڵاتی فەرەنسا، دواترلەپاریس نیشتەجێبوو، خۆشەویستی باشور، عەشق بۆ تیشکو هەتاو و زەوی گەرم، بۆ تا هەتایە لەدەرونی کامۆدا مایەوەو گوڕو تینی دەبەخشی بەکارەکانی.

لەماوەی داگیرکردنی فەرەنسادا، بوو بەئەندامی یەکێک لەگروپەکانی "بزووتنەوەی بەرگری" کە ناوی ئەو گرووپە (کۆمبا)، ئەم گروپە پێکهاتبوو لەو چەپانەی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا نەبوون، ساڵێک دواتر کامۆ بوو بەسەرنووسەری بڵاوکراوەی ئەم گروپە کە بەشێوەی نهێنیو شاراوە چاپ دەبوو. کامۆ ساڵی ١٩٤٢ دوو بەرهەمی بڵاوکردەوە کە بریتی بوون لە"ئەفسانەی سێزیف"و رۆمانی "بێگانە".

کامۆ ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی نوبڵی ئەدەبی بردەوە. کامۆ لەتەمەنی ٤٤ ساڵیدا ئەم خەڵاتەی وەرگرتو گەنجترین نووسەرە کە ئەم خەڵاتەی پێ بەخشرابێت.

www.arsivakurd.org

# وەرگێڕانی بریندار لەسەر دەستی سەلەفییەتی مۆدێرن

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
بەشی چوارەمو کۆتایی

لەلایەکی دیکەوە باسی ئەو ناپوختەییەی وەرگێڕان وئاستنزمی وەرگێڕ بکەم کە بە چەشنێکی تر لە ئارادایە، دەستێوەردانو خۆداسەپاندنی وەرگێڕ لەنێو دەقـی زمانـی سەرەکییدا کێشەیەکی دیکەیە کە بەردەوام لەبەرهەمە وەرگێڕدراوەکاندا دەیانبینین، لە بەرئەوەی وەرگێڕ بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر دەقدا نییەو بە هیچ کلۆجێک شارەزای ئەو زمانەش نییە کە دەقی سەرەکیی پێ نووسراوە، واتا گرنگترین گرفتو چەوتیی وەرگێڕانەکانی خانەی ئەدەبی کوردیی، دێت هەرەمەکی دەست دەبا بۆ گۆڕینی ناوەڕۆکی دەقی سەرەکیو بەویستی خۆی کەمو زیادی دەکا، تا ئێستاش ئەم بیرە سەلەفیو چەقبەستووە بەوەی نەزانیوە کە وەرگێڕان نە ئافڕاندنەو نە ئافراندنەوە، بەڵام رەنگبێ بتوانین پێی بڵێین جێنشین کردنی داهێنان، ئەم چەشنە وەرگێڕکارانە لەبیریان چۆتەوە یان هیچ پاشخانێکی فکریی یارمەتیدەریان نییە کە جێ گۆڕکێ یان سڕینەوەی واتاو رستەو جاری واش زۆر لەوە زیاتر بەشێکی دەق، چییەتی بەرهەمەکە دەگۆڕێ، ئەگەر واشبێ پرسێکی دیکە دەورووژێو دێتە ئاراوە کە بەهیچ شێوەیەک قەت بەرهەمێکی ئەوتۆ ناچێتە خانەی وەرگێڕانەوە بەڵکو وەرگرتن یان ئامادەکردن دەبێ.

ئەم جۆرە ناشارەزاییە وێرانکارە وایکردووە وەرگێڕی قامووسی سەرهەڵبدا، واتا زاڵنەبوون بەسەر زمانی دەقی سەرەکیو هەروەها ئەو زمانەی وەرگێڕانەکەی تێدا روودەدا، وەرگێڕ پشت بە قاموس دەبەستێ کە لەقاموسدا هەروەک دەزانین واتای رووتی وشەو زاراوەکان خۆ بەدەستەوە دەدەن، درکی بۆ نموونە ئەدەبیات بۆ وەرگێڕی راستەقینە پێش رۆڵ گێڕانی قاموس ئامادەیە، وەرگێڕی قاموسیی ئەگەر پەنا دەباتە قاموس بەڕاشکاوی دەڵێم کە قاموسەکانی ئامادەکراو لە هەر زمانێکەوە بۆ سەر زمانی کوردی (مەبەستم قاموسی دوو زمانەی فارسی — کوردی یە کە من پێی شارەزامو ئاگام لێیەتی) هەر وەک دەقە نوسراوە بەناو داهێنانەکانمان ئەو ئامادەییان نییە متمانەیان پێ بکرێو لانیکەم سەرەتاییترین پێداویستییە مانابییەکان جێبەجێ بکەن، لێرەدا بۆ نموونەش بێ ئاماژە بە قاموسێک دەکەم کە فارسی — کوردی یە، لەم چەند ساڵەی دواییدا قاموسێک بە ناوی فەرهەنگی کاروانی ئامادە کراوە کە بە داخەوە ئەمەش بێبەریی نییە لە هەڵەی زەقو بەرچاو، ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەم فەرهەنگە تا ئەو جێیەی من ئاگام لێیەتی خۆی لە چاپی سێیەم داوەو بووەتە سەرچاوەیەکی ناوازە! بۆ خوێنەری کوردی زمان، بڵێی ئەو وەرگێڕانەی بە پاڵپشتی ئەو چەشنە قاموسەوە ئەنجام دەدرێ چ دیاردەیەکی دیکە بە ناوی وەرگێڕانی دەقی سەرەکی دروست بکا؟ وەرگێڕی کوردیی بەو فکرە سەلەفییەی کە لەپاشخانی مێشکی خۆیدا حەشاری داوە بە بێ هیچ سڵ کردنێک کارەساتو تاوانێکی زەبەروەشێن ئاراستەی زمانو ئەدەبی نەتەوەکەی دەکا.

هەروەها برینداربوونی کلتوری ئێمە هۆکارێکی دیکەیە کە وایکردووە ئەو بیرەی هانمان دەدا بۆ وەرگێڕان کارەساتاویو جەرگبڕتر بێ، تێکەڵ پێکەڵیو چەواشەکاریی لە دەقی وەرگێڕدراودا بەردەوام زمانو ئەدەبی کوردیی تووشی هێڵنج دان دەکەن، بە واتایەکی دیکە ئەم چەشنە جووڵانەش کە وەرگێڕان بێ دەتوانم بڵێم جیهانی سێیەمین، کتێبی گرنگو بەنرخی تیۆریی "قوتابخانە ئەدەبییەکان"ە کە وەرگێڕانەکەی ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانییەوە بڵاوبۆوە، بەداخەوە وەرگێڕی ئەم کتێبەش درکی بابەتیانەی بەشێکی زۆری کتێبەکەی نەبووە، وەرگێڕی بەرهەمی ناوبراو کە بەکەسێکی بەئەزموونی نێو گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیی ناوزەد کراوە، چەند بەشێکی گرنگی کتێبەکەی بە هەوای کەیفی خۆی قرتاندووە، ئەمە سەرەڕای رێژەیەکی زۆر هەڵەی وەرگێڕانی قامووسیو واتایی کە بەرۆکی کتێبە کوردییەکەی گرتووە، لە بەر زۆریی هەڵەکان ئەم وەرگێڕانە وتارێکی رەخنەیی تایبەتی گەرەکەو خوێنەر خۆی دەتوانێ دەقی فارسی کتێبەکە لەگەڵ کوردییەکە بەراورد بکا.

ئەم خەسارو ئاریشەیە هەر تەنیا لە سەر دەستی وەرگێڕ بەدی نەهاتووە بەڵکو، تاوانێکیشی رووبەڕوی دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەو بڵاڤۆکەکان کردووەتەوە کە سەرقاڵن بە بەرژەوەندیی شەخسیو ململانێی رەشۆکیانە کە ئاستنزمییان دەرەقەتی رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ نقیسارە جیدییەکان نایەت، واتا پێگەیان سەلەفییەتەو وێنەکەشیان مۆدێرن!

ئەوەمان نابێ لەبیر بچێ کە وەرگێڕانی ئەدەبیات وەکو وەرگێڕانی هەمووبواروزانستەکانی دیکە کارێکی پسپۆڕییە، دەبێ بابەت بۆ وەرگێڕان لەلایەن وەرگێڕەوە بناسرێت، بزانێ کە لەرووی چ پێویستییەکە دەست دەبا بۆ وەرگێڕانی دەقێک، ئیتر ئەدەبیات لەوە تێپەڕیوە کە بە شێوەی زەوقو چێژی رووتی شەخسی پێوەی سەرقاڵ بینن یان بۆ بازرگانی کردنو توڕدانی ناو و ناتۆرە بێ. وەرگێڕان لەکاتی پوختەیی و پسپۆڕییدا دەبێتە خەسڵەتی وەرگێڕ، ئەو ئاکارەیە کە بۆ نمونە پزیشکێکی پێ دەناسینەوە، دەرونزانێکو ئارتیستێکی پێ دەناسینەوە. سەرەکیترین مەبەست لەوەرگێڕان بۆ کەسێکی ئالەم جۆرە تەنیا وەرگێڕانەو هیچی تر، هەروها روانینی هەنوکەیی بۆ وەرگێڕان دەبێ بەشێوەیەکی زانستیانە بێ، واتەا وەرگێڕان بە زانستێک بناسین، دیارە کە تا بەر لەساڵی ١٩٦٠ وەرگێڕان وەکو زانستێک لەزانکۆکاندا نەگوتراوەتەوە، بەڵام بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٤داو بە خواستی شاعیرانو نوسەران کارگەیەکی پسپۆڕیی وەرگێڕان لەزانکۆی ئایوا-ی ئەمریکا دامەزراوەو دواتر وەکو لقێکی زانستی لەزۆربەی وڵاتە گەشەکردووەکاندا چێ کرا، ئیتر دەبێ ئێمە هەنگاو بۆ ئەوە بنێینو دەبێ بەنزیککردنەوەی وەرگێڕان لە زانستی زمانو زانستی ئەدەبو زانستی دەروونیی زمان وەڕێ بکەوێ.

ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێ کە وەرگێڕانی ناسەرکەوتوو و سەقەت هەر تەنیا خەسارو شوێنەواری رووخێنەر لەسەر زمانو ئەدەب بەجێناهێڵێ، بەڵکو ئاریشەیەکی دیکەش هاوتەریب لەگەڵ شێواندنی زمانو ئەدەبیات تووشی خوێنەری ئەم دەقانە دەکا، کاتێ خوێنەر بەگشتی دەپەرژێتە سەر ئەم چەشنە وەرگێڕانانەو بەتایبەتی ئەگەر خوێنەرێکی ناوشیار و نائەکتیف راستەوخۆ ملکەچی هەموو توخمەکانی نێو دەق بە زمانو واتاو شوناسو ستراتیژیو چییەتیەکەی دەبێتو ئەگەر ئەم جۆرە وەرگێڕانە بەدەقێکی خەساو ناودێر بکەین هەر ئەوە نییە کە شوێنەوارەکانی لەگەڵ مردنی خۆیدا کۆتایی پێ بێت، لە سەر دەستی ناپوختەییو وێرانکاریی زمانو گشت پێکهاتەکانی تری دەقی وەرگێڕدراودا خوێنەرێک ئامادە دەکرێ کە پاشخانە فکرییەکەی دەبێتە هەڵگری بارگرانیو وێرانیی زمان، دەبێتە پەرەپێدەری گشت جوڵەکانی نێو دەق بۆ دەرەوەی خۆیو راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دووپاتی دەکاتەوە، دەمەوێ بڵێم کە لەسەر دەستی دەقی خەساو خوێنەری خەساو بەرهەم دێت، بە واتایەکی تر دەقی نەزۆکو خەساو هەڵگری توخمی خەسێنەرییشەو لەئاکامدا لەدرێژەی ئەم پرۆسەیەی نێوان دەق و خوێنەر خوێنەرو دەقدا خوێنەرێکی کوژراو و لە هەمانکاتیشدا خەسێنەر بەدی دێت.

دوا وتەم، زۆر جار ئەم پرسیارە رووبەڕووی خۆمان دەکەینەوە کە جیا لە پێویستبوونی وەرگێڕانی دەقو بابەتەکانی کلتورەکانی تر بۆ سەر زمانی کوردی، لەبەر چی دەقی کوردی زۆر بە دەگمەن وەردەگێڕدرێنەوە سەرزمانەکانی دیکە؟ سەبارەت بەم پرسە هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێدا دەقی زۆر کەممان هەیە کە شایانی وەرگێڕان بۆ سەر زمانەکانی دیکە بن، بەدەگمەن دەق بە شیعرو چیرۆکو رۆمانەوە دەست دەکەوێ کە بتوانن ئەو کارلێکە کلتوریو زمانییەی لە سەرەتادا باسمان کرد بەدی بێنن، هۆی ئەم کورتیەش دەگەڕێتەوە سەر زەینییەتی داهێنەرەکانو ئەو سەلەفیەتەی فکرو ئەخلاقی نووسەرانو بەرهەمهێنەران کە ناهێڵێن دەقی داهێنەرانە لەئارا دابێ.



ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

ئیتر ئەدەبیات لەوە تێپەڕیوە کە بە شێوەی زەوقو چێژی رووتی شەخسی پێوەی سەرقاڵ بین یان بۆ بازرگانی کردنو توڕدانی ناوو ناتۆرە بێ

# ئەفسانەی کالۆ

ئا: مستەفا

فریدا کالۆ یەکێک لەدیارترین وێنەکێشەکانی ستایلی سورئالیسمی مەکسیکە، وێنەکێشێک کە تادوایین ساتەکانی ژیانی، سەرەڕای دۆخی نالەباری جەستەی، وێنەی کێشاو زۆر بەرهەمی ناوازەی خولقاند، ئەفسانەی کالۆ بە لەدایکبوونی لە٦ی جوولای ١٩٠٧ دەستپێکرد، دایکی مەکسیکیو باوکی ئەڵمانی بوو، فریدا لەسەرەتای تازە لاوییەوە کچێکی جیاواز بوو، تەنانەت شێوەی جل پۆشینیشی لەگەڵ خوشکەکانی جیاواز بوو، لە گەنجێتیدا تووشی رووداوێکی هاتوچۆ هات کە نزیک بوو بمرێو تا ئەو کاتەی مردیش ئاسەواری ئەو رووداوە ئازاری دەدا. دوای رووداوەکە تاماوەیەکی زۆر تەنانەت نەیدەتوانی رێ بکات، بەڵام هێزێکی سەیر لە فریدا دا هەبوو کە وای لێ دەکرد بگەڕێتەوە بۆ ژیان.





دواتر کالۆ بەجیدی رووی هێنایە وێنەکێشانو ناسینی دیەگۆ ریڤێرا نزیکبوونەوەی لەو، کە یەکێک بوو لەوێنەکێشە دیارەکانی مەکسیک سەرەتایەک بوو بۆ کارکردنی کالۆ وەک شێوەکارو وێنەکێش، لەدرێژەی ئەم یەکتر ناسینەدا هەستێکی عاشقانە لەنێوان ئەم دوو کەسەدا دروست بوو و سەرەنجام ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێناو سەرەڕای هەموو کێشەو گرفتەکان تا کۆتایی ژیانی کالۆ ئەم زەواجە هەر بەردەوام بوو، فریدا سەرەڕای جیاوازی تەمەنی لەگەڵ ریڤێرابەڵام هەر عاشقی بوو، شێوەی ئەم پەیوەندییە کاریگەری قووڵی هەبوو لەسەر دەروونی کالۆو هەروەها تابلۆکانی، بەشێوەیەک لەسەردەمێکدا، دوای ناکۆکی لە گەڵ ریۆرا، قژی لە بێخدا تاشی کە چەند بەرهەمی دیاری ئەم سەردەمە هەر ماوەتەوە. دواتر هەڵهاتە نیۆیۆرکو پێشانگایەکی گەورەی کردەوە، کەسایەتی فریدا لایەنی جۆراوجۆری هەبوو، لە توانایی و بەهێزی ئەوەوە بگرە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەکان تاچالاکە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی، بەڵام لەو رووەوە خۆی پێی خۆش بوو ژیانی وەک شێوەکارێ لەتارمایدا بێڵێتەوەو ئەم کارەی بە دڵ بوو، ئێمە هیچکات ناتوانین هەموو راستی ژیانی ئەو لەگەڵ ریڤێرابزانین، گێڕانەوە جیاوازەکان لە ژیانی، کالۆ دەکا بەئەفسانە، ئەفسانەی فریدا.


فیلمی فریدا لەدەرهێنانی جوولی تایمۆر، (Julie taymor) کە دەربارەی ژیانو بەرهەمەکانی کالۆیەو ساڵی بە دەور گێڕانی خاتوو سەلما هایک (Salma hayck) کە ئۆسکاری ساڵی ٢٠٠٣ ی بردەوە، بە باشی ژیانو بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندەی داوەتە بەر باس، لەم فیلمەدا بەشێکی زۆر لە قۆناغەکانی ژیانی کالۆ، هەر لە مێر منداڵییەوە بگرە تا ئەو کاتەی کە ماڵئاوایی لە ژیان دەکات بە وێنا کێشراوە.

نزیک بە ٣٠ لەسەدەی ئەو تابلۆیانەی کالۆ کێشاویەتی، پۆرتەرێتی خۆیەتی، ئەوەی چی وا دەکات لە وێنەکێشێک ئەوەندە بپەرژێتە سەر خۆی و ئەوەندە بەها بەخۆی بدات شتێکی سەیرە، کالۆ لەدەفتەری بیرەوەرییەکانیدا لەم بارەوە دەڵێت: "پۆرتەرێتی خۆم دەکێشمەوە لەبەرئەوەی زۆربەی کات تەنیامو خۆم زیاتر لە هەرکەسو شتێک دەناسم." ئەم وتەیە وەک هەر حەقیقەتێکی تر سادەو راستە، هاوکات وەک خودی حەقیقەتیش هیچ سادە نییە، بەمەشەوە رازی تێگەیشتن لە بەشێک لە کارەکانی کالۆ لەم وتەیەدایە.

کالۆ زۆر نەژیا، بەڵام لە ماوەی کورتی ژیانییدا زۆر بەرهەمی خولقاندو بوو بەخاوەن ستایلی خۆی کە بە"کالۆیسم" دەناسرێ، ئەم خاتوونە هونەرمەندە کە زۆر کەس کارەکانی لەچوارچێوەی سورئالدا دادەنێنو خۆی هیچکات ئامادە نەبوو خۆی بەسوڕئال بناسێ، رۆژی ١٣ ژووئیەی ١٩٥٤ لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی خوێنەوە ماڵئاوایی لەژیان کرد.







# وتووێژ لەگەڵ کەیخوسرەو پوور نازری

## ئاوازەکانی مۆسیقای تەنبوور سەر بە مۆسیقای کوردی نییە

موحسین زەهوری
و: ئەنوەر عەبدوڵڵا

**بەشی دووەم**

**راتان چییە سەبارەت بە بەڕێز مامۆستا شەهرامی نازری؟**

کەیخوسرەو: یەکێک لەدەنگ خۆشترین و خۆش زەوقترین گۆرانیبێژانی ئێرانییە، پۆختەیی و گەرمی دەنگی ئەو بەڕیزە شتێکی بۆ وتن نەهێشتووەتەوە کە من بمەوێ باسی بکەم. گۆرانیبێژێکە شارەزایی باشی لەسەر ژەنینی تەنبوور هەیەو لەو بوارەدا هەندێک خاڵی هاوبەشی زۆرمان پێکەوە هەیە، بەڕێزیان ماوەیەک لەوەو پێش بەرزترین نیشانەی کلتوری فەرەنسا واتا شوالیەی بە دەستهێنا، ئەمە بۆ کۆمەڵگای مۆسیقای ئێرانی شانازییەکی گەورەیە کە هونەرمەندێکی ئێرانی وەک گۆرانیبێژێک بتوانێت مەدالیای جیهانیو نێونەتەوەییو پڕ بایەخی وڵاتی فەرەنسا بەدەستبهێنێت.

**بۆچی پاش ئەلبومی "حەیرانی" هاوکاری لەگەڵ بەڕێز نازری لەگەڵ گروپی تەنبووری شەمس درێژەی نەما؟**

کەیخوسرەو: بیرکردنەوەی هونەرمەند بەردەوام لەگۆڕاندایەو زەوقو روانگەکانی لەگەڵ گۆڕانی زەمەن ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێتو بەرەو گەشەسەندوویی زیاتر هەڵدەکشێ، ئێمە لەبڕگەیە لەزەمەندا، خاوەن روانگەو زەوقو ئاسۆیەکی هاوبەش نین.

**پێدەچێت ئومێدێک هەبێت بۆ ئەوەی مامۆستا نازری هاوکاری خۆی لەگەڵ گرووپی شەمس دەستپێبکاتەوە؟**

کەیخوسرەو: ئەم پرسیارە ناتوانێ وڵامێکی پڕاوپڕی پێ بدرێتەوە، دەبێت چاوەڕێ بکەین چی روو دەدات، بەڵام دەنگی بەڕێز نازریو شارەزاییان لە مۆسیقا لەکەمتر گۆرانیبێژێکدا هەیەو بەم بۆنەوە هەر گرووپێک پڕ بەدڵ پێی خۆشە لەگەڵ بەڕێز نازری کار بکات.

**دامەزراندنی گرووپی شەمس رێک لە چ رێکەوتێکدا بوو؟**

کەیخوسرەو: لام وابێت نێوەی یەکەمی ساڵی ٥٩ی هەتاوی بوو، پاش راوەستانی چالاکی گروپە سونەتییەکەی ئێمە لەکرماشان، ئێمە لەگەڵ هاوڕێیانمان کەوتینە راوێژ بۆ دامەزراندنی گروپێکی دیکە کە نەتوانن ئاستەنگ بۆ چالاکییەکانمان دروست بکەن، تەنبوور کە خۆشناوترین ئامێری ناوچەکەی ئێمە بوو، ئامێرێکی عیرفانییە وەک ئامێرێکی سەرەکی هەڵمانبژاردو خۆشبەختانە کەس رێگری لەبەردەم چالاکی ئەم گروپەدا نەکرد، هەڵبەت لەسەرەتادا هەندێک دژایەتیو نارەزایەتی لەدژمان هاتە ئاراوە بەڵام زۆری نەخایاند، سەرەتا بەهەندێک ئیشو چالاکی کوردیو لۆکالیو تەنبورەوە دەستمان پێکردو پاش چەند ساڵ کارە سونەتییەکانی پێشوتریشمان پێ زیاد کرد.

**ساڵی ١٣٦١ بوو کە ئەلبومی** "صدای سخن عشق" **لەلایەن گروپی تەنبووری شەمسو بەدەنگی مامۆستا شەهرامی نازری کەوتە بازاڕ، واتا دوو ساڵ پاش دامەزراندنی گروپی شەمس، دەتوانین بڵێین ئەم گروپە بەهاتنی بەڕێز نازری ناوبانگی دەرکرد؟**

کەیخوسرەو: بەڕێز نازری زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر ناساندنی ئەم گروپەی ئێمە، ئەگەر گۆرانیبێژێکی لۆکاڵی ئەم ئاوازانەی بخوێندایە، بەو رادەی بەڕێز نازری خوێندوویەتی پەرەی نەدەسەند، ئەو کات بەڕێز نازری گۆرانیبێژێکی گەنج بوو بەڵام ناسراو بوو، هاوکاریکردنی لەگەڵ گروپی تەنبووری شەمس زۆر شوێندار نەبوو.

**دووەمین ئەلبومی گروپ"مطرب مهتاب رو" بوو کە لەساڵی ١٣٧١ بڵاوکرایەوە، هۆکاری ئەم مەودایە دوورو درێژە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبومی دووەم بۆچی دەگەڕێنەوە؟**

کەیخوسرەو: ئێمە هیچ کات کارێکی بازاڕی بەرێوەنابەین، ئەو کارە پرۆفیشناڵانەی ئەنجامان داوە، کۆمەڵێک کاربوون کە زۆر بەسانایی گەیشتووەتە زەینمانو هاتووەتە سەر لاپەڕەی کاغەزو تاوتوێ کراوە، ئێستاش ئێمە زۆر سەرمان قاڵ نییەو هیچ پەلەیەکیشمان نییە بۆ بڵاوکردنەوەی کاری نوێتر.

**ئەوکات دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئەلبومی"موترب مهتاب رو" دوو ساڵ راگیرابوو؟**

کەیخوسرەو: نە، بەهیچ شێوەیەک وانەبووە

**سێیەمین کاری ئێوە "حەیرانی" بوو کە لەساڵی ١٣٧٥ بڵاوکرایەوە، دەکرێ باسی هۆکاری ئەم ماوە زۆرەمان بۆ بکەیت؟**

کەیخوسرەو: هۆکاری ئەم ماوە زۆرە ئەوەبوو کە بتوانین کارێکی پوختەو رێکوپێک ئاراستە بکەین.

**بەداخەوە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەکارەکانی گروپی تەنبووری شەمس نییە، بۆ نموونە ئەم گروپە لەنێوان بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکانی** "صدای سخن عشق" **مترب مهتاب رو" بە چ کارێکەوە سەرقاڵ بوون؟**

کەیخوسرەو: گروپی تەنبووری شەمس تووشی هەورازو نشێوی زۆر بووە، هەروەها کە خۆتان دەیبینن لە ئەندامانی سەرەتایی گروپەکە هیچیان بەشدار نین، منداڵەکانی من گەورە بوونو بەبۆنەی ئەوانیش ژمارەیەک ئەندامی نوێ پێمانەوە پەیوست بوون، بەڵام پرسیارتان لەزانیارییەکانی قۆناغەکانی رابردووی گروپەکە لێکردم، چالاکییەکانی گروپی تەنبووری شەمس لەبەرێوەبردنی چەندین کۆنسێرت لەکرماشانەوە دەستیپێکرد، ئێمە لەگەڵ شەهرامی نازری لەزۆربەی وڵاتەکانی دیکە کۆنسێرتمان بەرێوە بردووە، بۆ نموونە لەکەنەدا کۆنسێرتمان بووە، دووجار لەئەمریکا کۆنسێرتمان بووەو لەوڵاتی فەرەنسا چوارجار بەرنامەمان هەبووە، لەوڵاتانی ئیسپانیا، ئیتالیا، ئەڵمانیا، بەلجیکا، سویسرا، چین، هیند، سەمەرقەند، ئۆزبەکستانو لەفێستڤاڵەکانی ئاوازەکانی رۆژهەڵات، لەکوردستانی عێراقو لەتارانو لە شارەکانی ناوخۆی ئێران کۆنسێرتی جیاجیامان بووە.

**کارەکانتان ئاوازی بۆ دانراوە یان هەڵبژاردەی ئاوازە کۆنەکانی تەنبوورە؟**

کەیخوسرەو: زۆر بەکەمی کەڵکمان لە کارە کۆنەکانی تەنبوور وەرگرتووە، بەزۆری ئەو کارانەمان پێشکەش کردووە کە خۆم بەتازەیی دامناون.

**ئەم کارانە بەپێی جۆری دەنگی نازری دروست کراون؟**

کەیخوسرەو: هەستو زەوقی منو بەڕێز نازری زۆر لەیەکەوە نزیکە، ئەم ئاوازانە بەستێنەکەی تەنبوورەو بەدانانی ئاواز لەسەری دەبێتە شتێکی دیکە.

**هۆی رۆشتنی هەموو ئەندامانی گروپەکە چییەو بۆچی تەنیا ئێوە ماون؟**

کەیخوسرەو: هەموو رۆژێک لەرۆژان دەڕۆن، گروپ وەکو رێکخراوێکی ئیداری نییە کە کارمەندەکانیان تەعین کرابێتنو پاشان خانەنشین بکرێن، کارکردن لەگروپدا ئارەزوومەندانەیەو هەر کەس تا ئەو کاتەی پێی باشە دەتوانێ کار بکاتو هەرکەسیش پیخۆش بێت دەتوانێت بڕوات، کاتێک کەیهانی کەلهوڕ رۆی بۆ وڵاتی کەنەدا بەمەبەستی درێژەدانی خوێندن بۆ ماوەی دەساڵی تەواو لەئێران نەبوو، بەداخەوە لەکاتی بۆمبارانەکانی شاری تاران کامەرانی برایو دایکو باوکی گیانیان لەدەستدا، ئەوانی دیکەش خۆیان لەکارەکەیاندا شارەزایی زۆریان پەیداکردو پێیان خۆش بوو خۆیان خاوەن گروپی سەربەخۆی خۆیان بن.

**سەید خەلیل عالی نژادیش بەو شێوەبوو؟**

کەیخوسرەو: ژەنیارێکی زۆر شارەزا بوو لەبواری تەنبووردا، تاکژەنی ئەو لە ئەلبومی "صدای سخن عشق" نیشانەی زەوقو شارەزاییو دەست رەنگینی ئەو بەڕێزە بوو، کەسێکی زۆر بەڕێزو بڕوادارو بوو.

**هۆکاری کوشتنی عالی نژاد چی بوو؟**

کەیخوسرەو: ئەم پرسیارەم بۆچی لەکاتی گفتگۆدا لێ دەپرسی؟

**دەمەوێ بزانم ئێوە راتان چییە لەسەر کوشتنی ناوبراو؟**

کەیخوسرەو: خۆتان چۆن بیردەکەنەوە؟

**نازانم. دەنگۆی زۆر هەیە لەمەڕ مەرگی ئەوان.**

کەیخوسرەو: منیش هەر ئەو دەنگۆیانەم بیستووە.

**ئێوە زۆر شت لەبەرچاو دەگرن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانو هیچ گلەییو رەخنەیەکتان نییە لەمەڕ رۆشتنی ئەندامانی گروپەکە؟**

کەیخوسرەو: نابێت گلەیی بکەم، هەموومان هاوڕێی یەکتر بووین، نانو نمەکێکمان پێکەوە خواردووە، لەسەر سفرەیەک بووین پێکەوە، بۆخۆمان رۆژگارێکمان بوو، ئەوان هێندە بۆمن پڕبایەخنو بەرێزن کە هەموو کات بەیادو بیروەرییی باشەوە یادیان دەکەم، جیا لەوانەش ئێمە بەڵێنمان لەکەس وەرنەگرتبوو بۆ هەمیشە لەگەڵ گروپەکەدا بمێنێتەوە.

**گوڵ نەزەر عەزیزی گوایا ئامێری تەنبووری وەلاناوە؟**

کەیخوسرەو: تا ئەم چەند ساڵەی دواتر لەپەیوەندیدابووین پێکەوە، بەڵام ماوەیەکە دەنگی نییەو هیچ چالاکییەکیشم لێ نەبینیوە.

**هیچ ئاگاداری عەبدوڵرەزا رەهنەما هەن؟**

کەیخوسرەو: رەهنەما تەنبوور ژەنێکی کۆنو یەکێک لەدەستڕەنگینترین تەنبوور ژەنەکانی شاری سەحنەیە، ناوبراو لەبواری دروستکردنی تەنبووریشدا شارەزاییەکی زۆری هەیەو هەنووکە سەرقاڵی دروستکردنی ئامێری تەنبوورە.

# دەربارەی مینی مالیزم

ئا: محەممەد هاشمی

مینی مالیزم لەژانرە نوێکانی هونەری هاوچەرخە، ئەم ستایەڵە لەسەر ئەو باوەڕەیە کەڵک وەرگرتنی لانیکەم لەتواناکان کاریگەری زۆرە لەسەر وەرگرو بەردەنگ. ئەم ستایەڵە لەهەوڵی ئەوەدایە هەموو توخمە زیادییەکان لەبەرهەمێکی هونەریدا بسڕێتەوە، مینی مالیزم لەبیناسازیدا سەری هەڵداو پەرەی سەند بۆ بوارەکانی تری هونەر لەوانە، وێنەکێشانو سینەماو ئەدەبو جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی لەناو هونەردا دۆزییەوە.

لەم هونەردا زیاتر لەهەر شتێک گرنگی دەدەرێ بەتۆکمە بوون، بەرهەمێکی هونەری ئەگەر هونەرمەندانە داڕێژرابێت، دەبێ زیاتر لەهەر شت تۆکمەتر بێت، رەنگە لەبەر ئەمە بێت بتوانین بڵێین مینی مالیزم هەوڵی ئەوەیە زیاتر لەهەر شت دەستی بگاتە ناوەکی هونەری بابەتو هەموو لایەنە زیادییەکان بسڕێتەوەو وەرگر تەنها ناوەکی رووتی بابەتی هونەری ببینێ، هەر چەن هونەری کلاسیکیش لەسەرەتاوە لەسەر ئەو باوەڕە بووە توخمە زیادییەکانو تەنانەت جوانەکانیش لەبەرهەمێکی هونەریدا یارمەتی دەر نین بۆ گەیاندنی چەمکە زەینییەکانی هونەرمەند.

گۆڕانی جیهان یەکێکی تر لەهۆکارەکانی سەرهەڵدان، گەشەو گشتگیر بوونی ئەم روانگە هونەریە لەجیهاندا، جیهان بەخێراییەکی سەیر بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕوا. گوزەری زەمان نەک ئەوەی لەخێرایی گۆڕان کەم ناکاتەوە بەڵکو تەنانەت هەوڵ دەدا بەسەقامگیر بوونی ئەم پرۆسەی گۆڕانە، زیاتر بوونی خیرایی گۆڕانی جیهان دەرفەتێکی وەها نادا بەوەرگر بەوەی لەبەرهەم بکۆڵێتەوەو پەیوەندی لەگەڵ بگرێ، ئەگەر بەرهەمەکە جۆرێ ئاڵۆزی تایبەت بەخۆی پێوە بێت، وا لەوەرگر دەکات نەتوانێ بیناسێت، بەواتایەکی تر زیاتر بوونی خێرایی پەیوەندی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ کەمبوونەوەی ئاڵۆزی لەبەرهەمی هونەریدا، یەکێکی تر لەو باسانەی لە مینی مالیزمدا باسی لێوە دەکرێ، باسی چەند مانابیە لەبەرهەمی هونەریدان چەند مانایی کە لەبەرهەمە هونەرییە کلاسیکەکاندا هەیە، دەرفەتێکی زۆری دەوێ بەوەی وەرگر لێیان رابمێنێو لەمانا شاراوە یان ماناکانی تریان بگات، جەنگو ئاشتی بەرهەمی تۆلستۆی، بەرهەمەکانی سەردەمی باڕۆک لەبیناسازیداو بەرهەمەکانی رامبرانت دەکرێ بەنموونەی ئەو بەرهەمە کلاسیکانە ناو ببەین کە لەو چەشنە بەرهەمانەنو وەرگر ماوەیەکی زۆری دەوێ لێیان رابمێنێ بە لەبەرچاوگرتنی خێرایی رادەبەدەری جیهان، بەردەنگو وەرگری ئێستا دەرفەتی ئەو چەشنەی رامانو وەستانەی نییە، بەواتایەکی تر، جوانیناسی لەجیهانی هاوچەرخدا سادەبوونی بەرهەمو نەبوونی ئاڵۆزی بە بەها دەزانێ. هەموو ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، هونەرمەندانیان ناچار کرد بەوەی روو بهێننە ستایەڵێک کە بەکەمترین شێوە مانا دەرببڕدرێ، رەنگە ئەمە هەمان ئەو دروشمەی بارت بێت کە دەڵێت "کەمیش زۆرە".









# شێرپەنجە هەڕەشە لەکوردستان دەکات

## ٢٠٢٣ کەس تووشی شێرپەنجە بوونو زۆرینەیان لەڕەگەزی مێینەن

بێستون فەتاح لەسلێمانی

ریـــژەی نـەخـۆشـی شێرپەنجە روولەزیادبوونەو نەخۆشخانەکانی تایبەت بەو نەخۆشیە بەرگەی نەخۆشەکانی ناگرێتو بەهۆی نـەبـوونـی جـێـگـاوە ژمـارەیـەک لـەنـەخـۆشـەکـان لـەسـەر زەوی دەخەون.

گـــوروون ئـەحـمـەد کەریم دانیشتوی شـاری سلێمانیەو دووسـاڵـە توشی شێرپەنجەی یەکێک لەپەلەکانی خوارەوەی بوە، لەم ماوەی توشبونەدا بەردەوام سەردانی نەخۆشخانەی هیوای کردووە، هاوسەری ئەم نەخۆشە باسی لەباری بژێوی خۆیان کرد کەخێزانێکی هـەژارنو کرێچین، وتی "لەماوەی ساڵی رابـردوودا تا ئەمڕۆ بەخۆرایی چارەسەر لەم نەخۆشخانەیە وەردەگرم، تائیستا تەنها جارێک پێویستیمان بەوە بـووە دەرمـان لـەدەرەوە بکڕین، گرنگترین کاری ئەم نەخۆشخانەیە کە پێویستە باسبکرێت ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی سەردانی عیادەی تایبەتی دکتۆرەکان بکەیت ئیواران لێرەش هەر بەخۆرایی دکتۆرەکان دەبینیت".

تەنها لەنەخۆشخانەی هیوای تایبەت بەنەخۆشی شێرپەنجە لەساڵی ٢٠٠٩ تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، ٢٠٢٣ نەخۆشی توشبوو بەشێرپەنجە تۆمارکراوە، بەپێی ئاماری نەخۆشخانەکە کە ٩١٨یان رەگەزی نێرنو ١١٠٥ یان مێینەنو لـەو ژمـارەیـە ٦٤١ یـان لەخوار تەمەنی ١٢ ساڵەوەن، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٧دا ٨٨٩ حاڵەت تۆمارکراوە.

نەخۆشخانەی هیوای تایبەت بەنەخۆشیەکانی خوێنو شێرپەنجە لـەشـاری سلێمانی، هەریەکە لەپسپۆری نەخۆشیەکانی خوێنو تالاسیماو دوو پزیشکی تایبەت بەچارەسەری شێرپەنجە بەتیشکو دوو پسپۆری شێرپەنجەی گرێکانو پسپۆرێکی مـنـداڵان تایبەتە بـەچـارەسـەری نەخۆشیەکانی خوێنو گریەکان لەمنداڵاندا رۆژانە کاری تێدا دەکەن.

ئـەم نەخۆشخانەیە تەنها تایبەت نیە بەشاری سلێمانی بگرە سەرجەم هاووڵاتیانی شارەکانی تـری هـەرێـمو عـێـراق سەردانی دەکەن.

سـەبـریـە واحـد عوسمان دانـیـشـتـوی شـاری بـەغـدادەو شێرپەنجەی هێلکەدانی هەیە دێتە سلێمانی بۆ چارەسەری شـێـرپـەنـجـەکـەی، لەکۆتایی مانگی نیسانەوە سەردانی ئەم نەخۆشخانەیە دەکات وتی"لەوێ نـامـەیـان پێدایـن کەسەردانی سەنتەرێکی پێشکەوتوو بکەین لــەدەرەوەی عێراق، بـەڵام ئێمە نەمانتوانی بچینە دەرەوەی وڵات هاتینە شاری سلێمانیو سودی چاکمان بینی، لێرە جیاوازیان نەکردین وەک هاووڵاتیەکی شاری سلێمانی چارەسەریان کردین".

زۆری نەخۆش بووەتە هۆکاری ئـەوەی ژمارەیەکی زۆر نەخۆش لەنەخۆشخانەکەدا ببینریتو پزیشکانو کارمەندانو ئیدارەی نەخۆشخانەکە داوای فراوانکردنی نەخۆشخانەکە دەکـەنو زۆری نـەخـۆش بـووەتـە هـۆکـاری ئـەوەی ستافی نەخۆشخانەکە چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان پێ باش نەبێت.

جـەوهـەر رەمـــەزان کەریم بەڕێوەبەری کارگێری نەخۆشخانەی هیوا بەدەستووری راگەیاند "لەگەڵ ئــەوەی ژمــارەی نـەخـۆش زۆر زیادبووە شوێنەکەمان زۆر بچوکە لەچاو ئەو ژمارەیە، لەبەرکەمی شوێن زۆرجـار نەخۆش لەسەر زەویـەکـە دەخــەون من لەبیری ئــەوەدام قەرەوێڵەی سەفەریان بۆ بکرێم بـۆ ئـەو نەخۆشانەی زیـادن لەژمارەی قەرەوێڵەکانی نەخۆشخانەکە، ئەم حاڵەتەش چاک نابیتو رۆژبـەڕۆژ نەخۆشی زیاترمان بۆدێت لەشارەکانی ترەوە، زۆری نەخۆش کاریگەری خراپی لەسەر نەخۆشەکانیشە ناتوانرێت نـەخـۆشـەکـان جیابکرێنەوە، بۆیە داوام وایە نەخۆشخانەیەک بەخێرایی دابین بکریت".

بەپێی بڕیارێک دوای دەوامی رەسمی بەخۆرایی دکتۆرەکان نـەخـۆشـەکـان دەبـیـنـنو ئەو دکتۆرانەی تایبەتن بەم نەخۆشیانە عـیـادەی تایبەتی خۆیان نیەو لەهەمان نەخۆشخانەدا نەخۆش دەبیننەوە.

نـەخـۆشـێـکـی تـر نـاوی عبدولخالق جومعە دانیشتوی شاری دووزخورماتوو تەمەنی ٥٢ ساڵە، ئاماژەی بەوەکرد "کە بۆ ماوەی سێ ساڵە توشی شێرپەنجەی ریخۆڵەکان بـووم، دوو جار بۆ ئەم نەخۆشیە چومەتە ئێران، لەو دوو سەفەرەدا تەنها سی ملیۆن دینارمان مەسرەف کردوە، دەبوایە یەکەم جار بهاتینایە بۆ شاری سلێمانیو ئەو برە زۆرەمان سەرف نـەکـردایـە، لـەمـاوەی دووساڵی رابردوودا تائێستا سێجار دەرزیمان کرپیوە ".

نکتە حسێن تەلال منداڵێکی پێنج ساڵەو خێزانەکەی دانیشتوی شەرگاتن لەپاریزگای موسڵ، منداڵەکەیان توشی شێرپەنجەی گرێ لیمفەکان بووە، دوو مانگە هـاتـونـەتـە شــاری سلێمانیو بەبەردەوامی ماونەتەوە دایکی منداڵەکە وتـی "لـەمـاوەی ئەم دوو مانگەدا چارەسەرو دەرمان وەردەگـریـن بەخۆراییو دکتۆرو کارمەندەکانی ئێرە زۆر یارمەتیان داوین".

د.نـەجـمـەدیـن پسپۆری نـەخـۆشـیـەکـانـی شێرپەنجەو گـرێ لیمفەکان سـەبـارەت بەو جـۆرە شێرپەنجانەی کەزۆرتر باونو لەڕیزبەندی نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکەیاندا وتـی "رێژەی شێرپەنجەی مەمک بەپلەی یەکەمی نەخۆشیەکان دیـتـو تائیستا نزیکەی ٨٠٠ نەخۆش، تایبەتن بەم نەخۆشیە کەزیاتر لە٥٠٠ نەخۆشیان دانیشتوی پاریزگای سلێمانیو دەوروبـەریـن، دواتـر نەخۆشی شێرپەنجەی سیەکان دێن کە لەرەگەزی نێردا زیاترەو بەتایبەت ئەوانەی جگەرەکێشن، مەبەستم ئەوەش نیە ئەم نەخۆشیە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کەجگەرەکێشن، بەڵکو کەسانی تریش دەگرێتەوە، دوای ئەوانیش شێرپەنجەی خوینو گرێ لیمفەکانو شێرپەنجەی گەدە دێتو شێرپەنجەی پرۆستاتیش لەئاستێکی دواتر دێت.

بەپێی لێداونی بەرپرسانی نەخۆشخانەی هیوا تائێستا زیاتر لە ٨ نەخۆش بەتەواوەتی چاک بونەتەوەو یەکێک لەو نەخۆشانەی چاکبووەتەوە ئەحمەد نەسرەدینی دانیشتوی شاری دیالەیە، لەمانگی ٨ی ساڵی ٢٠٠٧دا سەردانی نەخۆشخانەی هیوای کردووە.

ئـەحـمـەد بـۆ دەسـتـوور وتی"توشی شێرپەنجەی گلاندی لیمفاوی بوم، لەماوەی چوار مانگدا بەسەرپەرشتی چەند پسپۆرێکی نـەخـۆشـیـەکـانـی شێرپەنجە بەشێوەیەکی رێکوپێک شەش جرعەی کیمیاویم لەنەخۆشخانەی هیوا وەرگـرت، سـەرەتـا لەگەڵ جـرعـەی دووەمـــدا هەستم بەباشبوون کـرد، بـەڵام لەسەر رێنماییەکانی پزیشکەکان لەسەر چارەسەرکردنەکەم بەردەوام بووم، دواتر دوای تەواوکردنی چارەسەری کیمیاوی چومە وڵاتـی ئێران لەشاری سنە ٣٥ جرعەی تیشکیان بۆ کردم، لەماوەی نەخۆشیەکەمدا مـووی زۆر شوێنی جەستەم هـەڵـوەری، بـەڵام دواتـر وردە وردە مووەکانم روانـەوە، ئێستا بەتەواوەتی چاکبوومەتەوە".

> لەبەرکەمی شوێن نەخۆشەکان لەسەر زەویەکە دەخەون، لەبیری ئەوەدام قەرەوێڵەی سەفەرییان بۆ بکرێم



لەنەخۆشخانەی هیوا چارەسەر بەخۆڕاییە

# هەرجارەو بەنرخێك پۆست دەكەن!

## هاووڵاتیان گلەیی لەنرخی پۆستکردنی شتومەکەکانیان بۆ دەرەوە دەکەن

ئاکۆ محمەد لەسلێمانی

تائێستا نرخی ناردنی پۆستکردن دیاری نەکراوەو هاووڵاتیان گلەیی لەنرخی ناردنی پۆست دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات دەڵێن هەر رۆژەی بەنرخێک شتومەکەکانمان بۆ پۆست دەکەن.

زۆرتـریـن ئـەو شتانەی لەنوسینگەی پۆستەکانەوە دەگـوازرێـتـەوە بـۆ دەرەوەی کوردستان ناردنی بەڵگەنامەی تەزویرە بەمەبەستی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی.

لاوەنـد عـەلـی وتـی "خۆم تائێستا چەند جارێک شتم ناردوە ئەو شتانەش بەراستی ئەسڵی نەبوون واتا تەزویر بـوونو بۆ مەسەلەی کەیس بوون".

لاوەند ئاماژەی بەوەدا خودی نوسینگەکە ئەوە دەقۆزێتەوەو کەدەزانێت تەزویرەو ناچاریت بۆ ئەوروپایە نرخەکەی بەئارەزووی خۆی لەسەرت گران دەکات.

لاوەند وتی"بۆ دوو ئەی فۆڕ ١٤٠هەزاری لێوەرگرتم".

شاناز حەسەن سەبارەت بـەنـاردنـی سـیـدیـەکو چەند لاپەڕەیەک وتی "لەبەرامبەر ئەم شتانەدا کەچەند غرامێکە نرخی چەند کیلۆت لێوەردەگرێت".

هاووڵاتیان ئاماژە بەوەدەن کە نوسینگەکانی پۆست سەیری ئەو شتانە دەکەن کەدەینێرن بۆ وڵاتانی دەرەوە لەکاتێکدا ئەوان تەنها کێشانەکردنی ئەو شتەیان لەئەستۆدایە.

شاناز وتی "یەکە بەیەکە سـەیـری شتەکانمی کـردووە لـەرێـگـەی سـەیـر کـردنـەوە دەینێرێت نەک بەکیلۆو پێوانەو کـێـش، چـونـکـە ئـەمـانـە کار لـەسـەر نـاچاربوونـی خەڵکی دەکات نەک بەکێشانە نرخەکە دابنێرت، دەبوایە ئەو لایەنەی کەمۆڵەت دەداتە نوسینگەکان نـرخـەکـانـیـشـیـان بـۆ دیـــاری بکات".

سـەیـوان سـالـح خاوەنی پۆستی ژیار سەبارەت بەناردنی پۆستو نرخی ناردنی پۆست بۆ دەرەوەی وڵات وتی "ئێمە پـۆسـتـەکـانـمـان بەشێوەی خێرایە کە بـەمـاوەی ٣ رۆژ دەگاتە شوێنی خۆی لەرێگەی فـڕۆکـەخـانـەی سلێمانیو هـەولـێـرەوەیـە پۆستەکانی ئێمە گرانترە لەپۆستەکانی تر چونکە ئێمە بەس پۆستی خێرامان هەیە".

خـاوەنـی پـۆسـتـی ژیـار ئاماژەی بـەوەدا "لای من یەک غرام تا نیو کیلۆ یەک سعری هەیە".

دەربـارەی پشکنینی ئەو کەلوپەلانەی پۆستی دەکەن سـەیـوان وتـی"مـن نـازانـم ئەو پـۆسـتـەی ئـەو چـیـی تیایە مـن کاتێک کـە یەکێک دێت پـۆسـت دەنـێـرێـت وەسڵێکی دەدەمـێ ئەورێنمایانەی تیایە کە هێزەکانی ئاسایش دەڵێت قەدەغەیە، جا ئەگەر تەزویریش بێت ئەوا ئەو کەسە بەرپرسە لەو پۆستە ئێمە هیچ بەرپرسنین، چونکە لەهەموو جیهان وایە پۆست ناکرێتەوە".

کـەمـال عـومـەر مەحمود خـاوەنـی پـۆسـتـی سورێن سـەبـارەت بـەنـرخـی ناردنی پۆستەکان باسلەوە دەکات جیهانمان کـردووە بەچەند زۆنگێکەوەو هەریەکە نرخی خۆی هەیە لەگرامێکەوە بۆ نیو کیلۆ یەک نرخەو لەوەش زیاتر بەپێی کیلۆکان نرخەکان دیاریدەکرێت.

خـاوەنـی پۆستی سورێن وتی "هەموو شتێک کە دێتە لای من سەیری دەکەمو چۆنێتەکەی دەپـرسـمو پـاش تۆمارکردنی ئینجا دەینێرم".

سـەبـارەت بـەگـرانـی نرخ لەمانگێکەوە بۆ مانگێکی تر کەمال ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئـەو زیـادکـردنـە پەیوەندی بەحکومەتی هەرێمەوە هەیە لەگەڵ وڵاتانی تـردا، تاوەکو پەیوەندیەکانیان باشتر بێت لەڕێگەی هەرێمەوە راستەوخۆ دەبێت، بەڵام ئێستا بەحکومەتی بەغدادا تێپەڕ دەبێت، واتا لە هەولێرەوە دەچێتە بەغدا بۆیە نرخەکەش گرانتر دەبێت".



هاووڵاتیان نیگەرانن لە نووسینگەکانی پۆستکردن

# ئەرمەنەکان لێرە ناڕۆن!

## خراپی گوزەرانی ئەرمەنەکان لەئەرمینیا گەرەنتی مانەوەیان لەکوردستان زیاتردەکات

دەستوور لەدهۆک

لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئەرمەنەکان لەکوردستاندا روو لەکەمبوونەوەیەو پەیوەندی بەردەوامیشیان لەگەڵ ئەرمینیا هەیە، بەڵام نایانەوێت بچنەوە زێدی باوو باپیرانیانو بەرەو وڵاتانی ئەوروپا کۆچ دەکەن یان لەکوردستاندا دەمێننەوە.

مێخاک سەرکیسیان، ٤٥ ساڵ هاووڵاتییەکی ئەرمەنیە، وەک خۆی دەڵێت زۆر حەزی لەبینینی ئەرمینیایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نیازی بەجێهێشتنی ئەم هەرێمەی نییە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لەهاورێکانی لەساڵانی رابردوودا کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا.

مێخاک وتی "دایکو باوکم لەم دەڤەرە لەدایکبوون، منیش لێرە بەردەوامی بەژیان دەدەم".

مێخاک خەڵکی شاری زاخۆیە، باپیری دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لەترسی دەسەڵاتدارانی تورک وەک هەزاران ئەرمەنی تر کە لەوکاتەدا توشی کوشتاری گەورەو خوێناوی بووبوون، رووی لەوشارە کردووە، بۆ پاراستنی گیانی خۆیو خێزانەکەی.

مێخاک هەمیشە بیر لەو کارەساتە مرۆییە دەکاتەوە کە بەسەر گەلەکەیدا هاتووەو لەرێگای "خوێندنەوەی مێژووی ئەرمەنییەکان خۆی بەو رووداوە ئاشنا دەکات".

بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان هاتنی ئەرمەنەکان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵانی (١٩١٥-١٩٢٠) دەگەڕێتەوە کە لەترسی هێرشەکانی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی (تورکیا) لەوکاتەدا پەنایان بۆ ئەم ناوچەیە هێناوە، زۆربەشیان لەشاری زاخۆ نیشتەجێ بوون.

لەزاخۆ گەڕەکێکی تایبەت بەئەرمەنەکان هەیە کەناوی گەڕەکی (کیستە)یە، هەروەها ٣ گوندیشیان هەیە بەناوەکانی (فزروک، شکەفدەل، هەورێزک)، ئێستا ئەو گوندانە ئاوەدانن.

زۆربەی ئەرمەنەکانی هەرێمی کوردستان کاری پیشەیی دەکەن وەک (میکانیک، زێرنگری، کوتاڵفرۆشیو بازرگانی)، هەندێکیشیان وەک فەرمانبەری حکومەت کاردەکەن.

مێخاک دەڵێت "زۆربەی کەسی خاوەن توانا کە لەناو ئەرمەنەکانی دەڤەرەکەدا هەبوون، ئێستا روویان لەدەرەوە کردوە"، ئەمەش تارادەیەکی زۆر کاری لەتوانای ئەرمەنەکان کردووە کە "رۆڵی خۆیان لەناو کومەڵگادا زۆرتر ببینن".

ئەرمەنەکانی زاخۆ کەنیسەی (مریم عەزرا)ی تایبەت بەخۆیان لەگەڕەکی کیستە دروست کردووە، رێوڕەسمە ئاینییەکانی خۆیانی تێدا جێبەجێدەکەن، بەتایبەت هەموو ساڵێک لەرۆژی ٢٤ مانگی نیسان یادی کوشتاری ئەرمەنییەکان دەکەنەوەو لەکەنیسەکانیش نوێژ بۆ گیانی قوربانیانیان دەکەن.

مراد پیرەمێردێکی ئەرمەنی تەمەن ٩٥ ساڵەیە، وتی "زۆر زەحمەتە ئەو کارەساتانەی بەسەر ئەرمەنەکاندا هاتووە لەبیربکرێن، چونکە ئەو کوشتارەی بەسەر ئێمەدا هاتووە وایکرد کە ئەو نەتەوەیە پەرتو بڵاوبکرێتەوە".

ئەرمەنەکان لیژنەیەکی تایبەتیان هەیە، کاری سەرەکی لیژنەکەیان ئەوەیە کەنوێنەرایەتی ئەرمەن دەکات لەجێگای رەسمیو بۆ کاروباری حکومەتو فەرمانگەکان، بێجگە لەبەڕێوەبردنی کاروباری ئەرمەنەکان.

بەپێی ئاماری لیژنەی کاروباری ئەرمەنییەکان لەزاخۆ، ئێستا ژمارەی ئەرمەنەکان لەپارێزگای دهۆک دەگاتە ١٨٠٠ کەسو لەوانە ٥٠٠ کەس لەشارەکانی خوارووی عێراقەوە هاتونەتە کوردستان لەترسی خراپبوونی رەوشی ئەمنی لەو دەڤەرانەدا.

ئیشخان ملکۆ سەرۆکی لیژنەی ئەرمەن لەزاخۆ بەدەستووری راگەیاند "ژمارەی ئەرمەنەکان لەعێراقو هەرێمی کوردستانیش روو لەکەمبوونە، چونکە ژمارەیەکی زۆریان بەهۆی خراپی رەوشی ئابووری لەساڵانی رابردوودا روویان لەئەوروپا کردووە، هەروەها لەم ساڵانی دوایيدا، بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکان لەناوچە جیاجیاکانی عێراق بەبەردەوامی روو لەدەرەوە دەکەن".

ئیشخان ئاماژە بەوەدەکات رەنگە ئێستا کەمتر لە١٠ هەزار کەس لەئەرمەنەکان لەعێراقدا مابن، لەکاتێکدا پێش ساڵانی ٢٠٠٣ ژمارەی ئەرمەن لەعێراقدا زیاتر لە٢٠ هەزار کەس دەبوو.

ئێستا زمانی ئەرمەنی بەشێوەیەکی فەرمی لەقوتابخانەکانی ئەو ناوچانەدا دەخوێنرێتو لەدەڤەری زاخۆش ٣ خوێندنگەی ئەرمەنی هەیە، یەکێکیان لەناو شاری زاخۆیە، دوو خوێندنگەکەی دیکەش لەدوو گوندی ئەرمەنییەکانە، هەروەها ٣ کەنیسەی تایبەت بەئەرمەنەکان لەپارێزگای دهۆک هەن.

هەموو ئەرمەنەکانی هەرێمی کوردستان، سەر بەمەزهەبی ئەرسەدۆکسینو لەهەموو ساڵێکدا بەگوێرەی ساڵرۆژی گریگوری، لەرۆژی ٦ مانگی کانوونی دووەمدا یادی جەژنی لەدایکبوون دەکەنەوە.

بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەک کورسی بەسیستمی کۆتا، بۆ نوێنەرایەتی نەتەوەی ئەرمەن لەپەرلەمان تەرخانکراوە، لەهەڵبژادنی ساڵی رابردوودا، ئارام شاهین، کە کەسایەتیەکی ئەرمەنی خەڵکی زاخۆیە بۆتە نوێنەری ئەرمەنەکان لەپەرلەمان.

مەلکۆ دەڵێت "وەزعی ئەرمەنەکان لەهەرێمی کوردستان بەرەوشی سیاسیو ئەمنی کوردستانەوە بەندە بەبۆچونی ئەو چەند رەوشی کوردستان باش بێت، ئەوەندەش رەوشی ئەرمەنەکان باش دەبێت، چونکە "ئەرمەنەکانیش بەشێکن لەکۆمەڵگای کوردستان".

سەرۆکی لیژنەی ئەرمەنەکان لەزاخۆ وتی "پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتی دایک ئەرمینیا هەیە، ئەو پەیوەندیەش تەنها لەرێگای کەنیسەوەیە، ئێمەش لەرێگای کەنیسەی (کریکور المنور) پەیوەندی بەوڵاتی خۆمانەوە دەکەینو ئەو پەیوەندییە تەنها لەچوارچێوەی کاروباری ئاینیدایە".

سەرۆکی لیژنەی ئەرمەنییەکان دەڵێت: کەسی ئەرمەن لەهەر جێگایەکی جیهان بێت مافی هەیە ناسنامەی وڵاتی خۆی وەربگرێت، روونیشیکردەوە: ئێستا زۆر کەس لەئەرمەنەکانی کوردستانو عێراق بێجگە لەناسنامەی عێراقی ناسنامەو جەوازی دەوڵەتی ئەرمەنستانیان هەیەو خۆشم یەکێکم لەو کەسانەی کە جەوازی ئەرمەنستانم هەیە".

ئەرمەنەکانی کوردستان پەیوەندی ژنو ژنخوازییان هەیە لەگەڵ ئەرمەنەکانی ئەرمینیا، بەڵام وەک خۆیان باسی دەکەن نایانەوێت لەئەرمینیا ژیان بەسەربەرنو بارودۆخی کوردستان بەگونجاوتر دەزانن. ئیشخان باسی لەوەکرد زۆر کەس لێرەوە سەردانی ئەرمینیای کردووەو هەندێکیشیان لەوانە لەوێ ژنیان بۆ خۆیان هێناوە، بەڵام کەس لەخەڵکی ئێرە ناچن لەوێ بۆئەوەی بەیەکجاری بژین، چونکە "رەوشی ئابووری لەوێ زۆر خراپە".



# گوندنشینەکان بەرگەی ژیانی گوندەکان ناگرن

## بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە، زیاتر لە١٦ گوند لەگەرمیان چۆڵکراوە

هونەر ئیحسان لەگەرمیان

بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریو پشتگوێخستنیان لەلایەن حکومەتەوە، گوندەکانی گەرمیان چۆڵدەکرێن، بەپرسانی ناوچەکەش دەڵێن نەبوونی ئاوو کارەباو قوتابخانە هۆکاری سەرەکی چوڵکردنی گوندەکانە.

دانیشتوانی گوندەکانی گەرمیان، رووەو شارو قەزاو ناحیەکان کۆچدەکەن، نەبوونی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیش بەهۆکاری سەرەکی چۆڵکردنی گوندەکانیان دەدانێن.

حەمە ساڵح رەشید خەڵکی گوندی خەپەکوێر، ئێستا لەناحیەی رزگاری دادەنیشێت، وتی "لەگوندەکەمان پڕۆژەیەک نییە دڵی پێخۆش بکەینو ببێتە هۆی مانەوەمان لەوگوندە".

حەمە ساڵح ئاماژەی بەوەدا مانەوەمان لەو گوندە هیچ سودێکی نەبووە، بۆ نمونە بیری ئیرتیوازی لەتەنیشت کانییەکەوە دروستکراوە تەنانەت بۆتەهۆی وشکردنی کانییەکەش، "ئەم بیرە ئاو ناگەیەنێتە هیچ شوێنێکو سودی لێنابینرێت، جگە لەنەبوونی رێگاوبانو نەخۆشخانە لەوگوندە".



نەبوونی ئاوو کارەباو نەخۆشخانەو قوتابخانە گوندنشینەکان لەگوندەکان دووردەخاتەوە. فۆتۆگراف: هونەر ئیحسان

عەلی مەحمود خەڵکی گوندی تیلەکۆیەو ئێستا لەناحیەی رزگاری دادەنیشێت، وتی "هیچ شتێک نەکراوە بۆمان ئەوەشی کراوە هیچ سودێکی نەبووە بۆمان تەنها سودی بۆ ئەو مقاولانە هەبووە".

بەپێی ئاماری بەرێوەبەرایەتی ناحیەی رزگاری، زیاتر لە١٦ گوندی سەر بەقەزای کەلار بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە چۆڵکراون.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لە (٢٢) گوندی سەر بە ناوەندی قەزای کەلار (٧) گوند چۆڵکراوە، لەو گوندانەش (قاسم ئاغا، مووچە شەل، سەید خەلیل.. هتد).

هەروەها سروە محەمەد، بەرێوەبەری ناحیەی پێباز، بە دەستووری راگەیاند: لەکۆی (٣٢) گوندی سەر بە ناحیەکە، زیاتر لە (٣) گوند چۆڵکراوە.

سەبارەت بەژمارەی ئەو گوندانەی سەر بەناحیەی رزگارینو ئێستا چۆڵکراون، ساڵح محەمەد بەرێوبەری ناحیەی رزگاری بەدەستووری راگەیاند: ئەو گوندانە بریتین لەگوندەکانی "تەپەسپی، تورانی بابا رەسوڵ، هەوارە لارە، گۆڕی مسقاڵ، کانی چایلە، تۆڵەبی، تیلەکۆی گەورە، سەرکەڵی عەلی هتد.." جگە لەو گوندانەی کە تەنها یەک تا دوومالّی تێدایە.

بەرێوەبەری ناحیەی رزگاری دەڵێت هۆکارەکانی چۆڵکردنی ئەو گوندانە زۆرن، بەتایبەتی کەمی ئاو کە کاریگەرییەکی خراپی کردۆتە سەر گوندەکان، وتی "ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری وشکەساڵیو کەمی ئەوبڕە پارەیەی کە بۆ وشکەساڵی تەرخانکراوە لەناوچەکەدا بەبەراود لەگەڵ ناوچەکانیتر، هەروەها نەبوونی کارەبا، ئەمەش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر خەڵکی گوندەکانو بۆتە هۆی بێزاربوونیان، جگە لەنەبوونی نەخۆشخانەو خوێندنگە، بەتایبەتی لەگوندە دوورەکان، ئەو گوندانەشی کەوا نزیکن لەشار تاوەکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی تێدایە، بەهۆی ئەم هۆکارانەوەو بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیان بەناچاری روو لەشار دەکەن".

سەرەڕای ساغنەبوونەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، خراپی رێگاوبانو نەبوونی کارەباو خوێندنگەو بنکەی تەندروستی لەو هۆکارەسەرەکیانەن کەخەڵکی گوندەکان بەرەو شارەکان رادەکێشن.

عەدنان خەلیل بەرێوەبەری رێگاوبانی گەرمیان، وتی "بودجە رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکان، ئەو بودجەیەی کە بۆ رێگاوبان لەگوندەکان تەرخانکراوە، زۆرکەمەو تەنانەت بەشی چەند گوندێکیش ناکات".

عەدنان خەلیل رێگاوبانو ئاوو کارەباو نەخۆشخانە بەگرگترین هۆکار دادەنێت بۆ کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شارەکان، جگە لەکاریگەری وشکەساڵی.

گوندنشینەکان داوادەکەن پڕۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ جێبەجێبکرێت بۆئەوەی گوندەکانیان ئاوەدانبکەنەوەو دەستبکەنەوە بەکاری کشتوکاڵیو ئاژەڵداری.

عەلی مەحمود خەڵکی گوندی تەپەسپیە، ئێستا دانیشتووی شاری کەلارە، وتی "ئێستاش خزمەتگوزاریمان بۆ جێبەجێبکەن دەڕۆینەوە بۆ گوندەکانمان".

www.arsivakurd.org

# ١٦٦ منداڵ لەکوردستاندا ئۆتیزمیان هەیە

## بەڕێوەبەری سەنتەری ئۆتیزم لەسلێمانی: تائێستا پسپۆڕی دەروونیمان نییە



گرنگترین نیشانەکانی نەخۆشی ئۆتیزم بریتییە لەکێشەی ئاخاوتن، کێشەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، گرفتی هەڵسوکەوتکردن.

ئیلهام عەبدوڵڵا لەسلێمانی

١٦٦ منداڵ لەکوردستاندا نەخۆشی ئۆتیزمیان هەیەو ژمارەی ئەو منداڵانەی دەبرێنە سەنتەرەکانی ئۆتیزم لەزیادبووندایەو بەرپرسی سەنتەری ئۆتیزم لەسلێمانی ئاماژە بەوەدەکات کەسانی پسپۆڕیان لەبواری دەروونیدا بۆ دانەنراوە.

ئێستا لەکوردستاندا سێ سەنتەری ئۆتیزم لەشارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک کراوەتەوە کەسەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین.

ئۆتیزم بریتییە لەتێکچوونی گەشەی منداڵ بەهۆی تێکچوونی فرمانەکانی مێشکو دەمارەکانەوەو زیاتر لەسێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا ڕوودەدات.

مەریوان لەتیف محەمەد بەڕێوەبەری سەنتەری ئۆتیزم لەسلێمانی وتی "ئەم سەنتەرە تەنها بۆ خزمەتکردنی ئەو منداڵانەیە کە تووشی ئۆتیزم بوون، بەڕاهێنانەوەیان بۆچوونە ناو کۆمەڵگاو ڕاهێنانی پەروەردەییە".

بەڕێوەبەری سەنتەری ئۆتیزم لەسلێمانی ئاماژە بەوەدەکات کە ڕاهێنانی دەروونییان نییە، لەبەرئەوەی ئەوان تائێستا پسپۆڕی دەروونییان نییە.

ئەو منداڵانەی تەمەنیان لەنێوان (٣ تا١٤) ساڵیدایە دەتوانرێت لەو سەنتەرەدا ڕاهێنانیان پێبکرێت.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست دەستوور کەوتووە ڕێژەی منداڵانی ئۆتیزم ئەوانەی لەسەنتەری ئۆتیزمدان لەشاری سلێمانی ٤٥ منداڵ، لەهەولێر ١٠٢منداڵو لەدهۆکیش ١٩منداڵ دەبن.

بەهۆی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ بۆ دەستنیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزم لەسلێمانی، ئەو نەخۆشانەی گومانیان لێدەکرێت ڕەوانەی سەنتەری ئۆتیزم دەکرێن لەهەولێر بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیان.

مەریوان وتی "بەپاڵپشتی ڕاپۆرتی پزیشکی تایبەت بۆمان دەستنیشاندەکەن ئینجا ئەو منداڵانە وەردەگرین لەگەڵ ڕاپۆرتەکەشدا ئەگەر جێگەی گومانبێت جارێکیتر دڵنیانەبین دەینێرینەوە لای پزیشک بۆئەوەی دڵنیابین، لەبەرئەوەی حاڵەتی وامان هەبووە کە بەئۆتیزم نووسراوە، بەڵام کە ناردومانە بۆ هەولێر کە لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمان لەهەولێر هەیە شەلەل دەماخ بووە نەک ئۆتیزم".

گرنگترین نیشانەکانی نەخۆشی ئۆتیزم بریتییە لەکێشەی ئاخاوتنو قسەکردن، کێشەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەروەها گرفتی هەڵسوکەوتیان هەیە.

سەبارەت بەهۆکارەکانی نەخۆشی ئۆتیزم دکتور ڕێزان حسێن ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: هەندێک لەزاناکان دەڵێن هۆکاری جیناتو زگماکیە، بەڵام هەندێکیتر لەزاناکان دەڵێن ژینگەیە، بەوەی کاتێک منداڵ لەدایکدەبێت دوای ١٨مانگ تووشی ئۆتیزم دەبێت بەهۆکاری ژینگەیی، یان جۆری ئەو خواردنەی کە منداڵ دەیخواتو ئاوو هەوا هۆکارن بۆ توشبوون بەئۆتیزم.

دکتۆر ڕێزان دەربارەی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە وتی "لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەو منداڵانەی ئۆتیزمیان هەیە تێکەڵ بەخەڵک نابن، تەنانەت لەگەڵ دایکو باوکو خوشکو براکانیشیان ساردن، بەڵام ئەگەر پاشماوەیەک دایکو باوکو خوشکو براکان بایەخیان پێدان، ئەوا پەیوەندیان بەهێز دەبێتو لەگەڵ منداڵانی تر یاریی ناکەن".

هەروەها وتی "لە٥٠٪ی منداڵان هەر قسەناکەن، تەنانەت گەیشتوونەتە ٦ ساڵ بۆ ٧ ساڵیش قسەی لەدەم دەرناچێت، ئەگەر قسەش بکەن وەکو تۆمارکەر (مسجل) وان، واتە ئەو قسانە دووبارە دەکەنەوە کە گوێیان لێبووە".

دکتۆر ڕێزان ئاماژەی بەوەشدا: یەکێکیتر لەنیشانەکانی ئۆتیزم ئەوەیە، کاتێک قسە بۆ منداڵەکە دەکەیتو پرسیاری لێدەکەیت، ئەو بەشێوەیەکیتر وەڵامت دەداتەوە.

ئەو نمونەی ئەوەی هێنایەوە کە کاتێک لەو منداڵانەی تووشی ئۆتیزم بوون دەپرسی ناوت چییە؟ ئەو وەڵامت ناداتەوەو قسەیەکی ترت بۆ دەکات، "یان ڕەفتاری سەرسوڕهێنەریان هەیە وەکو دەستیان دەلەرزێت".

بەپێی قسەکانی دکتۆر ڕێزان ئۆتیزم تێکەڵێکە لەنەخۆشی جەستەییو دەروونی، بۆیە دەبێت دکتۆری منداڵانو دکتۆری عەسابو دکتۆری دەروونیش دەستنیشانی ئەو نەخۆشییە بکەن.

دکتۆر ڕێزان دەڵێت کە نەخۆشی ئۆتیزم چارەسەری داودەرمانی نییە، "بەڵکو نیشانەکانی لێی بەدیار دەکەوێت تۆ چارەسەری نیشانەکانی دەکەیتو دەبێت سەنتەری تایبەت هەبێت ڕاهێنان بەدایکو باوک بکات".

> کاتێک لەو منداڵانەی تووشی ئۆتیزم بوون دەپرسی ناوت چییە؟ ئەو وەڵامت ناداتەوەو قسەیەکی ترت بۆ دەکات، "یان ڕەفتاری سەرسوڕهێنەریان هەیە وەکو دەستیان دەلەرزێت

> کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت دوای ١٨مانگ تووشی ئۆتیزم دەبێت

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

## جۆن دیڤیو پراگماتیزم

پراگماتیزم ڕەوتێکی فەلسەفییە کە قورسایی خۆی دەخاتە سەر کردار نەک تیۆری، واتا لەگۆشەنیگای پیادەکردنی ئەو تیۆرییانەوە لەژیانی ڕۆژانەدا، دەڕوانێتە تیۆرییەکانو ئاستی سەرکەوتنیان بۆ دیاریدەکات، بەشێوەیەکی دی کردارو دەرەنجامەکان سەنگی مەحەکن لەپرۆسەی هەڵسەنگاندنی تیۆرییەکاندا، تیۆری بەلای پراگماتیستەکانەوە وەڵامی هەموو مەتەڵەکانی پێ نیەو ئەوەی ڕۆح بەبەر تیۆرییەکاندا دەکات پراکتیکو کردارە.

چارلس پێرز بەدامەزرێنەری پراگماتیزم دادەنرێت، بەڵام خەڵکانێکی زۆری دیکەش لەنێو دەروونناسو پەروەردەناسەکاندا لەقۆناغێکی زوودا پەیوەست بەڕەوتی پراگماتیزم بوون، لەوانەش جۆن دیڤیو هێربەرت مید.

دیڤی (١٨٥٩-١٩٥٢) بەیەکێک لەپەروەردەناسە پراگماتیستە گەورەکانی ئەمریکا دەژمێردرێت کە لەنیوەی یەکەمی ١٩٠٠ەکاندا ڕۆڵی لەدامەزراندنو گەشەسەندنی ڕەوتی پەروەردەی پرۆگرەسیڤدا هەبوو. دیڤی ئەو پراگماتیزمەی خۆی بەئامرازگەرایی یا تاقیگەرایی ناوزەد کرد، ئەو پێی وابوو ئێمە لەڕێگەی کردارەکانمانەوە زانست بەدەستدێنین، بەڵام ئەو وێنەیەی ئێمە لەبارەی جیهانەوە بەدەستیدێنین بریتی نییە لەزانستی ژیان، بەڵکو بریتیە لەوێنەیەک دەقاودەقی ئەو مامەڵەیەی ئێمە لەگەڵ شتەکانی دەوروبەرماندا دەیکەین.

دروشمی (فێربوون لەڕێگەی کارکردنەوە) هەر ئەوەندەی لەدەمی دیڤیەوە دەرچوو، لەماوەیەکی زۆر کورتدا بەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبووەوە، دیڤی لەگەڵ ولیام کیلپاتریک کەسەر بەڕەوتی پەروەردەناسی ریفۆرم بوو، لە ١٩٠٤دا لەزانکۆیەک لەئەمریکا بەیەکەوە کاریان دەکردو لەوکاتەدا کیلپاتریک میتۆدی پڕۆژەی داهێنا کە تاوەکو ئەمڕۆش لەزانکۆو قوتابخانەکانی ڕۆژئاوادا کاری پێدەکرێت. ئەم میتۆدە ڕێی بۆ دیڤی خۆشکرد کەپەرە بە (فێربوون لەڕێگەی کارکردنەوە) بدات، لەپشت ئەم دروشمەوە فەلسەفەیەکی گەورەی جۆن دیڤی دەستی بەکار کردبوو، هەواداری زۆریشی بۆ خۆی پەیدا کردبوو. تێڕوانینەکانی دیڤی بووە جێگەی بایەخی پەروەردەناسو دەروونناسی سویسری ژان پیاژێ (١٨٩٦-١٩٨٠) کە کاری لەتیۆری مەعریفیدا دەکردو بەپێی تیۆرییەکانی ئەو، منداڵ لەڕێگەی مامەڵەکردنی بەردەوامی لەگەڵ ئۆبژێکتەکاندا دەتوانێت بنەمایەک بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکی دروستبکاتو هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانێت زانستی نوێ بەدەستبێنێت، بەتایبەت لەقۆناغی یەکەمو دووەمی گەشەسەندندا.

دیڤی یەکێک بووە لەوانەی کاریگەری دیاری بەسەر پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەبووە لەوڵاتەکانی ڕۆژئاواداو مرۆڤ بەڕوونی لەکتێبی (خوێندنو دیموکراسیدا) هەست بەمە دەکاتن ئەو هەمیشە داوای ئەوەی لەپەروەردەناسەکان کردووە کە دیدێکی گشتگیریان بۆ خوێندکارو مرۆڤ هەبێتو بەرلەوەی داوای ئەوەی لێبکەن کەچی کردووە دەبێ دەرفەتی مومارەسەکردنی لەهەموو کایەکانی کۆمەڵگادا بۆ برەخسێنن، بۆئەوەی خوێندکار بتوانێت گەشەبکاتو توانای ئەوەی هەبێت فێری بەرپرسیارێتی ببێتو شارەزای ئەرکو مافەکانی خۆی بێت، هەروەها لەوتارێکدا بەناوی (منداڵو پلانی فێرکاری) تیشکی خستۆتە سەر بایەخی پلانی فێرکاریو ڕەخنەیەکی توند لەقوتابخانەکان دەگرێتو باس لەوەدەکات کە چۆن منداڵ لەقوتابخانەدا ڕووبەڕووی ئەو وانانە دەبێتەوە کە باس لەدیاردەکانی جیهانی منداڵ ناکات، بەڵکو باس لەجیهانێک دەکات کە بەپێی وانەکان دابەشکراوە، بەشێوەیەکی دی دیڤی باسی لەگرنگی پلانی فێرکاری کردووە کە مەبەست لێی دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندکارە نەک بەپێچەوانەوە، هەر ئەم مەسەلەیە بووە بنەمای ئەو ڕەخنە توندەی پیاژێ لەقوتابخانە ڕۆژئاواییەکانی گرت، چونکە بەرای ئەو قوتابخانەکان ئەوەندەی گرنگە بەلایانەوە مەرجەکانی خۆیان بەسەر خوێندکارەکاندا بسەپێنن ئەوەندە گرنگ نییە بەلایانەوە مەرجەکانی خوێندکاران بەجێ بگەیەننو پێداویستییەکانیان دابینبکەن.

بۆ خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەتری پلانی فێرکاری، مرۆڤ دەتوانێت چاوێک بەبەرهەمەکانی برانەردا بگێڕێت، بەلای دیڤیەوە گرنگە خوێندکار بەسەر زانستەکانەوە زاڵ بێت، بەڵام دیڤی پێیوایە زانستی ناو کتێبەکان زانستێکی مردووە، ئەگەر خوێندکار نەتوانێت زیندوویان بکاتەوەو پیادەیان بکات. بەهەمانشێوە لەڕێگەی نەخشەو ئەتڵەسەکانەوە منداڵ ناتوانێت شارەزای وڵاتێک ببێت.

دیڤی کاریگەری تەنها بەسەر سیستمی خوێندنی ڕۆژئاواوە نەبووە، بەڵکو یەکێک بووە لەو دەگمەنانەی لەکاتێکی زۆر زوودا کاریگەری بەسەر هەندێک وڵاتی داخراوی وەکو چینو یەکێتی شورەویشدا هەبووە. لەبیستەکاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ لەچین کاری کردووە، بەڵام ئەو نووسینانەی لەوێ نووسیبوونی بۆ یەکەمینجار لەحەفتاکاندا وەرگێڕدرانە سەر زمانی چینی، کاریگەری ئەو بەسەر پەروەردەناسە باڵاکانی شورەوییەوە لەبیستەکاندا زۆر دیار بوو، کرۆپسکایای ژنی لینین کەبەتەنگی ئەو بوارەوە دەهات، یەکێک بوو لەوانەی لەژێر کاریگەری دیڤیدا کاری دەکرد، چۆن لیۆ ڤیگۆجیسکی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر پلانی فێرکار ی ١٩٩٤ی سویدەوە هەبوو، بەهەمانشێوە جۆن دیڤی کاریگەری بەسەر پلانی فێرکاری ١٩٨٠وە هەبوو، ئەمە بەدەر لەلێکۆڵینەوەکانی حکومەتی سویدی کە لەو بارەیەوە بۆ پەرلەمان ئامادەی کردبوو.

> بەڕای دیڤی قوتابخانەکان ئەوەندەی گرنگە بەلایانەوە مەرجەکانی خۆیان بەسەر خوێندکارەکاندا بسەپێنن ئەوەندە گرنگ نییە بەلایانەوە مەرجەکانی خوێندکاران بەجێبگەیەنن

faiekk@hotmail.com

# گەنجان بەدەرمان ئارەزووە سێکسییەکانیان کەمدەکەنەوە

## "ئەو دەرمانانە ئارەزووی سێکسی کپ ناکەن، بەڵکو لەئاستێکدا دەیوەستێنن"

دەستوور لەسلێمانی

بۆ کەمکردنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانیان گەنجان پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی دەرمان، پسپۆڕانی بواری پزیشکیش ئاماژە بەوەدەکەن یەکێک لەکاریگەرییە لاوەکییەکانی ئەو دەرمانە لاوازکردنی ئارەزووی سێکسییە.

خووەنهێنی (دەستپەڕ) یەکێکە لەو دیاردانەی کە گەنجانو هەرزەکاران لەسەرەتای پێگەیشتنیاندا بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانیان ئەنجامیدەدەن.

خووەنهێنی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت، ئەو کەسانەی ئارەزووی سێکسیان بەرزە، رۆژانە چەند جارێک ئەم کردارە ئەنجامدەدەنو لەگەڵ ئەوەی چێژێکیان پێدەبەخشێت، وەک خۆیان دەڵێن "بۆتە مایەی بێزاربوونیان".

میر کوڕێکی تەمەن ٢٢ ساڵە، بەوتەی خۆی ئارەزوویەکی سێکسی زۆری هەیە، لەتەمەنی١٣ساڵییەوە ئەم خووەنهێنی ئەنجامدەدات، وتی "لەسەرەتادا رۆژی یەکجار ئەم کردارەم ئەنجامدەدا، بەڵام دواتر لەرۆژێکدا ٢-٤جار ئەم کارەم ئەنجامداوە.

میر وتی "تەنیاییو گەڕانی ناو بازاڕو بینینی چەندین ئافرەت، وای لێدەکردم دەستپەڕ بکەم".

پاشان میر سەردانی پسپۆڕێکی دەروونی کردووەو کێشەکەی بۆ باسکردووە،ئەویش دەرمانێکی بۆ نووسیوە، میر وتی "بەخواردنی ئەو دەرمانە توانای سێکسیم دابەزیو ئەم کارەم کەمکردەوە".

دەرمانی "فلۆکسین" ئەو دەرمانەیە کەئەو گەنجانە بۆ کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکسییان بەکاریدەهێنن.

جوانڕۆ تەمەنی ٢٢ ساڵەو وتی "هەموو رۆژێک دەسپەڕم ئەنجامدەدا، بەهۆی خواردنی دەرمانی فلۆکسین ئەم کارەم کەمکردەوە، ئێستا بەدوو هەفتە جارێک ئەنجامیدەدەم".

دکتۆر رێبوار غەریب حەمە، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونیو دەمارییەکان دەربارەی ئەم دیاردەیە دەڵێت: خووەنهێنی حاڵەتێکی سروشتییە، هەتا ئەوکاتەی کە زیادەڕۆیی تێدا نەکرێتو زیان بەلایەنەکانی تری ژیانی کەسەکە نەگەیەنێتو نەتوانێ کارەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی ئەنجامبدات، وتیشی "زۆرجار خووەنهێنی کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر توانای عەقڵی تاک ئەگەر خوێندکار بێت یان فەرمانبەر بێت یان هەر کارێکی تری هەبێت، لەمکاتەدا دەبێتە حاڵەتێکی نائاساییو پێویستی بەچارەسەر هەیە".

خووەنهێنی لەهەردوو رەگەزی نێرو مێدا هەیەو لەهەموو کۆمەڵگایەکدا بەڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، لەو کۆمەڵگایانەش کە رێگەیان بەئازادی سێکسی داوە لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا ئەنجامدەدرێت.



ئارەزووی سێکسی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت

دوای خواردنی ئەو دەرمانانە توانای سێکسیم دابەزیو ئەم کارەم کەمکردەوە

رامانی تەمەن ٢٢ ساڵ، دەڵێ "ئافرەت باڵاپۆش بووبێت یان نەبێت من سەرسام بووم پێی، بەبینینی ئارەزووی سێکسیم دەوروژاو کە بەتەنیا دەبووم یەکسەر بیرم لەسێکس دەکردەوەو دەستپەڕم دەکرد". پاشان بەپێکەنینەوە وتی "ئەم دەرمانە تەمێی کردمو ئێستا هەست بەخۆشی ئەکەم کە وازم لەو کارە هێناوە".

ئەو پسپۆڕە دەروونییە ئاماژەی بەوەدا: حاڵەتی جۆراوجۆر لەم رووەوە سەردانیان دەکەن، بەڵام بەزۆری ئەو کەسانەی سەردانیان دەکەن لەرەگەزی نێرن، چونکە "کچان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەچوونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن ئەو کێشانەی کە هەیانە لەرووی سێکسەوە دەریببڕن، بەهۆی شەرمکردنیان لەباسکردنی ئەم بابەتە".

دکتۆررێبوار غەریب حەمە دەڵێت: ئەو کەسانەی سەردانیان دەکەن پاش رێنماییکردنو هۆشیارکردنەوەیان دەرمانیان بۆ دەنووسن، "هەیانە بەکۆرسێک لەبەکارهێنانی دەرمانەکە چارەسەری حاڵەتەکەی دەکرێت، هەشیانە بۆ ماوەیەکی زۆر دەرمانەکە بەکاردەهێنێت".

دکتۆررێبوار وتی "ئەو دەرمانانە ئارەزووی سێکسی کپ ناکەن، بەڵکو لەئاستێکدا دەیوەستێنن"، هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو دەرمانانەش کە بەکاریدەهێنن دەرمانی تایبەت نین بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە، بەڵام یەکێک لەکاریگەرە لاوەکییەکانی ئەو دەرمانە لاواز کردنی ئارەزووی سێکسییە، واتە بە ناراستەوخۆ ئارەزووی سێکسی لاوازدەکات.

پسپۆڕانی بواری پزیشکی دەروونی تەنیاییو بێکاریو بیرکردنەوەو بینینی دیمەنە وروژێنەرەکان، بەپاڵنەری سەرەکی بۆ زیاد ئەنجامدانی ئەو خووە لای کوڕانو کچان دادەنێن.

دکتۆر رێبوار ئاماژە بەوە دەدات ئالوودەبوون بەو کردارە ئەگەر چارەسەر نەکرێت زیانی هەیە، "زیانی تریش بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە گرنگترینیان ئەگەری تووش بوون بەنەخۆشییەکانی پڕۆستات زیاددەکات لەتەمەنی پیریدا".

"هەندێجار تووشی ساردی سێکسی دەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەیداو وادەکات چێژ لەخووەکە ببینێت، نەک لەکاری سێکسی نێوان خۆیو هاوسەرەکەی کە ئەمەش کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەها ئەگەر ئەنجامدەری خووەکە کوڕ بێت وای لێدەکات کە زوو ئاو بهێنێتەوە تەنانەت لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا وادەکات پێش ئەوەی بگات بەئۆرگازم ئاوی بێتەوەو لەبەرامبەردا نەخۆیو نەخێزانیشی ناگەن بەچێژی تەواوەتی بەهۆی زوو ئاوهاتنەوەی پیاوەکە لێرەشدا ژن دەبێتە قوربانی" دکتۆررێبوار وتی.

**تێبینی: ناوی کوڕەکان خوازراون**

# سەنتەرەکانی جوانکاریی، ئومێدبەخش نین بۆ هاووڵاتیان

## "مووەکانی دەموچاوم زیادیکردووە، بەناچاری ئێستا لەژێر چاودێری تایبەتی پزیشکم"

کاڵێ ئەنوەر لەسلێمانی

کردنەوەی سەنتەرەکانی جوانکاریی لەکوردستاندا روو لەزیادبوونەو هاووڵاتیانیش گلەیی لەنرخو چۆنێتی چارەسەرەکانیان دەکەن، بەرپرسانی ئەو سەنتەرانەش ئاماژە بەوەدەکەن دڵنیان لەچارەسەرەکانیان.

چەندین سەنتەری جوانکاریی لوبنانی، ئوردنیو فەرەنسی لەکوردستاندا کراونەتەوە بۆ جوانکاریی لەدەموچاوو دابەزاندنی کێش بەئەنجامدانی نەشتەرگەری یاخود بەکارهێنانی دەرمانو چارەسەری سروشتی.

ناسک عومەر ژنێکی تەمەن ٣٤ ساڵە دەڵێت "سەنتەرەکان چارەسەرێکی ئەوتۆیان پێنییە بۆ هاووڵاتیان لەڕووی جوانکارییەوە.

ناسک ئاماژە بەوەدەکات: لەگەڵ کردنەوەی چەند سەنتەرێکی جوانکاریی لەشاری سلێمانی، سەردانی زۆرێک لەو سەنتەرانەی کردووە، بەڵام هیچکام لەو سەنتەرانە نەیانتوانیوە چارەسەری قەڵەوییەکەی بکەن.

ئەو ژنە وتی "داوای چوار سەد دۆلاریان لێکردم منیش رازیبووم، بەڵام کە وتم نەخۆشی زیادبونی پەستانی خوێن (زەخت)م هەیە، ئەو سەنتەرانە نەیانتوانی بەرپرسیارێتی ژیانم هەڵبگرنو چارەسەری کێش زیادییەکەم بکەن، بەڕای ئەو، سەنتەرەکان ناتوانن کێشە چارەسەر بکەن، بەڵکو کێشەو نەخۆشییەکان زیاتر دەکەن".

ئەو سەنتەرانە تەنها کچان رووی تێناکەن، بەڵکو زۆرێک لەکوڕانیش روودەکەنە سەنتەرەکان بەمەبەستی جوانکارییو کەمکردنەوەی کێشیان.

راوێژ ئەحمەد کوڕێکی تەمەن ٢٥ ساڵە، دەڵێت سەنتەرەکان دەتوانن چارەسەر بکەن، بەڵام بە هۆی زۆری نرخەکانیانەوە، ناتوانرێت بەردەوام سەردانیان بکرێتو چارەسەری تەواو ئەنجامبدرێت.

راوێژ وتی "من چەند جارێک سەردانی یەکێک لەسەنتەرەکانی جوانکارییم کردووە بەمەبەستی جوانکاریی بۆ پێستم، لەکاتی بەکارهێنانی دەرمانەکاندا سودم وەرگرت، بەڵام دواتر دەبوو چەند جارێک سەردانیان بکەم، منیش نەمتوانی، چونکە نرخێکی زۆریان دانابوو بۆ ئەو دەرمانانە بۆیە نەمتوانی وەک پێویست سود لەسەنتەرەکان وەربگرم".

مەرج نییە هەموو چارەسەرێکی پزیشکی ئەنجامی پۆزەتیڤی هەبێت

هەندێ لەو سەنتەرانە مووی دەموچاو بەلەیزەر لادەبەن، بەتایبەت کچان سەردانی دەکەن هەندێکیان دەڵێن کەسودیان لەو چارەسەرانە وەرگرتووە، هەندێکیشیان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن تەنها پارەیان سەرفکردووە.

ئەڤین لەتیف کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵە، وتی "٤جار سەردانی سەنتەرێکم کردووە بۆئەوەی مووی دەموچاوم بنەبڕبکرێت، بەڵام هیچ سودێکم لێوەرنەگرتووە".

سەبارەت بەنرخی سەنتەرەکە ئەڤین ئاماژەی بەوەدا هەر جارێک کە چووم سەد هەزار دیناریان لێوەرگرتووم، بەڵام لە دوای بەکارهێنانی ئەو لەیزەرە "مووەکانی دەموچاوم زیادیکردووە بەناچاری ئێستا لەژێر چاودێری تایبەتی پزیشکم".

سەنتەرەکانی جوانکارییش دڵنیان لەچارەسەرکردنەکەیان، لەهەمانکاتدا ناتوانن گەرەنتی ١٠٠٪ بدەن بەو کەسانەی چارەسەریان پێشکەش دەکەن، ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن ئەو کەسانەی کەسود لەچارەسەرەکان وەرناگرن ئەوا پارەیان بۆ دەگەڕێنرێتەوە.

عەلی کەریم بەرپرسی سەنتەری لایف لۆنگ لەشاری سلێمانی، وتی "ئێمە بەگەرەنتی دەرمان دەدەینە هاووڵاتیان، ئەگەربێتو ئەو دەرمانەی وەریدەگرن نەیتوانی چارەسەری ئەو کەسە بکات بەهەمان پارەی کە لێی وەرگیراوە، جۆرێکی تری دەرمان دەدرێتێ یاخود پارەکەی بۆ دەگێڕدرێتەوە".

بەرپرسی سەنتەری لایف لۆنگ ئەوەشی خستەڕووکە ئەو دەرمانانەی بەکاریدەهێنن تەنها کرێمو شامپۆو دەرمانی سروشتییە، پشت بەهیچ دەرزیو لەیزەرێک نابەستن.

دکتۆرکەژان عەلی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێستو بەرپرسی سەنتەری ئوردنی کوردستانی بۆ دەستوور، وتی "مەرج نییە هەموو چارەسەرێکی پزیشکی ئەنجامی پۆزەتیڤی هەبێت، چونکە بەپێی پێستی ئەو کەسە چارەسەرکان دەگۆڕێت".

بەرپرسی سەنتەری ئوردنی کوردستانی باسی لەوەکرد: رێژەیەکی زۆر خەڵک روویان تێدەکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی پێست، ئەو پزیشکە ئاماژەی بەوەکرد "نیوەی ئەو کەسانەی سەردانمان دەکەن لەڕەگەزی نێرن".

سەبارەت بەنرخی سەنتەرەکەیانو ئەو گلەییانەی هاووڵاتیان لەنرخی چارەسەری ئەوسەنتەرانەی دەکەن، دکتۆرکەژان وتی "سەنتەرەکەمان لقێکی گرنگە لەعێراقدا ئەو چارەسەرانەی بۆ هاووڵاتیان ئەنجامدەدرێت هەمان چارەسەرە لەدەرەوەی وڵات بەنرخێکی زیاتر ئەنجامدەدرێت، بۆیە ئەو نرخە بەزۆرنازانمو بەپێی چارەسەرەکانیش نرخەکان دەگۆڕێت".



هاووڵاتیان گلەییان لەسەنتەرەکانی جوانکاریی هەیە

www.arsivakurd.org

# کەرکوک دەبێتە پایتەختی رۆشنبیری عێراق

کانی کەمال لەکەرکوک

کوردەکان دەیانەوێت لەفێستیڤاڵێکدا کەکەرکوک دەکاتە پایەتەختی رۆشنبیری عێراق، بەزۆرترین چالاکی بەشداریی بکەن، بۆئەوەی مێژووی سەردەمی بەعس لەفێستیڤاڵەکانی ئەوشارەدا دووبارە نەبێتەوە، کاتێک مۆرکی عەرەبی بەسەر فێستیڤاڵو شارەکەدا زاڵبوو.

رۆشنبیرانو نووسەرانی کورد لەکەرکوک رای جیاوازیان هەیە لەسەر بوونی کەرکوک بەپایەتەختی رۆشنبیری عێراق، هەندێکیان ئاماژە بەوەدەکەن کە مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوەیەو ژمارەیەکیشیان دەڵێن کەرکوک عێراقێکی بچوکە لەڕووی نەتەوەیی‌و ئاینییەوە، بۆیە دەکرێتە پایەتەختی رۆشنبیری.

بۆ ساڵی ٢٠١٠ کەرکوک دەستنیشانکراوە ببێتە پایەتەختی رۆشنبیری عێراق، چونکە فێستیڤاڵێکی گەورەی وەزارەتی رۆشنبیری عێراق، لەوشارەدا ئەنجامدەدرێت، پاش ئەوەی ساڵی پار لەبەسرەو پێشتریش لەبابل ئەم رێورەسمە رۆشنبیرییە ئەنجامدراوە، ئەو شارانە کراونەتە پایەتەختی رۆشنبیری لەو ساڵەی فێستیڤاڵەکەی تیادا ئەنجامدراوە.

بڕیارە ئەمساڵ لەمانگی ئاداردا فێستیڤاڵی وەزارەتی رۆشنبیری بەغدا لەرێگەی ماڵی رۆشنبیری لەکەرکوک سازبدرێ، بەمەش کەرکوک بۆ ئەمساڵ دەبێتە پایەتەختی رۆشنبیری عێراق، بەڵام هەندێک لەرۆشنبیرانی کەرکوک پێیانوایە مەرامێکی سیاسی لەپشت هەڵبژاردنی کەرکوکەوەیە بۆ پایەتەختی رۆشنبیری، بەتایبەت لەئێستادا کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نزیکبووەتەوە.

جەعفەر نەجم عەباس بەڕێوەبەری ماڵی رۆشنبیری لەکەرکوک، ئاماژەی بەوەدا کەهۆی دەستنیشانکردنی کەرکوک بۆ پایەتەختی رۆشنبیری لەئەمساڵدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەرکوک "عێراقێکی بچوکە"، بەپێی ئەوەی لەچوار نەتەوەو کلتورو دوو مەزهەبو ئایین پێکهاتووەو وتی "ئێمە بەهۆی ئەم پێکهاتەوە ئەم هەلەمان لەپارێزگاکانی دیکە بردەوە".

بەپێی بەرنامەکانی فێستیڤاڵەکە، بڕیارە رۆشنبیرانی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتی ئامادەی فێستیڤاڵەکە ببنو ژمارەیەک بابەتی ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌و لێکۆڵینەوەی تیادا پێشکەش بکرێ.

هاوکات سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادارکراونەتەوەو ئامادەییان دەربڕیوە بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵەدا، بەهەموو نەتەوەکانەوە.

بڕی ٦٠٠ ملیۆن دینار بۆ چالاکییەکانی ئەم فێستیڤاڵە داواکراوەو هەر مانگو فێستیڤاڵێک لەخۆدەگرێ‌و ماوەی ٧ مانگ بەردەوام دەبێ‌و ئێوارە کۆڕی شیعری‌و ئەدەبی‌و پێشانگای جۆراوجۆرو نمایشی شانۆیی‌و سینەماو مۆزیکو پێشانگای کتێبو دەیان چالاکی دیکەی تیا ئەنجامدەدرێت.

جەلیل محەمەد شەریف نووسەرو چیرۆکنووس لەکەرکوک، پێیوایە بەدەستنیشانکردنی کەرکوک بەپایەتەختی رۆشنبیری هەمان مێژووی سەردەمی بەعس دووبارە دەبێتەوە، بەوەی لەسەردەمی حیزبی بەعسیشدا ساڵانە عەرەبێکی زۆر لەبەغداو کوتو بابلو پارێزگاکانی تری عێراقەوە دەهێنران بۆ ئەنجامدانی فێستیڤاڵێکو تیایدا کەرکوکیان بەپایەتەختی رۆشنبیری عێراق دەناساند.

ئەو چیرۆکنووسەی کەرکوک وتی "ئەوەی سەردەمی بەعس تەنها بۆ ئەوە بوو کە ئینتباعێکی وەها دروستبکەن لەمیدیاکانو لای تاکی عەرەب، کەوا شارەکە شارێکی عەرەبییەو جێی مەترسی نییەو بارەکە بەدەست عەرەبەوەیە".

بەڕای جەلیل محەمەد ئەو فێستیڤاڵەی ئێستاو دانانی کەرکوک بەپایەتەختی رۆشنبیری، دووبارەکردنەوەی ئەو مێژووەی سەردەمی بەعسە، ئەو وتی "بۆئەوەیە تا بڵێن ئەوەتا وەزارەتی رۆشنبیری تەواو کارەکانی خۆی رادەپەڕێنی‌و شارەکە بۆنی عەرەبی لێدێ‌و ئەو نیگەرانییەی لای تاکی عەرەب دروستبووە کەوا کەرکوک شارێکی کوردستانییە نەهێڵن".

بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نزیکبووەتەوەو بڕیارە لەسەرەتاکانی مانگی ئازاردا ئەنجامبدرێت، رۆشنبیرانی شاری کەرکوک بۆچوونیانوایە کەدانانی کەرکوک بەپایەتەختی رۆشنبیری عێراق، مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە.

رابەر رەشید سەرنووسەری رۆژنامەی پردی ئازاد لەکەرکوک بەدەستووری وت "لەبەرئەوەی هەڵبژاردن نزیکە، دەستنیشانکردنی کەرکوک بەپایەتەختی رۆشنبیری لەئێستادا جێگەی پرسیارەو وای دەردەخات کە مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، لەوەزارەتی رۆشنبیری بەغدا لیژنەیەک پێکهێنراوەو (فەوزی ئەتروشی) بەرپرسی لیژنەکەیە کە کەسایەتییەکی کوردە.

سەرنووسەری رۆژنامەی پردی ئازاد وتی "دانانی ئەو کوردە بۆ بەرپرسی لیژنەکە بۆئەوەیە کە رۆشنبیرە کوردەکانی شارەکە بەرووی ئەو کارەیان نەوەستنەوەو نەڵێن ئەو کارە مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە".

رابەر وتیشی "دەیانەوێ بەهەموو دونیاو میدیاکانی جیهانی رابگەیەنن کە بەڵێ کەرکوک شارێکی عێراقییەو شارێکە مۆرکی عەرەبی پێوەدیارە".

جەلیل محەمەد چیرۆکنووس پەیامێکی ئاراستەی لایەنە سیاسییە کوردەکانو رۆشنبیرانی کوردی کرد کە بەزۆرترین چالاکی بەشداربن‌و نەهێڵن بەغدا مۆرکی عەرەبی بسەپێنێتە سەر شارەکە.

لەئێستادا رۆشنبیرانی کورد لەبارەی ئەو فێستیڤاڵەوە دوو بۆچوونیان هەیەو لەبەردەم دوو رێگەدان، بەشێکیان پێیانوایە نابێت رێگە بەئەنجامدانی ئەو فێستیڤاڵە بدەن، بەشەکەی تریان ئاماژە بەوەدەکەن کە دەبێت بەبەرهەم‌و چالاکی زۆرەوە بەشداربن‌و هەموو توانایان بۆ ئەو فێستیڤاڵە بخەنەگەڕ، تا رێگەنەدەن عەرەب بەسەر فێستیڤاڵەکەدا زاڵبێت.

سەرنووسەری رۆژنامەی پردی ئازاد وتی "رۆشنبیرانی کورد دەبێ یان رێگربن لەوکارە یان وەکو کورد هەموو هێزو توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی رووی کلتوری کوردی‌و بوون‌و رەنگی ئاڵاووالای کورد بەزەقی پیشانی میدیاو دەرەوە بدەن".

سەردار جێگری سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لقی کەرکوک بەدەستووری وت "دەبێت کورد قورسایی خۆی دەربخات لەچالاکییە هەمەجۆرەکانی ئەو فێستیڤاڵە، بۆئەوەی بەکردەوە کوردستانیبوونی شارەکە بسەلمێنێ کە ئەمەش بەپاڵپشتی حکومەتی هەرێم دەبێت‌و پێویستە پاڵپشتییەکی بەهێزی رۆشنبیران بکەن لەبواری رۆشنبیری‌و کلتوری، بۆئەوەی بیسەلمێنین کە کەرکوک کوردستانییە".

بەشێک لەرۆشنبیران دەڵێن پێویستە رۆشنبیران‌و بەرپرسانی کورد هەرچی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی مێژوویی کورد لەشارەکە هەیە بخەنە بەردیدی میدیاکانی دەرەوە لەفێستیڤاڵەکەدا.

رابەر رەشید وتی "با ئێمەش دیمۆگرافیای کوردی شارەکە نمایشبکەین، ئەوەش بەچالاکییە جۆراوجۆرەکانمان".



"دەبێ کورد قورسایی خۆی دەربخات لەچالاکییە هەمەجۆرەکانی ئەو فێستیڤاڵەدا". فۆتۆگراف: کانی کەمال

> دەیانەوێ بەهەموو دونیاو میدیاکانی جیهانی رابگەیەنن کە بەڵێ کەرکوک شارێکی عێراقییەو شارێکە مۆرکی عەرەبی پێوەدیارە

# پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە دووجار بودجەی بۆ دادەنرێت

## ئەو پرۆژەیەی زانکۆی سلێمانی نەخشەی بۆکێشابوو شکستیهێنا

محەمەد عەبدوڵڵا لەرانیە

ماوەی پێنج ساڵە پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە تەواونەبووەو دووجار بودجەی بۆ خەرجکراوەتەوە، لەکاتێکدا دەبوو لەماوەی ٣٠٠ رۆژدا پرۆژەکە تەواوبکرایە.

پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە لەساڵی ٢٠٠٥ دەستکراوە بەکارکردن تێیداو ماوەی پرۆژەکە ٣٠٠ رۆژە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەواو نەکراوە.

سەرچاوەیەک لەفەرمانگەی ئەندازیاریی نیشتەجێی رانیە بەدەستووری راگەیاند "پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە لەساڵی ٢٠٠٥وە لەلایەن کۆمپانیای ئاساو کۆمپانییەکی تورکی دەستکراوە بەکارکردن تێیدا، ماوەی پرۆژەکە ٣٠٠ رۆژەو بودجەی پرۆژەکە ١٨ ملیۆن‌و ٥٠٠ هەزار دۆلارە".

بڕیاربوو پرۆژەکە لەماوەی ٣٠٠ رۆژدا تەواوبکرێت، بەڵام بەهۆی هەڵەی نەخشەدانان‌و نەگونجانی بڕی ئاوەکە لەگەڵ شوێنی گلدانەوەی ئاوەکە پرۆژەکە وەستێنرا.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا لەبەرواری ٢٠٠٩/٧/١٦ گرێبەست لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای ئاساو کۆمپانیا تورکیەکە دووبارە نوێکراوەتەوە، بڕی ٢١ ملیۆن ٧٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ تەرخانکراوەتەوەو بڕیاروایە لەماوەی ٣٦٥ رۆژدا تەواوبکرێت.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەو پرۆژەیە لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە نەخشەی بۆ کێشراوەو بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەرەوەی سلێمانی سەرپەرشتی دەکات، تا ئێستا لە٨٥٪ی کارە مەدەنییەکانی تەواوبووەو ئەوەی ماوەتەوە کاری کارەبای مزەخەکانە.

ئاوی دەربەندی رانیە، ئاو بۆ قەزای رانیەو ناحیەی چوارقوڕنەو حاجیاوا دابیندەکات، بەتەواوبوونی پرۆژەکە بەشێکی زۆر لەدانیشتوانی ئەو ناوچەیە لەگرفتی کەمئاوی رزگاریان دەبێت.

بەختیار محەمەد دانیشتوی شاری رانیە ئاماژەی بەوەدا بوونی ئەم پرۆژەیە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ناوچەکە بەتایبەتی لەئێستادا، چونکە رێژەی ئاو کەمی کردووە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوودا.

محەمەد وتی "تەنیا یەک سەرچاوەی ئاو هەیە کە ئاوی (قولە)یە، لەوێوە ئاو دابەشدەکرێت بەسەر هەموو ماڵەکانی شارەکەدا، هیوادارین هەرچی زووە ئەم پرۆژەیە تەواوبکرێت‌و لایەنی پەیوەندیداریش لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کە بوونەهۆی دواکەوتنی پرۆژەکە".

دانیشتوانی رانیەو دەوروبەری داوادەکەن بەزوویی ئەو پرۆژەیە تەواوبکرێت‌و رزگاریان بێت لەکەمئاوی.

خدر حەمەد دانیشتووی ناحیەی حاجیاوایە باسی لەوەکرد کە ئەوان بەدوو رۆژ تەنیا یەک کاتژمێر ئاویان هەیە، "جاری وا هەیە کەمتر لەو کاتژمێرەش، چونکە ئاوی (بیر)مان هەیە ئەوەش بەشی هەموو ناحیەکە ناکات، بۆیە هیوادارم ئەم پرۆژەیە هەرچی زووە تەواوبکرێت".



کەس نازانێت پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە کەی تەواودەبێت. فۆتۆگراف: دەستوور

www.arsivakurdi.org

# دەربەندیخان چاوەڕێی کارەبای هەولێرە

## وێستگەی دەربەندیخان کارەبەکەیان دەدەن بەناوچەکانیترو خۆیان لەچاوەڕوانی هەولێردا کێشەی کارەبایان هەیە


هاووڵاتیانی دەربەندیخان دەڵێن فەرمانگەی کارەبا کەمتەرخەمەو وەڵامیان نادەنەوە.

فەرمان خێڵانی لەدەربەندیخان

بەهۆی کەمبوونەوەی کارەباو چارەسەرنەکردنی کێشەی محاویلەو هێڵەکانی کارەبا، دانیشتوانی دەربەندیخان فەرمانگەی کارەبا بەکەمتەرخەم دەزانن، بەڕێوەبەری کارەباش بەشە کارەبای وێستگەی دەربەندیخان ئاشکراناکات.

دەربەندیخان بەهۆی دەریاچەو بەنداوەکەیەوە خاوەنی وێستگەیەکی کارەباییەو ئەو وێستگەیە ڕۆژانە چەندین کەیڤی کارەبا دەدات بەشارەکانی تری کوردستان، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی هاووڵاتیانی شارەکەیە بڕێکی زۆر کەم لەبڕی کارەبای بەرهەمهێنراوی وێستگەکە بەدەربەندیخان دەدرێت، لەکاتێکدا بەپێی یاسای وەبەرهێنانی عێراقو هەرێمیش هەر پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان کە لەلایەن حکومەتەوە ئیدارەی بکرێت، پێویستە دانیشتووانی ئەو ناوچەیەی کە پڕۆژەکەی تێدایە بەپلەی یەکەم سودمەندبن لەو پڕۆژەیە.

سەرەڕای ئەم نیگەرانییەی هاووڵاتیانی دەربەندیخان لەکەمی بڕی کارەبای نیشتیمانی، ئەوەی لەئێستادا هاووڵاتیانی دەربەندیخانی نیگەرانتر کردووە، بەپێی وتەی خۆیان فەرمانگەی کارەبا لەکاتی خراپبوونی هێڵی کارەبای ماڵەکانیاندا، وەڵامی کێشەو گرفتەکانیان ناداتەوە، هاووڵاتیانی گەڕەکێکیش باس لەوەدەکەن کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر حیسابی خۆیان کرێنیان هێناوەو محاویلەی گەڕەکەکەیانیان پێبردووە بۆ چاککردنەوە.

عەبدوڵڵا محەمەد لەگەڕەکی پیشەسازی‌دەربەندیخان‌نیشتەجێیە، دەڵێت: ڕۆژی سێشەمەی ڕابردوو محاویلەی کارەباکەیان خراپبووەو خۆیان لەسەر حیسابی خۆیان چاکیانکردۆتەوە، وتی "هەفتەی ڕابردوو بەهۆی فشاری زۆری سەر محاویلەکەمانەوە، محاویلەکەمان سوتاو خراپبوو، ٣ ڕۆژ بێکارەبا بووین، فەرمانگەی کارەبا هەر خۆیشیان لێ تێنەگەیاند، ناچار ئێمەش لەهەر ماڵێکی گەڕەک ١٠٠٠دینارمان کۆکردەوە، بەو پارەیەی هاووڵاتیانی گەڕەک کرێنمان هێناو محاویلەکەمان برد بۆ چاککردنەوەو چاکمانکردەوە".

پێشڕەو حەمید لەگەڕەکی سەرای دەربەندیخان باس لەکەمتەرخەمی فەرمانگەی کارەبای شارەکەی دەکات، وتی "لەم ڕۆژانەدا کارەبای هەموو کۆڵانەکەمان خراپبووبوو، هیچ کام لەماڵەکان کارەبامان نەبوو، لەکاتژمێر ٩ی سەر لەبەیانییەوە تا نیوەڕۆ پەیوەندیم بەژمارە تەلەفۆنی فەرمانگەی کارەباوە کرد، وەڵامیان نەدایەوە، لەکاتێکدا فەرمانگەی کارەباو تەندروستی خەفەری ٢٤ کاتژمێریان هەیە".

حامید محەمەد هاووڵاتیەکی تری دانیشتووی گەڕەکی کانی تووی دەربەندیخانە، ئاماژە بەوەدەکات: بڕی کارەبای پێویستی نیشتیمانیان پێنادرێت، لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی وێستگەیەکی کارەباین کەچی بڕێکی زۆر کەم کارەبای نیشتیمانیمان پێدەدرێت، دەبوایە وەک "شارۆچکەی دوکان کارەبای هەمیشەیی نیشتیمانیمان پێبدرایە، بەڵام ئێستا ڕۆژانە ١٠ کاتژمێر کارەبای نیشتیمانیمان پێدەدرێت ئەویش بەپچڕ پچڕیو لەکاتێکیشدا پێماندەدەن کە ناتوانین سوودی لێوەربگرین".

ئەندازیار شێرکۆ حسێن قائیمقامی دەربەندیخان لەو بارەیەوە بەدەستووری ڕاگەیاند "گلەیی هاووڵاتیان لەکارەبا لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا لەجێی خۆیدایەو بڕێکی کەم کارەبا بەپچڕپچڕی دراوە بەهاووڵاتیان، منیش بۆ زانینی هۆکاری خراپبوونی کارەبا پێنجشەممەی ڕابردوو سەردانی کۆنترۆڵم کرد لەسلێمانیو بۆیان ڕوونکردمەوە کە پەیوەندی بەخراپبوونی ئەو دوو یەکە کارەبایەی هەولێرەوە هەبووە، لەچەند ڕۆژی داهاتوودا بڕی کارەباکە دەگەڕێتەوە دۆخی خۆی، واتە لەکاتژمێر ٦ی ئێوارەوە بۆ ١٢ی شەو مۆلیدە ئەهلییەکان کارەبا بدەنو لە١٢ی شەویشەوە کارەبای نیشتیمانی بدرێت بەهاووڵاتیان تا کاتژمێر ٦ی ئێوارەو بەمەش لە شەو وڕۆژێکدا ١٨کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی بەهاووڵاتیان دەدرێت".

ئەندازیار سمکۆ حسێن بەڕێوەبەری کارەبای دەربەندیخان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت "ئێمە کەمتەرخەم نەبووین، هەر هاووڵاتیەک هاتبێتە لای ئێمە یان تەلەفۆنی بۆ کردبین دەستبەجێ بەدەمیەوە ڕۆشتووینو کێشەکەمان بۆ چارەسەر کردووە، ژمارە تەلەفۆنێکی نۆرماڵو ٢ میدیا تیلیکۆممان هەیە بۆئەوەی هاووڵاتیان پەیوەندیمان پێوەبکەن لەکاتی کێشەکانیاندا".

سەبارەت بەوەی ئەو گەڕەکە پارەیان کۆکردۆتەوە بۆ چاککردنی محاویلەکەیان، بەڕێوەبەری کارەبای دەربەندیخان، وتی "ئێمە کرێنمان نییەو دەبێت چاوەڕێ بکەین لەسلێمانیەوە کرێنمان بۆ بێت بۆ چاککردنەوەی محاویلە، ئیتر هاووڵاتیان خۆیان پارەیان کۆکردۆتەوەو کرێنیان بەکرێ گرتووە ئەوە لەخۆیانەوە کردویانەو ئێمە ئاگاداری نین، محاویلەی یەدەکیشمان هەیەو بەنیازین لەچەند ڕۆژی ئایندەدا محاویلەیەکی تر بۆ ئەو گەڕەکە دابنێین".

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کێشەی کارەبای نیشتمانی لەدەربەندیخان، بەڕێوەبەری کارەبای دەربەندیخان ئامادەنەبوو بەدەستوور بڵێ کە وێستگەی کارەبای دەربەندیخان ڕۆژانە چەند کەیڤی کارەبا بەرهەمدێنێتو چەندی دەدرێت بەدەربەندیخان.

# شوێنەوارە ئیسلامییەکان نۆژەندەکرێنەوە

## بۆ پاراستنیان لەلەناوچوونیان، وەزارەتی ئەوقاف کارئاسانی بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە ئیسلامییەکان دەکات

عەلی بانیشاری لەهەولێر

وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی لەبەرنامەیدایە شوێنەوارە ئیسلامییەکان نۆژەنبکاتەوە، بەمەبەستی پاراستنیان لەفەوتانو لەناوچوون، ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕەزامەندی لەسەر پڕۆژەکە نیشانداوە.

بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، مزگەوتی گەورەی خورماڵ نۆژەندەکرێتەوە کە لەکاتی شەڕی نێوان عێراق-ئێراندا لەساڵی ١٩٨٠-١٩٨٨ ڕووخاوەو تەنها منارەیەکی ماوەتەوە.

لەساڵی ١٩٨٨ مزگەوتی گەورەی خورماڵ کە ئێستا نیوەی منارەکەی ماوە، بە(تی ئێن تی) تەقێنرایەوە، تائێستا لەهەوڵی نۆژەنکردنەوەیدان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ منارەی ئەو مزگەوتە بەرەو دارمان دەچێت، وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینی دەڵێت "کارئاسانی تەواو دەکەین بۆ ئەو لایەنەی کە بیەوێت شوێنەوارە ئیسلامییەکان نۆژەنبکاتەوە".

سمکۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ، وتی "لەکاتی سەردانەکەی لە٢٠٠٩ بۆ شاری هەڵەبجە، چەند پڕۆژەیەکمان خستووەتە بەردەم سەرۆکی حکومەت، یەکێک لەو پڕۆژانە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی خورماڵبووە".

نۆژەنکردنەوەی هەر شوێنەوارێک پێویستی بەتیمێکی شوێنەوارناس هەیە تا سیمای کۆنی ئەو شوێنەوارە لەناونەچێت، سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستانیش داوادەکەن هەماهەنگیان لەگەڵدا بکرێت لەکاتی نوژەنکردنەوەی شوێنەوارەکاندا.

دڵشاد عەزیز سەرۆکی توێژینەوە لەسەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستانو مامۆستا لەبەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕاگەیاند "هەرلایەنێک بیەوێت شوێنەوارێک نۆژەنبکاتەوە، پێویستە لەگەڵ تیمێکی شوێنەوارناسی هەماهەنگی بکات، چونکە دەبێت سیمای ئەو شوێنەوارە نەشێوێتو کەرەستەی کۆنی تێدا بەکاربێت، ئێمە وەک سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستان خۆشحاڵین بەوکارە، لەهەمانکاتدا نابێت ئەوکارە بدرێتە دەستی مقاول، چونکە مقاول تەنها بواری مادی دەوێت".

مێژووی مزگەوتی کۆنی خورماڵ دەگەڕێتەوە سەردەمی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١٦٠ کۆچی، لەوکاتەدا مزگەوتەکە ڕۆڵی باشی هەبووە لەپەروەردەکردنی خەڵکی ناوچەکە، وەک قوتابخانەیەک بووە بۆ دانیشتوانی خورماڵ.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەمەمراد وتاربێژی مزگەوتی گەورەی خورماڵ، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕاگەیاند "دەبوایە ئەوکارە زوتر بکرایە، بۆئەوەی منارەکە بەو جوانییە بمێنێتەوە، بەداخەوە کەس نییە لەکوردستان گرنگی بدات بەشوێنەوارە ئیسلامییەکان".

وتاربێژی مزگەوتی گەورەی خورماڵ وتی "چەند ساڵێک لەمەوپێش ئەو کارەمان خستووەتەڕوو، بەڵام گوێمان لێنەگیراوە، وەک خەڵکی ناوچەکە سوپاسی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی ئەوقاف دەکەین، بەوەی کار بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو مزگەوتە دەکات".

وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان لەکابینەی شەشەمدا دەیەوێت گرنگی تەواو بدرێت بەمزگەوتو شوێنەوارە ئیسلامییەکان، بەتایبەت ئەو شوێنەوارە ئاینییانەی مەترسی لەناوچوونیان هەیە.

کامیلی حاجی عەلی وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی، بەدەستووری ڕاگەیاند "ئێمە دەمانەوێت ئەو شوێنەوارە ئیسلامیانە بپارێزین، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ڕێگایەکی باش دەگرینەبەر بەئومێدی ئەوەی شوێنەوارە ئیسلامییەکان لەناونەچن".

وەزیری ئەوقافو کاروباری ئاینی وتی "ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی نیشانداوە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنەوارە ئیسلامییە، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستمان بەپارەیەکی زۆر هەیە، لەکاتێکدا دەبێت هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی شارەزا لە بواری شوێنەوارناسیداو پشت بەوان ببەسترێت".


منارەی مزگەوتەکەی سەردەمی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر نۆژەندەکرێتەوە

# دانیشتووانی وارماوە گلەییان هەیە

## داوای بایەخدان بەشوێنە گەشتوگوزارییەکان دەکەن

کامەران کەریم لەشارەزوور

دانیشتوانی ناحیەی وارماوە، داوای خزمەتگوزاری زیاترو بایەخدان بەشوێنە خزمەتگوزارییەکان دەکەن، بەرپرسانی حکومەتیش چەندین جار بەڵێنی هاوکارییان پێداون، بەڵام زۆربەی داواکارییەکان جێبەجێنەکراون.

دارستانەکەی وارماوە کەزۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە لەوەرزی بەهارو هاویندا بۆ کاتبەسەربردن رووی تێدەکەن، بەپێی وتەی هاووڵاتیان لەئێستادا لەئاستی پێویستدا خزمەت ناکرێتو لەڕووی گەشتوگوزارییەوە پشتگوێخراوە.

ناحیەی وارماوە کە ٤٧ گوند لەخۆدەگرێت، لەدەوروبەری ناحیەکەدا چەندین دارستانو نەمامی نوێ رواون، بەڵام خەریکە بەرەو وشکبوون دەڕواتو لەڕووی پاکوخاوێنیشەوە بایەخی پێنەدراوە، بەجۆرێک لەچەند شوێنێکیدا دارستانەکە لەشوێنی فڕێدانی پاشماوەی ماڵەکان دەچێت.

ئومێد ئیبراهیم تەمەن (١٥) ساڵ، خوێندکاری ناوەندییە لەوارماوا، بەدەستووری وت"من زۆرجار بۆ سەعیکردن دەچمە ئەو دارستانە، چونکە لەناحییەکە پارکێک نییە بتوانیت تیایدا پشوو بدەین".

بەڕای ئومێد ئەو دارستانە بۆ ئەوان پێویستە "بەڵام ئەگەر خزمەتبکرێتو بایەخی پێبدرێت، هەرچەندە تائێستا وەک پێویست خزمەتگوزاری تیادا نەکراوە".

دانیشتوانی ناحیەی وارماوا لەڕێگەی رۆژنامەی دەستوورەوە داوای خزمەتگوزاری زیاترو بایەخدان بەو دارستانە دەکەن.

حەمە عەلی سۆفی تەمەن (٥٣)ساڵ بەدەستووری وت"ئەو دارستانە شتێکی زۆرباشە، بەڵام ئەگەر ئاوری لێبدرێتەوە، چونکە حاویەیەک یاخود شوێنێکی تیانییە پاشماوەی تێبکرێ".

لەبەدواداچوونی دەستوور بۆ ناو دارستانی وارماوا، تێبینی ئەوە کرا کەکرێکارەکان هەر لەناو دارستانەکە، پاشماوەکان دەسوتێننو ژینگەی نێو دارستانەکەیان بەتەواوی پیسکردووە.

سۆفی وتی "قەناعەتم وایە حکومەت بەرپرسی سەرەکییە لەگوێنەدان بەو دارستانە".

نزیکەی (٣٨) هەزار نەمامی جۆراوجۆرو درەخت لەنێو ئەو دارستانەدا هەیەو (١٢٠) کرێکار تایبەت بەو شوێنە کاردەکەن، بەڵام ساڵانە پووشوپەڵاشی ساڵی پێشووتر دەمێنێتەوە، کەترسی ئەوەی لێ دەکرێ ئەگەر گڕی ئاگرێک بکەوێتەوە، زیانێکی زۆر بەو شوێنە دەگەیەنێت.



گەشتوگوزاری شارەزوور فەرامۆشکراوە

شەمسە ئەورەحمان، ژنێکی تەمەن (٤١)ی ساڵی دانیشتووی ناحییەی وارماوا، کەساڵانەو لەوەرزی بەهاردا بەماڵەوە دەچن بۆ ئەو دارستانە، وتی"بەدەبەو بەشان ئاو دەبەم، چونکە ئاوی تیانیە".

هاووڵاتیان دروستکردنی سیاجێک بەدەوری ئەو دارستانەدا بەپێویست دەزانن، بۆئەوەی دارستانەکە لەفەوتانو ئاژەڵ بپارێزرێت.

قادر محەمەد، لێپرسراوی بەشی دارستانو ڕەزگەی وارماوا بەدەستووری وت"لەبەرنامەماندایە بیرێک لەو دارستانە لێبدەینو ئەو کێشەیەش چارەسەر بکەین".

قادر وتی"ئەو دارستانە بۆ خەڵکە، پێموایە سیاجکردن شتێکی عەیبە بێت".

لەلایەکی ترەوە عەبدلکەریم عارف، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی شارەزوور لەڕێگەی رۆژنامەی دەستوورەوە، بەڵێنی ئەوەی بەهاووڵاتیانی ناحیەکەدا، کاری باشتر بۆ ئەو دارستانە بکەنو وەکو شوێنێکی گەشتوگوزاری مامەڵەی لەگەڵدا بکەنو بایەخی پێبدەن. ئەو وتی"ئەو نەمامانەی فەوتاون دەیانڕوێنینەوەو زەوی لەسنووری ئەو دارستانە بێت دەیبوژێنینەوە، هەروەها هێڵی ئاگربڕی بۆ دەکەین".

# زیاتر لە٩ ساڵە زێرابێك بەكراوەیی جێهێڵدراوە

## سەرۆکی شارەوانی: حەقوایە بۆیان چارەسەربکرێت

هاوژین محەمەد لەچوارقوڕنە

ماوەی زیاتر لە٩ ساڵە گەڕەکێکی شارۆچکەی چوارقوڕنە، سەر بەتاڵەو ئەوەش نیگەرانی لای هاووڵاتیان دروستکردووە، سەرۆکی شارەوانی چوارقوڕنەش دەڵێت حەقوایە زێرابی ئەو گەڕەکە چاکبکرێت.

هاووڵاتیانی دانیشتوانی چوارقوڕنە لەڕێگەی رۆژنامەی دەستوورەوە داوا لەبەرپرسانی شارۆچکەکەیان دەکەن کێشەی ئەو زێرابەیان بۆ چارەسەر بکرێت، چونکە رۆژانە منداڵ دەکەونە ناو زێرابەکەوەو ترسو دوودڵی بۆیان دروستکردووە.

عەبدوڵڵا مەحمود بەتەمەنێکی دانیشتووی گەڕەکی رزگاری لەچوارقوڕنە بەدەستووری وت"من پیرم چاوم کزبووە، زۆر دەترسم رۆژێک بکەومە ناو ئەو زێرابەوە، چونکە منداڵانی ئەو گەڕەکە رۆژانە چەندین جار دەکەونە ناوی، بەهۆی پیسی ئەو زێرابە تووشی نەخۆشی پەتا بووین لەبەرئەوەی هاوینان هەرچی مێشو مەگەزی ئەم شارە هەیە هەمووی لێرە کۆدەبێتەوە".

دەوروبەری ئەو زێرابە نزیکەی (٥٠) ماڵی لێیە، ماڵەکانیش بەهۆی بێزاریان لەو زێرابە، بیر لەفرۆشتنی خانووەکانیان دەکەنەوە.

مریەم حەمەدئەمین دانیشتووی هەمان گەڕەک وتی"ماوەی چوار ساڵە ماڵمان هاتووە بۆ ئێرە، بەڵام بەتەواوی پەشیمانین، چونکە ئێرە لەبەر بۆنەکەیو زۆری مێشولە بێزاریان کردووین".

هەروەها وتی"من خۆم ماوەیەکە نەخۆش کەوتووم بەخوا سەبەبەکەی بەو زێرابە کراوەیە دەزانم".

ئەو ژنە داوای لەحکومەت کرد، کێشەی ئەو زێرابەیان بەزووترین کات بۆ چارەسەر بکات.

شێخ عەلی سەرۆکی شارەوانی چوارقوڕنە بەدەستووری وت"راستە زێرابی ئەو گەڕەکە کراوەیەو کەوتووەتە کۆتایی گەڕەکەکەوە، بەڵام ئێمە سەردانمان کردووەو کەشفمان کردووە، حەقیانە بۆیان بکرێ".

سەرۆکی شارەوانی چوارقوڕنە هەروەها وتی"ئەو شوێنە لەبەرئەوەی تەسکە ناتوانین گونجو خەباتەی بۆ بەرین ئەگەرنا ئەوە لەساڵی ٢٠٠٩ خرابووە بەرنامەوە کولفەی بۆ دیاریکرابوو، کەبڕیاربوو (١٥٠)م لەوشوێنەی ئێستای دووربخرێتەوە، بەڵام هەوڵدەدەین لەساڵی تازەدا بتوانین رێگا چارەیەکی باشتر بدۆزینەوە بەهاوکاری خەڵکەکە چونکە دەبێ بەناو موڵکو ماڵی خەڵکدا برۆین، بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بکەین".



حکومەت زێرابی لە کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا پێدروست ناکرێت

# بگەڕێنەوە، با گوندەكان زیاتر چۆڵنەبن

فەرمان چۆمانی لەرانیە

دانیشتوانی گوندێکی سنووری هەرێمی کوردستان، سەر بەناحیەی هەڵشۆ، دەڵێن تا حکومەت نەگەڕێتەوە بۆ گوندەکانیانو خزمەتگوزاریان بۆ ئەنجامنەدەن، ئەوان زیاتر بیر لەچۆڵکردنی گوندەکانیان دەکەنەوە.

گوندی شێخ ئاودەڵانی سەر بەناحیەی هەڵشۆ، کەنزیکەی دوو کیلۆمەتر لەناحیەکەوە دوورەو زیاتر لە١٣٠ ماڵ دەبن، یەکێکە لەو گوندانەی کوردستان کە تائێستا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی تیادا ماوەو چۆڵیان نەکردووە، بەڵام دەڵێن ئەگەر خزمەتگوزاری بۆ ئەوانیش ئەنجامنەدرێتو حکومەت نەگەڕێتەوە بۆ لایان، ئەوا دوور نییە، ئەوانیش وەکو گوندەکانی تر بیر لەچۆڵکردن بکەنەوەو گوندەکەیان جێبهێڵن.

ئەو گوندە کەزیاتر لە٧٠٠کەس دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن، بەدەست کۆمەڵێک گرفتوکێشە دەناڵێنن، ئەوان داوادەکەن کەدەبێت بەرپرسانی حکومەت بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانو خزمەتگوزرایان بۆ بکەن، نەک ئەوان داوا لەهاووڵاتیان بکەن بگەڕێنەوە.

مەسعود عەلی خوێندکاری کۆلێژی پزیشکیو دانیشتووی گوندی شێخ ئاودەلان، دەڵێت"هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکەمان ناوچەیەکی سنورییەو بەهەوڵی رێکخراوە خێرخوازیەکانو حکومەت بڕێک خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام بەو مانایە نایەت کە لەخواستی خەڵکدا بێت، ئێمە تا ئێستا کارەبای حکومیمان نییە، لەکاتێکدا لەناحیەی هەڵشۆو قەزای قەڵادزێ نزیکینو ئەوەندە دوور نین".

هاووڵاتیانی ئەو گوندە ئاماژە بەوە دەکەن کەگوندەکەیان پێویستە لەزووترین کاتدا ببەسترێتەوە بەناحیەی هەڵشۆوە، ئەگەرچی ئێستا رێگایەکی خۆڵی هەیە، بەڵام لەئاستی داخوازییەکانی گوندنشینەکاندا نینو داوای قیرتاوکردنی دەکەن.

عوبێد شێخ ئاودەلانی گەنجێکی ئەو گوندەیەو خوێندکاری زانکۆیە، وتی"زۆربەی کچان لەو گوندە کەدەگەنە قۆناغی ئامادەیی واز لەخوێندن دەهێنن، بەهۆی نەبوونی خوێندنگەی ئامادەیی ناتوانن لەشارەکان بخوێنن، چونکە خەڵکەکە هەژارە".

ئەو خوێندکارە ئاماژەی بەوەدا کە تائێستا زیاتر لەچل کچ وازیان لەخوێندن هێناوەو بێ بەشبوون لەخوێندنو وتی"ئەو کچانەی لەئامادەیی دەخوێنن ژمارەیان لەپەنجەی دەست تێپەڕناکاتو هیچیان نەگەیشتوونەتە زانکۆ، ئەمە لەکاتێکدایە کەئەو کچانە لەقۆناغی خوێندندا زۆر سەرکەوتوو بوونو پلەی باشیان بەدەستهێناوە".

لە کۆتایی قسەکانیدا ئەو گەنجە داوایکرد لەهەرکەسو لایەنێک کەتوانای هەیە دەستی هاوکاری بۆ گوندەکەیان درێژ بکاتو قوتابخانەیەکی ئامادەییەیان بۆ بکاتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لەحکومەت بێئومێدبوون کەهاوکاریان بکات.

زانا رەسول بەڕێوەبەری ناحیەی هەڵشۆ بەدەستوری وت"نیوەی رێگاکەمان بۆ قیرتاوکردوون، ئەویتریش تادەگاتە ناو گوندەکە تێکەڵرێژمان کردووەو لەم قۆناغەدا ناتوانین هەموو گوندێک قیرتاو بکەین".

هەروەها وتی"زۆر گوندمان هەیە کەهەر قوتابخانەی لێنییەو لەوێ قوتابخانە دروستکراوەو خوێندنگای ئامادەیشمان لەنێوان سەنتەری هەڵشۆو گوندەکە دروستکردووەو دەتوانن بێنە ئەوێ".

گوندەکە بەبەراورد بەگوندەکانی تری ئەو سنوورە رێژەیەکی باشی دانیشتوانی لێماوەو هێشتا گوندەکەیان چۆڵنەکردووە، بەڵام هێشتا کارەبای حکومی نییە، لەکاتێکدا هەندێک گوند کە بەرێژەش تەنها چەند ماڵێکن کارەبای حکومیان هەیە.

سەرۆکی شارەوانی هەڵشۆ وتی"پڕۆژەی کارەبای حکومی ئەو گوندەمان پێشکەشکردووە کە زیاتر لە٢٠٠ ملیۆن دۆلاری دەوێو پرۆپۆزەلی تەواو بووەو رەزامەندی لەسەر دراوە، بەمزوانە دەخرێتە تەندەرو جێبەجێدەکرێت".

دەردەدڵ

جەلیل محەمەد شەریف

## با گلەیی لەخۆمان بکەین.. لەبارەی بڕیارەکەی وەزارەتی رۆشنبیری بەغداوە

نەیارانی گەلی کورد ئەمڕۆ بەچالاکییەوە هەموو رێگەیەک دەگرنەبەر بۆئەوەی بابەتە چارەسەرنەکراوەکانی ئێمەو ئەوان وا ئاراستە بکەن کەخۆیان براوەبنو ئێمەش دۆڕاو، یەکێک لەو بابەتانە مەسەلەی کەرکوکە، بۆیە زۆر بەزیرەکیو بێ ئۆقرەیی لەهەوڵدان کەرکوک بەشێوەیەک پیشانبدەن کە شارێکە لەژێر حکومەتی بەغدایەو بەس، دەشیانەوێ رەنگو بۆنی کوردایەتی تیادا کاڵ بکەنەوە.

ئەم بڕیارەی وەزارەتی رۆشنبیری بەغدا بۆ ئەوەی کەرکوک ئەمساڵ بکرێتە شاری رۆشنبیری عێراقی دەچێتە خانەی ئەو مەبەستەی کە ناومان هێنا، ئێمە دەبێ بزانین هەر لایەنێک هەوڵ بۆ خۆی دەدات، بۆیە دەبێت لەپێشدا گلەیی لەلایەنە سیاسیو رۆشنبیریەکانی خۆمان بکەین کە تائێستا چەندین فیستڤاڵو زەماوەند لەبۆنەکاندا لەکوردستان ئەنجامدراوە، کەچی جارێک لەجاران بیریان بۆ ئەوە نەچوو کە ئەو جۆرە فیستڤاڵانە بهێننە کەرکوک، وەک ئەوەی ئەم شارە بەشێک نەبێت لەکوردستان، دەزگاکانی سلێمانیو هەولێر کە ناوی کەرکوک دێت لەرزیان لێدێت نازانن ئەگەر فیستڤاڵی رۆشنبیریو شانۆگەریو بابەتی تر چەندە ورەی هەموو کوردێک بەرز دەکاتەوە ئەگەر لەکەرکوک ئەنجام بدرێ، بەپێچەوانەوە ئەگەر کەرکوک بەگوێرەی ئەو بڕیارەی بەغدا کاری پێ بکرێ ورەو گیانی تەعریب پێی دەگەشێتەوە دیارە ئەمەش بنەمای مەبەستێکی زۆری بەرپرسانی بەغدایە.

پێشنیار دەکەم ئێمەیش بکەوینە ئامادەباشیەوە بۆ رێکخستنی دەیان چالاکی رۆشنبیری جۆراوجۆر لەماوەی ئەم ساڵدا، بۆئەوەی دەنگمان دلێر بێتو هەست بەنشوستی نەکەین بەرامبەر بەوان بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی رۆشنبیری کوردستانو وەزارەتی پەروەردەو سەندیکاکانی رۆژنامەنوسانو هونەرمەندانو مامۆستایانو یەکێتی نوسەرانو کۆمەڵە رۆشنبیریەکانو وەرزشیەکانو کۆمەڵایەتیەکان هەر هەموو تێدا بەشداربن بۆئەوەی بەڕاستی شوێن پەنجە دەستمان دیار بێتو دەنگبداتەوە لەهەموو عێراقو ناوچەکەو شارەکەمانیش لەماوەیەدا پاک راگرینو بیپارێزینەوە بەشێوەیەکی شایستە.

# لەیانە شەوانەکانی سلێمانی، مۆدی سەمای شەوانەی کچان نزیکبووەتەوە

## هونەرمەندان بەگۆرانیو مۆسیقا یانەکانی شەوان گەرمدەکەن

محەمەدو موعاز لەسلێمانی

"ئەگەر شوێنی رێستۆرانتەکەمان بچوک نەبوایە، سەماکەریشمان دەهێنا، چونکە گەنجان زیاتر دەهاتن"، ئەمە وتەی بڵند حیکمەت خاوەنی ریستۆرانتی شەوانەی هیلینە لەسلێمانی.

لەریستۆرانتی شەوانەی هێلین کەکوڕێکی خەڵکی شاری دیاربەکر خاوەنێتی، شەوانە چەند گۆرانبێژێک تادرەنگانێکی شەو گۆرانی تورکیو کوردی دەڵێن، گەنجانیش بەچەپڵەڕێزان، شەوی درێژی زستان بەڕێدەکەن.

ئەوەی زیاتر ریستۆرانتی هێلینی بۆ گەنجان خۆشتر کردووە، لەنێو ئەو گۆرانیبێژانەدا کچە گۆرانبێژێکیش شەوان گۆرانی دەچڕێت، ئەوەش زیاتر هانی گەنجانی داوە سەردانی رێستۆرانتەکانی شەوان بکەن.

بڵند حیکمەت خاوەنی ریستۆرانتی شەوانەی هیلین هەموو شەوێک ئاهەنگ بۆ میوانەکانی سازدەکاتو وتی"هەموو شەوێک لەکاتژمێر حەوتو نیو تادوازدەی شەو ئاهەنگ دەگێڕینو گۆرانبێژەکان گۆرانی تورکیو بادینیو هەندێ جاریش سۆرانی دەڵێن".

زۆربەی شەوانە ریستۆرانتو یانەکانی سلێمانی بۆ پێشوازیکردن لەمیوانەکانیان ئاهەنگی گۆرانیو مۆسیقا سازدەکەن، خاوەن ریستۆرانتو یانەکان ئەم مۆدێلی ئاهەنگگێڕانە کە ئێستا لەزیادبووندایە بەحاڵەتێکی باش وەسفدەکەنو گۆرانبێژان بەخۆشحاڵیەوە لەو هونەرە دەڕوانن کەبژێوی ژیانی پێ دابین دەکەنو میوانانیش بەگەرمو گوڕییەوە پێشوازی لەدیاردەکە دەکەن. بڵند بەدەستووری وت"شەوانە پارە دەدەینە هونەرمەندەکان، هەندێک جاریش میوانەکان پارەیان دەدەنێ".

لەریستۆرانتی هیلینداسێ گۆرانی بێژی کوردستانی تورکیا گۆرانی دەڵێن کەیەکێکیان کچەو دوانەکەی تریان کوڕن، ئەگەر شوێنەکەشیان بچووک نەبوایە، بڵند سەماکەریشی بۆ ریستۆرانتەکەی دەهێنا.

لەئێستادا شەوانە یانەکانو ریستۆرانتو بارەکانی سلێمانی ئاهەنگی گۆرانیو مۆسیقا بە بەشداری راستەوخۆی هونەرمەندانو گۆرانیبێژانی بیانیو ناوخۆیی سازدەکرێت، سازدانی ئەو ئاهەنگانە لەکوردستاندا بەدیاردەیەکی نوێ دادەنرێتورۆژبەڕۆژلەپەرەسەندندایە، بەجۆرێک بیر لەهێنانی کچان بۆ یانەکانی شەوان کراوەتەوەو خەریکە دەکرێتە مۆدێل.

ئەو گروپو کۆمپانیایانەی کە ئەو ئاهەنگانە سازدەکەن کەسانی بیانینو لەدەرەوەی کوردستانەوە دێنو کاری هونەری لەگەڵ کاری بازرگانی لەڕیستۆرانتو بارەکاندا ئەنجامدەدەن.

ئومێد شێخ رەئوف بەڕێوبەری رێستۆرانتی کاستیلۆ لەشەقامی سالمی سلێمانی بەدەستوری وت"ئەو هونەرمەندانەی کە لێرە گۆرانی دەڵێن، لەبەرامبەر ئەوە بڕێک پارە وەردەگرن، ئەمە شتێکی دوو لایەنەیە کەهەردوولامان سودمەند دەبین".

بەڕێوەبەرەکەی ریستۆرانتی کاستیلۆ ئاماژە بەوەدەکات کە ئەو دیاردەیە بەلای گۆرانیبێژانو هاووڵاتیانەوە پێشوازییەکی باشی لێدەکرێت.

ئەو وتی"هاووڵاتیان زۆریان پێخۆشەو حەزیان لێیەتی"، ئەوەشی وت"ئەوان خۆیان داوا دەکەن کە پرۆگرامی مۆسیقیو گۆرانی هەبێت، هەر کاتێک بمەوێت گۆرانیبێژەکان ئامادەدەبنو زیاتر مەسەلەکە ماددییە، ئەوەش مافی خۆیانە".

عەزیز سەرچوک گۆرانیبێژێکی گەنجە لەشاری دیاربەکری باکوری کوردستانەوە هاتووەتە شاری سلێمانیو لەشەوانە ریستۆرانتی هێلین گۆرانی دەڵێت، وتی"ئێمە لەباشوری کوردستان ئازادین، دەتوانین بەزمانی دایکی خۆمان گۆرانی بڵێینو دڵی گەنجانی کوردستان خۆشبکەین".

عەزیز کە بەستایلی خاو گۆرانی دەڵێتو دڵی میوانەکانی خۆش دەکات، ماوەی یانزەساڵە ئەوە پیشەیەتیو بژێوی ژیانی لەسەر ئەم کارەیەو زۆر پێی دڵخۆشە.

کەمال محەمەد محێدین گۆرانی بێژێکی عەرەبە تەمەنی ٤١ساڵە، لەبەغداوە ماوەی چوار ساڵە هاتووەتە سلێمانیو ئێستاش لەیانە شەوانەکان گۆرانی دەڵێت.

کەمال وتی"ئەم کارە هونەرییە لەدامەزراندن پێم باشترە، چونکە ئەمە پارەی زیاترە، دەتوانم پێداویستی ماڵو منداڵی پێ دابین بکەم".

کەمال پێشتر لەبەغداد کاری هونەری کردووە ئێستا لەشەوانە ریستۆرانتەکانی لالەزار، کاستیلۆ، باخان، گۆرانی دەڵێتو ئاماژەی بەوەدا کەخەڵکی زۆرباش پێشوازیان لێدەکەن، چونکە گۆرانی بەکوردیو عەرەبیو ئینگلیزی دەڵێت.

پەیوەندی نێوان تیپی موسیقاو گۆرانیبێژان لەگەڵ یانەوریستۆرانتەکان لەسەر بنەمای مادییەو هەردوولا سود لەم دیاردەیە وەردەگرنو رێککەوتن لەنێوانیاندا هەیە.

کارزان فەرەج بەڕێوبەری ژمێریاری ریستۆرانتی لالەزار لەسەرچنار وتی"لێرە گۆرانیبێژی بیانیو عەرەبی گۆرانی دەڵێن، ئەویش بەپێی ژمارەی ئاهەنگەکانو ئامادەبووان پارەکە دەدرێتو تەنها بۆ سەری ساڵ گرێبەستمان هەبووە".

لەچەند ساڵی رابردوودا کافتریاکانی شەوان بەو شێوەیەی ئێستا نەبوونو چەند دانەیەکی کەم نەبێت لەسلێمانی کافتریای شەوان نەبووە، بەڵام ئێستا چەندین کافتریای پێشکەوتووتر لەساڵانی رابردوودا کراوەتەوەو بەشێوازێکی مۆدێرنتر.

ئەو هاووڵاتیانەی روو لەریستۆرانتو یانە شەوانەکان دەکەن بەدیاردەیەکی باش وەسفی ئەو مۆدیلە دەکەن، کەتازە لەکوردستاندا سەریهەڵداوەوپێیانوایە باشترە لەهەموو کوردستاندا پەرەی پێبدرێت.

فریاد هیرانی لەریستۆرانتی هیلین لەچاوەڕوانی دەستپێکردنی ئاهەنگەکەدا بوو، وتی"زۆر سروشتییە وەکو هەموو وڵاتانی دونیا لەکوردستانیشدا هەبێت".

ئەو زۆر خۆشحاڵبوو بەو دیاردەیەو هیواداره لەهەموو یانەو ریستۆرانتەکاندا گۆرانبێژ ئامادەبێت.

سازدانی ئاهەنگی گۆرانیو مۆسیقا لەڕیستۆرانتو بارەکاندا دیاردەیەکە بەدابونەریتی کوردەواری تازەیەو هەندێ لەوانەی کەدەچنە ئەو شوێنانە پێیانباشە لەکوردستانیشدا بەئاسایی وەربگیرێت، فریاد وتی"رەنگە هەندێ کەسی دواکەوتوو دژی ئەمەبن، بەڵام ناتوانن رێگری لێبکەن، چونکە قۆناغێکی تر هاتووەتە پێشەوە".

محەمەد مەحێدین ٣٥ساڵ کە لەئەڵمانیاوە بەیەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان بەدەستوری وت"هیوادارم ئەم مۆدێلە زیاتر بێت لەبەرئەوەی گەنجەکانی ئێمەش بتوانن وەکو گەنجانی دەرەوە کاتێکی خۆش بەسەرببەن لەوڵاتەکەی خۆماندا".

محەمەد پێی باشە هەموو ریستۆرانتێک تیپی مۆسیقاو گۆرانی هەبێت "پێویستە لەسەر حکومەت کە ئازادی بۆ هەموو کەس دابین بکات".



هونەر دەبێتە سەرچاوەیەکی بژێوی بۆ هونەرمەندان. فۆتۆگراف: مەعاز فەرحان

# کوڕان دەیانەوێت نەریتی دەستماچکردن لەکاتی مارەبڕیندا بسڕنەوە

## "دەستماچکردن" شەرم لەلای کوڕان دروستدەکاتو دەیانەوێت نەمێنێ

چۆمان ئەحمەد لەسلێمانی

کوڕان لەکاتی داواکردنی ئەو کچەی دەیانەوێت بیکەنە هاوسەری خۆیان، شەرمدەکەن لەدەست ماچکردنو دەیانەوێت ئەودیاردەیە نەمێنێت.

ئەگەرچی پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوەدەکەن کەئەو نەریتە بەرەو کاڵبوونەوە دەچێتو مامۆستایانی ئاینیش دیاردەکە بە "بیدعە" دادەنێن. بەڵام هێشتا دەستماچکردن بەرۆکی کوڕانی بەرنەداوە لەکاتی مارەبڕیندا.

وەکو نەریتێکی کوردەواری لەکاتی رازیبوونی خێزانی کچ دەبێت زاوا یان کەسێکیتر لەخێزانی زاوا دەستی باوکی کچەکە یان وەلی ئەمری کچەکە ماچبکات، لەبەرامبەر ئەوەی کە ئەو کچەی دەدرێتێ.

لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوکەسانەی چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە باسلەوە دەکەن کە بەو دەستماچکردنە کوڕەکە تووشی حاڵەتێکی "شەرمەزاری" دەبێت.

ئاری قادر تەمەن ٢٥ ساڵ دەزگیراندارەو ماوەیەکە ژنی مارە بڕیوە دەڵێت"من سێ جار پێیان وتم دەستی باوکی کچەکە ماچ بکەم، بەڵام خۆم لێ بێ ئاگا کرد تەنها ئەوە نەبێت تەوقەیەکی ئاساییم لەگەڵیدا کرد لەو بارە شەرمەزارییە خۆم رزگارکرد".

ئاری نکۆڵی لەوە نەکرد کە دەبێت رێز لەکلتور بگیرێت بەڵام وتی"من لەگەڵ رێزم بۆ ئەم کلتورە هیوادارم نەمێنێتو چیدی خەڵک پەیڕەوی نەکات با ئێمە کلتورەکە جوانبکەینەوەو بەدیلێکی بۆ دابنێین".

ئاری لەکاتی مارەبڕنی دەستگیرانەکەیدا، دەستی باوکی کچەکەی ماچنەکردووە، "ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەلوت بەرزبم، رێزی تەواوم بۆ ماڵی دەسگیرانەکەم هەیە".

هەرێم خەلیل تەمەن ٢٢ ساڵ کە تازە چووەتە پرۆسەی هاوسەرگیرییە لەکاتی مارەبڕیندا دەستی باوکی هاوسەرەکەی ماچ کردووەو دواتر دەستی خەسوشی پێ ماچکراوە.

"زۆر شەرمەزار بووم، چونکە دەبینیت چەندین پیاو دانشتووە تۆ دەستی کەسێک ماچ دەکەیت بەراستی ناخۆشە" هەرێم وای وت.

هەندێ لەبەساڵاچوانیش هاوڕان لەگەڵ گەنجانو دەڵێن ئەوە نەریتێکی کوردەوارییەو پێیانوایە نەمێنێت باشترە.

ئەحمەد عەبدوڵا تەمەن ٥٨ساڵ کە سێ کچی بەشوودواوە سێ جار دەستیان ماچ کردووە دەڵێت"هەرچەندە دەستیان ماچ کردووم، بەڵام هیچ مانایەکی نییە، من پێم باشە ئەم دیاردەیە نەمێنێت". ئەحمەد باسی لەوەشکرد ئەگەر ئێستا بووایە نەیدەهێشت دەستی ماچ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی زۆرینەی موسڵمانو پەیرەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، مامۆستایانی ئایینی ئاماژە بەوەدەکەن ئەو دیاردەیە لەگەڵ ئاینی ئیسلام ناگونجێت، لەگەڵ ئەوەی بەئامادەیی مامۆستایانی ئاینی ئەو نەریتە ئەنجام دەدرێت.

محەمەد عبدولڕەحمان مامۆستای ئاینی ئاماژەی بەوەدا کەئەوە لەفەرمودەکاندا نەهاتووە، لەسەردەمی پێغەمبەر نەکراوە، بەڵام لەو پرۆسەیە گرنگ رازیبوونی کچەکەو بەخێوکەریو بوونی دوو شایەت حاڵو مارەیی دانانە بەو شێوەیە لەیەکتر حەڵاڵ دەبن ئیتر پێویست بەدەست ماچکردن ناکات.

ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە لەرابردوودا زۆر باو بووە، بەڵام بەوتەی توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئێستا بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت.

حسێن ئیسماعیل توێژەری کۆمەڵایەتی باسلەوە دەکات کەئەوە دیاردەیەکە هەر لەکۆنەوە هەبووەو ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت.

بەڕای ئەو توێژەرە، ئەو دەستماچکردنە دوو رەهەندی هەیە "یەکەمیان حورمەت بەخشینە بەو کوڕەو کە ئەو پیاوە چەندین ساڵە کچەکەی بەخێودەکات دەیداتە کوڕێک، کوڕەکەش دەستی ماچ دەکات واتا دەبێتە کوڕی ئەو ماڵە، دووەم ئەو کوڕە کەدەست ماچ دەکات ئەو کچە دەبێتە ماڵ بەسەرییەوە ناتوانن پەشیمان ببنەوەو کچەکەی نەدەنێ".

لەئێستادا ئەو دیاردەیە بەرەو کەمبوونەوە دەچێت لەچاو ساڵانی رابردوودا، بەڵام هەر بوونی هەیە.

حێسن وتی"ئەم نەریتە لەساڵانی رابردوودا زۆر بەزەقی بەدیدەکرا، بەڵام ئێستا بەهۆی جیهانگیرییەوە بەرەو کاڵبوونەوە چووە نەک بەتەنها ئەمە بەڵکو زۆر دابو نەریتی دیکەش، شتەکان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە".

حسێن ئەوەشی نەشاردەوە کە هەرچەندە ئەو نەریتە گۆڕاوە، بەڵام هێشتا بەرەو نەمان نەچووە.

مەلا محمەد کە لەچەندین مارەبڕین ئامادەیی هەبووە دەڵێت"هەر چ شتێک لەشەرعدا جێگەی نەبوویەوە دەبێت نەمێنێت".

ئەو وتی"لەدوای ئەوەی خەڵکانێک بەسونەتی پێغەمبەر ئاشنابوون ئەو دیاردەیە کەمبووەتەوە واتا تێگەیشتوون، ئەمە لەشەرعدا ئەسڵی نییە".



مارەبڕینو گواستنەوە بەزمی زۆرە.

# مانچینی سوعبەتی لەگەڵ ڤیرۆن کردووە



رۆبێرتۆ مانچینی ئیتاڵیو راهێنەری یانەی مانچستەرسیتی ئینگلیزی بەگاڵتەوە خوان ڤیرۆنی ئەرجەنتینی بانگێشتی ریزەکانی یانەکەی کردووە.

لەمیانی لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رۆبێرتۆ مانچینی ئیتاڵیو راهێنەری یانەی مانچستەرسیتی ئینگلیزی ئەوەی راگەیاند کە بەشێوەیەکی فەرمی خوان ڤیرۆنی ئەرجەنتینیو ئەستێرەی یانەی ئیستودیانتسی ئەو وڵاتەی بانگێشتی ریزەکانی یانەکەی نەکردووەو تەنها وەک گاڵتەو سوعبەتێک داوای لێکردووە بێتە ئینگلتەرا.

راهێنەری ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە پاش ئەوەی ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی مانچستەرسیتی وەرگرت، بەمەبەستی سڵاوکردنو هەواڵپرسین پەیوەندی بەڤیرۆنەوە کردووەو وەک سوعبەتێکی هاورێیانە داوای لێکردووە پەیوەندی بەیانەکەیەوە بکات.

وتیشی "من هاورێی ڤیرۆنمو لەیانەکانی سامپادۆریاو لازیۆ یاریم لەگەڵ کردووەو جگەلەوەش لەیانەی ئەنتەرمیلان راهێنانم پێکردووە، هەرلەبەر رۆشنایی ئەو پەوەندییەش، تەلەفۆنم بۆکردو داوای ئەوەم لێکرد بگەرێتەوە ئینگلتەرا." هەروەها راهێنەرەکەی مانچستەرسیتی ئەوەشی راگەیاند کە بەشێوەیەکی فەرمی داوای لەڤیرۆن نەکردووە تا ئەویش وەڵامی تەواوەتی بداتەوە، بەڵکو تەنها سوعبەتو گاڵتەکردن بووە.

# کیتا نایەوێت بمرێت

سیدۆ کیتای مالیو یاریزانی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی نایەوێت لەخاکی ئەنگۆلا بمرێتو ماڵئاوایی لەهەڵبژاردەو یانەکەی بکات.

لەمیانی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی لوباریزیانی فەرەنسی، سیدۆ کیتای مالیو یاریزانی یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی ئەوەی راگەیاند کە خۆی بەخۆشحاڵ دەزانێت لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لەپاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا خۆی دەبینێتەوە.

یاریزانی ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە نیگەرانی ئەو روداوەیە کە بووە هۆی کوژرانو بریندارbوونی کۆمەڵێک یاریزانو ئەندامی شاندی هەڵبژاردەی تۆگۆ.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ئێستا هەست بەئارامییەکی زۆر دەکاتو نایەوێت لەخاکی ئەنگۆلا بمرێت، بەپێچەوانەوە دەیەوێت لەیاریکردن بەردەوامبێتو بەسەلامەتی بگەرێتەوە وڵاتەکەیو دواتر پەیوەندی بەیانەکەیەوە بکاتەوە.

# رۆناڵدینیۆ شانازی بەخۆیەوە دەکات



رۆناڵدینیۆی بەرازیلیو ئەستێرەی یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵیا، خۆشحاڵی خۆی بەو ئاستەبەرزە دەربری کە لەیاریەکەدا پێشکەشی کرد.

یاریزانی ناوبراو لەمیانی لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئەوەی راگەیاند کە زۆر خۆشحاڵە بەوەی ئاستی بەرز لەیاریدا پێشکەش دەکاتو دەبێتە هۆکاری سەرەکی لەسەرکەوتنەکان.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە ئێستا شانازی بەخۆیەوە دەکات بەوەی ئاستی گەراوەتەوەو رۆڵێکی باش لەریزەکانی یانەکەیدا دەبینێت.

لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ ئاستی پێشووی لەگەڵ ئەنشیلۆتی راهێنەر، رۆناڵدینیۆ وتی "زۆر نیگەران بووم، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا ئاستم باشەو بۆ ئەوەش دڵخۆشم کە لیوناردۆ زۆر هاوکارم بووە، بۆیە سوپاسی دەکەم."

# ریبێری داوای چارەنووسی دەکات



فرانک ریبێری فەرەنسیو ئەستێرەی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی داوای دیاریکردنی چارەنووسی لەئیدارەو بەرپرسانی یانەکەی دەکات.

لەمیانی لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا، فرانک ریبێری فەرەنسیو ئەستێرەی دیاری یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی ئەوەی راگەیاند: دەیەوێت پێش کۆتایی هاتنی کێبرکێکانی ئەم وەرزەو دەستپێکردنی مۆندیال، چارەنوسی دیاری بکرێتو کێشەی مانەوەو بەجێهێشتنی یانەکەی یەکلاییبکرێتەوە.

یاریزانی ناوبراو ئەوەشی راگەیاند: ئێستا هەست بەنیگەرانیو دڵەراوکێیەکی زۆر دەکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی تا ئێستا کێشەکەی یەکلایی نەبووەتەوە.

وتیشی "نامەوێت لەم حاڵەدا بمێنمەوە، بۆیە دەمەوێت بەر لەکۆتاییهاتنی یاریەکانی ئەم وەرزەو دەستپێکردنی مۆندیال، هەموو شتێک کۆتاییهاتبێت."

یاریزانەکەی بایرن میونخ ئەوەشی راگەیاند: خۆشحاڵە بەوەی زۆرێک لەیانە گەورەکانی ئەوروپا هەوڵی پەلکێشکردنی دەدەنو دەیانەوێت لەو قەیرانەی تێیکەوتووە رزگاری بکەن.

# کلیستەرز فرێ

کیم کلیستەرزی بەلجیکیو کچە یاریزانی گەراوەی تێنسی سەرزەوی لەریزبەندی باشترینەکانی جیهان هەنگاوێکی گەورە هاتە پێش.

لەریزبەندی باشترین کچە یاریزانەکانی تێنسی سەرزەوی لەسەر ئاستی جیهان، کیم کلیستەرزی بەلجیکیو کچە یاریزانی تازە گەراوە بۆ یاری تێنسی سەرزەوی توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبهێنێتو هەنگاوێکی مەزن بێتە پێشەوە.

بەپێی ریزبەندیەکە کچە یاریزانی ناوبراو پلەی پانزەهەمی باشترینەکانی جیهانی وەرگرتو توانی پێش چەندین کچە یاریزانی هاورێی بکەوێت.

لەریزبەندیەکەدا سیرینا ولیامزی ئەمریکی پلەی یەکەمو دینارا سافینای روسی پلەی دووەمی گرتووە.

کیم کلیستەرز کە ماوەیەکی زۆرلەیاریکردن دوورکەوتبووەوە، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بریاری گەرانەوەیدا بۆ یاریکردن، توانی لەیەکەمین تاقیکردنەوەداسەرکەوتن بەدەستبهێنێتو نازناوی پاڵەوانێتی بریزباینی ئوسترالی بباتەوە.



www.arsivakurdi.org

# شاراپۆڤا شوێنی بێکهامی گرتەوە



ماریا شاراپۆڤای کچە یاریزانی رووسی لەیاری تێنسی سەرزەوی شوێنی دێڤید بێکهامی ئینگلیزیو یاریزانی یانەی ئەیسی میلانی گرتەوە.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی لەهەواڵێکیدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە کۆمپانیای نایک بۆ کەلو پەلی وەرزشی گرێبەستێکی گرانبەهای لەگەڵ ماریا شاراپۆڤای کچە یاریزانی ناوداری تێنسی سەرزەوی واژۆکردووە.

رۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردەوە کە گرێبەستی نێوان کۆمپانیاکەو کچە یاریزانی ناوبراو بۆ ماوەی ٨ ساڵەو برەکەی خۆی دەدات لە ٧٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

هەمان کات لەهەواڵەکەدا ئەوە هاتووە کە بەم گرێبەستە شاراپۆڤا چووە سەروی ئەو یاریزانانەی داهاتێکی زۆر لەرێی ریکلامی بازرگانیەوە بەدەستدەهێنن بەتایبەت دێڤید بێکهامی ئینگلیزی.

# گۆڵکاری خولی کوردستان هۆشداری دایە یانەکان

**سیروان عەبدوڵڵا لەسلێمانی:**

گۆڵکاری قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان هۆشداری دایە یانەکان کە هیلّی بەرگرییان نابێتە هۆی رێگری لەتۆمار کردنی گۆڵو کەمکردنەوەی تواناکانی.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور سامح رۆستەمی هێرشبەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیو گۆڵکاری قۆناغی یەکەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ڕایگەیاند کە زۆر دڵخۆشە بەوەی ئاستێکی باشی نیشان داوە لە قۆناغی یەکەمی خولەکە.

ناوبراو هۆکاری ئاستبەرزی لەقۆناغی یەکەمدا گەڕاندەوە بۆ هاوکاریکردنی تەوای لەلایەن ڕاهێنەرو دەستەی کارگێڕی یانەکەی.

سامح رۆستەم کە بەتۆمارکردنی ١١ گۆڵ پێشەنگی گۆڵکارانی خولی نایابی کوردستانی گرتووە، پێی وابوو گەر بەدوور بێت لە پێکان دەتوانێت ببێتە گۆڵکاری ئەم ساڵی خولی کوردستان.

سەبارەت بە ئاستی یانەکەشی هێرشبەری ناوبراو ڕایگەیاند کە یانەکەی لەم ساڵدا ئاستێکی باشی نیشانداوە تابتوانێت ململانێی نازناوەکە بکات. هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ئاستەمە هێڵی بەرگری یانەکان لە قۆناغی دووەمدا بتوانن ڕێگری لەکەمکردنەوەی تواناکانی بکەن لە تۆمارکردنی گۆڵ.

# کاکا خەون بەجامی یانە پاڵەوانەکانەوە دەبینێت



ریکاردۆ کاکای بەڕازیلیو ئەستێرەی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی خەون بە بەدەستهێنانی نازناوی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاوە دەبینێت.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی چا و پێکە و تنێکی ریکاردۆ کاکای بەڕازیلیو ئەستێرەی یانەی ریاڵ مەدریدی وڵاتەکەی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا ئەوە هاتووە کە یاریزانی ناوبراو خوازیاری ئەوەیە بۆ جارێکی تر جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرزبکاتەوە.

لەچاوپێکەوتنەکەدا ئەوە هاتووە کە کاکا رایگەیاندووە خەون بەوەوە دەبینێت یانەکەی بگاتە یاری کۆتایی ئەو پاڵەوانێتیەو نازناوەکەش بەدەستبهێنێت. هەروەها کاکا ئەوەشی راگەیاندووە کە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکان بەلایەوە گرنگترە لە نازناوی لالیگای ئیسپانی.

ئەو ئەستێرە دیارەی ریاڵ مەدرید ئاماژەی بەوەشداوە کە متمانەی هەیە یانەکەی پێش یانەی بەرشەلۆنە بکەوێتو هەردوو نازناوەکەی لێ وەربگرێتەوە.

# دوو یانەکەی سلێمانی سزادران

**دەستوور:**

وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر بەشدارینەکردنیان لەخولی تۆپی پێی پلە نایابی یانەکانی عێراق، دوو یانەکەی شاری سلێمانی سزادران.

پاش ئەوەی بەپاساوی بوونی کێشەی داراییو هونەری هەردوو ئیدارەی یانەی سلێمانیو سیروانی نوێ بڕیاریاندا لەخولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی عێراق بەشداری بەتیپی تۆپی پێی یانەکانیان نەکەن، لەلایەن لیژنەی کاتی یەکێتی تۆپی پێی عێراقەوە هەردوو یانەکە سزادران.

بەپێی وتەی باسم جەمالی بەرپرس لەلیژنە کاتییەکە، هەردوو یانەی سلێمانیو سیروانی نوێ بەدوورخستنەوەیان لەخولی پلە نایابو دابەزاندنیان بۆ خولی پلە یەک سزادران.

بەپێی وتەی بەرپرسەکە، لیژنەی کاتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق ئەو پاساوە قبوڵ نەکردووە کە ئیدارەی هەردوو یانەکە پێشکەشیان کردووە، بۆیە بڕیاری ئەوە درا ئەو سزایەیان بەسەردا بسەپێنرێت.



سیروانی نوێ لە یارییەکی خولی نایابدا

# ڕۆناڵدۆ بیر لەبەڕازیل ناکاتەوە



ڕۆناڵدۆی بەڕازیلیو هێرشبەری یانەی کۆرەنسیانزی بەڕازیلی بیر لەگەڕانەوە بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ناکاتەوە.

لەمیانی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ پێگەی گۆڵ، ڕۆناڵدۆی بەڕازیلیو هێرشبەری بەتوانای یانەی کۆرەنسیانزی بەڕازیلی ئەوەی راگەیاند کە لەئێستادا بەهیچ شێوەیەک بیر لەوە ناکاتەوە بگەڕێتەوە ریزەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی. یاریزانی ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە دەیەوێت تەنها بیری لای یانەکەی بێتو هەوڵو کۆششەکانی چڕتر بکاتەوە تا نازناوی خولو پاڵەوانێتیەکانی بۆ بەدەستبهێنێت.

وتیشی "وەک هەندێک لەیاریزانان خۆم بەچۆنیەتی گەڕانەوە بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم سەرقاڵ ناکەم، بەپێچەوانەوە دەمەوێت هزرو هۆشم تەنها لای یانەکەم بێت."

www.arshivakurdi.org

# فوتساڵی نەورۆز چووە پاڵ هەولێرو نەجەف

○ سامان عوسمان

تیپی فوتساڵی یانەی نەورۆز رووبەڕووی هەمان چارەنوسی تیپی تۆپی پێی یانەکانی هەولێرو نەجەف بووەوەو لەپاڵەوانێتی ئاسیا بێبەشکرا.

پاش ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بڕیاریدا یانەکانی هەولێری پاڵەوانی خولی نایابی یانەکانی عێراقو نەجەفی دووەمی ئەو پاڵەوانێتیە لە جامی یەکێتی ئاسیا بێبەشبکات، تیپی فوتساڵی یانەی نەورۆزیش رووبەڕووی هەمان چارەنووس بووەوەو لەپاڵەوانێتی فوتساڵی ئاسیا بێبەشکرا.

بەپێی وتەی سەلام مەعروف راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی نەورۆز، بڕیاری بێبەشکردنیان لەپاڵەوانێتی فوتساڵی ئاسیا بۆ ئەو کێشە وەرزشیانە دەگەڕێتەوە کە لەعێراقدا سەریهەڵداوە ئەویش پاش ئەوەی فیفا بڕیاری راگرتنی چالاکیە وەرزشیەکانی عێراقیدا.

ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە تیپەکەیان بەهەمان شێوەی تیپی تۆپی پێی هەولێرو نەجەف لەبەشداریکردن لەپاڵەوانێتی ئاسیا بێ بەشبووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ساڵی رابردوو کامپێکی مەشقو راهێنانیان لەئێران بۆ ئەو پاڵەوانێتیە کردەوەو داهاتێکی زۆریان بەخەرجدا.



تیپی فوتساڵی یانەی نەورۆز

# یانەکانی کوردستان بەخۆیاندا دەچنەوە

○ ئارام محەمەد

لەقۆناغی دووەمی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپی یانە بەشدارەکانی خولەکە بەخۆیاندا دەچنەوەو هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی شیاو دەدەن.

بڕیارە سبەی پێنجشەممە کاروانی کێبڕکێکانی هەفتەی یەکەمی قۆناغی دووەمی خولی تۆپی پێی پلە نایابی یانەکانی کوردستان بەڕێبکەوێتو چەند یارییەکی گرنگ بەڕێوەبچێت.

تیپی یانەی کەرکوکی پاڵەوانی قۆناغی یەکەم، لەیاریەکی بەهێزدا رووبەڕووی تیپی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی چوارەمی ریزبەندی دەبێتەوە، یاریەکە لەیاریگای کەرکوک بەڕێوەدەچێتو تیپی ئەو یانەیە لەهەوڵی ئەوەدایە درێژە بەئەنجامە باشەکانی بداتو هەنگاوەکانی بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە خێراتربکات، لەبەرامبەریشدا تیپی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەیەوێت چۆک بەو یانەیە دابداتو لەدەرەوەی یاریگای خۆی سێ خاڵی گرنگ بەدەستبهێنێت.

لەلایەکی ترەوە هەریەکە لەیانەکانی "نەورۆزو پێشمەرگەی هەولێرو سیروانی نوێو دهۆکو هەندرێن" لەهەوڵی ئەوەدان لەم قۆناغەدا ئەنجامی باشتر بەدەستبهێننو بەخۆداچوونەوەیەک بۆ یاریەکانی قۆناغی یەکەم بکەنەوە کە ئاستیان وەک پێویست نەبوو.

یاریەکان بەمشێوەیەی خوارەوە ئەنجامدەدرێن:

شێروانە×دهۆک،
بروسک×ئارارات،
هەولێر×پێشمەرگەی هەولێر، نەورۆز×هەندرێن،
پێرس×سیروانی نوێ،
خاک×سەورە.

ریزبەندی خولەکە بەرلەدەستپێکردنی قۆناغی دووەم:

کەرکوک ٢٩ خاڵ.
پێرس ٢٤ خاڵ.
بروسک ٢٢ خاڵ.
پێشمەرگەی سلێمانی ٢١ خاڵ.
هەولێر ٢١ خاڵ.
ئارارات ٢٠ خاڵ.
هەندرێن ٢٠ خاڵ.
دهۆک ١٩ خاڵ.
سیروانی نوێ ١٧ خاڵ.
پێشمەرگەی هەولێر ١٣ خاڵ.
نەورۆز ١٢ خاڵ.
خاک ٩ خاڵ.
شێروانە ٧ خاڵ.
سەورە ٦ خاڵ.



دیمەنێک لە خولی نایابی کوردستان. فۆتۆگراف: دلێر عەبدوڵڵا

# راهێنەری پێرس هەڕەشە لەیاریزانەکانی دەکات

○ هەژار دۆسکی لە دهۆک

سلێمان رەمەزان راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی پێرسی شاری دهۆک هەڕەشەی سزادانی توند لەیاریزانانی تیپەکەی دەکات.

رۆژی دووشەممەی رابردوو، سلێمان رەمەزان راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێرسی شاری دهۆک کۆبوونەوەیەکی بۆ سەرجەم یاریزانانی تیپەکەی رێکخستو لەسەر ئاستنزمیو ئەنجامە خراپەکانیان لەخولی تۆپی پێی نایابی عێراقی سەرزەنشتی کردن.

راهێنەری ناوبراو لەمیانی ئەو کۆبوونەوەیەدا هۆشداری دایە یاریزانەکانیو هەڕەشەی ئەوەی لێکردن گەربێتوو لەیاریەکانی داهاتوو ئاستیان بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوامبێت سزای توندیان دەدات.

لەمبارەوە سلێمان رەمەزان بەدەستووری راگەیاند کە ئاستی یاریزانانی لەسێ یاری رابردوو خولی عێراقی باش نەبووەو لەپێناوی پێداچوونەوەی هەڵەکانو دەستنیشانکردنی خاڵی لاوازی هەندێک یاریزان ئەو کۆبونەوەیە ئەنجامدراوە.

هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە پێکهاتەی تیپەکەی زۆر باشە، بەڵام بەداخەوە لەو سێ یاریەدا یاریزانان نەیانتوانی ئاستی گونجاو پێشکەش بکەن.



# خولی کوردستان دەکرێتە خولی ئەوروپی

○ ئارام محەمەد

خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستان پێشدەخرێتو چەند سستمێکی ئەوروپی لەنێو یاریگاکانی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

لەو کۆبوونەوەیەی کە سەرەتای ئەم هەفتەیە لەشاری هەولێر لەنێوان یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستانو سەرپەرشتیارانی راگەیاندنو یاریەکانی خولی نایابی کوردستان ئەنجامدرا، چەندین بڕیارو راسپاردەی گرنگ لەپێناوی پێشخستنی خولەکە دران.

لەکۆبونەوەکەدا سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان جگەلەوەی گوێبیستی پێشنیارو راسپاردەی ئامادەبووان گرت، ئەوەی راگەیاند کە بەمەبەستی پێشخستنی خولەکە چەند هەنگاوێکی گەورە نراوە لەوانە دابینکردنی ٨ کامێرای پێشکەوتوو بۆ وێنەگرتنی یاریەکانو چەندین ئامێری دەنگ گوێزەرەوە لەنێوان ناوبژیوانان.

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ ئەوەشی راگەیاند کە ئامێرە دەنگ گوێزەرەوەکان لەنێوان ناوبژیوانان بەکاردەهێنرێنو هەمان ئەو ئامێرانانە کە لەخولە ئەوروپیەکاندا بەکاردەهێنرێن.

سیروان عەبدوڵڵا
شاور

## کشانەوەی شەرمەزارانە

بڕیاری کشانەوەی یانەکانی سلێمانی لەخولی تۆپی پێی نایابی عێراق، جگەلەوەی بووە مایەی نیگەرانیو دروستبوونی دەنگێکی ناڕەزایی زۆرێک لەرۆژنامەنوسانو وەرزشدۆستانی شارەکە، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر رەوشی وەرزشی سلێمانیو هەرێمی کوردستان دروستکردو هێندەی تر وەرزشی لەسلێمانی بەناخی زەویدا برد.

پێویستە ئەوە بڵێین بڕیاری دەستەی کارگێڕی هەردوو یانەی سلێمانیو سیروانی نوێ لەبایکۆتکردنی ئەو پاڵەوانێتیە گەورەیە لەسەر ئاستی عێراق، جگەلەوەی بڕیارێکی هەڵەو ناوەرزشی بوو، بەزیانێکی گەورە بەسەر وەرزشی شارەکەدا کەوتەوە کە ماوەی چەندین ساڵە هەوڵی گەشەکردنی دەدرێت.

زۆر حەیفە یانەیەکی وەک سلێمانی کە خۆی بەیانەی دایک دەزانێتو شانازی بەوەوە دەکات کە دێرینترین یانەی سلێمانیە، بەڵام بڕیاری بەشدارینەکردنی پاڵەوانێتیەک بدات کە جگەلەوەی پەرە بەئاستی وەرزشی یاریزانان دەدرێت، دەبێتە مایەی گەشەکردنو بەرەوپێشچوونی وەرزش لەشارەکەدا.


دەبوو ئیدارەی یانەی سلێمانی زۆر بەوردی لەباڵاو توانای تیپی یانەکەیان بنواڕیایە ئەوجا بڕیاری لەو جۆرەیان بدایە، لەکاتێکدا هێندە ئاستی بەرەو لاوازی رۆشتووەو وەرزشی بەجۆرێک تەپیوە، بەشداریکردنی لەخولی نایابی کوردستاندا پێ رەوانەبینراوە، کەچی پاروی چەور دەگرنو بڕیاری زلو گەورە دەدەن.

دەبوو ئیدارەی یانەی سلێمانی تێبینی ئەوەی بکردایەو بەبەشداریکردنی لەخولی نایابی عێراقی ئەو پینە گەورەیەی بدوریاتەوە کە لەئاستی وەرزشی تیپەکەیدا دروستبووە، بەڵام بەداخەوە بێ گوێدانە ڕای جەماوەرو وەرزشدۆستانو دەزگا وەرزشیەکان بڕیارێکی لەو چەشنەیان دا کە تا هەتایە وەرزشی سلێمانی پێوەی دەناڵێنێت.

بەداخەوە دەبوو ئیدارە ناوەرزشییەکەی هەردوو یانەی سلێمانیو سیروانی نوێ لەبیری وەرزشی شارەکەیاندا بوونایەو کوێرانە بڕیاری لەو چەشنەیان نەدایە، لەکاتێکدا ئاستی وەرزشی تیپەکانیان زۆر لاوازەو کشانەوەکە یانی هێندەی تر شەرمەزار کردووە.

# بێکهام گریانی بۆ مانچستەریونایتد دێت

دەستوور



دێڤید بێکهامی ئینگلیزیو ئەستێرەی پێشووی یانەی مانچستەریونایتدی ولاتەکەیو ئێستای یانەی ئەیسی میلانی ئیتالّی، نیگەرانی رووبەڕووبونەوەی یانەی ولاتەکەیەتی کە بڕیارە لەمانگی داهاتووداو لەمیانی کێبرکێکانی قۆناغی دووەمی خولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپا لەنێوان هەردوو یانەی مانچستەریونایتدو ئەیسی میلاندا ئەنجامبدرێت.

ئەو ئەستێرە گەورەیەی ئینگلتەرا کە سالانێکی زۆر لەریزەکانی یانەی مانچستەریونایتد یاری کردووەو چەندین نازناوی گەورەی بۆ بەدەستهێناوە، ئێستا نزیکبووەتەوە لەوەی خۆی بۆ جەنگی ئەو یانەیە ئامادە بکات کە سالانێکی زۆر بەرگری لەدرێسەکەی کردووە.

بێکهام لەمیانی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەستێکی زۆر نامۆی هەیە کاتێک لەرووبەڕووبونەوەی یانە خۆشەویستەکەی نزیک دەبێتەوەو خۆی بۆ دژایەتیکردنی ئەو یانەیە ئامادە دەکات، چونکە بەووتەی ئەو رووبەڕووبونەوەی مانچستەریونایتد کارێکی هەروا ئاسانو سادەنیە بەتایبەت بۆ یاریزانێک کە پێشتر لەریزەکانیدا یاری کردبێت.

ئەو لەگەلّ ئەوەی زۆر خۆشحالّە بەوەی کە ئێستا لەریزی یانەیەکی بەهێزو گەورەی وەک ئەیسی میلاندا دەبینێتەوە، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا نیگەرانی ئەوەیە کە خۆی بۆ جەنگێکی نەخوازراو ئامادە دەکات، هەروەک ئەوەی دەلّێت "گەڕانەوەم بۆ میلان مایەی شانازیو خۆشحالّیمە بەتایبەت پاش ئەوەی پێشتر توانیم ئاستێکی بەرز لەریزەکانی ئەو یانەیە پێشکەش بکەم، بەلاّم ئەوەی نیگەرانم دەکات رووبەڕووبونەوەی میلانو مانچستەریونایتدە لەخولی یانە پالّەوانەکان."

بێکهام کە گەڕانەوەی ئەمجارەی بۆ میلان بە مایەی بەختەوەری خۆی دەزانێت، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا دلّتەنگە بەوەی کە کۆمەلّێک ئەستێرەی یانەکە بەوێنەی کاکاو مالّدینیو ئەنچیلۆتی راهێنەر بونیان نیە، ئەو لەوبارەوە دەلّێت "گەڕانەوەی ئەمجارەم تاڕادەیەک بێ تامبوو، ئەویش بەهۆی نەبوونی کاکاو مالّدینیو رۆشتنی ئەنچیلۆتی راهێنەر، بەلاّم ئەوەی بووەتە مایەی خۆشحالّیم بەگەورە مانەوەی یانەکەو ئاستبەرزییەتی لەخولو پالّەوانێتیەکان."

بێکهام لەبارەی ئاستی ئێستای یانەکەی دەلّێت "میلان هەر میلانەو هەمیشە بەگەورەیی دەمێنێتەوە، رۆشتنی کاکاو ئەنچیلۆتیو وازهێنانی مالّدینی هیچ کاریگەرییەک لەسەر ئاستی یانەکە جێناهێلّێت، ئەمەش بەهۆی سیفەتی گەورەییو نەمری یانەکە کە هەمیشە هەیەتیو لێی جودانابێتەوە.

یاریزانی ناوبراو کە ئێستا رکابەری ئەوە دەکات لەپێکهاتەکەی فابیۆ کاپیلۆی راهێنەری هەلّبژاردەی ولاتەکەی خۆی جێگیربکاتو بەشداری لەجامی جیهانیدا بکات، لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژە بەوە دەکات کە دەیەوێت لەڕێی یانەی ئەیسی میلانەوە خۆی بگەیەنێتە جامی جیهانیو بۆ چوارەمین جار لەسەریەک بەشداری ئەو پالّەوانێتیە گەورەیە بکات، هەروەک دەلّێت "ئامانجی سەرەکیم لەهاتنەوەم بۆ میلان، ناچارکردنی کاپیلۆیە لەبانگێشتکرنم بۆ جامی جیهانی، بەلاّم دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت کە ئەمە تەنها مەبەست نەبوو لەگەڕانەوەم، چونکە یانەی میلان بەیانەیەکی گەورە دەبینمو شانازییە کە لەیانەیەکی وەهادا یاری بکەیت."

ئەم یاریزانە ناودارە لەدرێژەی دیدارەکەدا ئەوەش دەردکێنێت کە بەبیستنی ئەنجامی تیروپشکەکانی قۆناغی دووەمی خولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپاو بەریەککەوتنی یانەکانی میلانو مانچستەریونایتد، نیگەرانییەکی زۆر رووی تێکردووەو بۆ ماوەیەکی زۆر گریاوە، "کاتێک ئەنجامی تیروپشکەکەم دی زۆر نیگەران بووم، بۆ ماوەی یەک شەو گریامو بەشێوەیەکی بەردەوام دلّتەنگی رووی تێدەکردم، چونکە زۆر قورسە بەرامبەر یانە خۆشەویستەکەت بووەستیتەوەو هەولّی ئەوە بدەیت لەپالّەوانێتیەکی گەورە دووریبخەیتەوە کە سالانێکی زۆر لەپێناوی بەرزکردنەوەی دروشمو رەنگیدا ماندوییمان چەشت."

بێکهام درێژە بەووتەکانی دەداتو دەلّێت " ئێستا خۆم بۆ رووبەڕووبونەوەی یانەیەک ئامادە دەکەم کە لەمندالّییەوە خەونی ئەوەم دەبینی رۆژێک یاری بۆ بکەم، ئەمە هەستێکی زۆر ناخۆشە، تەنها ئەوانە دەیزانن کە ها وشێوەی من، بۆیە هەرچییەک بلّێم بێ سودەو ناتوانم ئەو هەستە بەووتە دەرببڕم."

لەبارەی ئەگەری دژایەتیکردنی لەلایەن جەماوەری یانەی مانچستەریونایتدەوە، بێکهام وتی "دلّنیام جەماوەری مانچستەریونایتد منیان خۆش دەوێتو هیچ کاتێک رەفتاری ناشیاوم بەرامبەر ئەنجامنادەن، پێشبینی ئەوە دەکەم بەگەرمی پێشوازی بکرێمو ستایشی ئەو هەولّو ماندوبونانەم بکرێم کە لەیانەکەدا داومە."

بێکهام لەکۆتایی دیدارەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەباشی خۆی بۆ رووبەڕووبونەوەی یانەی مانچستەر ئامادە دەکاتو هەولّی ئەوەش دەدات گۆلّ تۆماربکات، بەلاّم هەرگیز لەبەردەمی هەوادارانی یانەکەی پێشووی ئاهەنگ ناگێڕێتو دلّو هەستیان بریندار ناکات.

## نیو ئۆرلیانز لێی قەوما

لەخولی باسکەی ئەمریکی تیپی نیو ئۆرلیانز دوچاری شکست بووەو سەرکەوتنە یەک لەدوایەکەکانی راگیرا. لەچوارچێوەی کێبرکێکانی خولی باسکەی ئەمریکی کە ناسراوە بە NBA، تیپی نیو ئۆرلیانز دوچاری شکستێکی چاوەڕواننەکراو بوویەوەو لەسەر دەستی تیپی فلادلفیا کۆتایی بەزنجیرە سەرکەوتنەکانی هێنرا.

رووبەڕووبونەوەی نێوان هەردوولا لە گۆڕەپانی فلادلفیا ئەنجامدرا، کە تێیدا تیپی خاوەن یاریگا توانی زۆر بەزەحمەتو بەئەنجامی ٩٦ بە ٩٢ خالّ سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

بەمەش نیو ئۆرلیانز پاش (٥) سەرکەوتنی یەک لەدوایەک دوچاری دۆڕان بووەوەو چانسی سەرکەوتنی بۆ ریزەکانی پێشەوەی گروپەکەی لەدەستدا.



## گواردیۆلا ماندەگرێت

پیپ گواردیۆلای راهێنەری یانەی بەرشەلۆنەی پێشەنگی خولی لالیگای ئیسپانی مان لەئیدارەی یانەکەی دەگرێتو مەرج بۆ درێژکردنەوەی بۆندەکەی دادەنێت.

رۆژنامە وەرزشیەکانی ئیسپانیا ئەوەیان بلاّوکردەوە کە پیپ گواردیۆلای راهێنەری یانەی بەرشەلۆنەی ولاتەکەیان مەرجی بۆ درێژکردنەوەی بۆندەکەی داناوەو بێ جێبەجێکردنی ئەو مەرجە لەلایەن ئیدارەی یانەکەیەوە، ئامادەنیە لەراهێنەرایەتیکردنی یانەکەی بەردەوامبێت.

هەروەها ئەوەشیان بلاّوکردەوە کە گواردیۆلا بەمەرجی پەلکێشکردنی سیسک فابریگاسی ئیسپانیو یاریزانی یانەی ئەرسنالّی ئینگلیزی، ئامادەیە بۆندەکەی لەگەلّ ئیدارەی یانەکەیدا درێژبکاتەوە.

هەمانکات چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی ئەوەیان بلاّوکردەوە کە گواردیۆلا هۆشداری داوەتە ئیدارەی یانەکەی گەربێتوو لەپەلکێشکردنی ئەو یاریزانە شکستبهێنن، واز لەئەرکی راهێنەرایەتی دەهێنێت لەبەرشەلۆنە. لەلایەکی ترەوە رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی لەهەوالّێکیدا ئەوەی بلاّوکردەوە کە ئیدارەی هەردوو یانەی ئەرسنالّو بەرشەلۆنە لەسەر گواستنەوەی فابریگاس بۆ ریزەکانی یانەی دووەم رێککەوتوون.

رۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە کە هەردوو یانەکە بەنهێنی رێکەوتوون لەسەر ئەوەی وەرزی داهاتوو فابریگاس بەبڕی ٤٥ ملیۆن یۆرۆ بگوازرێتەوە بۆ ریزەکانی بەرشەلۆنە.

هەفتە

رووداوەکانی


ئامادەکردنی لاوە

### کەرکوک شکستیهێنا



لەکێبرکێکانی هەفتەی سێهەمی خولی نایابی یانەکانی عێراق، تیپی یانەی هەولێری پالّەوانی سێ وەرزی پێشوو توانی لە یانەی کەرکوکی هاونیشتمانی بباتەوەو توشی شکستی بکات.

### تۆگۆ گەڕایەوە



دوای ئەوەی لەولاتی ئەنگۆلا هێرشێکی چەکداریان کرایەسەر، هەلّبژاردەی تۆگۆ بەبڕیارێکی یەکێتی تۆپی پێی ولاتەکەی لەبەشداریکردن لەجامی نەتەوەکانی ئەفریقا کشایەوە.

### یۆڤی برینەکانی کولایەوە




لەهەفتەی نۆزدەهەمی خولی کالّچۆی ئیتالّی یانەی ئەیسی میلانی دووەمی ریزبەندی، توانی یانەی یۆڤانتۆسی هاونیشتمانی بدات بەزەویداو برینەکانی هێندەی تر قولّتربکاتەوە.

### میسی هاتریکی تۆمارکرد



لەهەفتەی حەڤدەهەمی خولی لالیگای ئیسپانی، یانەی بەرشەلۆنە بەسەرکردایەتی لیۆنێل میسی توانی پێنچ گۆلّ تۆماربکاتو یەکەمین بردنەوە لەم سالّدا بکاتە دیاری بۆ هەوادارانی، کە سێ لەگۆلّەکان میسی تۆماریکرد.

### فۆزنیاکیو یانکۆفیچ مالّئاواییان کرد



لە پالّەوانێتی خولی سیدنی بۆ تێنسی سەرزەوی، هەردوو کچە یاریزان کارۆلین فۆزنیاکی دانیمارکیو یلینا یانکۆفیچی سربی دوای شکستهێنانیان لە خولی یەکەم مالّئاواییان کرد.

دەستوور
رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تیلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تیلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
0770 862 81 81
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم، تەلاری
میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر پەروەردەی سلێمانی
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١
www.destur.net info@destur.net

No. 14,
Wednesday 13.01.2010
First Year

## دەلاقە

رۆژنامەی تەرەف

# ویژدان تەنیا نییە

ئەحمەد ئاڵتان سەرنووسەری رۆژنامەی تەرەف لەئەڵمانیا لەمەراسیمێـــــــکدا (خەڵاتی لایپزیک بۆ ئـازادیو ئایندەی میدیا)ی پێدرا. خەڵاتەکە جگە لەئاڵتان درا بـەهـەریـەک لەرۆبێرتـــــۆ ساڤیانۆ رۆژنامەنووسی ئیتاڵیو دوشـان میلیوس رۆژنامەنووسی کرواتی، ئەحمەد ئاڵتان وتارێکی پێشکەشکردو ئەمەش دەقەکەیەتی:

سروشت لەسەر هاوسەنگی درندەیی بنیادنراوە، هەموو گیانلەبەرەکان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان گیانلەبەرەکانی دیکە پارچەپارچە دەکەن، دەکوژنو لەناویان دەبەن، لەم درندەییەدا بەرائەتێک هەیە، چونکە لەرێگەی غەریزەکانەوەو لەپێناوی درێژەدان بەژیان ئەوە دەکەن، سروشت فەرمانیان پێدەکات وابکـەن، مرۆڤەکانیش پشکیان لـەم درەندەییە بەرکەوتووە، وەک هەموو گیانلەبەرانی دیکە، ئەوانیش درنـدەن، دوو تایبەتمەندی هەیە کە مرۆڤەکان لەگیانلەبەرانی دیکە جیادەکاتەوە، یەکەم، مرۆڤەکان عەقڵو هۆشیان خستۆتە خزمەتی ئەم درندەییەوەو درنـدەیـیە بێتاوانەکەی سروشتیان گـۆڕیـوە بۆ خراپەیەکی گوناهبار.

دووەم تایبەتمەندێتیش بەهەموو واتایەک پێچەوانەی ئەمەیە، مرۆڤەکان خاوەنی پاڵنەرێکی دیکەن کە دژی ئەوەیە لاوازەکانو بێهێزەکان رووبەڕووی ناحەقی ببنەوە، ئەمەش ناودەبەین بەویژدان، لەهەر رەگـەزو لەهەر ئاینو کلتورێکبن کاتێک دەبینن پیاوێک لەمنداڵێک دەدات دژی دەوەستنەوە. داکۆکی لەهەریەکێک لەم تایبەتمەندیانە بکەین کە لەگەڵ لەدایکبوندا دەبینە خاوەنی، هەموو ژیانو کەسێتیو بونمان دیاریدەکات.

هەندێکیان بێسنور خـراپـەکـاریو درندەییان بەکاردێننو لەپێناوی کەمێک باشترکردنی ژیانە کورتەکەیانو لەپێناوی کەمێک دەوڵەمەندبونو کەمێک بەهێزبوون، مرۆڤەکانی دیکە دەچەوسێننەوەو سوکایەتیان پێدەکەنو دەیانکوژن.


هەندێکیان، بەشداری ئەم خراپەکاریانە ناکەن، ویژدانیان رێگەیان پێنادەن ئەو کارەبکەن، یان جەسارەتیان نیە خراپبن، ئەوان خراپەکاری پەسەند ناکەنو دژیشی ناوەستنەوە.

هەندێکیشیان تەنیا گوێ بۆ ویژدانیان رادەگرنو دەسبەرداری بەرژەوەندی خۆیان دەبنو بێهێزەکان دەپارێزن، درندەیـــــــیو خراپەکاری هۆکارێکی "مەنتقی" هەیە، ئەوان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان ئەو کارە دەکـەن، بەڵام ویـژدانو چاکە هۆکارێکی مەنتقیی نیە، لەوانەشە هەرلەبەر ئەوە بێت (کانت) وتویەتی" سەرم لەئەستــــــێرەو چاکە دەسوڕمێت"، بەڕاستی چاکە جێگەی سـەرسوڕمـانـە، چونکە پێچەوانەی ئەو خۆپەرستیو درندایەتـــــیەیە کە سروشت خستویەتیە ئەستۆی گیانلەبەرەکــــان، هەموو کاتێک مێژوو شایەتـــــــی پێکدادانی خراپەکاری مەنتقیو چاکەی بێمەنتیق بووە، ئەم شەڕە هێشتا درێــــــژەی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە درێژەی هەیە، ئەم خەڵاتە دەبەخشرێت، لەکاتێکدا سوربونو بوێریو کەللەڕەقیی ویژدانو چاکە دژی هێزی گـەورەو دەسـەڵاتو پارەو چەکی خراپەکاریو درندەیی دەوەستێتەوە، ئەم ویژدانە دوژمنی گەورە مســــــــۆگەر دەکات، ئەم خەڵاتە نیشانی دەدات کە لەبەرامبەر دوژمەنەکانمان تەنیا نینو خاوەنویژدانەکــــــــان لە هەرشوێنێکی سەرزەمینبن پشتیــــوانی لەیەک دەکەنو دەنگیان بـەرز دەکـەنـەوەو هاوکــاریەکـــــی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە.

ئێمە ئەم ئێوارەیە بەهەموو نامەتیقیەکەمانەوەو بەهەموو ویژدانمانەوە ململانێی خراپەکاریەکانی جیهان دەکەین، لەگەڵ ئەوانەی وەک میلیـــــۆسو ساڤیۆلا کە زۆر لەمن زیاتر شایــــــەنی ئەم خەڵاتەن دەڵێین" ئێمە پاشگەز نابینەوە، ئێمە شەڕدەکەین، ئێمە رێگە نادەین مرۆڤەکان خراپەکاری بکەن"، لەکاتێکدا بەرێــــــــزەوە یادی ئەوانە دەکرێتەوە کە پێشتر ئەم خەڵاتەیان وەرگرتوەو ئەوانەشی بەهۆی چاکەو بوێریانەوە ژیانــــــــیان لەدەست داوەو شایەنی ئەوەبوون خەڵاتەکەیان بدرێتێ، زۆر سوپاستان دەکەم کە منیشتان وەک یەکێک لەوان بینیوە، یادکـــــــردنەوەی من لەگەڵ ئەواندا جێگەی شەرەفـو خۆشحاڵیە، بەڵام دڵخۆشی گـەورەم ئەوەیە ئەمڕۆ لێرە هەست دەکـەم رۆژێک دێت دنیایەک دروستبکەین کە پێویست بەم خەڵاتە نەکات، خۆم بە قەرزارتان دەزانم کە ئەم خۆشیەتان پێبەخشیم.

**و: کامەران ئەحمەد**

ریکلام




# راگەیاندنێك لەكۆمپانیای سولی تێلیگراف STC

کۆمپانیای سولی تێلیگراف بۆ رۆژنامەوانی چـاپو بڵاوکردنەوە، کۆمپانیایەکی خۆماڵی کەرتی تایبەتەو کاری وەبەرهێنان لەبواری میدیا دەکات. لەئێستادا سەرقاڵی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی هەواڵیو کلتوریو دۆکۆمێنتاریی کوردیە، کە سەرمایەی پرۆژەکە بە شێوەی پشک لەلایەن چەند سەرمایەدارێکی کوردیو بیانیەوە دابینکراوەو بە شێوەیەکی بێلایەنانەو پیشەییانە روماڵی روداوو پێشهاتەکان دەکات، بۆیە پێویستی بە ژمارەیەک کارمەندو رۆژنامەنوس هەیە بۆ چەند پۆستێکی دیاریکراو:

STC
Suly Telegraph Company
Press-Print and Distribution
کۆمپانیای سولی تێلیگراف
رۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوە

پۆستەکان:

١) بەڕێوەبەری کارگێری
٢) لێپرسراوی ژمێریاری
٣) ژمێریار
٤) وردبین
٥) خەزنەدار
٦) ئەندازیاری کارەبایی
٧) ئەندازیاری ئەلەکترۆنی
٨) ئەندازیاری پەیوەندیو ئای تی
٩) وێنەگر
١٠) مۆنتێر
١١) پەخش
١٢) ئەرشیف
١٣) تەنسیق
١٤) هەواڵسازی سیاسی
١٥) هەواڵسازی وەرزشی
١٦) هەواڵسازی ئابوری
١٧) ریپۆرتێر
١٨) پەیامنێر لەشارو شارۆچکەکان
١٩) بەرهەمهێنەری فیلمی دۆکیۆمێنتاری
٢٠) دەرهێنەرو پرۆدیوسەر
٢١) بێژەر لەهەردوو رەگەزی نێرو مێ
٢٢) وەرگێڕی ئینگلیزی
٢٣) وەرگێڕی عەرەبی
٢٤) وەرگێڕی تورکی
٢٥) وەرگێڕی فارسی
٢٦) وەرگێڕی ئەڵمانی
٢٧) گرافیک
٢٨) کارمەندی ئیشپێکەری موەلیدە
٢٩) کارمەندی کارگوزار
٣٠) کارمەندی بەدالەو وەرگرتنی پەیوەندی
٣١) کارمەندی کتێبخانە
٣٢) کارمەندی چێشتلێنەر
٣٣) کارمەندی کافتریا
٣٤) سەرتاشو ئارایشت

**داواکار دەتوانێت تاکو ٢٠١٠/١/١٥ (CV) رەوانەی ئەم ناونیشانانە بکات:**

**ئۆفیسی سلێمانی: شارێی سالم- تەلاری میران- نهۆمی پێنج- بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی.**

Email: Suly__co@yahoo.com
Tel: (053)318 78 11 & 0748 017 46 06